


بەشدار بووانی تەوەری " پیاوان لە روانگەی ژنانی یەکسانیخواز".

## ژنان لە دۆزی خۆیان دەدوێن





سازدانی: پایزە ئەحمەد

لاپەرەی: ٢

بەشدار بووانی تەوەری " ساغکردنەوەی چەمکی یەکسانیی لە گفتارەوە بۆ رەفتار.

## پیاوان لە دۆزی ژنان دەدوێن





سازدانی: نەجیبە مەحموود

لاپەرەی: ١٢١

سەرچاوە
Serchawe

## بەشداربووانی تەوەری "پیاوان لە روانگەی ژنانی یەکسانییخواز".

## - ژنان لە دۆزی خۆیان دەدوێن -

## تەوەری "پیاوان لە روانگەی ژنانی یەکسانییخواز."



**سازادانی: پایزە ئەحمەد**

**لەوڕۆدا زۆربەی پیاوان – هەر یەکەو بە گوێرەی بیروباوەڕی خۆی – بە گفتار دان بە یەکسانیی نێوان ژنان و پیاواندا دەنێن.. بەڵام بێجگە لە کەمایەتییەکی زۆر کەمیان زۆربەی هەرە زۆریان لە رەفتاردا پیاوسالار و چەوسێنەرن! بە بەدوواداچوونی ئەوەی کە ئایە کێشەکان و هۆکارەکان چین؟ بەو چەند پرسیارە پەیوەستدارە ژنان دەدوێنین:**

## ١- بەهار مونزیر:

**پیاوسالاریی سەرچاوەی چەوسانەوەی ژنە نەک پیاو، بەڵام لە هەر وڵاتێک ئاین زۆر زاڵ بێ پیاوان باڵادەستترن و پیاوسالاریی بەهێزترە.**



**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**بەهار مونزیر**: به باوەری من باسەکە ئەوە نییە کە بە پێکهاتەی سروشتی پیاوەوە پەیوەست بێ، ئەوە کۆمەڵگا، سیستەم، ئاین، یاسا، سیاسەت، وا دەکات کە پیاو پیاوسالار بی، سیستەمی پیاوسالارییە لە منداڵییەوە جودامان دەکاتەوە کە من ژنم و ئەو پیاوە، ئەو خاوەن هێز و دەسەڵاتە نەک ژن، منداڵی کوڕ و کچ کە لە دایک دەبن جگە لە جەستەیان جیاوازییتریان چییە؟ ئەوە پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگایە کە ئەوان پەروەردە دەکا. ئەو سیستەمەی کە سوودمەندە لە بە کەم راگرتنی ژن سیستەمێکی ئابوورییە کە پیاوان تێیدا باڵادەستن نەک ژن، باوەڕی من ئەوە نییە کە ژن باڵادەست بێ.. من خوازیاری یەکسانییم.. کەسمان بە هۆی ژنبوون و پیاوبوونەوە مامەڵەنەکرێین بەڵکو مرۆڤبوون بنچینە بێ نەک شتێکتر. هەر وڵاتێک لەوەیتر پێشکەوتووتر بێ ئەوە رۆڵی ژنان تێیدا باڵادەستە و ژنان لە دەسەڵات و ئابووریی و سیاسەتدا جێوڕێی خۆیان کردۆتەوە. من پێم وا نییە هیچ سووچێک لەم جیهانە هەبێ سیستەمەکەی پیاوسالاریی نەبێ بەڵام لە ولاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر زۆر زۆر جیاوازە. لە هەر وڵاتێک ئاین زۆر زاڵ بێ پیاوان باڵادەستترن و پیاوسالاریی بەهێزترە.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**بەهار مونزیر**: من وەڵامی ئەو پرسیارەم زۆر بە هەڵە گوێ لێدەبێ کە رۆژانە دەڵێن (ژنان سووچی خۆیانە)، زۆر چالاکوانی ژنانیش پێیان وایە کە ژنان سووچی خۆیانە لە هەڵومەرجی خراپ دان و پیاوسالاری قەبوولْ دەکەن. بە باوەری من پیاوانیش گیرۆدەی دەستی ئەو سیستەمەن کە لە سەرەوە باسم کرد نەک هەر ژنان. من ناڵێم پیاو سەرچاوەی چەوسانەوەی ژنە دەڵێم پیاوسالاری. چەندین پیاو هەن یەکسانییخوازن و جار هەیە لە ژن پتر کار بۆ یەکسانیی دەکەن.. لە ماڵەوە لە هەر شوێنێکیتر. ژنان لە وڵاتێک کە هەڵومەرجی باشیان بۆ دەرەخسێ بۆ بەشداریی و بەرێوەبردنی کۆمەڵگا و سیاسەت و... هتد ئەوا دەبینین کە ژنبوون واتای نامینێ تا رادەیەک... ژنان دەیسەلمێنن کە هاوشانی پیاوان بەشدار دەبن لە هەموو بوارێکدا. بەڵام تۆ ناتوانی لە وڵاتێکدا چاوەڕوانی گەورەت هەبێ کە کچ و ژنی نەخوێندەوەواری تێدا زۆرە!! ئاستی خوێندن و (مەعریفە) لە ئاستی زۆر نزم دایە؟ کامەیە ئەو ولاتەی ژنان دەستەمۆن و هەڵومەرجی باشیان بۆ رەخساوە بۆ بەشدارییکردن لە دەسەڵات و ئابووریی و.. هتد؟ ئەمە جودای دەکاتەوە ژن لە شوێنەکەوە بۆ شوێنێکیتر دەسەڵاتی کامەیە و چۆنە. بەڵێ ئەو وڵاتانەی بزووتنەوەی یەکسانییخوازیی تێیدا لە ئاستی بەرزدا بێ ژن دەستەمۆ و ناهۆشیار نابێ. رێگەی چارەسەر تەنیا کارکردنە بۆ یەکسانیی لە نێوان ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندا..

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەرێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**بەهار مونزیر**: بەڵێ منیش وا دەڵێم.. ئێمە هاوڵاتین و سیستەمێک لە ئێمە بەرپرسە.. دەبێ بمانپارێزێ، ئەی دەسەلات و حکومەت بۆ چی دروست دەکرێ؟ ئەی چۆن نابێ وا بڵێین؟ لە هەر وڵاتێکیتریش کێشەی تایبەت هەبێ هەر دەبێ روو بکەیتە ئەو کەسانەی خۆیان بە خاوەنی کۆمەڵگا دادەنێن.. مەگەر وانییە؟ ئەی هاوڵاتیان کێ دەبێ بیانپارێزێ؟ کەم تەرخەمیی لێرە زۆر زۆرە بۆیە ژن کوشتن ئەوندە زۆرە، ناهەستیاریی بە پرسی ژن، ئەمە باسێکی راشکاوانەیە.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەرێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**بەهار مونزیر**: پرسی ژن لای من تەنیا هی ژن نییە هی پیاویشە، لەبەر ئەوە بە باوەڕی من ڕیکخراوەکان جەماوەریی نین

لەبەر ئەوەی تەنیا کراوە بە باسی ئێمە وەک ژن.. بەڵکو گرنگە پیاوان نەک پشتیوانبوونیان گرنگە بەڵکو ئەرکیانە لە بزووتنەوەی یەکسانییخوازییدا رۆڵی کاریگەریان هەبێ. ژنان بۆیە ناچنە ناو ڕێکخراوەکانەوە لەبەر ئەوەی ڕێکخراوەکان بە هی خۆیان نازانن. بەشداریی ژنان لە ڕێکخراوی راستیی خۆیاندا گرنگە، ڕێکخراوبوون واتای خۆی هەیە لە ژیانی ژنان.. نموونەی وڵاتانی پێشکەوتوو دیارە کە ژنان بوونیان چەند گرنگ بووە لە بەرەوپێشەوەچوونی ئەو ئاستی یەکسانییەی کە هەیانە.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ ڕێگەچارەکانت چین؟

**بەهار مونزیر**: من وەک خۆم هیچ کات لە خێزانی خۆم هەستم بە کەمتر نەکردوە لەگەڵ براکانم.. پیاوسالاریی واتای نەبووە لە ژیانی خۆمان و لە خێزانی خۆمدا. جا ئەوەی کە ڕووبەڕووی پیاوسالاریی دەبینەوە وەک ژن لە کۆمەڵگا کەسمان بێبەریی نین لەوەی بە جیاواز سەیر بکرێین لە کۆمەڵگادا بەڵام گرنگ ڕووبەڕووبونەوەی ئێمەیە بەرامبەر پیاوسالاریی.

## ٢- ئەڵماس مستەفا:



**باڵادەستیی پیاوان لە کاتێکدا پتر دەرکەوتوە کە ئاین و کلتوور بواریان بۆ رەخساندوە، حکومەت بەرپرسی سەرەکییە لەو ژنکوژییە.**

**پایزە ئەحمەد:** ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**ئەڵماس مستەفا:** هەر لە دروستبوونی مرۆڤەوە لەوەتی مێژوو تۆمارکراوە هەست بە باڵادەستیی پیاوان دەکرێ، هۆکاری سەرەتایی بۆ ئەم باڵادەستییەش دەگەرێتەوە بۆ شێوەی پێکهاتەی لەشی پیاوان کە بە تواناییان لە مێینە یاخود لە ژناندا پتر پێوە دیاربووە تا بگرە شێوەی نان پەیداکردن بۆ خێزان و پارێزگارییکردن لێیان.. بەڵام مۆرکی ئەم باڵادەستییە لە کاتێکدا پتر دەرکەوتوە کە ئاین و کلتوور بواریان بۆ ئەم باڵادەستییە رەخساندوە..

**پایزە ئەحمەد:** ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**ئەڵماس مستەفا:** هەردوو خاڵەکە بەشدارن لە چەسانەوەی ئافرەتان، چارەسەر بۆ ئەم بارودۆخەی ئافرەتان تەنیا پڕچەککردنی

خۆیانــە بــە رۆشــنبیریی و بــەهێزکردنی بــواری دەروونیــی و دوورکەوتنــەوە لــە هەر ژێردەســتییەک و رەتکــردنەوەی هەر چەوسانەوەیەک.. هاوکات رێکخستن و چاککردنی رێکخراوەکانی ژنان لە ژێر ئاڵای خودی ژنان خۆیاندا نەک لە ژێر ئاڵای ئەو رێکخراوانەی ژنان کە پیاوان یاسا و رێسایان بۆ دادەنێن، بە بەردەوامیی لە هەوڵ و تێکۆشاندا بن و لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیان داوای مافەکانی خۆیان بکەن وەک مافی کارکردن و وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان و مافەکانیان لە ناو خێزانەکانیاندا و... هتد.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**نەڵماس مستەفا**: بە دڵنیاییەوە حکومەت و دامودەزگاکانی بەرپرسی سەرەکیین لەو ژنکوژییەی کە ئێستا دەیبینین، چونکە گەر حکومەت یاسای قەدەغەکردنی ئەو جۆرە تاوانانەی بە شێوەیەکی توند دەربکردبا نەک تەنیا بە نووسینەوەی یاساکە بەڵکو خستنەبواری جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەش گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ بەرگرتن لەو تاوانانەی کە لەم دواییەدا بەرامبەر ژنان پەرەی سەندوە. جگە لەمانەش نارۆشنبیریی خێزانەکان و کۆمەڵگە باشترین بواری بۆ ئەو تاوانبارانە رەخساندوە کە دەرگای تاوانەکانیان هەمیشە لەسەر پشت بێ و هەردەم پەنجەی تاوانکارییان لەسەر پەلەپیتکەی چەکەکانیان بێ بۆ چنینەوەی روحی ژیان.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**نەڵماس مستەفا**: تەنیا خودی ئەو رەگەزە دەتوانێ مافەکانی خۆی وەدەستبێنێ، جا من بە باشی دەزانم تەنیا ژنانی ئازادییخواز بەشداریی دروستبوونی ئەو رێکخراوانە بکەن، دەتوانن بۆ هاریکارییکردن لە پیاوانی ئازادییخواز و داکۆکییکەر لە مافەکانی ژنان سوودمەند بن.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**نەڵماس مستەفا**: بەڵێ منیش چەوسینرااومەتەوە بە هۆی خێزانەوە وەکو هەموو تاکێک لە ئافرەتانی کۆمەڵگەکەم، بەڵام من بە

کۆشش و سەرکەشیی خۆم توانیومە لە زۆر بواردا مافەکانی خۆم وەدەستبێنم و بە کۆششی تاکەکەسیی خۆم خۆم رۆشنبیر بکەم.. بەلام ئەمە رێگەیەکی سەرکەوتووانە نییە چونکە ئەگەر مرۆڤ تەنیا پشت بە کۆششی تاکەکەسیی خۆی ببەستێ سەرکەتوو نابێ.. بەلکو دەبێ لە ژێر چەتری رێخراوێکی داواکار بە مافەکانی و داکۆکییکەر لە مافەکانی ئافرەتاندا کۆببێتەوە تابتوانێ مافەکانی تێکرِای ئافرەتانی کۆمەڵگەکەی وەدەستهێنێ، بە هیوای سەرکەوتن و وەدیهێنانی سەرجەمی ماف و ئازادییەکانی ئافرەتانی کۆمەڵگەکەم، سەرکەتوو بن..

## ٣- ئەڤین ئیبراهیم فەتاح:



**زۆر جار گوتوومە: ژن سەربازی ونە لە لەشکری پیاوسالاریی!**
**رێکخراوەکانی ژنان پیاو پێکیهیناون... نازانم بڵێم چی؟**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**ئەڤین ئیبراهیم فەتاح: لە کۆمەڵگەدا دابونەریت هەیە.. بە نێر و مێ و بە بێ ویستی خۆیان ملکەچی دەبن.. تەنیا کەسانێک نەبێ کە دواتر دەبن بە قوربانیی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بۆیە دەکرێ بێژم بەڵێ دابونەریت وا لە ژن و پیاو دەکا.. دینیش بەشێکی سەرەکییە لە دابونەریت.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟**

**ئەڤین ئیبراهیم فەتاح: نەخێر ژنیش رۆڵی باشی هەیە لە چەوسانەوەی خۆی و ژنی دیکە چونکە بە بێ ئەوەی بزانێ دابونەریتی وەرگرتووە، زۆر جار گوتوومە: ژن سەربازی ونە لە لەشکری پیاوسالاریی!**

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**نەڤین ئیبراهیم فەتاح**: یەکەم حکومەت کەمتەرخەمە... بەڵام کۆمەڵگە بەو بارە رازین و دەیکەن واتا هەموو رازین ئیتر بۆچی ژن نە کوژرێ؟

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لە بەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**نەڤین ئیبراهیم فەتاح**: ئازیز رێکخراوەکانی ژنان پیاو پێکیهیناون... نازانم بڵێم چی؟

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**نەڤین ئیبراهیم فەتاح**: هاوسەرەکەم - کۆچی دوایی کردووە - گیانی شاد بی.. ئەو کەسە بوو کە هانی نووسین و چوونەدەرەوەی دام، باوکیشم هانی خوێندنی دام، بەڵام بیاوی خراپیشم بینیوە.. خۆ لە کوردستاندا دەژیم!



سەرچاوە
Serchawe

## ٤- بنار بەکر:



**گومانم نییە حکومەت بەرپرسە لەو بارەی ژنان، دوورکەتنەوەش لە دین و نەریت کاریگەرترین بنچینەیە لۆ رزگاربوونی ژنان و تەنانەت پیاوانیش.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**بنار بەکر**: دروستبوون و دەرکەوتنی رەگەزی نێر وەک ئەوەی ئێستا هەن هەرگیز نایگێڕمەوە لۆ پێکهاتەی بنەڕەتیی سروشتی خودی رەگەزی نێر چونکە ژنان وەک پیاوان لە جەستە و ئاوەزدا بە شێوازێکی سروشتیی ئافەریدە بوونە، واتە ئەوە گۆڕانکاریی و پەرەسەندنەکانی سیستەمی چەوسێنەری کۆمەڵگەیە پیاوانی بەو شێوەیە دروست کردووە کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی پیاوسالاریی بەرهەم بهێنی.

ئەمن وەکو خۆم ئەوەی بە سانایی لێم دیارە پەلکێشکردنی پیاو بە ئاراستەی ئەو جۆرە ئافەریدەبوونەی لە ئەنجامی ئەو دابونەریتە کۆنەپەرستانە بووە - کە پتر بەرۆکی زۆربەی ژنانی وڵاتە دواکەوتووەکانی گرتووە - دینەکان بە تایبەتییش شەریعەتی ئیسلام دایانهێناوە و بە بەردەوامییش پارێزگارییان لێ کردوون، ئیدی پیاوە مێشک پووچ و داخراوەکان دینیان وەکو چەکێکی کوشندە کردیتە ئامرازێک لۆ چەوساندنەوەی ژنان وەک کە دەڵێن پیاو لە ئادەم بووە و ژنی داماویش لە پەراسووی چەپی ئادەم ئافەریدە کرایە، زۆر لە پیاوان تەنیا لە رووکەشدا پیاون دەنا لە راستییدا دڕندەن و دوورن لە هەموو بەها

مرۆییەکان و ژنان بە بوونەوەرگەلەکی ناتەواو دەبینن.. کە وەک شەرەفی خۆشیان تەماشایان دەکەن ئەوە تەنیا بۆ جێبەجێکردنی مەرام و حەزە چەپەڵەکانیانە. ئەوەی لە هەمووی کوشندەترە ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسیی پیاوان وەک دێوەزمە بوویتە بەربەست لە پێش ژنان و بە شێوازێکی زۆر دواکەوتوو و کوێرانە لە رێگەی دینەوە یاسا پەرپووتەکان بەسەر ژناندا دادەسەپێنی بە جۆرەک کە لەو نێوەندەدا پیاوان وەکو کۆمەڵە گورگێکی بریندار کەوتونەتە نێو ژنان و لە هەردوو رووی جەستەیی و دەروونییەوە دایاندەپلۆسن، واتە دین و دابونەریت و دەسەلات بە یەک ئاراستە کار دەکەن دژی ماف و ئازادییەکانی ژنان.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**بنار بەکر**: ئەو ژێردەستییەی کە ژنان لە لایەن پیاوانەوە تەنگی پێ هەڵچنیون مێژووەکی دوور و قوڵی هەیە و وا بە ئاسانیی کۆتایی پێ نایە. وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا کە پیاوان بە هۆکاری جوداجودا بەردەوامن لە کوت و بەندکردن و چەوساندنەوەیان بەلام دەبێ ئەوەش بلێین کە ژنانیش کەمتەرخەمن لە شێوازی کارکردنیان لە پێناو وەدەستهێنانی ماف و یەکسانییان. لە سەرەتای دەرکەوتنی هەردوو رەگەز لۆ دابینکردن و راییکردنی ژیانیکی ئاسوودە خودی ژنان بێ هێزیی خۆیان نیشان دایە و هەرگیز نەیانتوانیوە بە بێ ویستی پیاوان کارەکانیان رایی بکەن، نموونەی ئەوەش پەسندکردن و هەڵبژاردنی کاری قورسی پاککردنەوە و خزمەتکاریی ناوماڵ و خۆبەندکردن بە زارۆک و خولانەوە لە نێو چوار دیواری ماڵ و خزمەتکردنی پیاوان و دورکەوتنەوە لە کاری دەرەوە.. ئەمانەش بوونەتە هۆکار و زاڵبوونی پیاوان کەوا لە ژنان دەکەن بە کەمترین ماف و ئازادییەکان رازی بن. لەو هێن و منهێنەدا ژنان بە ناهۆشیاریی دەست لەسەر ئەژنۆ لۆ هەمیشە بێ خەون و ئامانج لە نێو کونجێکی بازنەییدا دۆش دادەمینێن.

**رێگەچارە لۆ گەیشتن بە ئایندەیەکی پڕشنگدار لەو خالانە کورت دەکەمەوە:**

١- هەوڵدانێکی گشتگیر لە لایەن ژنان بەرامبەر هەر کەمتەرخەمییەک کە لە لایەن دەسەڵاتەوە دەکرێ.
٢- گوشار خستنەسەر دەسەلات لۆ دانانی یاسایەکی سەردەمییانە و سەربەخۆبوونی دادگاکان سەبارەت بە کێشەی ژنان.
٣- بواردان بە دامەزراندنی دەزگای راگەیاندن کە تایبەت بێ بە پەروەردە و بڵاوبونەوەی کار و چالاکییەکانی ژنان بە مەرجێک لە کەسانی ئازادییخواز و یەکسانخواز پێک بێ.
٤- گرنگییدان بە خۆهۆشیارکردنەوە لە رێگەی خوێندنەوە و دوورکەوتنەوە لە شتی لاوەکیی.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و

تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**بنار بەکر**: گومانم نییە حکومەت بەرپرسە لەو بارەی ژنان، دەسەڵات لە ژێر گوشاری دابونەریت بە رەوتە دینییەکان تەواو دەستەپاچە بووە، لەبەر ئەوە کاتێک ژنان لە لایەن پیاوانی سەر بەو رەوتە توندڕەوانە دووچاری ئەتککردن و سوتاندن و مەرگ دەبنەوە، بێگومان دەسەڵاتێکی وا هەر دەبێ پەنجەی تاوانی لۆ دریژ بکرێ چونکە نەیتوانیوە یاسایەکی گونجاو دابڕێژێ کە هاوسەنگیی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان بە ئاراستەیەکی ئەرێنیی هەنگاو بنێ. نموونەیەک لەسەر ئەوە؛ لە وڵاتی دانیمارک پاش ئەوەی کاربەدەستان درکیان بەوە کرد کە تانەلێدان لە ژنان لە لایەن پیاوانی ئەو وڵاتە روو لە زیادبوونە.. یاسایەکی وایان دژی ئەو هەڵسوکەوتە نامرۆییە دەرکرد کە هەر پیاوێک کردەیەکی وا بەرامبەر بە ژنان ئەنجام بدا بە توندترین شێوە سزا بدرێ.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە ٥ بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**بنار بەکر**: تا ئێستا رێکخراوەکان نەیانتوانیوە کەمترین ماف و یەکسانیی وەدەستخەن، تەنانەت بوونەتە زیانگەیاندن بە مافەکانیان.. وەک مشەخۆر تەنیا لە دووی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانن و لە ژێر هەژموونی حیزبەکاندان و هیچ هەنگاوێکی پراکتیکیی ئامانجدار نابینم.. هەرگیز نابێ ژنان باوەڕیان بەو رێکخراوانە هەبێ، ئەوەی دەبینین رۆژانە هەواڵی کوشتن و سوتاندن دەبیستین کەچی رێکخراوێکی ژنان ورتەی لێوە نایێ.. ئەوەی شەکرەکیش دەشکێنێ تەنیا لۆ رازیبوونی حیزب و چاوبەستنی ژنانە و چیتر نییە.. هاوکات پیاوانی قسە گەورە و بێ کردەوەش وەکو کاراکتەرێکی مەیدانیی رۆڵی سەرەکیی هەیە لە رێگەنەدان بە کرانەوەی ژنان جا بە هۆکاری پاراستنی شەرەف بێ یان کاریگەریی نەریتی دواکەوتووی دژە مرۆییانە. من پێموایە لە وڵاتێکی وا دواکەوتوو و سیستەمێکی وا پیاوسالاردا گرووپێک یان رێکخراوێکی پیاوان و ژنان هەرگیز توانای ئەوەیان نییە لە پێناو ئامانجێکی بەرهەمدار کار بکەن، چونکە ئەو دەسەڵاتە پاشدامایەی هەمانە بە کاریگەریی دینیی و بە بەحیزبییکردنی رێکخراوەکان هەوڵەکان بێ ئەنجا دەکا.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**بنار بەکر**: لە رابردوودا لە ژێر بنەماکانی ئەوپەڕی توندیی دینیی و نەریتە دواکەوتووەکان ژیانم گوزەر دەکرد کە لە هەموو



سەرچاوە
Serchawe

ماف و ئازادییەکانم بێبەریی ببووم وەکو زۆربەی ژنانی ئەو کۆمەڵگەیە، بەڵام خۆشبەختانە چەند ساڵێکە وەک ژنێک ژیانی هاوسەرییم پێکهێناوە و بە یارمەتیی هاوسەرەکەم توانیم هەموو ئەو کۆت و بەندانە لە نێو ببەین کە ژنانی پێوە گیرۆدە بووە.

پێویستە ژنان هەوڵدەن لە کەمترین دەرفەتدا خۆیان لەو بارە دژوارە ئازاد بکەن، سەرەکییترین کاری ژن ئەوەیە لە کاتی پرۆسەی هاوسەرگیرییدا لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر کە پیاوە راشکاوانە داوای ژیانێک بکا کە ئازادیی و یەکسانیی نێوان ژن و پیاوی تێدا فەراهەم بێ، دوورکەوتنەوەش لە دین و نەریت کاریگەرترین بنچینەیە لۆ رزگاربوونی ژنان و تەنانەت پیاوانیش.

## ٥- خولیا حوسێن:



**شەڕی ئێمە دەبێ لەگەڵ دابونەریت و دین و دەسەڵات بێ،**
**ئەوە چاکترین رێگایە بۆ یەکسانییکردنی ژنان و پیاوان.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**خولیا حوسێن**: پێکهاتەی پیاو وەک بوونەوەرێکی بە هێز بە بێ پشتیوانیی دابونەریت و دین و دەسەلات ناتوانێ ئەو رەفتارە توندوتیژییانە پەیڕەوە بکا لە دژی رەگەزی ژنان. نموونەشمان ئەمەیە کە پیاوانی هەموو دونیا بە هەمان هێز و توانا لە دایک دەبن بەڵام بە پێی دابونەریت و دین و دسەلاتی باو رەفتار دەکەن. هەمانە لەو پیاوانەی کە توانیویانە خۆیان لە نەخۆشیی پیاوسالاریی رزگار بکەن. بەڵام ئەو پیاوانە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەستی یارمەتیی کەسێکی رۆشنبیر و یەکسانییخواز یان کەسێکی سۆسیالستیی گەیشتۆتە دەستی و لە وەرەمی پیاوسالاریی رزگاری کردووە. هەموو لێکۆڵینەوەکانی لەسەر توندوتیژییەکانی سەر ژنان کراوە لە لایەن کەسانی کۆمەڵناس و دەروونناس و پرۆفێشناڵ ئەوە دەسەلمێنن کە منداڵێکی نێرینە کە پەروەردەی ناو خیزانێکی پیاوسالار و پەروەردەی دەستی پیاوێکی رەفتار توندوتیژە لە دوارۆژدا پیاوێکی رەفتار توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە. وتەیەکی ئینگلیزی هەیە دەڵێ "Monkey sees monkey does" واتە مەیموون چی دەبینێ ئەوە فێر دەبێ ئاوا رەفتار دەکا. کەواتە ئەگەر دابونەریت و دین و دەسەڵات سووکایەتی و لێدان و ژنکوژیی بە مافی

پیاو نەزانن ئەوا هەرگیز ئێمە لە ناو کۆمەلگەی کوردی هێندە بەدبەخت و چارەڕەش نەدەبووین لە ژێر ئەو دابونەریتە نامرۆڤانایەدا هەر رۆژە و ناسکە کیژانی کوردمان بە دڕندانەترین شێوە بە دەستی باوک، برا، مێرد، مام، خاڵ.. ژیانیان لێ نەدەسەندرایەوە یان مارکوژ نەدەکران بە بەرچاوی منداڵانی ناو خێزانەکانیان.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**خولیا حوسێن**: بێگومان هەموو تاکێکی ناهۆشیار لە ناو کۆمەلگا کۆسپێکە لە بەردەم بەرەوپێشەوەچوون و بنەبڕکردنی توندوتیژییەکانی سەر ژنان. بەڵام ئایە ئەو ژنە ناهۆشیارانە هەست بەوە دەکەن کە زۆرلێکراون؟ بە رای من ئەگەر ئەوانیش وەک من و تۆ هەستیان بە چەوسانەوەی خۆیان بکردایە بێگومان قسەیەک و جوولەیەکیان دەکرد بۆ خۆشکردنی ژیانی خۆیان. چونکە ئەو ژنانەش بە هەمان شێوە پەروەردەی ئەو نۆرم و دین و دەسەڵاتەن کە رازییان کردوون بەوەی رازیی بن و نەزانن کە نازانن چەوساوە و زۆرلێکراون و مافە سەرەتاییەکانیان لێ داگیر کراوە.

بۆیە شەڕی ئێمە وەک بزووتنەوەی یەکسانییخوازیی ژنان دەبێ لەگەڵ دابونەریت و دین و دەسەڵات بێ، ئەوە چاکترین رێگایە بۆ یەکسانییکردنی ژنان و پیاوان لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا. چونکە ئەو سێکوچکەیەی نۆرم و دین و دەسەڵات، دەسەڵاتی تەواویان داوەتە پیاوان کە بە توندوتیژترین شێوە لە ناو کۆمەلگە و لە ناو ماڵەکانی خۆیاندا لەبەردەم منداڵەکانیان سووکایەتی بە ژنان بکەن. لێیان بدەن و بە خزمەتکاری خۆیان بزانن و لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بێ بەشیان بکەن. هەرکاتێکیش زانییان کە یەکێک لە ژنانی ناوخێزان، ژنیان، دایکیان، خوشکیان، کچیان لە سنووری ویستی پیاوسالاریی ئەوان لایان داوە. بە بیانووی پووچەڵی (شەرەف و نامووس) دەیانکوژن و شانازیی بە مرۆڤکوژیی خۆیان دەکەن.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**خولیا حوسێن**: هەروەک چۆن دایک و باوک بەرپرسیارن لە پەروەردە و پاراستنی منداڵەکانیان. حکومەتیش رێک بەم شێوەیە بەرپرسیارە لە پەروەردەکردنی کۆمەلگەیەکی تەندروست و تیر و ئارام. بەڵام بە پێچەوانەوە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بە ژنکوژیی دەستیان پێ کرد. لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی سەدان نموونەی تیرۆرکردنی ژنانمان هەیە کە لەم تەوەرە جێگای باسکردنی کەیسەکانیان نابێتەوە. بەڵام رۆژانە لە رۆژنامەکان لیستی تیررۆر و رەشەکوژیی ژنان بڵاودەبنەوە. هەروەها رێگا رەئوف نووسەر و چالاکوانی بواری ژنان دوو پەرتووکی هەیە لە ساڵەکانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ بڵاوکرانەوە کە باس لە رەشەکوژیی ژنانی کوردستان دەکەن. هەروەها سەدان کەیسی کوشتنی ژنان پەردەپۆش کراون. یان چاوی میدیاکان پێیان

نەزانیـوە یـان لە چـاوی رێکخراوەکـانی ژنـانی ئـازادییخواز پـارێزراون. ئەو رەشـەکوژییەی ژنـان هەمـووی لە کوردسـتان لە ژێـر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان، بە بیـانووی جیـاواز ئەنجـام دراون ئەوا جگە لە سەدان قوربـانی تـر کە ناچـار بە خۆکوشـتن و خۆسووتـاندن کراون. حکومەتیش نەک هەر هەوڵی بەسزاگەیاندنی تـاوانبارانی نەداوە بەڵکو بە پێچەوانەوە هەتـا بۆیـان کـراوە بکوژانی ژنانیان لە ژێر ئاڵای زەرد و سەوز و سپی پاراستووە و حەشاریانداون. ئەوانەشی کە بە دەگمەن سزایەکی شـەرمنانەیان دابن ئەوا لە ژێر گوشاری بـزووتنەوەی یەکسـانییخوازیی ژنانـدا بـووە. حکوومەت دەبـێ خـۆی بە بەرپرسیار بزانـێ لە بەرامبەر دابینکردنی ژیانێکی ئارام و دوور لە هەرەشەی تیرۆر و توندوتیژییەکانی سەر ژنـان. حکومەت دەبـێ بـودجەی تـایبەت تەرخـان بکا بۆ پاراستنی ژیـانی ئەو ژنـانەی دەکەونە بەر هەرەشـەی کوشتن. حکومەت دەبـێ ئەو ژنکوژانە لە دادگـای ئاشکرا بە سزای گونجـاو بگەیەنـێ تـاوەکو بیـر و بـاوەڕی ژنکـوژیی ببێـتە ترسـێک و لە ترسـی دادگـا و سـزای رەوا، کەس نەوێـرێ بە هەر بیانگەیەک، بیر لە ژنکوژیی بکاتەوە.

**پـایزە ئەحـمەد**: **لەبەرچـی ژنـان زۆر بە کەمیـی بەشـداریی لە رێکخراوەکـانی ژنـان دەکەن؟ یـان لەبەرچـی زۆربەی زۆری ژنـان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنـای خۆیان و داکۆکیکەر لە مـاف و ئـازادییەکانیـان نـازانن؟ ئـایە ئەوەش بە هـۆی دەسـتتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟**

**خولیا حوسێن**: ئەم پرسیارە لە زۆربەی تەوەرەکانی سەبارەت بە مافەکانی ژنـان دووبـارە دەبێـتەوە. من نـاتوانم هێڵی راست و چەپ بێـنم بەسـەر هەمـوو ئەو کارانـای کە رێکخراوەکـانی ژنـانی کوردسـتان ئەنجامیـان داوە. دەتـوانم بڵـێم بـزووتنەوەی یەکسانییخوازیی ژنـان لە کوردستان لە ساڵەکانی ٩١ تـا ٩٨ گوشـاری زۆریـان لەسەر حیزبە بە هێزەکـانی کوردستان هەبـوو و زۆرێک لە ژنـان و پیـاوانی هێنـایە سەر گۆڕەپـانی خەبـاتی یەکسـانییخوازیی بۆ بنەبڕکردنی تونـدوتیژییەکانی سەرژنان. ئەو سیمینارانەی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمـالگەی کوردی بەڕێوەچوون بە رابەریی رێکخکراوی سەربەخۆی ئـافرەتـان کـاریگەریی زۆری هەبوو و هەتـا ئێسـتاش کـاریگەریی خـۆی هەیە. بەڵام زۆر بە داخەوە کە ئەم رێکخـراوەیە لە ژێـر دەسـەڵاتی پـارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن حیزبە دینییەکان هێرشی کرایە سەر لە هەولێر و لە سلێمانیش یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان بنکەکـانی بە زەبری چەک پێ داخستن. هەتـا ئێسـتاش خەبـاتگێڕانی ئەو بـزووتنەوەیە بە شێوەی جۆراوجـۆر کـاری خۆیـان دەکەن و بـوێرانە کەمپین دەکەن و رای گشتیی بـۆ پرسی ژنـان کـۆدەکەنەوە. سەبـارەت بە زۆربەی رکخراوەکـانی ژنـانی کوردستان دەتـوانم بڵێـم؛ ئەوانە کۆسپی بەردەم یەکسـانیی ژنـانن چونکە ئەو ریکخـراوانە زۆربەیـان یـان نـوێنەری حیـزبە دەسـەڵاتدارەکانن یـان رابەری پـارتە دینییەکـانن و بـۆ ئەوە هـاتوونەتە مەیـدان کە عەبـا و پەچە و دەسـتەوانە و چەفـیە ببەخشـنەوە کوشـتنی نامووسـی شـەرعیەت پـێ بـدەن و لە پەرلەمانیشدا دەستی بەڵـێ بەرز بـکەنەوە بـۆ بەرقەرارکردنـی ئەو یاسـایانەی کە پـلە دووی ژنـان زینـدوو و تـۆختر دەکەنەوە. مـن بە بـێ دوو دڵیـی دەڵـێم کە زۆربەی ئەو ژنـانەی کە نـوێنەری ریکخراوەکـانی سـەر بە حیـزبە دەسەڵاتدارەکان و مەزهەبیەکانن نەیانتوانیوە کەمترین مافەکانی خۆیان بەدەست بێنن. ئەوانە چۆن دەبن بە رابەری ژنـان، خـۆ مەرج زۆریی و بۆریی نییە. بەڵـی من رام وایە خەباتی ژنان بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژیی و بەدەستهێنانی مافی یەکسانیی لە



سەرچاوە
Serchawe

بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسییدا بە بێ بوونی پیاوانی یەکسانییخواز مەرامێکی ئەندێشەبازانەیە و نایەتە دی.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**خولیا حوسێن**: من پەروەردەی ناو خێزانێکی دیندار و پابەند بە هەموو دابونەریتە باوەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواریم. زۆر ئازار و ئەشکەنجەم دیوە بە هۆی ئەوەی کە نەمویستووە پەیوەست بم بەو دابونەریتە کۆنەوە کە بۆ من هەرگیز نەدەبوو بێدەنگ بم بەرامبەریان. زۆر شەڕم بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی خۆم و خەڵک کردووە. زۆر جار بە تەنیا لەسەر رێگانی خەبات بەجێیان هێشتووم. لێم تووڕە بوون و لێیان تووڕە بووم، دڵیان شکاندووم و دڵم شکاندوون. لەگەڵ ئەو هەموو کێشمەکێش و ناکۆکییانەشدا بە راشکاویی دەڵێم من کەسێکی ئازادم و بە ئازادیی رەفتار دەکەم لە هەموو بوارەکانی ژیان خاوەنی خۆم و رای خۆمم. بیرم نایە شتێکم بە مافی خۆم زانیبێ و بە مەرامی کەسێکیتر دەستم لەو شتە هەڵگرتبێ. هاوکات ئێمە ئەندامی ناو ئەو کۆمەڵگایەین کە ژنان بێ ماف کراون و بە پلە دوو دەژمێردرێن. ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ئازادییەکانی ئێمە نییە ئەوانە ئازیز و کەسوکاری ئێمەن و خوێنمان یەکە و خۆشەویستی خۆمانن. بۆیە درۆیە ئەگەر بڵێین لە پێناو رازییکردنی ئەو ئازیزانە جاروبار بۆ کاتێکی کەمیش بێ هەڵسوکەوتی هەندێک کار و کردارمان کردووە کە خۆمان باوەڕمان پێیان نەبووە بەڵام چونکە کاریگەریی زۆر و هەمیشەییان لەسەر ژیانمان نەبووە پەیڕەومان کردوون بۆ رازییکردنی دەوروبەرمان. بۆ ئەو مەبەستەش دەڵێم تاکەکان تەنیا ئەو کاتە بە تێریی ئازاد دەبن کە دەسەڵاتی سۆشیالیستیی بەرجەستە دەبێ.

سوپاس بۆ ئێوە.



سەرچاوە
Serchawe

## ٦- نارین محەمەدی:



**هێشتا پیاوسالاریی کەلتووری هەموو دونیایە، بەڵام ئەم کەلتوورە لە رۆژهەڵات رۆڵی سەرەکیی دەگێڕێ لە تێکڕای ژیان.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**نارین محەمەدی**: وڵامدانەوە بە پرسیارێکی وەها بە بێ ئەوەی زانیارییەکی قووڵمان لە سەر مێژووی مرۆڤ هەبێت وەها ئاسان نییە. هەر کام لەم دوو لایەنە کە ئاماژەتان پێ کردوە بە تەنیایی جێگەی لێکۆڵێنەوەی مێژوویيان هەیە. گەڕان بە دوای کاریگەرییەکان سروشت بە سەر سروشتی مرۆییەوە، گەڕان بە دوای سەرچاوەکانی دابونەریتە جیاوازەکان و هاوشێوەکان لە شوێنە جیاجیاکانی سەر زەوی هەر کامە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی چەند ساڵەیە کە بە داخەوە بۆشاییەکەی لە کوردستان زۆر دیارە. بە رای من وڵامی ئەم پرسیارانە کە بەردەوام دووپات دەبنەوە نادۆزینەوە تا ئەو کاتەی بیر لە پێداچوونەوەیەکی مێژوویی لە سەر ژیان و نەریتەکانی کۆمەڵگەکەمان بە شێوەیەکی زانستیی نەکەینەوە. بۆیە راستییەکەی منیش نامەوێت بڕۆم بە دوای لێکدانەوەی فەلسەفییدا بۆ قسەکردن لە سەر ئەم پرسیارە.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**نارین محەمەدی**: من پێشتر ئەم پرسیارەم زۆر دەپرسی، بەڵام تا ئێستاش وڵامێک کە بتوانێت رازیم بکات نەدۆزیوەتەوە. بە راستیی ناتوانین بڵێین کام لا پتر سووچبارە. ئەم ژیانەی کە بوونی هەیە تەنیا مرۆڤ تیایدا (دەخیل) نەبووە. هەموو ئەو گیانلەبەر و بێ گیانانەی کە لەسەر ئەم زەویە بوون و هەن کاریگەرییان لە سەر ژیانی یەکتر داناوە. سارد و گەرمبوونی هەوا، فرە و کەمبوونی ئاو، بوون و نەبوونی پێداویستییەکانی ژیان لە هەر جۆگرافیایەک، بوون و نەبوونی کێو، زەریا و بیاوان و دوور و نزیکبوون لە هێرشی خەڵکانی بیانی و زۆر (پارامێتری)تر کاریگەریی تایبەتی لە سەر چۆنیەتی فۆرمگرتنی کەلتوور و دابونەریت و شێوازی دین و ئاین داناوە. لەم کاتەدا تەنیا شتێک کە بە رواڵەت دیارە ئەوەیە کە ژن بوونەوەرێکی ستەملێکراوە لەوانەشە لە درێژایی ئەم هەموو ستەمکارییە بڵێن ژنانیش سووچبارن و لەگەڵ پیاو بە یەک ئەندازە لە بیرۆکە و کرداری پیاوسالارانە بەشدارن. ئەڵبەت ئەمە تایبەت بە کوردستان نییە. هێشتا لە هەموو دونیادا کەلتوور، کەلتووری پیاوسالارانەیە. بەڵام ئەوەی کە زەقە هێشتا ئەم کەلتوورە رۆڵی سەرەکیی لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤی رۆژهەڵاتی دەگێرێ. ئێنجا چارە چییە؟

ئەمەش پرسیارێکی سەختە لە کاتێکدا کە نازانم ریشەی ئەم کێشە گەورەیە چییە! تەنیا شتێک کە ئەتوانم بیری لێ بکەمەوە ئەوەیە کە بۆ چارەسەری پێویستمان بە چەندین مێکانیزمی گرنگە کە من هەموویان ناناسم. لەوانەیە بتوانم بڵێم لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە چالاکان و دڵنیگەرانانی ئەم بوارە بەردەوامن بۆ زانیارییدان سەبارەت بە هەبوونی ئەم کێشانە، پێوستمان بە لایەنێکیترە کە تەنیا کاری گوشار ختستنەسەر دەسەڵات بێت بۆ سزادانی ئەوانەی پەرە بە توندوتیژیی ئەدەن. پێم وایە کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە نیگەرانی بارودۆخی نالەباری ژنانن تەنیا کارێک کە ئەیکەن قسەکردن و باسکردن لە خودی تەوەری توندوتیژیی و ژنانە، لە کاتێکدا کە هەر ئەم کەسانە ئەتوانن وەک چەندین گرووپی راشکاوانە هەر کامە و کارێک بکەن. بۆ نموونە گرووپێک هەوڵ بدات گوشارەکان بۆ وەدەستهێنانی دەزگایەکی دادوەریی بێ لایەن زیاد بکات، گرووپێک هەوڵ بدات رەخنە و گوشارەکان بخاتە سەر پەروەردە و ناوەڕۆکی وانەی قوتابخانەکان، پێوەندیی بەردەوامی بنەماڵەکان لەگەڵ قوتابخانەی منداڵەکانیان، گوشار خستنەسەر نەخۆشخانەکان بۆ تەرخانکردنی باشترین پێداویستییەکان بۆ دایکان و ژنان و کچان و زۆر کاریتر، واتە ئەمانە ماندووبوونی زۆری ئەوێت کە لایەنێکی گرنگیشی کە کەم کەس ئامادەیە کاری لە سەر بکات، خوێندنەوەی قووڵە لە سەر ریشەی ئەو کێشانەی ئەمرۆ زاڵن لە ناو ئەم کەلتوورەدا. واتە ئەبێت کەسانێک بە راستیی ئامادە بن بە شێوەیەکی درێژخایەن و بێ هیچ پەلەیەک خوێندنەوە لە سەر ئەم تەوەرە بکەن. هەروا زۆر کاریتر ئەتوانێت بکرێت کە بە بڕوای من گرینگترینیان فەرامۆشنەکردنی دونیای ئەو منداڵانەیە لە ئێستادا خەریکە گەورە ئەبن و بڕیارە ئەوان داهاتوویەکی جیاواز و شادیان بێت.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**نارین محەمەدی**: هەروا کە لە سەرەوە باسم کرد یەک لایەن سووچبار نییە. بەڵام لە باری ئێستادا کە دەسەڵات ئەتوانێت گاریگەریی زۆر لە گۆڕانی هەندێ یاسا و رێسای کۆندا دابنێت پێم وایە کەم کار ئەکات لەم بارەوە. هەرچۆنی بێ ئەوانەی لە ناو دەسەڵاتدان بەم دابونەریتە گەورە بوون. ئەبێت هەوڵ بدرێت بەم دەسەڵاتدارانە نیشان بدرێت کە نەمانی ژنکوژیی و توندوتیژیی قازانجێکی تایبەتی تێدایە بۆ ئەوانیش. واتە تایبەتمەندیی دونیای دەسەڵات ئەمەیە کە بۆ ئەوەی هەنگاوێک بۆ گۆڕینی شتێک بەرەو باشبوون هەڵبگرن ئەبێت سەرەتا بۆیان دەرکەوێت کە ئەو هەنگاوە چەندە قازانجی تێدایە بۆ ئەوان. هەرچۆنی بێ ئەبێت بزانین کە زۆربەی ئەوانەی لە هەموو دونیا دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە مرۆڤی رۆشنبیر و فەیلەسوف نین. لایەنی رۆشنبیریی لەگەڵ ئەوەی بە پێوەندیی لەگەڵ خەڵک بەردەوام رەخنە دەگرێت، پێم وایە بۆ قسەکردن لەگەڵ دەسەڵاتدار دەبێت لە تاکتیکێکی جیاواز کەڵک وەربگرێت.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**نارین محەمەدی**: .......... .

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**نارین محەمەدی**: منیش لە ناو دابونەریتێکی کۆندا پەروەردە بوومە. زۆر جار ئازارم بینیوە و نەمزانیوە چ رێگاچارەیەک ئەتوانێت لەو بارودۆخە رزگارم کات. هەندێ جار مرۆڤ وا ئەزانێت مەحکوومە بەوەی لەگەڵ ئەو جۆرە ژیانە رابێت و ناتوانێت هیچ شتێک بگۆڕێت. بەڵام نائومێدنەبوون و بیرکردنەوە لە داهاتووی خۆش باشترە لە قەبوولکردنی ئازار. سەبارەت بە ئێستاش ناتوانم بڵێم چەندە مرۆڤێکی ئازادم. داهاتوو ئەمە دەرئەخات. زۆر جار دەبینم منیش وەکو تاکێک کە زۆر بەرەنگاری کۆنەپەرستیی بوومەتەوە خۆم بەری نەبوومە لە کۆنەپەرستیی. من لەگەڵ ئەو شتەی شەڕم کردوە کە لە دەروونم دا بووە. ئەوانەی دەوروبەرم هەموو ئاوێنەی دەروونی من بوون بۆیە دژیان خەباتم کردوە. باوەڕم وایە کە دوو شت بەردەوام لەگەڵ یەک دژن واتە ئەو دوو شتە وەکو یەکن جیاوازییەکە کاتێک دەرئەکەوێت کە هەر کام لەم دوو لایەنە بە سەر ئەویاندا سەرکەوێت. بەڵام یەک شت کە بە لامەوە گرنگە ئەوەیە من خۆیشم بە بەشدار ئەزانم لەم هەلومەرجە نالەبارە. هەرچەند خۆم بڕیارم بۆ ئەوەی بێمە دونیا نەداوە.

## ٧- هێرۆ عەلی:



**پیاوان هۆکاری سەرەکیین بۆ درێژەدان بەو بارەی ژنان.. بەڵام لەبەر ئەوەی پیاو و ژن تەواوکەری یەکترین کەواتە هەردوو رەگەز هۆکارن.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**هێرۆ عەلی**: دەتوانم بڵێم هەردوو هۆکار کارتێکردنیان لەسەر پیاوان هەیە. بە رای من دابونەریت و دین گرێدراوی یەکترن، چونکە ئەگەر چاوێک بە مێژووی رابردوودا بخشێنینەوە دەبینین ئەو دابونەریتانەی هەن لە دینەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەڵام بەرهەمهێانی پیاو لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جودایە، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا ئێستا بەرنامەیەکی وا نییە کە خەڵک بتوانن لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەدا ژیانی خۆیان رێکبخەن کە هۆکارەکە پتر دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەسەڵات.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**هێرۆ عەلی**: پیاوان هۆکاری سەرەکیین بۆ درێژەدان بەو بارەی ژنان.. بەڵام لەبەر ئەوەی پیاو و ژن تەواوکەری یەکترین

کەواتە هەردوو رەگەز هۆکارن، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی ئێمە لەو دواییانە لە پڕێک هەناسەیەکی ئازادیی بۆ ژنان فەراهەم بوو بەڵام زۆربەیان بە تەواویی لەو ئازادییە نەگەیشتن و ئەو ئازادییەشیان لە خودی خۆیانەوە دروست نەدەکرد بەڵکو ئازادییەکی لاساییکەرەویان گرتەبەر، بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارەش دەبێ لایەنی دەسەڵات لە رێگەی کۆنفرانس و خولی پێگەیاندن و کۆڕ و کۆبوونەوان لە لایەن کەسانی بە ئەزموون شارەزا کۆشش بکا بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک. هەروەها لەسەر پیاوانیش پێویستە رێگر نەبن لەبەردەم ژنان بۆ چوونە ناو کاری سیاسیی یان هەر کارێکیتر کە لە توانایاندا هەیە.. دیارە رێگەنەگرتن لە ژنان دەبێتە هۆی هۆشیاریی و رۆشنبیربوونی ژنان و دەستکرانەوەی ژنان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان.

**پایزە ئەحمەد: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟**

**هێرۆ عەلی**: لە راستییدا تاوانەکان لەیەکتر جودا و جۆراوجۆرن.. هەندێک کاری توندوتیژیی هەن دەکەونە سەر ئەستۆی دەسەڵات هەندێکیش هەن دەکەونە سەر ئەستۆی ژنان خۆیان. بۆ نموونە ئێستا چەندین رێکخراو هەن تایبەتن بە ژنان و رۆژانە بە سەدان ژن سەردانیان دەکەن.. بەڵام لایەنی پەیوەندیدار لە ئاستی ئەو بەرپرسیارییە نین چونکە بە هۆی دەستێوەردانی حیزبیی رێکخراوەکانیان پەکخستوون.. جگە لەوەش وەک دەیبیستین چەندین بەرپرسی حیزبیی دەستدرێژییان کردۆتە سەر ژنان.. کاتێک ئەو ژنانەش ویستیتیان سکاڵا دژیان تۆمار بکەن یەکسەر هەوڵی کوشتنیان دراوە بۆ شاردنەوەی کارە نەشیاو و دزێوەکانیان.. ئەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەش زۆربەی ئەو ژنکوژییەی کە روودەدا بە هۆی (خیانەت)ی هاوسەرییەوە بووە و لە زۆربەشیاندا پیاوان تێیاندا تاوانبارن کە ئەوەش ئەنجامی نارۆشنبیربوون و خۆبەگەورەزانیی پیاوان و هەژموونی دەسەڵاتی پیاوسالارییە.

**پایزە ئەحمەد: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟**

**هێرۆ عەلی**: پرسیارێکی زۆر جوانە، من خۆم ماوەیەک لە یەکێتی ژنانی هەولێر کارم دەکرد.. بۆم دەرکەوت کە زۆربەی هەرە زۆری ژنان لەبەر قسەی پیاوانە بەشداریی لەو رێکخراوانەی ژنان ناکەن.. چونکە بە چاوی سووک تەماشا دەکرێن یاخود پیاوان بە گاڵتەوە دەیانگوت رێکخراوی یەکێتی ژنانی ئاشقان.. ئەو قسانەش زۆری لە لایەن لایەنە حیزبییەکان دەکران، جا ئەگەر حیزبەکان ئەو قسانە بکەن ئەدی پیاوانی سەر شەقام دەبێ چی بڵێن!؟ هەر بەو هۆیەش باوک یان برا یان هاوسەر ریگریی لە ژنان دەکەن بەو جۆرە رێکخراوانە پەیوەست بن، بۆ نموونە رۆژێک ژنێکی شۆخ و شەنگ و جوانم دیت لە رێکخراوی یەکیتی ئافرەتانی هەولێر فەرمانبەر بوو.. باسی کێشەکانی خۆی بۆ کردم و گوتی ماوەیەک کوڕێکم خۆشویست.. هاتن بۆ داوام

بەڵام لەبەرئەوەی باوکی کورەکە زانیبووی ئەمن لە رێکخراوی ئافرەتان کاردەکەم.. گوتبووی: "کورم.. ئەگەر ئەو کچە بخوازی ئەوە من حاشات لێ دەکەم" ئیدی کورەکەش قسەی باوکی نەشکاندبوو و خۆی لە داواکردنەکە کشاندەوە، هەر ئەوە کچە کە خۆی گێڕایەوە پاش ماوەیەک شووی بە کەسێکی دیکە کردووە بەڵام هاوسەرەکەی لە ماوەی یەک مانگی هاوسەرییدا بەردەوام بە لێدان ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی داوە و چاودێریی هەموو کار و جوولەیەکی کردووە و پێیگوتوە نابێ لە رێکخراوی ئافرەتان کار بکا، سەرئەنجام داوی جودابوونەی لە هاوسەرەکەی کردووە. بۆیە ئازادنەبوونی ژنان لە هەر کار و جوولەیەکیان و رێگەلێگرتنیان لە لایەن پیاوەنەوە هۆکارێکی کاریگەرە بۆ ئەوەی نەتوانن لەو رێکخراوانە بەشداریی بکەن.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**هێرۆ عەلی**: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم: من تا ئێستا بەو ئەندێشەیەوە دەژیم و خۆزگە دەخوازم کە هەموو باوک و برا و هاوسەرەکان وەکو باوک و برا و هاوسەرەکەی من رۆشنبیر بان، چونکە ئەوان زۆر دەرفەتیان بۆ من رەخساندییە چ لە خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن چ لە کارەکانم لە دەرەوەی ماڵ، ئەمن چ لەو کاتانەی لەگەڵ باوک و براکانم دەژیام چ لە ئێستادا کە لەگەڵ هاوسەرەکەم دەژیم بە هیچ شێوەیەک نەیانچەوساندیمەوە، چونکە منیش بۆ خۆم توانیتم داکۆکیی لە ماف و ئازادییەکانم بکەم.

## ٨- حەیات مەجید:



**حکومەت رۆڵی ئەرێنیی ناگێڕێ چونکە بە سەدان ژن کوژران و سوتێنران کەچی بکوژەکان لە شەقامەکان پیاسە دەکەن..**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**حەیات مەجید**: دەربارەی پێکهاتەی سروشتی ژن و پیاو، تەنیا لە رووی فیزیکییەوە جیاوازن و جگە لەوە هیچی تر نابینم، لە هەموو روویەکەوە هەردووکیان بۆ دوا جار مرۆڤن، دەبێ وەک مرۆڤ مامەلە لەگەڵ سروشتیاندا بکرێ نەک وەک ئەوەی کە خۆمان وێنەی دەکێشین و ئەو هێڵ و هێلکارییانە دروست دەکەین لە نێوان ژن و پیاودا، بێگومان دابونەریت رۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر چۆنیەتی گەشەکردنی هۆشمەندیی تاک، کەواتە هەردووکیان رۆڵی خۆیان هەیە یەکەمیان بەوەی خۆمان ئەو نەخشەیە دادەنێین کە منی کچ لە منداڵییەوە وەک کەسێکی کەمئەندام لە هزر و جەستەدا تەماشا بکرێم و براکەشم یاخود هەر نێرینەیەکی دیکە بە کەسێکی تەواو سەیر بکرێ.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**حەیات مەجید**: بە رای من ئەگەر پیاوان هۆکاری سەرەکیین بۆ چەوساندنەوەی ژنان و گەورەکردنی کێشە کۆمەلایەتییەکان، بە دڵنیاییەوە ژنیش بێ بەش نییە لەو مەسەلەیەدا، بە جۆرێک جاری وا هەبووە هەر ژن بووە ژنی بە کوشت داوە و ژنی بە سوتان داوە ئەوانە و چەندان نموونەی زیندووی ترمان هەیە، چارەسەر بۆ ئەم گرفتانە هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بە جۆرێک مرۆڤ وەک خۆی سەیر بکرێ، هەردوو رەگەز رێز لە یەکتری بگرن و لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکان کۆشش بکەن.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**حەیات مەجید**: لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەموو ژنێک ئەوە بزانێ کە حکومەتیش رۆڵێکی باشی نەبووە لەم مەسەلەیەدا، بە سەدان ژن کوژران و سوتێنران کەچی بکوژەکان لەسەر شەقامەکان پیاسە دەکەن و مێشێک میوانیان نییە.. ئەوەیە کە حکومەت نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئەرێنیی رۆڵی خۆی بگێڕێ.. ئەوانە و دەیان نموونەی تریش.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**حەیات مەجید**: پێم وەیە رێکخراوەکان بە داخەوە هەندێکیان نموونەیەکی باشیان پێشکەش نەکردوە، لە خزمەتکردن بە رۆڵی ژنان لە کایە جیاوازەکاندا، بە داخەوە لەو رێکخراوانەدا ژنانەکان لە ناو خۆیاندا تەبا نین ئیتر چۆن دەتوانن ئیش لەسەر ژنی دەرەوەی رێکخراو بکەن.. ئەوەیە کارەساتە گەورەکە، بێگومان بەشدارییکردنی پیاوان لەو رێکخراوانەدا نەک تەنیا باشە بەڵکو زۆۆریش باشە و لۆژیکییانەتر کێشەکان چارەسەر دەکرێن.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**حەیات مەجید**: لەو بڕوایەدام ئەوەی لەگەڵ پیاوی کورد ژیا بێ تووشی ئەو بارە نەخوازراوانە بووە، چونکە پیاوەکان پەروەردەی دەستی کەلتوورێکی سەقەتن کە رزگاربوون لەو کەلتوورە زۆری دەوێ، هەر ژنێک بە ڕای من چوار دێر بنووسێ چوار هەنگاو لە ئازادبوونی نزیک دەبێتەوە، رێگەچارە ئەوەیە کە ژنان و پیاوان دەبێ هۆشیار بن بەرامبەر کێشەکانیان و کۆشش بکەن زمانی لەیەکترگەیشتن بەکاربهێنن بۆ چارەسەرکردن.



سەرچاوە
Serchawe

## ٩- شۆخان فەرەج:



**دین و کلتوور و دابونەریت و دەسەڵات پیاوان دەکەنە چەوسێنەر،**
**حکومەت رێگە لە ژنکوژیی ناگرێ بەڵکو تاوانبارەکانیش ئازاد دەکا.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**شۆخان فەرەج**: نەخێر من پێموانییە کە پێکهاتەی سروشتی پیاو پیاو بەو شێوەیە ئافەریدە بکا کە ئێستا هەیە پیاوسالاریی بەرهەم هێنا بێ، پیاوی کردبێ بەپیاوێکی چەوسێنەر و داپڵۆسەر، ڕاستە پیاو لە رووی فیزیکییەوە بەهێزترە لە ژن بەس ئیتر ئەوە واتای ئەوە نییە کە ئەو پیاوە لە دروستبونییەوە هێزی داگیرکاریی و خۆسەپاندنی تێدا بێ بە هۆی ئەوەی لە ژن بەهێزترە لەو ڕووەوە. ئەوە دین و کلتوور و دابونەریت و دەسەڵاتە وەها لە پیاو دەکا ژن بچەوسێنێتەوە. دیارە دابونەریت بەشێکی کلتوور پێکدەهێنێ و کلتووریش بەشێکی گرنگی لە دینەوە وەرگیراوە کەواتە کاریگەریی دین زۆرە لە دروستبوونی پیاو بەو شێوەیە. بۆ نموونە دین ژن بە گێڵگە دەچووێنێ و پیاو چی بووێ تێیدا بچێنێ ئیتر لێرەیە هیچ نرخێک نەماوە بۆ ژن و هەموو دەسەڵاتێکی داوە بە پیاو.. ئەوە نموونەیەکی بچووکە بە پێویستی نازانم زۆر نموونەی تر کە بە بەردەوامیی باسی لێدەکرێ بهێنمەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە دینەکان بە گشتیی پیاوانیان بە دەستەڵاتر لە ژنان داناوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی چەوساندنەوەی ژن لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە تاکخودایی سەرهەڵدەدا و کار لە نێوان ژن و پیاودا جیادەکرێتەوە ئیتر ژن وەکو مرۆڤێکی ناتەواو دەبنیرێ و لە ماڵەوە دەمێنێتەوە و دەچەوسێنرێتەوە و پیاوانیش خاوەن هێز و باڵادەست دەبن. لە روویەکی ترەوە هەندێک پیاو هەن کە لە بنچینەدا باوەڕیان بە دین نییە بەڵام دەبینی هێشتا ئەوانیش ژن دەچەوسێننەوە چونکە دەڵێن ئەوە دابونەریتە. ئێمە پێویستمان بە دەسەڵاتێکی سێکۆلار هەیە واتا دین لە دەسەڵات جیابکرێتەوە بۆ نموونە ئێمە یاسای باری کەسێتیمان هەیە کە پەیوەندیی بە ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە کەواتە دەبوو ئەم یاسایە بە پێی بەرژوەندیی گشتیی لەسەر بنەمای جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ دابرێژرایە نەک بە پێی (مەزهەب و شەریعە و خەیاڵ). حیزبمان هەیە خۆی بە سێکۆلاریی دەزانێ بەڵام دەنگی بەفرەژنیی دا! من ئەوە بە درۆکردن دەبینم لەگەڵ خەڵکدا.. یاریکردنە بە چارەنووسی ژنانەوە.. ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی کە پیاو بەو شێوەیە ئافەریدە بێ.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**شۆخان فەرەج**: ژنان بێ توانا و بێ دەسەڵات و لاواز کراوان.. بە تەواویی ئەو باوەڕەیان لای ژن دروستکردووە کە (زەعیفە)یە، زۆر ژن هەن کە دەڵێن ژنیان ژن گوتوە پیاویان پیاو گوتوە.. بە تەواویی پیاوەکان ئەوەیان لە مێشکی ژندا چەسپاندوە کە ئەو بێ تواناترە لە پیاو.. هەر بۆیە باوەڕ بەوە دەکا کە بچەوسێنرێتەوە بێدەنگ بێ لە ئاستی هەر ئازارێک کە دەدرێ.. ئەگەر دەنگ هەڵبڕێ بەرامبەر بە مافەکانی خۆی ئەوە دەنگی دەبڕن.. ژنان بێ چارە کراون. چارە ئەوەیە هەروەکو هەمیشە کە گوتوومە دەبێ بە پێی یاسا مافەکانی ژنان بچەسپێنرێ و هەر بە پێی یاسایەک کە بە راستیی یاسا بێ ئەو پیاوانە سزا بدرێن کە ژنان دەچەوسێننەوە. هەروا کۆشش بکرێ بۆ هۆشیارکردنەوەی پیاوان کە ژنیش مرۆڤە وەکو ئەو مافی ژیانێکی خۆش و ئاسوودەی هەیە دوور لە هەر چەوساندنەوە توندوتیژییەک لە بەرامبەری.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەرێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**شۆخان فەرەج**: ئەرکی حکومەتە کە پارێزگاری لە هەموو هاونیشتیمانیان بکا بە ژن و پیاوەوە.. هەروا حکومەت بەرپرسیاربەتییەکی گەورەی لەسەر شانە بۆ ئەوەی رێگەچارەیەک بدۆزێتەوە بۆ رێگەکردن لە ژنکوژیی.. ئەوان نەک رێگەی لێناگرن بەڵکو تاوانبارەکانیش لە ژێر ناوی لێبووردنی گشتیی ئازاد دەکەن. لە لایەکی ترەوە دامودەزگا پەروەردەییە حکومییەکان هەڵنەستاون بە ئەرکی خۆیان و هۆوشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە.



سەرچاوە
Serchawe

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەرێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**شۆخان فەرەج**: هۆکارەکەی ئەوەیە کە زۆربەی رێکخراوەکان هەر یەکەو لە لایەن حیزبێکەوە دامەزرێنراون.. هەندێکیان دەڵێن سەربەخۆین بەڵام نەخێر وا نییە بەڵکو ناڕاستەوخۆ حیزبێک پاڵپشتیان دەکا. من پێموایە لەبەرئەوە ژنان ئەو رێکخراوانە بە پشت و پەنای خۆیان نازانن چونکە چەند پیاوێک کە خۆیان چەوسێنەری ژنانن و نە باوەڕیان بە مافی ژن نە بە یەکسانیی.. هەر ئەوانەش لە پشتەوە رێنیشاندەری بەشێک لە رێکخراوەکانن. لە لایەکی ترەوە چەندین جار گەندەڵیی ئەو رێکخراوانە ئاشکرا بووە، ئەو رێکخراوانە هەندێک جار رۆڵێکی نەرێنییان بینوە سەبارەت بە کێشەکانی ژنان.. ئەوانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە متمانەی خۆیان لە دەست بدەن لە لای ژنان. خراپ نییە ئەگەر پیاوانیش بەژدار بن لە رێکخراوەکانی ژنان بەڵام ئایا کام پیاوانە؟ پیاو هەیە لە دەرەوە باوەڕی بە یەکسانیی ژن و پیاو هەیە کەچی لە ماڵەکەی خۆیدا باوەڕی بە پیاوسالاریی هەیە ئەگەر ئەوانە بێنە رێکخراوەکانەوە پێموایە بارودۆخی رێکخراوەکان لە ئێستا باشتر نابێ.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**شۆخان فەرەج**: دەتوانم بڵێم لەو مەسەلانە رزگار بوومە، هیچ برایەکم لە ئێستادا بە هیچ جۆرێک دەست ناخاتە نێو ژیانی من بگرە برا گەورەکەم هەمیشە هانم دەدا بۆ ئەوەی کە پتر بخوێنمەوە و خۆم پێشبخەم، هاوسەرەکەشم من خۆم هەڵمبژاردووە کەسێکی تێگەیشتووە بە هیچ جۆریک باوەڕی بە چەوساندنەوە و پیاوسالاریی و ئەو جۆرە شتانە نییە و خۆی لە بواری مافی مرۆڤدا کار دەکا بۆ ئەوەی چەوساندنەوە نەمێنێ.. ئێستا بە دڵنیاییەوە رێگە بە خۆی نادا مرۆڤێک بچەوسێنێتەوە جا چی ئەو مرۆڤە هاوسەری خۆشی بێ کەواتە ئەوە هەر نابێ.

## ١٠- تاڤگە سابیر:



**تا ژن شۆڕشێک لە ناخی خۆی نەکا، نە بە یاسای داسەپاو**
**بە مافەکانی خۆی دەگا نە بە یەکسانیی پیشە و سیاسەت و..**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**تاڤگە سابیر**: گەر لەم روانگەیەوە سەیری بکەین رەهەندێکی کێشەی رەگەزی مێینەمان بۆ ئاشکرا دەبێ لە نێوان چەوساندنەوەی ژن و رێگەگرتن لەو کەلتوورەی ژنان بەرهەمیدێنن.. من وا هەستدەکەم گرفتی ژنان گرفتی کۆمەڵگایەکە، کە هەموو تواناکانی خۆی بۆ چوونیەکیی و لەیەکچوون تەرخانکردووە و ناتوانێ قەبووڵی ئەویدیبوون بکا. گرفتی ژن تەنیا گرفتی بوونەوەرێکی دیاریکراو نییە، کە ستەمی لێدەکرێ و تراژیدیای کوشتنی دەنگێک نییە، کە دەیەوێ قسە بکا یان گرفتی رەگەزێک نییە کە لەپەراوێزدا نەبێ جێی نابێتەوە، بەڵکو لەمەش گرنگتر گرفتی کەلتوور و کۆمەڵگەیەکە کە هەموو کەرستەکانی خۆی بۆ چوونیەککردن و یەک شوناسیی بۆ کوشتنی هەمەڕەنگیی و جیاوازیی تەرخانکردوو، ژن چاوێریی و دیسپلین ناکرێ لەبەرئەوەی کە ژنە و پێکهاتەیەکی بایەلۆژیی جیاوازی هەیە بەڵکو لەبەرئەوەی بوونەوەرێکی جیاوازە و جۆرێک لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنێ کە لەسەر بناغەی لێبووردەیی و قەبووڵکردنی جیاوازیی راوەستاوە... کۆیلەکردن و کۆنترۆڵکردنی ژن لە ناوەڕۆکدا کونترۆڵکردن و کۆیلەکردنی جیاوازییە... ئەوەی لە ژندا هەڕەشەئامێزە و کۆمەڵگەی باوکسالاریی هەموو کەرستەکانی

خۆی لە کەلتوور و سیستەمی یاساییەوە بگرە تا هێز و دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردنی تەرخان دەکا نە هەڕەشەی سێکسیی و نە ناهۆشمەندیی و لاوازیی کە بە پێی گوتاری باڵادەستیی پیاوسالاریی لە خەسڵەتەکانی ژنن، بەڵکو ئەوەی هەڕەشەئامێز و جێی مەترسییە ئەزموونی جیاوازییە و بێهودە نییە، دەبینین زۆربەی کوشتن و سزا توندەکان پەیوەندییان بەو بارەوە هەیە، کە پەیوەندیی سێکسیی لە نێوان دوو کەسدا روویداوە... چونکە ئەم پەیوەندییە لووتکەی خۆشەویستیی و قەبووڵکردنی دوو بوونەوەری جیاوازە بۆ یەکدی.. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا هەڕەشەئامێزە خۆدی رەگەز نییە وەک گوتاری باڵادەست وێنای دەکا، بەڵکو نموونەی پەیوەندییەکە کە جیاوازیی و لێکنەچوون قەبووڵ دەکا.. دواجار هەموو ژنان کۆیلە نین هەر هەموویان وەک یەک ناچەوسێندرێنەوە و هەموویان بەر هەڕەشەی تیرۆر و لێدان ناکەون، بەڵام کەم نین ئەو ژنانەی پاش گوێڕایەڵیی و کۆنترۆڵکردن دەبن بە هاوبەشی سیستەمی کۆیلایەتی پیاوان و لەگەڵ سەرجەم دەزگا و یاساکانیدا دەگونجێن و رازی دەبن.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**تاڤگە سابیر**: ژن تا شوناسی خۆی دیار نەکا ناتوانێ شوناسی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و رۆشنبیریی بۆ ژنبوونی خۆی نیشان بکا و بۆ فەراهەمبوونی کۆشش بکا. شوناسی نیشانکردنیش لە ناسینی خودەوە سەرچاوە دەگرێ وەک ئەوەی مرۆڤێک چۆن خۆی دەناسێ؟ چۆن خودی خۆی دەناسێنێ؟ ئەو ژنانەش کە درک بەوە دەکەن کە هەر وەکو چۆن وڵاتە زلهێزەکان باوەڕ بە سەروەریی ئە وڵاتانە ناکەن کە لە خۆیان کەمهێزترن و کەی بیانەوێ سەروەرییان زەوت دەکەن.. بەو شێوەیە سەروەریی پیاوەکە سەرخراوە بەسەر سەروەریی ژندا. بۆیە ژن ئەگەر سەرەتا شۆڕشێک لە ناخی خۆیدا نەکا ناتوانێ بە راستیی شتەکان بگا. بۆیە من پێم وایە ژن نە تەنیا بە یاسای داسەپاو نە بە یەکسانیی پیشە و سیاسەت و دامودەزگانیتر ناگا بە مافەکانی خۆی.. ناگا بەو ئامانجەی کە ژن خەونی پێوە دەبینن تا شۆرشی هۆشیارکردنەوەی ژن و کۆمەڵ روونەدا، دیارە هۆشیاریی ژنیش بە هۆشیاریی کۆمەڵەوە بەندە.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**تاڤگە سابیر**: دەسەڵات ئەو یاسایانەی بۆ قەدەغەکردنی کوشتنی ژنە لە مەسەلەی ئابڕوو، بەڵام لە لە پراکتیکی ژیانی رۆژانەدا هەر یەک لەو یاساغکراوانە روودەدەن و یاساکان توانای پاراستنی ژنەکانیان نییە، گواستنەوەی مافەکان لە ئاستی یاسای سەر کاغەزەوە بۆ ناو پراکتیکی کۆمەڵایەتی یەکێک لەو گرەوە گەورانەیە کە رووبەڕووی ژنی کورد دەبێتەوە.

کێشەیەکی دیکەی ژنانی کورد ئەوەیە تا ئێستاش لە دەستی ئەو وێنە و رۆڵە سیمبۆلیکانە دەربازیان نەبووە، کە پیاوی کورد

بە درێژایی مێژووی خۆی بۆی کێشاون کە ژن دەکاتە سیمبۆڵی نیشتیمان و ئابڕووی نەتەوەیی؛ لەشی ژن و لەشی نەتەوە، سۆزی ژن و سۆزی نشتیمانپەروەریی، نەریتی ژن و نەریتی رەسەنی نەتەوە.. بە یەکدی یەکسان دەکا. بێگومان یەکسانکردنی ژن بەو شتانە کۆمەڵێک کاری جیاواز ئەنجام دەدەن، یەکێک لە هەرە گرنگترینەکانیان کردنی ژنە بە بوونەوەرێکی بێ رەگەز.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**تاڤگە سابیر**: ئەو رێکخراوانەی ژنان کە لەگەڵ دەسەڵاتدارکاندا بەشداریی پرۆژەی ئەتککردن و رووشاندنی شکۆمەندیی و لەناوبردنی ژن دەکەن خۆیان لە رێکخراو و ناوەند و کۆمەڵە جیاوازەکانی ژناندا توند کردووە بۆ لەناوبردنی شوناسی ژنبوون. ئەو رێکخراوانەی بە ناوی ژن هەن لە کوردستان شوێنێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ژنی تێدا کۆیلە بکەن.. تێیدا ببێتە ژنێکی گوێرایەڵ و بەڵێ کار بۆ سەرجەم گوتار و جیهانبینیی پیاوان و پراکتیزەکاریی سەرجەم میکرۆبە نامەعریفییە کۆمەڵایەتییەکانی پیاوانی سیاسەتمەدار و بڵاوکردنەوەی ئەو میکرۆبە کوشندەیە بە نێو هۆش و ئاوەزی سەرجەم ژناندا لە رێگەی ئەو جۆرە نوێنەرانەوەی.. بەو شێوەیە ژن فریای ئەوە ناکەوێ بیر لە کۆششێکی مەعریفی و عەقڵانی بکاتەوە، چونکە ئەو ژنانە بە سیاسەتی حیزبایەتی چەوت پەروەردەی هزریی کراون و خاوەنی باکگراوندێکی مەعریفی و مرۆیی و تەنانەت نەتەوەییش نین کە بتوانن ببنە خاوەنی گوتاری ژنانە.. هەروا سیاسەتی کوردیی و جیهانییش نەک هەر ژن بەڵکو هیچ مرۆڤ و تاکێکی خاوەن گوتاری مەعریفی لە نایاندا جێگەی نابێتەوە، چونکە لە بنەمادا گوتاری مەعریفی کە بۆ دەرکەوتنی راستیی و جوانکردنی ناشیرینەکانە و گوتاری سیاسییش گوتاری درۆ و ناشیرینکردنی جوانییەکانە.. بە بڕوای من بە شاردنەوەی راستییەکان ژنان کەمتر دەتوانن لەو جیهانە درۆیە نزیک ببنەوە تا پیاوان کەمتر دەربارەی هونەری دووفاقیی و درۆ گەورەکانی ژێر کڵاوی سیاسەتمەداریی تێنەگا.. هەر بۆیە رێژەی ژنانی سیاسەتمەدار و هەبوونیان لە رێکخراوەکانی بڕیاردان لە کوردستان کەمە کە دەرکەوتنیان مایەی شەرمەزارییە.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**تاڤگە سابیر**:



سەرچاوە Serchawe

## ١١- شلێر باپیری:



**ئەوە روانینی پیاوسالارییە هانی ژنکوژیی دەدا و بە بیانووی پاراستنی ئاین و شەرەف و ئەو شتانە پاساوی بۆ دێنێتەوە.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**شلێر باپیری**: بە بۆچوونی من ئەوە کۆمەڵگەیە کە مرۆڤەکان بەو شێوەیە کە هەن، ئاراستە دەکا. کۆمەڵگەی ئێمە پیاوسالارە و پیاو لە ژن باڵادەسترە. وا نییە تەنیا سروشتی پیاو خۆی وابێ، ئەوە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەن کە لە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە پیاوانەدا بەشدارن، دین، دابونەریت، باردۆخی ئابووریی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بە گشتیی کولتوور یان فەرهەنگی کۆمەڵگە پێک دێنن، هەر یەکەیان لە جێی خۆیاندا بە رێژەیەک هۆکاری بەردەوامیی پیاوسالاریین.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**شلێر باپیری**: تەنیا پیاوان هۆکار نین و لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئێمەدا کە پێناسەی شتەکان ئاڵۆزە و هیچ شتێک لە جێگەی

خۆیدا نییە، هەر تاکێک بە ژن و پیاوەوە لە ئامادەکردنی بواری چەوساندنەوەی ژنان و سەپاندنی سیستەمی کۆمەڵایەتیی پیاوسالارییدا بەشدارن، بەڵام پیاوان پتر ئەم رۆڵە دەگێڕن و بێگومان ناهۆشیاریی ژنانیش یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی چەوساندنەوەی خۆیانە. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ژنانی کۆمەڵگەی ئێمە بەشێکیان بە هۆی نەخوێندەوارییەوە، نە شوناسی خۆیان دەناسن و نە شارەزای دەرفەتەکانی مافی مرۆڤیشن.

هەنگاونان بەرەو چارەسەریی زۆر شت لە خۆی دەگرێ و بە ماوەیەکی کەم ئەو نایەکسانییە چارەسەر ناکرێ و مەودایەکی زۆری دەوێ. خەباتێکی دەوێ کە بتوانێ ژنان بە مرۆڤبوونیان ئاشنا بکا، پێویستە ژنان بزانن لە کوێی کۆمەڵگەن، هەست بە مافە زەوتکراوەکانیان بکەن و بۆ بەدەستهێنانیان کۆشش بکەن. دەبێ ئەو تێگەیشتنە لای ژنان دروست ببێ کە تەنیا بۆ ئەوە دروست نەکراون خزمەت بە پیاو بکەن و ئەوان رازی بکەن. ژنان دەبێ بەو ئاستە لە تێگەیشتن بگەن کە خۆیان مرۆڤی سەربەخۆن و لەگەڵ پیاواندا وەک دوو جۆرە مرۆڤ وەک یەک یەک تەواوکەری یەکترین و وەک یەک رۆڵیان لە دروستکردنی کۆمەڵگەدا هەیە.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**شلێر باپیری**: دەسەڵاتی سیاسیی لە هەر وڵاتێکدا لە دابینکردنی ماف و سەپاندنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو تاکەکان بە ژن و پیاوەوە بەرپرسە. بەو لێکدانەوەیە ئەرکی حکومەت زۆر هەستیارە. حکومەت چ لە وڵاتانی دیموکرات و چ لە وڵاتانی دیکتاتۆردا، هەڵقوڵاوی کەلتووری کۆمەڵگەیە. وڵاتێک کە دیموکراسی و مافی مرۆڤ چووبێتە ناو کەلتوورەکەیەوە، نە حکومەتی دیکتاتۆر بەرهەم دەهێن و نە مافی مرۆڤیش پێشێل دەکا. بە بڕوای من ئەوە روانینی پیاوی کۆمەڵگەی پیاوسالار و ژنی بەرهەمهاتووی ئەم کۆمەڵگەیە کە هانی ژنکوژیی دەدا و بە بیانووی پاراستنی ئاین و شەرەف و ئەو شتانە پاساوی بۆ دێنێتەوە. کارە ناوازەکانی وەک ژن بە ژن، کچ بە بەرخوێن دان، بە کابان حیسابکردنی ژن، پاراستنی ئابڕووی خێزان، ژیانی هاوبەشی بەزۆرەملێی نێوان خزمان و پێشگیرییکردن لە دڵداریی و خۆشەویستیی بەر لە زەماوەند و زۆر هۆکاری دیکەش ئەو دیاردانەن کە کەلتووری ئێمەیان پێکهێناوە و سەرجەمیان هۆکاری بەردەوامیی ژنکوژیین. ئەرکی حکومەت کە پتر لە دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگە پێک هاتووە، ئەوەیە کۆشش بکا هەموو ئەو دیاردانە لە ناو کۆمەڵگەدا لەنێوبەرێ، ئەو کات ژنکوژیی کە دەرئەنجامی ئەو دیاردانەیە لەنێودەچێ.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**شلێر باپیری**: هەر ئەو هۆکارە کەلتووریی و فەرهەنگییانەی باسم کردن، سەرەتا دەبنە هۆی ئەوەی ژنان لە بەشدارییکردن لە هەرچەشنە چالاکییەدا خۆ ببوێرن. ژنێک کە مەترسیی کوشتن یان روانینی نەرێنیی کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی خۆی لەسەرە ئامادە نییە لەو چالاکییانەدا بەشدار بێ. ئەو دەسەڵاتە پیاوسالارانەیە کە هەموو رەهەندەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیشی گرتووەتەوە بە توندیی دژایەتیی بەشداریی ژنان دەکا یان چالاکییەکانیان دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

بە رێژەیەکی زۆر زۆر کەم نەبێ، پیاومان دەست ناکەوێ بڕوای بە یەکسانیی ئەم دوو مرۆڤە هەبێ کە لە بواری جەستەییەوە جیاوازن. ژنانیش لە ژێر ئەم پەروەردە سەقەتەدا زۆر جار پتر لە پیاوان دژی مافەکانی خۆیانن و ئامادە نین لە چالاکییەکاندا بەشدار بن.

**پایزە ئەحمەد**: **خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟**

**شلێر باپیری**: تا ئێستا ژیانی هاوبەشم پێک نەهێناوە کە بزانم بەرانبەری چۆن دەبم. بۆ باب و برا و دواتر پیاوانی کۆمەڵگەکەمان، هەستم بە چەوساندنەوەی ئەوتۆ نەکردووە، بەڵام وەک هەر ژنێک هەستم بە جیاوازیی رەگەزیی کردووە کە منیش لەو جیاوازییەدا بێبەش نەبووم.

کێشەکان بۆ ئازادبوون لە دەستی رەوتی پیاوسالاریی زۆرن، چونکە وەک گوتم ئەو پیاوسالارییە رەگ و ریشەی لە فەرهەنگ و بیروباوەری تاکەکانی کۆمەڵگەکەمدا هەیە بە بچووک و گەورە و ژن و پیاوەوە، هەر لە منداڵییەوە بەو بیرەوە پەروەردە دەکرێن، کەواتە بە گۆڕانکاریی لە فەرهەنگ و باوەڕەکان دەتوانین وردە وردە هەنگاو بۆ نەمان و نەهێشتنی ئەو چەوساندنەوانە هەڵبهێنین.

رێگە چارەکان زۆر بەرچاون لە بەشی پرسیارەکانی دیکە ئاماژەم پێدان، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە هەموو لایەکەوە کاری بۆ بکرێ و بە دەسەڵات و بە ژن و بە پیاووە باوەڕمان بە گۆڕانکارییە هزرییەکانی سەردەم و مۆدێرنیزە و مافی تاکەکان هەبێ.

*** شلێر باپیری؛ رۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافی ژنان.**

## ١٢- ریّگا رەوف:



**دەسەڵات خۆی هۆكاری سەرەكیی ئەو كوشت و كوشتارەیە.**
**پێویستە شۆرشێكی ژنان بە ئاقاری یەكسانیی هەڵبگیرسێ.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێكهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەكا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن كە هەن، یان هەردوو هۆكار هەر یەكەو بە ئاست و جۆرێک كارتێكردنی خۆیان هەیە؟

**ریّگا رەوف**: بەو پێیەی كە كۆمەڵگا بە شێوازی جۆراوجۆر مرۆڤەكان پەروەردە دەكات، كە لە رێگای كولتوور و دین و دابونەریت و یاساكانەوە بەرجەستە دەبێتەوە ئەم پەروەردەیە بۆیە پیاوانیش لەو چوارچێوەیەدا و بەو جۆرە پەروەردە دەبن. پیاوێک كە بە "دەسەڵات" زمانی هەڵدێنێ، دەبێتە بەشێک لە شوناسنامەی ژیانی بەو جۆرە رەفتاركردنە. بۆیە ئەم بنەمایە بۆ پەروەردەكردنە كە دەبێتە هۆی دروستكردنی پیاوانێكی هاوشێوە نەوە لە دوای نەوە. بێگومان هەندێ بەش لە پیاوان بۆ خۆیان نەخۆشیی دەسەلاتیان تێدایە و بە شێوەیەكی زۆر دڕندانەتر ئەم جۆرە مامەلەیە نیشان دەدەن و هەندێكیش بە شێوازێكی ساكارتر. بۆیە گۆرینی ستراكتەری كۆمەڵگا كاریگەریی تەواوی هەیە لەسەر گۆڕینی بیر و بیركردنەوەی پیاوانیش. پەروەردە كاریگەریی تەواوی هەیە بۆ هەر ئاڵوگۆڕێک.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆكاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان

**هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟**

**رێگا رەوف**: لە هەندێ بـاردا دەتـوانین بڵێـین ژنـان خۆیـان رۆڵیـان هەیە لە هێشـتنەوەی ئەو جـۆرە بیرکـردنەوە و هەڵسوکەوتانەدا بەڵام نـابێ لە یادمـان بچـێ کە ژنـانیش پەروەردەی هەمـان کولتـوور و نەریـتن واتە ئەگەر لە کولتوورێکـدا پیاوان بە بەهێز و سەروەر گەورە دەکرێن ئەوا ژنانیش بە پێچەوانەکەی لاواز و بیدەسەڵات بۆیە سەیر نییە کە ژنـان خۆشیان باوەڕیان بەوە بێ کە بێدەسەڵاتن و ئەرکیـان مـانەوەی دەسەڵاتی پیـاوە نەک ئـاڵوگۆڕپێکردنی. باشترین چارەسەر ئەوەیە کە شۆڕشێکی ژنـان بە ئـاقـاری یەکسـانیی ژن و پیـاودا هەڵبگیرسـێ، شۆڕشـێک کە بتـوانێ لە رەگ و ریشـەوە نایەکسـانیی و دواکەوتـوویی ژن و پیـاو لەبـن بێنـێ. ئەم جـۆرە لە شـۆڕش دەبـێ تەواوی بوارەکـانی ژیـان بگـرێتەوە، لە پەروەردە و یاسـا و خویندن و بواری سیاسەت و بواری کۆمەڵایەتی... بە کورتیی دەبێ لە تەواوی بوارەکاندا ئەم ئالوگۆڕە رووبدا. نـابێ لە تەواوی ئەم پرۆسەیەدا ئەوەمان لە یاد بچێ کە پسپۆری بواری دەروونیـی کـاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر ئەم ئـاڵوگۆرە. واتە گۆڕینی بیر و هۆشی ئەو ژنانەی کە بوونەتە قوربانی پیاوسالاریی و توندوتیژیی یەکێکە لەو بـوارانەی کە ئەم کەسـانە بە شێوازێکی زۆر بەهێزتر باربهێننەوە.

**پایزە ئەحمەد**: **هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تـاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟**

**رێگا رەوف**: سەد لە سەد وایە و دەبێ پەنجەی تـاوانبـاریی بـۆ دەسـەڵات رابکێشـرێ، چونکە کاتێـک کێشـەیەک دێـتە ئـاراوە لە کۆمەڵگـادا ئەوە دەسـەڵاتە کە دەبـێ بە گـورج و گـۆڵییی و خەمخۆرییەوە کـار بکـا بـۆ کەمکـردنەوەو لەنـاوچوونی ئەو دیـاردەیە. مەسەلەی کوشتنی ژنـان یەک راستیی دەردەخـا کە ئەو حیزبـانەی دەسـەڵات نەک هەر بۆیـان گرنـگ نییە ئەو کێشـەیە چارەسـەر بکەن بگـرە بـۆ خۆیـان هۆکـاریکی سـەرەکیی ئەو کوشت و کوشـتارەن. سـوننەت و نەریـتی ئەم حیزبـانە بـوو کە لە سـاڵانی ٩١ هێنرایەوە نێو شارەکان و بووە کولتووری خەلکیش. بۆیە تـاوانبـاران بەر لە هەر کەسێک ئەوانـن و دواتـریش ئەگەر دەسـەلاتێک لە ماوەی ٢٠ ساڵدا نەتوانێ کێشەیەکی کۆمەلایەتی لەو جۆرە جدیی چارەسەر بکا کەواتە دەبێ ببێتە مـایەی پرسیار. دەنـا لە هەموو جێگـایەکی دونیـادا کە دیـاردەیەک یـان کێشـەیەک دێـتە پێشـەوە یەکسەر دامودەزگـای بـۆ دروست دەکرێ و تیمی ئـازا و پسپۆر لە هەموو بوارەکـانی بـۆ کـۆدەکریتەوە تـا بتـوانرێ کێشـەکە بەرەو نەمـان یـان چارەسـەر ببـردرێ بەڵام ئەم دەسـەڵاتەی کوردستان تەنـانەت ئەو گرووپانەی کە دادەنرێن بۆ بە حیساب مافی ژنان هیچ پسپۆرییەکیان لە بواری مـافی ژنـان، دەروونیـی، کۆمەڵایەتی و ئەوانەدا نییە بەڵکو هەڵبژێردراوی حیزبیی و تەنیا بۆ جێگاگرتنە بۆیە کۆششەکانیش ناکام دەمێننەوە.

**پـایزە ئەحـمەد**: **لەبەرچـی ژنـان زۆر بە کەمیـی بەشـداریی لە رێکخراوەکـانی ژنـان دەکەن؟ یـان لەبەرچـی زۆربەی زۆری ژنـان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی**



سەرچاوە Serchawe

پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی ڕێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**ڕێگا ڕەوف**: کێشەکە لەوەدایە کە ڕێکخراوەکانی ژنان بە داخەوە ئەزموونێکی تری تاقیکراوەی حیزبەکانن، واتە ئەوانیش بە ڕێگای خۆیان وەک حیزب کاردەکەن و پشت و پەنای حیزبن نەک ژنان. وەختێک ڕێکخراوەکان نەتوانن جیاواز لە حیزب بیربکەنەوە ناشتوانن سەربەخۆ کار بکەن، ناشتوانن ببنە پشت و پەنای ژنانی بەدبەخت. ئەگەر ببوونایە پشت و پەنای ژنان ئەوا خۆبەخۆ حیزبەکانیش پشت و پەنا دەبن، بۆیە من پێم وایە ئەم دوو بەشە لە کۆمەڵگا ئاو لە یەک سەرچاوە دەخۆنەوە و هێز لە یەک وەردەگرن. حیزبەکان چ جۆرە جێگا و ڕێگایەکیان هەبێ ژنانیش هەمان جێگا و ڕێگایان هەیە.. چون جیاواز لەم حیزبانە بیر ناکەنەوە. سەد لە سەد ئەوە کارێکی باشە کە ئەو دوو ڕەگەزە بتوانن پێکەوە بۆ مافەکانی ژنان کۆشش بکەن بەڵام من گومانم هەیە کە ئەم کارە لە ئێستادا شیاو بێ چونکە ئەگەر پیاوان جێگا و ڕێگای بەهێز و پایەیەکی باشیان هەیە لە کۆمەڵگادا ئەوا لەڕێکخراوێکی ژنانیشدا ئەوان دەبنە میراتگری جێگا و ڕێگای باش. بەر لەوەی پیاوان و ژنان پێکەوە ڕێکخراوێک دروست بکەن من پێم وایە کە وتەبێژی پیاومان زۆر زۆر کەمە کە قسە لەسەر ماف و ئازادیی ژن بکا. زۆرێک لەو پیاوانەی کە تەنانەت بە گوتن باس لە مافی ژن دەکەن لە ڕەفتاردا زۆربەیان وا نین. کەواتە پیاوان و بە تایبەت بەشی رۆشنبیر و دەستەبژێر زۆر زۆر پاسیفیستن و فزەیان لە خۆیان بڕیوە لە کاتێکدا نیوەی کۆمەڵگا قڕ دەکرێ ئیتر لە کام ڕێکخراودا ئەو متمانەیە دەکرێ دروست بکرێ؟

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی ڕزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ ڕێگەچارەکانت چین؟

**ڕێگا ڕەوف**: بێگومان هەندێ شت هەیە کە لە چوارچێوەی سیستەمدا کاریگەریی لەسەر منیش هەیە بۆ نموونە مەسەلەی یەکسانیی ژن و پیاو لە یاسادا منیش دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەندەی بە ژیانی تاکی خۆم دەگەڕێتەوە من باوەڕم وایە کە ئەگەر ئێمە وەک هەڵسووڕاوانی ژن نەتوانین ئازاد بین کەواتە زۆر سەختە بە ژنانیش بڵێین ئازاد بن. من بۆ مافی ئازادیی خۆم قوربانییەکی زۆرم داوە، لەگەڵ خێزانەکەم بۆ ماوەی ١٥ ساڵ پەیوەندییمان پچڕا کە ئەمە قوربانییەکی گەورەیە بە بڕوای من بەڵام لە هەمووی گرنگتر بۆ من ئەوە بوو کە باوەڕی تەواوم هەبوو بەو ڕێگایەی کە هەڵمبژارد و بۆ تەنیا چرکەیەکیش پەشیمان نەبووم و نابم بگرە شوناسی خۆمم بە جیاواز لە خێزان دروست کرد و ژیانێکی لەو جۆرەی کە خۆم دەمەوێ هەڵمبژارد. قسەکە لەسەر ئەوەیە چەندە خۆ لەبەر ئەو گوشارە مرۆییەی دەوروبەر رادەگرین کاتێک بەکاردەهێنرێ بۆ لێسەندنەوەی ئازادییەکانمان؟ ئاخر گوشاری خێزان کەم نین. فشارێکە گوشارێکە لە ناخی ناخەوە ئازارت دەدا. بۆیە زۆرێک لەو ژنانەی کە ملدەدەن بەو بارە بە داخەوە خۆڕانەگرتنە لە بەرانبەر ئەو گوشارە زۆرە کە لە لایەن دایک و باوک و براوە بۆیان دروست دەکرێ. لە سەردەمانێک بۆ پاراستنی گیانی خۆم چەکم هەڵگرت و خۆم فێری چەندین جۆری چەک کرد، تەنیا بۆ



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی بتوانم خۆم پارێزگاریی لە خۆم بکەم. من باوەڕی تەواوم بە خۆم هەیە و باوەڕی تەواویشم بە توانای مرۆڤ هەیە، ئەگەر بمانەوێ دەتوانین زۆر شت بکەین.

## ١٣- بەهار نەسرەدین:



**بێگومان، حکومەت و یاسا تاوانبارن لەو ژنکوژییە، تەنیا رێگەی کۆتاییهاتن بە هەڵاواردن لەسەر ژنان، جوداکردنەوەی دینە لە دەوڵەت.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**بەهار نەسرەدین**: ئاستی پێشکەوتنی هزریی و گەیشتن بە واتا مرۆڤایەتییەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەیسەلمێنی کە توندوتیژیی پیاوان بەرانبەر بە ژنان سروشتیی نییە، بەڵکو تەوەر و فاکتەرەکانی پەروەردەکردنیەتی. پیاوانی کورد لەو بارەیەوە زۆر لە دوان، هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەژین، ئەو قۆناغەی کە تێدا پیاوان بە زەبری هێزە ماسولکەییە سروشتییەکەیان باڵادەست بوون کە دابونەریت و دینیان داهێنا، واتە قۆناغی پیاوسالاریی.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**بەهار نەسرەدین**: خودی دیارکردنی جێ و شوێنی ژن لە چوارچێوەی دیندا و کردنی بە بەشێک لە پیرۆزییەکان، بنەمای چەوسانەوە و پێشێلکردنی مافی ژنە و خودی ژنانیشی کردوە بە ئامرازێک لە سیستەمی پیاوسالارییدا لە دژی خۆیان.

تەنیا رێگەی کۆتاییهاتن بە هەڵاواردن لەسەر ژنان، جوداکردنەوەی دینە لە دەوڵەت. بۆ ریشەکێشکردنی، پێویستی بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە کە تێیدا نێوەند و پێوەری نرخاندنی مرۆڤ، تەنیا مرۆڤ بێ نەک بیروباوەڕ.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**بەهار نەسرەدین**: بێگومان، حکومەت و یاسا تاوانبارن لەو ژنکوژییە، چونکە پاراستنی ژیانی هاوڵاتیان ئەرکی دەسەڵاتە. پیاوان، بە پشتگیریی یاسا و دەسەڵات ژنان دەکوژن. حکومەتی کوردی نەک هەر بەرپرس نییە لە پاراستنی تاکی کۆمەڵگە، بەڵکو خۆی سەرچاوەی کوشتاری ژنانە، چونکە هەمو هەلومەرجێکی رەخساندوە بۆ ژنکوژیی لە رێگەی یاساوە.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**بەهار نەسرەدین**: زۆربەی رێکخراوەکانی ژنان سەر بە حیزبەکانن و بۆ بەرژەوەندیی ئەوان کار دەکەن. هەروەها بەرپرسان و کارمەندانی برێک لە رێکخراوانی ژنان بەرانبەر بە کرێ کار دەکەن نەک وەک بڕوا بە پرسی ژن. ئەمەش لە کردەوەدا دەرکەوتوە بۆیە ژنان هیچ هێما و هیوایەکیان بەو رێکخراوانە نییە. بەشی زۆری ئەو رێکخراوانە دامەزراون بۆ چەواشەکاریی و بۆ بەلاڕێدابردنی خەباتی ژنان و کردنی بە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی پیاوسالاریی.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**بەهار نەسرەدین**: هیچ ژنێک نییە لە ژێر سیستەمی پیاوسالارییدا زەبروزەنگ و توندوتیژیی نەبینیبێ، منیش یەکێکم لەو ژنانە کە بەشی خۆم چێشتوومە. ئێستا من لە ئەورپا دەژیم و ئازاد و سەربەخۆم.

رێگاچارەش هەر ئەوەیە کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردوە. جوداکردنەوەی دین لە دەوڵەت و سەربەخۆبوونی ژنان لە باری ئابوورییەوە، ئەو تەوەرە سەرەکییانەن کە ژنان لەو بارودۆخە نامرۆییە رزگار دەکەن.

## ١٤- نیان ئەحمەد:



**پیاوسالاریی پێکهاتەی دابونەریت و دین و دەسەڵاتە. شەرمە لەمڕۆ ژن لەسەر ئەوە لەنێوببردرێ کە دەیەوێ دەنگ و رەنگی خۆی هەبێ.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**نیان ئەحمەد**: بێ گومان پیاوسالاریی پێکهاتەی دەستی دابونەریت و دین و دەسەڵاتە. هیچ پیاوێک بە پیاوسالاریی لە دایک نابێ، بەڵکو هەڵسوکەوتی رۆژانە و شوێنپێ هەڵگرتنی شێلگیرانەی سەران و بە ناو لێزانان ئەو جۆرە کەسایەتییانە دروست دەکەن. هەڵبەت هەر یەک لە ئافرەت یان پیاو خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتی جیاوازن کە تایبەتمەندێتیان بونیاد و هەڵکەوتەیە. پیاوسالاریی هێزێکە کە زۆربەی پیاوان لەسەر دەستەبەرکردنی بیروڕایەک بە خۆیانی دەدەن کە تەنیا ئاکار و چوارچێوەیەکی خۆپەرستییە.

هۆکاری پەرەپێدانی ئەو دابونەریتە.. بنەڕەتەکەی بیروباوەڕی دینییە، جگە لەوەش زۆربەی پیاوان دەروونپاکیی ئافرەتان و خۆشەویستیی و ئەمەکدارییان بەرامبەر خێزانەکانیان بەو جۆرەی کە پیاوان سوودی لێ دەبینن بەکار دەهێنن، بە پێی سایکۆلۆژیەتی کەسایەتیی کەسەکان کە لە ژیانیاندا دووچاری چەوسانەوە بوونە لە لایەن کەسی ناو خێزانەکانیان یان



سەرچاوە
Serchawe

کەسێکی دەرەکیی.. دەیانخەنە نێو نەخشە چەوسێنەرییەکانیان، ئەوانە پتر پەنا دەبەنەبەر پیاوسالاریی و لەو رێگەیەوە کۆشش دەکەن ئەو لایەنە برینداری کەسایەتییەکان چارەسەر بکەن، ئیتر بە پلان بێ یان بە بێ هۆشیاریی.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**نیان ئەحمەد**: بە رای من باوی پیاوسالاریی لە هیچ شوێنێک نەماوە.. ژن خۆی پیاوسالاریی دروست دەکا.. خۆی پیاوێک دروست دەکا ستەمی لێ بکا، کە ژن درۆی لەگەڵ ناخی خۆی نەکرد رەهایە و هیچ پیاوێک ناتوانێ وای لێ بکا کۆیلەی بکا.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەرێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**نیان ئەحمەد**: هەڵبەت حکومەت رۆڵێکی زۆر نەرێنییانەی هەیە لە پاراستنی مافی ئافرەتان و توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان، چونکە کە لە نەخشە و بەرنامەی کابینەیەکدا، یان سیستەمی بەرێوەبردنی وڵاتێکدا بنەبڕی توندوتیژیی و کاری نایاسایی و نامرۆڤانە دژی تاکەکانی کۆمەڵ نەکرابێ، واتای ئەوەیە کە پشتگیریی کاری ئەو دێوەزمەیەن کە ناوی ژنکوشتنە، چونکە ئەگەر حکومەت یاسایەکی رەها و بێ دانوسانی بهێنابا ئارا و بە توندیی سزای تاوانبارانی بدابا ئەوە بەبێ گومان ئەو دیاردەیە بنەبڕ دەبوو، کە پێویست بوو تا ئێستا بنەبڕ ببووایە و نەبووایە بە باسی نێو پەرتووکان و گۆڤار و رۆژنامە یان ماڵپەڕەکان، شەرمە لە رۆژگاری ئەمرۆ ئافرەت لەنێو ببردرێ تەنیا لەبەرئەوەی بیەوێ دەنگ و رەنگی هەبێ، یان بیەوێ پیادەی ماف و ئارەزووەکانی خۆی بکا.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەرێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**نیان ئەحمەد**: نەبوونی متمانە هۆکارێکی گرنگە بۆ پەیوەستنەبوونی ئافرەتان بە کۆمەڵەکانی ژنان یان رێکخراوەکانی سەر بە ئافرەتان. سنووری تەسکی دەسەڵاتی ئەو رێکخراوانە و نەبوونی ئەو پارێزگارییە کۆمەڵایەتییەی کە ئافرەتان پێویستیانە یان خەونی پێوە دەبینن.. وای لە زۆربەی ئافرەتان کردووە کە ئەگەر لە تەنگژەیەکی دەروونیی و خێزانیی زۆر گەورەدا نەبن و بە ناچاریی نەبێ رووی سکاڵا و گازندە نەبەنە لای ئەو رێکخراوانە.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**نیان ئەحمەد**: هەندێک جار هەندێک ئافرەت خۆیان بە چاوێکی نزم سەیری تواناکانی خۆیان و رێکخراوەکانیان دەکەن و متمانەیان بە تواناکانی خۆیان نییە.. ئەوەش هەنگاوێکی بەرفراوانی چەوسانەوەی کەسەکان خۆیانن. پێویستە مرۆڤ باوەڕی بە توانای بێ سنووری خۆی هەبێ، چونکە لێهاتوویی بریتییە لە کۆشش و کردار.

---

## ١٥- شەیدا مەعروف:



**ئێمەی مێینە هەمیشە گرفتمان لەگەڵ نێرەکان هەیە، بەڵام ئەگەر تاک هۆشیار بێ ئیتر جێیەک نییە بۆ پیاو تا بتوانێ ژن بچەوسێنێتەوە.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**شەیدا مەعروف: بێگومان هەردوو هۆکارەکە وا دەکەن هەمیشە پیاو وەک کەسیاتییەکی زۆر جیاواز بیربکاتەوە.. من پێم وایە کە پتر دابونەریتی ئەم کۆمەڵگەیەیە وادەکا پیاو خۆی بە پاڵەوانی ئەو زەمینە و سەرکردەی هەر شتێک کە هەیە بزانێ، دەیەوێ هەمیشە بۆ خۆی خاوەن بڕیار بێ و هەموو دەسەڵاتەکان بۆ خۆی وەربگرێ.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟**

**شەیدا مەعروف: نا من هەرگیز پیاو بە هۆکار نازانم، چونکە پیاویش وەک ژن مرۆڤە پێش ئەوەی پیاو بێ، من پێم وایە ناهۆشیاریی تاک وادەکا کە ژن تووشی چەوساندنەوە ببێ. چونکە کە تاک هۆشیار بێ و بە هۆشیاریی پەروەدە بکرێ ئیتر جێیەک نییە بۆ ئەوەی کە ئەو بتوانێ ئاوەها بێ بەرامبەر بە مرۆڤ. سەبارەت بە چارەسەر من پێم وایە دەبێ کار لەسەر**

هۆشیارکردنەوەی یەک بە یەکی نەوەکانەوە بکرێ و وا رابهێنرێن کە هەموومان مرۆڤین و پێویستمان بە ژیانە نەک وا رابهێنرێن کە جیاوازیی لە رەگەزدا هەیە، دەبێ کارێک بکرێ تا ئەوانیش هۆشیاریی خۆیان بگەیەنن بە چواردەورەکەیان.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**شەیدا مەعروف**: هەمومان کاتێک کوشتنی ژنێک دەبیستین رادەوەستین لەسەر ئەوەی کە بۆ و کێ کوشتی؟ ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ دەبێ ئەو ژنە تاوانێکی کردبێ بۆیە وای پێکرا، بە رای من دەبێ دەسەڵاتداران ئیش لەسەر ئەو یاسایانە بکەن کە نابێ مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک تاوانی بەرامبەر بکرێ.. چونکە ئەویش ژیانی پێویستە، هەروا دەڵێم هەر کاتێک ژنێک بە هەر بیانوویەک تیرۆر دەکرێ و دواجار تۆمەتی خراپی دەخرێتە پاڵ ئەوە حکومەت بەرپرسە لێی، چونکە ئەوە حکومەتە کار لەسەر ئەو کەیسانە ناکا.. رۆژێک نەماندیت بڵێ ئەوە ئێمە هەقی ژنێکمان سەند، وەک ئەو چەندان نموونەی کە هەمانە، ئەگەر ژنێک یان ێکخراوێک لەسەر ئەو کەیسانە نەیەتە قسە حکومەت وەلای دەنێ، بەوەش ئەو تاوانانە زۆرتر دەبن و هەمیشەش ژن قوربانی دەبێ لە هەر تیرۆرکردنێک یاخود توندوتیژییەک کە بەرامبەر بە مرۆڤبوونی ژن دەکرێ.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**شەیدا مەعروف**:.......... .

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**شەیدا مەعروف**: ئێمەی مێینە هەمیشە گرفتمان لەگەڵ نێرەکان هەیە وەک ئەوەی بەڕێزت ئاماژەت پێی داوە، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ پیاوان دەیانەوێ تەنیا بۆ خۆیان بن نەک بۆ ئێمە، هەروا هەمیشە کۆشش دەکەن کە پاشگریان بین. ئەو کێشانە لە مێینەیەکەوە بۆ مێینەیەکی دیکە جیاوازە، من وەک خۆم تا ئێستا تووشی گرفتێکی لەو جۆرە نەبوومە کە هێندە زەق بێ و نەتوانم کاری لەسەر بکەم، چونکە کەم تا زۆرێک توانای چارەسەرکردنم هەیە، بەڵام سەرەکییترین گرفتی ژنان ئەوەیە کە ئەوانی برا و باوک و هاوسەر و هەر نێریکی دیکە ناوی ژنان دەزڕێنن یان بە هەر بیانوویەک بێ دەیانکوژن و وەک بەرزەکی

**باناانیش بۆی دەردەچن.. بۆیە ئەوان هەمیشە وەک دەسەڵاتدار دەردەکەون کە من پێم وا نییە پیـاو لە ژن بە دەسەڵاتتر بێ، ڕێگەچارە بۆ هەر گرفتێک تێگەیشتنی کەسەکانە لە ناخی یەکتر.**



سەرچاوە Serchawe

## ١٦- سیما نەجم:



**ژنکوژیی فەرهەنگی دەسەڵاتە نەک خەڵک، کێشەی من لەگەڵ دەسەڵاتی چینایەتییە کە باوک و برا و پیاو لە هەر ژنێک دەکاتە دڕندە.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**سیما نەجم**: سڵاو! پێش هەموو شتیک زۆر سوپاستان دەکەم کە ئەو هەلەتان رەخساند. بە بڕوای من ئەو شتە کە ئێوە باسی دەکە ن وایە، بەڵام وەڵامدانەوە بەو پرسیارە کە بۆچی پیاوان تەنانەت ئەوانەشی کە خۆیان بە یەکسانیییخواز دەزانن لە رەفتار و هەڵسوکەوتی روژانە بەرانبەر بە ژنان هەڵویستی پیاوسالارانەیان هەیە. ئەگەر لە روانگەیەکی چینایەتیەوە نەدرێتە بەر رەخنە ئێمە دەباتە داوێنی فمێنیزمی بۆرژوایی و رەوتی لیبراڵی لە بزووتنەوەیەی ژناندا، لە پرسیارەکانی دواتردا پتر دەڕۆمە سەر ئەو روانگانە.

بەڵام بە بڕوای من هۆکاری سەرەکیی ئەوە کە بۆ پیاوانی ئازادییخواز لە کۆمەڵگەی ئەمرۆدا تا بە ئەمڕۆ، تەنانەت لە پیشکەوتووترین وڵاتانی سەرمایەدارییدا هەڵسوکەوتی پیاوسالارانەیان هەیە خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بە بۆنەی سەمایەداریی و بۆرژوایی لە سەرانسەری دونیا پیاوسالاریی و کاری تەواو وەخت بۆ پیاوان و بەهای کاری پیاو لە هەموو وڵاتانی سەرمایەداریی لە کاری ژن پتر بووە و تا ئەمڕۆش هەیە. دەتوانین بڵێین کە لە سەرانسەری دونیا زۆربەی هەرە زۆری

ئەو کارانەی کە لە دەرەوەی ماڵ دەکرێن بە کاری پیاوانە دەناسرێن و پیاو وەکو نانهێنەری ماڵ ناسراوە. ئەو سیستەمە چینایەتییە کە دەیبینین بە بۆنەی ئەوەوە کە جگە لە قازانج بیر لە هیچ شتێک ناکاتەوە، هێزی کاری ژن بە هێزی سەرەکیی نازانێ و هەموو کاتێک لە هێزی کاری ژن وەکو هێزی کاری ئەرتەشی زەخیرەی بێکاران کەڵکی وەرگرتوە.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە فەرهەنگ و رەوشەتەکان، دین و هەڵسوکەوت و سیاسەت و هونەر و هەموو ئەو شتانەی کە لە مارکسیزم و کۆمۆنیزمدا بە رووخانی چینایەتی ناوی دەبرێ خۆی سەرچاوەی چینایەتی و ئابووریی هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە بە پێچەوانەی زۆربەی هەڵسووڕاوانی بە ناو هەڵسووڕاوی ژن پیاوسالاریی پەیوەندیی بە سروشتی پیاوانە و شتی واوە نەبووە و نییە.

پیاوسالاریی بەرهەمی کۆمەڵگەی چینایەتییە و مێژوویێکی دوور و درێژی لەگەڵ کۆمەڵگەی چینایەتی هەیە. من پێشتر لە نووسراوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ ماڵپەڕەکانی دیکەدا لەسەر ئەوە باسم کردوە و پێم وانییە زۆر پێویست بێ دووپاتی بکەمەوە، بەڵام ئەوە دەڵێم کە رۆڵێکی زۆر لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئێمەدا دەبینن کە ژنان لە جێگە و شوێنێکی سەرتر لە پیاواندا بوون و تەنانەت ژنسالاریی لە سەردەمێکدا بایەخی هەبووە. باسکردن لەم مەسەلە بە واتای ئەوە نییە کە من و ەک کۆمەڵێک فمێنیستی بۆرژوایی لایەنگری ژنسالاریی بکەم، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە پێش چینایەتی بوونەوەی کۆمەڵگە، ژنان بە بۆنەی جێگە و ریگایەکی کۆمەڵایەتییەوە کە بوویان سەرتر لە پیاوان بوون. بە بڕوای من ژنسالاریی و پیاوسالاریی هەر دوو روانگەگەلێکی دواکەوتوون و قسەکردن لە (جیاکاریی بە قازانجی ژنان) کە کۆمەڵێک هەڵسووڕاوی فێمێنیست و لیبراڵی بزووتنەوەی ژنان باسی دەکەن ئەگەر لە پیاوسالاریی دواکەوتووتر نەبێ لەو کەمتر نییە!

لەسەر دین دەبێ بڵێم کە دین هەمیشە ئامرازێکی سەرکوتگەرانە لە لایەنی چینی دەسەڵاتدارەوە بۆ سەرکوتی چینی ژێردەست بووە و هەیە. لە کۆمەڵگەی وەکو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا کە ئیسلام رۆڵێکی زۆرتری هەبووە بارودۆخی ژنان زۆر خراپترە لە ژنانی وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریی، بەڵام لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و سکۆلاری سەرمایەداریی رۆژئاواشدا بە دوای قەیرانی ئابوورییدا دەوڵەت و چینی دەسەڵاتدار دەست دەبەنەوە بۆ دین وەکو ئامرازێک بۆ سەرکوت و لەخۆ نامۆکردنی کۆمەڵگە و بە تایبەتیی ژنان وەکو نیوەی کۆمەڵگە. بەڵام ئەگەر دین لە خوددا دژە ژن و دژە ئازادیی و یەکسانیی مرۆڤە، هەر ئەوە سەرمایەداران و پارێزەرانی ئەو بارودۆخەن کە ئەو ئامرازە کۆنە کە لەسەردەمی گەشەی سەرمایەداریی و مۆدێرنیزمدا پاشەکشەی پێکرابوو زیندوو دەکەنەوە و پارەیەکی زۆر بۆ کڵێساکان و مزگەوتەکان وەکو هێمای کۆنەپەرستیی تەرخان دەکەن. بە بڕوای من بە پێچەوانە زۆربەی هەڵسووڕوانی بزووتنەوەی بۆرژوایی ژنان بنەمای نابەرابەریی و پیاوسالاریی دین و فەرهەنگ و سروشت و هیچ کام لەو شتانە بە تەنیا نین، بەڵکو هەروەک گوتم بونیاتی سیستەمی چینایەتی و فەرهەنگ و هەڵسوکەوتی چینایەتی کە سەرچاوەی ئابوورییان هەیە و بە ژێرخانی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرن.



سەرچاوە
Serchawe

**پایزە ئەحمەد:** ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**سیما نەجم:** بە بڕوای من نە پیاوان وەکو تاک و نە ژنانی "دەستەپاچە" وەکو ئێوە دەڵێن هیچ کامیان هۆکاری نابەرابەری ژنان و پیاوان نین. هەروەک کە گوتم هۆکارەکە چینایەتییە، مێژوویکی چینایەتی هەیە کە تەواوی کۆمەڵگەی چینایەتی گرتۆتەوە.

هەر لەو ئەڵمانیایەی کە ئێوە دەیبینن منداڵ کە لە دایک دەبێ ژن دەبێ سێ ساڵ بە لای منداڵەوە بمێنێتەوە، منداڵداریی وەکو کارێکی ژنانە دەناسرێ! ئەوە هەر ئەو کۆمەڵگە مۆدێرنەیە کە ملیۆنان ژن و گەنج ئامادەن ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە بە هەر شێوەیەک هەیە خۆیان بگەیننە ئێرە! هەزاران و لەوانەیە پتر لە ملیۆنێک کەس لە خەڵکی کوردستان هەر کام هەزاران دۆلاریان تەرخان کردوە تا بگەنە بەو "بەهەشت!"ەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی. مەبەستم ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەیەکی وادا کە پتر لە نیوەی کۆمەڵگەی مرۆیی و ٩٠٪ی خەڵکی کوردستان خەوی پێوە دەبینن، ئێمە سیستەمێکی ئازاد و یەکسان نابینین کە ژن و پیاو تێیدا بە رەفتار یەکسان بن نەک لەسەر کاغەز! ئەوە راستیی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە جا بە هەر ئەندازەیەک ریفۆرم و دەستکاریی سەرخانی ئابووریی کۆمەڵگەی تێدا کرابێ! ئێستا وڵاتیکی وەکو عێراق و کوردستان کە ژنکوژیی و لووتبڕین و خەتەنەکردنی کچان بووە بە نۆرم و تەنیا قسە لەسەر نابەرابەریی نییە بەڵکو لە شوێنی وادا کە کارەسات هەموو رۆژێک روودەدا، رێکخراوبوون لە ئاستی خوارەوە - نەک ئەو رێکخراوبوونەی کە تا ئێستا رێکخراوە دەستەسازەکانی دەسەڵاتی کوردی (یەکێتی و پارتی) سازیان کردوە بۆ کۆنترۆڵکردنی بزووتنەوەی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانەی ژنان - تەنیا رێگەیە لەبەردەمی ژنانی ئازادییخوازدا. من وەک خۆم بڕوام وایە کە ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری پیاوانی ئازادییخواز لە کرداردا پیاوسالارن بەڵام دەکرێ هەر لەو چوارچێوەیەدا لەگەڵ هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان کە لە کرداردا بە هەموو کەموکورییەک کە هەیانە شۆڕشگێڕترین هێزی سیاسیی گۆڕەپانی سیاسیین کاری زۆر باش بکری. بێجگە لەوە بە بڕوای من خو قەتیسکردن لە چوارچێوەی رێکخراوە فێمێنیستیی و ناسیونالیستەکانی سەر بە یەکێتی و پارتی و گۆڕان و بە ناو ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیی و... هتد ئاوڕشتنە نێو جۆگەلەی بۆرژوازیی ناسیونالیست و دەسەڵاتی دوو حیزبە ناسیونالیستە کۆنەپەرستەکەیە لە کوردستان!

**پایزە ئەحمەد:** هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەرێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**سیما نەجم:** بە بڕوای من حکومەتێک لە کوردستاندا نییە! لە عیراقیشدا ئەوەی کە هەیە دەسەڵاتیکی ناسیونالیستی و خێڵەکیی و دینیی و مافیاییە کە حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە وەکو ئێران و تورکیا و ئەمەریکا بە تایبەت ئێران خاوەن

مـاڵی ئەو حکـومەتەن، لە کوردسـتانیش هەروا.. کە گـوتم دەسـەڵاتێکی خێڵەکیـی و دواکەوتـووی دوو حیزبـی ناسیونالیسـتی رەگەزپەرست کە هەر کامیان ئامرازی یەکێک لە حکومەتەکانی ناوچەکەن.

یەکێتـی و پـارتی بە فەرهەنگـی ناسیونالیسـتیی و رەگەزپەرسـتیی و خێڵەکیـی خۆیـان و هاوکـاریی لەگەڵ دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە و (ئیمتاز)دان بە ئیسلامی سیاسیی و مزگەوت کردنەوەکانیان وەکو هێمای کۆنەپەرستیی و دەستگرتن بە کەلتووری کۆنەنەپەرستانەی ئیسلامییەوە.. نەک هەر ژنکوژییان کۆنترۆڵ نەکردوە بەڵکو زۆر پەرەشیان پێ داوە.

لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا کە ئەو دوو حیزبە کارتونییە لەسەر کاربوون بە پێی ئاماری ئەمنستی ئینتەرناسیونال و ئامارە فەرمییەکان - کە هیچیان بە بڕوای من تەواو نین - هەزاران ژن لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کوژراون و لوتیان بڕاوە و ئەتککراون و خۆیان سوتاندوە و هەزاران ژن خەتەنە کروان و... هتد.

ژنکوژیی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبە دا بووە بە کەلتوور! زۆربەی هەرە زۆری ژنکوژان نەک هەر ویژدانیان نائارام نەبووە، بەڵکو بە شانازییەوە دەیانگوت کە لەسەر بێ رەوشتیی خوشک یان کەسی خۆیانیان کوشتو، زۆربەی ژنکوژان ئەگەر خۆیان لە نێو دەزگایە ئاسایشییەکان و لە نێو ریزی میلیشیای دوو حیزبەکەدا نەبووبن دوور و نزیک لە دەسەڵات نزیک بوونە. زۆربەی هەرە زۆریان بە ئازادانە بە ناو شارەکاندا دەخولینەوە و کەس لێیانی نەپرسیوە و ناپرسێ کە بو ئەو کارانەیان کردوە؟!

یەکێتی و پارتی خۆیان پارێزەری سەرەکی ئەو کەلتوورەن. خۆمان بینیمان کە لە کاتی بەردبارانکردنی دوعادا هێزە ئاسایشییەکان لە نزیکەوە سەیری ئەو کارەساتەیان دەکردو هیچ کارێکیان نەدەکرد. هەر ئێستا یەکێتی و پارتی مانگانە پارەیەکی زۆر دەدەن بە سەرۆک خێڵەکان بە ناوی دیوەخانانە! لە سایەی ئەو دەسەڵاتەدا کە خێڵەکییە پەرە بە کۆنەپەرستیی و ژنکوژیی دراوە! بە بڕوای من دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان وەک داڕووخانی ژێرخانی کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریی لە چەشنە دواکەوتووەکەی سەرەکییترین هۆکاری ژنکوژییە لە کوردستان، ئەو جۆرەی کە مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا دەڵێ فەرهەنگی حاکم لە هەر کۆمەڵگەیەکی چینایەتیدا فەرهەنگی چینی حاکمە! ئەوەش فەرهەنگی خەڵکی کوردستان نییە فەرهەنگی چینی دەسەڵاتداری کوردستانە.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەرێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟



سەرچاوە Serchawe

**سیما نەجم**: پێش هەموو شتێک پێویستە بڵێم کە لە راستییدا لەو سەردەمەدا رێکخراوێکی سەربەخۆ کە لە خواری کۆمەڵگەوە نوێنەری ژنان بێ لە کوردستاندا نییە. ئەوەی کە بوو وەکو رێکخراوی ئافرەتان و رێکخراوە شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستەکانی سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق یا رێکخراوە سەربەخۆیە چەپەکان بە دوای هێرشی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەرکوت کران، بە دوای ئەوەشدا زۆربەی ئەندامەکانیان رەوانەی ئەوروپا کران. واتە ئێستا لە کوردستاندا رێکخراوێکی شۆڕشگێڕ کە پارێزەری مافی ژنان بێ نییە و من نایبینم! ئەوەش کە ناوی رێکخراوەکانی ژنان و شتی لەو چەشنەی لێنراوە زۆربەی هەرە زۆری دەستکردی دەستی یەکێتی و پارتی یان ئەو حیزبانەن کە بە ناو ئۆپۆزسیۆنن! بەڵام خۆیان لەو سفرەیە کە یەکێتی و پارتی دایانخستوە بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان نان دەخۆن! بە بڕوایی من ئەوانە نە تەنیا پارێزەری مافی ژن نین بەڵکو زۆربەیان بە پێی بیروبڕوا و مەرامەکانیان دژی ژنانن. لە کاتێکدا دەسەڵاتی دژە ژنی کوردی فرەژنیی لە کوردستان ئازاد کرد و یاسایەکی ئیسلامیی و کونەپەرستی لە پەرلەمانە کارتۆنییەکەیاندا بەسەر خەڵکدا سەپاند، بەشیکی زۆر لەو بە ناو هەڵسووڕاوانەی مافەکانی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان دەنگیان بەو یاسایە دژەژنییە دا کە هیچ کام لەوانە پێشتر لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوون.

ئەوەی کە بەشێک لە چەپ بە داخەوە دوای قەیرانێک کە لەم ساڵانەدا بەسەر چەپ و کۆمۆنیست لە ناوچەکە و بە تایبەتیی عێراق و کوردستاندا هاتووە بە لیبرالیزم هەڵخەڵەتاون و ئەو رێکخراوە کارتۆنییانە لە میدیایە بۆرژوازییەکانەوە بە پارێزەری مافەکانی ژنان ناو دەبەن.. ئەوە لە راستییدا رێکخراوی راستەقینەی ژنان نین و شتێکی جیاوازان.

بە بڕوای من رێکخراوێک کە خۆی دروستکراوی دەسەڵاتیکی دواکەوتوو و دژە ژن بێ ناتوانێ وەکو ئۆپۆزسیۆن دژی هەمان ئەو دەسەڵاتە کار بکا، ئەگەر کەسێکێش وەها لەخشتە بردرابێ ئەوە خۆی سەر بەو دەسەڵاتەیە یان کۆنەپەرستە و پەیوەندیی بە مافی ژنانەوە نییە. بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆری رێکخراوەکانی ژنان لەو چەشنەن!

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**سیما نەجم**: تا ئەوەی کە بۆ خۆم دەگەڕێتەوە منیش وەکو هەر ژنێکی کۆمۆنیست کۆششم کردوە کە بتوانم تەنانەت لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەدارییدا و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی وەکو کوردستاندا بۆ رزگاریی خۆم و هەموو هاوچارەنووسانم لە سەرانسەری دونیا بە تایبەت عێراق و کوردستان کۆشش بکەم و کردوومە و دەشیکەم، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە کێشەی من لەگەڵ باوک و برا و هاوسەر و پیاو بە شێوەیەکی گشتیی نییە، کێشەی من لەگەڵ دەسەڵاتی چینایەتییە کە باوک و برا و پیاو لە من و تۆ و هەر ژنێکیتر دەکاتە درندە. ئێمە بە هەر ئەندازەیەک توانیبێتمان دەسەڵاتی سیاسیی



سەرچاوە Serchawe

پاشەکشە پێ بکەین بەو ئەندازەیەش توانیومانە خانەوادە وەکو بچووککراوەی کۆمەڵ لەسەر مەسەلەی ژنان و پیاوسالاریی پاشەکشە پێ بکەین. بە داخەوە ئەوە هەر بە تەنیا پیاوان نین کە پیاوسالارن بەڵکو زۆربەی ژنان و دایکان و خوشکان و تەنانەت خۆشمان بە بۆنەی ئەوەی کە لەو بارودۆخ و هەڵسوکەوتەدا ژیاوین کەوتوینەتە ژێر کاریگەریی ئەو پیاوسالارییەوە کە لە کۆمەڵگەدا هەیە. خۆم وەکو خۆم لە بنەماڵەیەکی سەر بە حیزبی شیوعی عیراقی کۆن گەورە بووم هێندەی کە لە چوارچێوەی فەرهەنگی پیاوسالاریی و هی دیکە لە لایەن دایکمەوە گوشارم بۆ هاتوە هەرگیز لە لایەن باوکمەوە هێندە لە ژێر گوشاردا نەبووم.

دەبی ئەوەش بڵێم کە من بە خەبات و هەڵسووڕانی هەر رۆژەی خۆم توانیبووم لە ئاستی شاری دەربەندیخان و تەنانەت سلێمانی تا دەگا بە بنەماڵە کاریگەرییەکی سەرەکییم هەبێ. من شانازیی دەکەم کە لە ئاستی بنەماڵەیی و لە ئاستی شاری دەربەندیخان و کوردستان و عێراقیشدا هیچ کات ملم بەو قانوونە کۆنەپەرستانە نەداوە کە لە لایەن دەسەڵاتەوە دژ بە ژنان واژۆ دەکران و تا ئەمڕۆ سەربەرزانە دژی کۆنەپەرستیی راوەستاوم. هاوسەرەکەشم کۆمۆنیستێکی شۆڕشگێڕە و لە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی خوێندکاریی و ژنان بووە و هەرگیز هەستم بە گوشار لە لایەن ئەوەوە نەکردوە ئەگەر کێشەشم هەبێ لەگەڵی یا بووە لەسەر جیاوازییگەلێک بووە کە پەیوەندیی بە مەسەلەی ژنانەوە نییە!

جارێکیتر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە.

## ١٧- د. هیوا پەناهی*:



**ژن وەک ژێردەستە ئامرازی دەسەڵات بووە، هەر مرۆڤێک دەتوانێ**
**تاوان بکا گرنگ ئەوەیە کە نەیکا و خۆی باربێنێ کە مرۆڤ بێ.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**د. هیوا پەناهی:** وێرای رێز و خۆشەویستییم بۆ خوێنەرەکانتان.. بەڵێ ئەوەی راستیی بێ پاش کێبەرکێی دەسەڵات لە نێوان ژن و پیاواندا لە دەیان هەزار ساڵ لەمەوپێشدا یەکەمین کۆمەڵگەی ژنسالاریی تێکدەچێ و ئەوەش دەکرێ بگوترێ وەک لە ئەفسانەکانەوە هاتووە کاتێک خواوەندە ژنەکان پڕانییان لە ناو دەبردرێن و رۆڵ و کاریان لە دوماهییدا دەکرێ بە ناوی خواوەندی پیاوانەوە، هەروەها ئەم مێژووە دوور و درێژە پیاوی لە ناوەندی دەسەڵات تا ئەمڕۆ راگرتووە هەروەها سروشتیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پتر هۆشیارن چونکە بەشدار و چالاکبوون وەک کوردەواری دەبێژن ساردیی و گەرمیی لێک جودا دەکەنەوە.. بۆیە هەردووکیان کاریگەریی خۆیان هەبووە.

**پایزە ئەحمەد: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان**

**هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین ڕێیەکانی چارەسەر چین لەو ڕووەوە؟**

**د. هیوا پەناهی**: نا بە بڕوای من ژن وەک ژێردەستە ئامرازی دەسەڵات بووە.. بۆ نموونە هێندێک لایەنی ئاین هەن تەنیا پێوەندییان بە (خورافە)وە هەیە و پەیوەستن بە شتی بچووک نەک بە لایەنی رۆحانیی ئاین کە مرۆڤ فێری چاکە و پاکیی دەکا تا لە ناو خۆیدا گەنگەشە و لێکدانەوە بکا، بۆیە ئەم ناوەند و بەشانەی کۆمەڵگا بەردەوام بۆ سەرقاڵکردن و راگرتنی ژیان ژنانیان بەکارهێناوە.. لەمرۆشدا بۆ ئێمەی کورد ئەوە تەنیا بە تێگەیشتن و رێزلێنان باش دەبێ و ئەوەش کاری پەروەدە و سیستەمی چاند و کەلتوورە کە کۆشش بکا مرۆڤگەلێکی هێمن و ژیر پەروەردە بکا کە گوێ بگرن و بیر بکەنەوە و ئینجا بەرهەمهێنەر بن بۆ خۆیان و کۆمەڵگەکەیان.

**پایزە ئەحمەد: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟**

**د. هیوا پەناهی**: ئەوەی راستیی بێ کورد ژنکوشتنی لە مێژووی خۆیدا بە خۆیەوە نەدیوە وەک لەو ساڵانەی دواییدا بە نەریتێکی دەستکردی دەبینم کە لاسایی دڕندەکانی دەوروبەری دەکاتەوە مەبەستم دراوسێیەکانی کوردە.

ئەمەش بە رای من دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوور و درێژی شەڕوشۆڕ کە گەلەکەمانی پێدا تێپەڕیوە، ئاخر شەڕ و وێرانکەرە و مرۆڤ دڵڕەق دەکا و وەی لێدەکا بە ئاسانیی تاوان بکا.. ئەوەش خەسڵەتی مرۆڤە کە لە بارودۆخی ئەوهادا دەسەڵاتی وەسەر هەر شتێکدا بشکێ خۆی تاقی دەکاتەوە، هەر مرۆڤێک دەتوانێ تاوان بکا گرنگ ئەوەیە کە نەیکا و خۆی بارێنێ کە مرۆڤ بێ، ئەگینا دڕندەبوون هونەر نییە.. هونەر میهرەبان بوونە کە بەشێکی کەڤناری چاندی ئێمەیە، با بۆ شتە جوانەکانمان بگەڕێینەوە و شتی باشی خەڵک و کەلتووری دیکەش وەربگرین بیخەینە سەر سامانی بوونی مرۆڤی کوردی وەک هەموو گەلانی پێ شکەوتووی دونیا. دەڵێن شتی نامووسیی رووی دا کابرا ژنی کوشت، دڵداریی لای کورد هەردەم شتێکی پەسەند بووە و کوشتنی ژنان لەسەری بە دڵ و رۆحی کورد نامۆ دەبینم.. - وێڕای رێزم - ئەو جۆرە هەڵسووکەوتە لەگەڵ ژن لە عەرەبەکانەوە بۆ کورد هاتووە، بۆ وا دەڵێم؟ کۆمەڵگەی عەرەبی دەشت و بیابان لەسەر بنچینەی خێڵەکییەوە بنیات نراوە.. هیچ کامیان ئەوی دیکە بە فەرمیی ناناسێ بۆیە هەر کەسە سەیری ژن و خزمی خێڵەکەی دیکەی کردبا دەبوو بە شەڕیان و ژن کوشتنیش هەر لەوەوە هاتووە چونکە دەسەڵاتی خێڵ دەچووە ژێر پرسیارەوە کە ژنێکیان لێ رۆشتبا و منداڵەکەی بۆ خێڵێکی دیکە پەروەردە بکا! بۆیە ژنەکەیان دەکوشت بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان لێ تێکنەچێ.. کەلتووری بەعسییەکان رێک لەوەوە هاتووە، بۆیە دەبێ لایەنە پێوەندییدارەکان یارمەتیی ئەو لایەنە بدەن و ژنی کوردیش پێناسی خۆی بپارێزێ و لایەنی باشی دونیای مۆدێرن وەربگرێ چونکە کۆمەڵگەی بێ کێشەمان لەسەر زەوی نییە.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە ڕێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان ڕێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی ڕێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**د. هیوا پەناهی**: ژنان دەبێ هۆشیار بکرێنەوە بە بەردەوامیی بە میهرەبانیی گۆش بکرێن.. هەروەها پیاوانی ئێمە دەبێ تێبگەیەندرێن کە ئامانجی ژنی کورد دژایەتیی ئەوان نییە.. بە پێچەوانەوەش پیاوێکی ژیر دەبێ دڵی خۆش بێ بەوەی کە لەگەڵ بوونەوەرێکی ئازاد و ئازا دەژی نەک ئامرازێکی گوێڕایەڵ.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ ڕێگەچارەکانت چین؟

**د. هیوا پەناهی**: وەک خۆشم کە خەڵکی کوردستانم تووشی ناهەقیی هاتووم و ناخۆشیی زۆریشم هەبووە بەڵام کە زانیم شایانی من نییە خۆم لێ دوور خستەوە.. بەڵام باوک و برایەکانم بە تایبەت برایەکانم هەرگیز بێ ڕێزییان پێ نەکردووم و یەکەم کەسیش کە شیعرەکانمی بۆ چاک دەکردم براکەم بوو.

❊ د. هیوا پەناهی، پرۆفسۆری یاریدەری زانستە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان. زانکۆی پاندیۆس / ئەسینا.



سەرچاوە
Serchawe

## ١٨- خانم لەتیف*:



**حکومەت بەرپرسیارە لەو ژنکوژییە، ئامۆژگاریی دینییش بەشێکە لەوەی کە پیاوان وا لێدەکا خۆیان لە مێینە بە جیاواز و مەزنتر ببیننەوە.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**خانم لەتیف**: سروشتی پیاو شتێکە دەتوانرێ بگۆڕدرێ، هەر چۆن سروشتی ژن لە سەرەتای ژیاندا ئەم سروشتە نەبوو بەڵام هۆکارە ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانیان بەسەردا هێنا ئاواش دەتوانرێ ئەم سروشتە شەڕەنگێزەی ئێستای پیاو گۆڕانکاری بەسەردا بهێنرێ، ئەوە گرفتێکی گەورەیە ئێمە خۆ بدەینە دەست ئەو سروشتە کە دەزانین، بەرئەنجامی سیستەمە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانە. ئاین، سیاسەت، ئابووریی، کارتێکەری سەرەکیین بۆ ئەوەی ئێمە بزانین چی لەبەرهەمەکانیان دەچنینەوە، تا ئەو کاتەی ئەم سێ هۆکارەی دەسەڵاتیش تەنیا لە دەست پیاواندا بمێنێتەوە ئەوە بە دڵنیاییەوە پێشکەوتنی گەورە لەو بارەوە بەدیناکەین، سەیری ئەم جیهانە بکە لەو پەڕیەوە بۆ ئەو پەڕی، لە هەر شوێنێک ژنان خۆیان بەشدارییان کارا بێ، لەو شوێنانە ستەمکردن لەسەر ژن کەمترە، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە پێشکەوتنی ژنان بەندە بە بەشداریی ژنان خۆیانەوە، ئەوە لەگەڵ ئەوەی لە کۆمەڵگەدا پیاوانێک هەن، تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی ژناندا سۆزیان هەیە و هاوکارێکی باشن بۆ ئەوەی لە قۆناغە جیاوازەکاندا سوودیان لێوەربگیرێ.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**خانم لەتیف**: قسەی ئێمە لەسەر سیستەمە، واتە ئەو هۆکارەی کە بەشێک لە پیاوانیش ناچار دەکا ستەم لەسەر خۆشیان قەبووڵ بکەن، یان هۆکارە بۆ ئەوەی نەهێڵێ و رێگر بێ لەبەردەم گەشەکردنی سروشتییانەی بیر و هۆشیاریی ژناندا، لە هەر شوێنێک ستەم و چەوسانەوە هەبێ، بێگومان لەو شوێنە رادەی هوشیاریی وەک پێویست نییە، ئەوە لەگەڵ ئەو راستییەی کە پەروەردەکردنی پیاوانی ئێمە هەر لە منداڵییەوە ئەو ئەرکەیان دەخاتە سەر شان، کە خۆیان لە رەگەزی مێینە بە جیاواز و مەزنتر ببینەوە، بەشێک لەو بەرنامانە لە رێگەی ئامۆژگارییە دینییەوە دەکرێ، بەشێکی تریشی پەیوەندیی بە سیستەمی خوێندن و خانەوادەکانەوە هەیە. بۆیە دەبێ ژنان لەوە تێبگەن کە پیاوان دوژمنیان نین، بەڵکو ئەو بیرکردنەوە و سیستەمانە دوژمنیانن کە وا لە پیاوان دەکەن بڕوایان بە ستەمی سەر ژنان هەبێ و بە مرۆڤی پلە دوویان بزانن.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**خانم لەتیف**: حکومەت بەرپرسیارە، ئەو ژنکوژییەی ئەو دواییانە ویژدانی هەمووانی وروژاند، دەبێ ئەو بارە سنوورێکی بۆ دابنرێ، پێویستە هەموو لایەک بەرەورووی ببینەوە، ئەوە تەنیا ئەرکی ژنان و رێکخراوەکانی ژنان نییە لە قۆناغێکی ئاوا خوێناوییدا بتوانێ بە تەنیا بەری پێبگرێ، ئێمە پێویستمان بە یاسایەکی سەردەمییانە هەیە، بە داخەوە پەلەمانتارەکانمان ئەو یاسایانەش بەرەو پێنادەن و گەرموگوڕی ناکەنەوە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەستکەوتێکی بۆ ژنان هەیە، حکومەت و پەرلەمان بەرپرسیارن، ناکرێ بۆ جوانکردنی وەزارەتەکان و پەرلەمان رێژەیەک لە ژنان بە سیستەمی کۆتا ببرێنە ناو پەرلەمان و حکومەتەوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەو ناهەقیانەی لەسەر ژنانە دەنگێکی بڵندن بە قەد باڵای ئەو تاوانانە نەبیسترێ. بۆ ئەوەش رەنگە بەرپرسانی حکومەتیش قسەیان هەبێ و بڵێن ئەی ئەو هەموو هەواڵ و بڕیار و یاسانە چییە کە بە قازانجی داخوازییەکانی ژنانە و ئێمە لە پشتەوەیانین، دیارە بە سانایی وەڵامی ئێمەش ئەوەیە کە راستە بڕیارگەلێکی زۆر هەیە بەڵام چاوی ئێمەی ژنان ئەو واقیعە تاڵە دەبینی کە ئێمەی تێداین ئەو پێشێلکارییانەی ئەنجام دەدرێن ئەوە سەنگی مەحەکە نەک دروشم و بڕیار، بە لای ئێمەوە بڕیارەکان چونکە ئیرادەی جێبەجێکرنیان لەگەڵدا نییە هەرچەندە جوانن بەڵام وشک و بێ گیانن.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**خانم لەتیف**: لە ڕێکخراوەکەی ئێمە دامەزراندن و ڕاپەراندنی کارەکان بۆ ژنان لە پێشتر و لە پلەی یەکەم دان، دیارە چەندین پیاوی واشمان لەگەڵدایە کە هاوشانی ئێمە و هەندێک جاریش پتر رۆڵیان هەیە لە هۆشیارکردنەوە و داکۆکییکردن لە مافەکانی ژنان، گرفتەکە لەوێدایە لە ناو ژناندا کەمتر کادیر و کەسانی پسپۆڕ هەڵدەکەون، یان کاتێک خێزان پێکدەهێنن گیرۆدەی ئەرکی خێزانیی دەبن و دووردەکەونەوە یان چالاکییان کەم دەبێتەوە، سەبارەت بە متمانەی ژنان بە ڕێکخراوەکان، مەسەلەیەکە پەیوەندیی بەوە هەیە کە لە نێو کۆمەڵگەدا متمانە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کەم بۆتەوە، تەنانەت ئەو بێ متمانەییە پەڕیوەتەوە ناو پارتە سیاسییەکان و شوێنەکانی تریش، رەنگە ئەو مەسەلەیە بەشێکی پەیوەندیی بەوەشەوە هەبێ کە بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی ژنان دەستکردی پیاوان بن و ئامانجی سیاسییان لە پشتەوە هەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لابردنی ستەمی سەر ژنان پێویستی بە پرۆسەیەکی درێژ و بەردەوام هەیە لە خەبات و تێکۆشان، چونکە ئەستەمە بڕوا بەوە بکەین بەو توانا و هێزەی ئێستا بتوانرێ بە ئاسانیی داخوازییەکانی ژنان بەدی بهێنرێن.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵـی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ ڕێگەچارەکانت چین؟

**خانم لەتیف**: من خۆم بە قەرزاری برایە گەورەکەم و دایکم دەزانم، رەنگە ئەگەر ئەوان نەبوونایە، کەسوکارەکانم ڕێگەیان نەدایە ئەو کەسایەتییەی ئێستا بوومایە، ترسیش لە دروستکردنی خێزان و دۆزینەوەی هاوسەری گونجاو، پرۆسەی هاوسەرگیریمی دواخست، خۆشبەختانە ئێستا هاوسەرەکەم هاورێمە پێش ئەوەی هاوسەرم بێ، بەڵام ناکرێ بڵێم ئێستا هیچ هەست بەو شتانە ناکەم، وەک هەر ژنێکی تری ناو کۆمەڵگە هەست بە بوونی هزر و رامانی پیاوانەی کەسە نزیکەکانم دەکەم، هێندەی بۆشم بکرێ مامەڵەیەکی دروستیان لەگەڵدا دەکەم، چونکە ناکرێ من ئەوان بە دابڕاویی ببینم لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی کۆمەڵگە بۆیە بە شێوەیەک مامەڵە دەکەم کە هاندانی تێدابێ تا گیانی هاوکاریی پتریان تێدا دروست بکەم، خۆشبەختانە هاوسەرەکەم هاندەر و راوێژکارێکی باشە بۆ کارەکانم، ئەویش هەروەها سوودمەندە لە توانا و وزەی من، ئامۆژگارییشم بۆ ژنان ئەوەیە سەرەتا بتوانن کەسە نزیکەکانی خۆیان بە خواستی ژنان ئاشنا بکەن، بە مەرجێک شێوازەکەیان بە جۆرێک بێ کە متمانەیان لای ئەوان پتر بکا نەک گومان و دوودڵیی دروست بکا، کاتێکیش متمانە بەهێز دەبێ ئەو کاتە دەتوانرێ زۆر کار بە ئاسانیی بگوزەرێ.

❊ **خانم لەتیف، سەرۆکی ڕێکخراوی ئاسوودە.**



سەرچاوە
Serchawe

## ١٩- خوناو سمایل:



**حکومەت نەک هەر بەرپرسیارە لە ژنکوژیی بەڵکو تاوانباریشە، چونکە زۆربەی کوشتار و دەستدرێژییەکان لەژێر ئاڵای خۆیدا ئەنجام دەدرێن.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**خوناو سمایل**: ئەو کەلتوورە سەخت و نایەکسان و نادروستە دەرەنجامی مێژوویکی دوور و درێژی پڕ لە بەسەرهات و پڕ لە ماندووبوونی میللەتەکەمانە کە دابونەریت و بەکارهێنانی ئاین بۆ مەبەستێک کە دوور بووە لە پەیامی راستەقینەی خۆی، هێندەیتر جێدەستی خۆی بە شێوەیەکی نەرێنیی لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەلگە جێهێشتووە و هەر تاکێک بە جۆرێک پێی چەوساوەتەوە و لە هەر هەمووانیش پتر ژنان باجی قورسیان بەرکەوتووە و تا ئێستاش لە ژێر ئەو باجە دەناڵێنن.

بۆ خودی پێکهاتەی پیاوانیش وەک رەگەزی نێر ئەوا من پێم وایە کە پیاوان بە گشتیی خۆ بە باڵادەستتر و بەهێزتر لە ژنان ببینن (کە هیوادارم هەڵە بم لەو تێڕوانینەم) بۆیەش خۆپەرستتر و خۆویستتر رەفتار دەکەن. بە تایبەتییش گەر پیاوان بەرهەمی کەلتورو مێژوویکی ماندوو و نایەکسانی وەک مێژووی گەلەکەمان بن.

**پایزە ئەحمەد: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان**

**هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟**

**خوناو سمایل**: گەر لە بەرپرسیاریی ئەو چەوسانەوە و نالەباریەی ژنی کورد دەپرسی، من دەتوانم پتر لەسەر ژنانی باشوور بدوێم کە ماوەیەکی زۆرە میللەت لەو بەشە دەرفەتێکی باشی بۆ رەخساوە تا دەستی بە ئافەریدەکردن و کاری چاککردن و گۆڕان لە فرە بواردا کردبا، ئەوا من پێم وایە کە هەر هەموومان بە هەردوو رەگەزی نێر و مێ و گەورە و بچووک، رۆشنبیران و خوێندەواران، سیاسەتمەداران و دونیادیتان، هەژار و سەرمایەداران هەر هەموو بە شێوەیەک لە شێوەکان و بە رێژەی جودا دروستکەر و هاندەری بۆگەنیییبوونی بارودۆخەکەن و کەمتەرخەمن لە کۆشش و تەقەلای چاککردن. ئەو کەمتەرخەمییەش دەگەڕێنمەوە بۆ نەبوونی هزری گەورە یان نەبینینی بەرژەوەندیی گەورە لە چاککردن، سادەیی بیرکردنەوە و بێ نەخشە و پلانیی.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**خوناو سمایل**: گەر باسی رۆڵی حکومەتیش بکەین ئەوا من پێم وایە حکومەت نەک هەر بەرپرسیارە بەڵکو تاوانباریشە بەو هۆیەی کە زۆربەی کوشتار و دەستدرێژییەکانی سەر ژنان لە ژێر ئالای ئەو حکومەتەوە ئەنجام دەدرێن و لە نێو چەند وشەیەکی بۆگەنیی وەک شەرم و ئابڕووی خاوخێزان و خێڵ و... هتد رۆڵ ئازادیی و مافی ژنی پێ لەناو دەبردرێ.

داخ کە ژنانیش هەندێک جار هاوکارن لەو ناهەمواریییەی بەسەر ژن سەپاوە کە وا دەکا سنووری بیرکردنەوە لەو بویەرە تاڵەی تێیدا دەژین فراوانتر نەکەین و خۆمان بە وەڵامی زۆر بچووک بۆ ئەو هەموو پرسیارە گەورانەی کە چەندین سەدەیە بێ وەڵام ماونەتەوە رازی بکەین!

بەڵام ژنکوژیی لە دەرەوەش بە شێوەیەکی زەق دەبینندرێ. ئەمەش پتر ئەوەمان بۆ دەردەخا کە پیاوی کورد یان تاکی کورد هەرچەندە لە سیستەمێکی دیموکراسی و یەکسانییشدا ژیان بکا، بەڵام هێشتاش هەر دیلی دابونەریتێکی بێ سەروبەر و نامرۆیییانەیە و لە کۆششی خۆ ئازادکردندا نییە.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**خوناو سمایل**: گەر هەر رێکخراوێک مەبەستی ئەوە بێ زۆرترین ژمارەی ژنان لە خۆ بگرێ و لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە ئەوە دەبێ جێی متمانە و باوەڕی ژنان بێ. مەبەستی سەرەکیی گۆڕانی باری ژیانی ژنان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و بیرێکی مرۆییانە و رادیکالانە لە خۆ بگرێ و لە چارەسەری هەر مەسەلەیەک ئامادەی خۆبەخشین و قوربانیدانی تێدا بێ، نەک داردەستی حیزب و سەرمایەداران بێ و بە بیری پیاوسالاریی تەماشای دۆزی ژن بکا و هەر لەو روانگەشەوە بیەوێ ژنان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و لە کێشە چارنووسسازەکانیش بە کەمترین شت و چارەی لاوەکی رازی بێ.

دیسان دەیڵێمەوە داخ! کە ئەمرۆ لە باشوور هەموو شتێک بۆتە بازرگانیی و بەرژەوەندیی، رێکخراوەکانی ژنانیش لە کاری خۆدەرخستن و پڕوپاگەندە و وشەی گەورە لە ژێر دروشمی رزگاریی و ئازادیی بۆ ژنان هیچی دیکە نییە جگە لە پڕکردنی هەندێک باغەڵ و قاسە و خەزێنە، دەنا هەرگیز ئەم جۆرە رێکخراوانە نابنە تەڕاتیی بۆ قوڕگە وشکەکەی ژنی کورد.

نامەوێ ماندووبونی هەندێک رێکخراو کە بە راستیی مەبەستیان چاککردنی بارودۆخی ژنی کوردە فەرامۆش بکەم و لە رۆڵیان کەم بکەمەوە. وەک ژنێکی کورد سوپاس و دەستخۆشیی لە هەموو کۆششێکی دڵسۆزانە دەکەم و هیوای ماندوونەناسیان بۆ دەخوازم.

هەماهەنگیی لە نێوان ژن و پیاو بە مەسەلەیەکی زۆر دروست دەزانم، چونکە لە کۆتایی نێر و مێ تەواوکەری یەکترن و بەردەوامبوونی ژیان لە بەردەوامبوونی هاریکاریی هەردوو رەگەز دایە. شان بە شان کارکردنی پیاوان لە رێکخراوی ژنان، وەک پردێک دەبینم کە ماوە درێژەکانی چەندین ساڵەی نێوانیان کە بە هەر هۆیەک هەیە ژن و پیاوی کوردی لێک دوور خستۆتەوە، نزیکتر دەکاتەوە و ئاسانکاریی بۆ لەیەکترگەیشتنن دەکا.

**پایزە ئەحمەد: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟**

**خوناو سمایل**: منیش وەک هەر ژنێکی ئەو کەلتوورە و ئەو مێژووە ماندووە بە مسۆگەریی کەتومەتە ژێر گوشاری چەوسانەوە. وەکی دیش نا هەست ناکەم نە هاوسەر و نە باب و نە برا ئەو نیازەیان تێدابووبێ.



سەرچاوە
Serchawe

## ٢٠- نالیا ئیبراهیم:



**ئەوە دەسەڵاتە سیستەم و فەرهەنگ و دینێک دەکەنە چەتری کۆمەڵگە، بۆیە هەر خۆی بەرپرسە لە باوکسالاریی و ژنکوژیی.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**نالیا ئیبراهیم**: سروشتی پیاو و ژن یەک سروشتە.. سروشتی مرۆڤە بۆیە هۆکاری دووەم کاریگەرە!!

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بگەرێینەوە بۆ مێژوویەکی دوور لە هەزاران ساڵ کە کاتێک ژن سینبولی جوانیی، میهر، ئەمەکداریی و خوداوەندی سەرزەمین بووە کە لە لای بابلیەکان (عەشتار)، لای رۆم و یۆنانیەکان (ڤینۆس و ئەفرۆدێت) و لای مسرییە کۆنەکان (ازیز) خوداوەند بوون، تا ئەو کات مرۆڤایەتی لە سایەی ئاسوودەییدا دەژیا، شەڕەنگێزیی پیاو و فەرهەنگی پیاوسالاریی پاشی ئەو دێ کاتێک هێز پیرۆز دەکرێ و جوانیی و میهر بە کەم تەماشا دەکرێن، لەوێوە پیاو لە کۆششی لێسەندنەوەی پیرۆزیی لە ژن و پیرۆزکردنی هێز و شەڕدا بووە، بە درێژایی ئەو مێژووە تا ئەمڕۆ پیاوسالاران و هێزپەرستان بە پشتیوانیی دین و کلتووری شەڕەنگێزیی سیستەمی پیاوسالارییان فەراهەم کردووە. ئەم فەرهەنگە بۆتە فەرهەنگێکی باو و زۆرێک یان هەموو ریشەکانی ژیانیان گرتۆتەوە بۆیە نەک هەر پیاو بگرە هەندێک ژنیش لە ژێر کاریگەریی ئەو فەرهەنگە

پیاوسالارەدا، واتە دین و کلتووری باو و پەروەردە فاکتەری سەرەکیین.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**نالیا ئیبراهیم**: وەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا گوتم.. لەمرۆدا مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا لە ژێر کاریگەریی یەک فەرهەنگ، دین و پەروەردە دان.. بۆیە دەکرێ ژنێک لە ژێر چەتری کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا پیاوسالار بێ، ئەوەش بەو واتایە نایەت کە ژن جەلادی خۆی بێ یان تاوانبار بێ.. بەڵکو ئەوە پیاو بووە ئەو کاتەی ژن خوداوەند و سنبولی جوانیی بووە (جوانیی بە واتا ستاتیکیەکەی نا) لە کۆششی پیرۆزکردنی دەسەڵات و هێزدا بووە و فەرهەنگی پیاوسالاریی کردۆتە فەرهەنگی باو و ژنانی کردۆتە کۆیلە!! بەپشتیوانیی دین.. هێز و دەسەڵاتی خۆی پیرۆز کردووە.. مرۆڤەکانی دابەش کردووە بە پلەی یەکەم و دووەم، بە پێی رەگەزی نێرینە و مێینە.. لە کاتێکدا ڕەگەزی نێرینە و مێینە یەک رەگەزە کە مرۆڤە!! هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین رێگەچارە گەڕانەوەیە بۆ رەگەزی مرۆڤ و سڕینەوەی هەموو ئەو وێنە دەستکردانەی کە دەکێشرێن بە ناوی دین و کلتوور و دابونەریتی نەزانانەوە بۆ شێواندنی وێنای مرۆڤ و مرۆڤایەتی!!

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**نالیا ئیبراهیم**: ئەوە حکومەت و دەسەڵاتە سیستەم و فەرهەنگ و دینێک دەکەنە چەتری کۆمەڵگە، لێرەوە ئەوان بەرپرسی یەکەمن لە فەرهەنگی باوکسالاریی!! هەروەها لە رووی یاساییشەوە یاساگەلێک پیادە دەکەن کە دین تێیدا (مەرجەع)ە لە بری ئازادیی و مافاکانی مرۆڤ!! بۆیە دەکرێ بڵێین بەڵێ حکومەت بەرپرسە لەبەردەم هەر کلتوورێکی دزێو و هەر نابەرامبەرییەکی تاکەکانی کۆمەڵگە و تاوانی ژنکوژیی!! کە دواجار هێز تێیدا باڵادەستە و و ئازادیی تێیدا پێشێل دەکرێ و تاوانی ژنکوژیی ئەنجام دەدرێ!!

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**نالیا ئیبراهیم**: ئێمە دەپرسین کام رێکخراوی ژنان!! لە کام کۆمەڵگەدا!! ناکرێ هەر رێخراوێک ناوی ژن بکاتە تایتڵی خۆی لە ژێر فەرمانی حیزب و هۆشمەندیی و رامانی پیاوگەراییدا بێ ناوی بنێین رێکخراوی ژنان!!

لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئازادیی تێیدا بەند بکرێ و یاسا کارپێکراو نەبێ، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بڵندگۆی دەسەڵاتی حیزب و خێڵگەرایی و ئاغاکان بن.. ئیدی ئێمەی ژن لە کام رێکخراوی ژناندا چالاک بین و بۆ کام مەبەست!!!

بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەت هیچ لارییەک لەوە نییە گەر رێکخراوێکی ژنان لە ژێر بەندەکانی مافی مرۆڤ و ژناندا کاری راشکاوانە بکەن، دەکرێ چالاکوانان لەو رێکخراوەدا پیاو بێ یان ژن یان پێکەوە بۆ یەک ئامانج و کۆمەڵگەیەکی یەکسان کار بکەن!

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**نالیا ئیبراهیم**: کاتێک دەگوترێ کێشەی ژن واتا کێشەی کۆمەڵگەیەک نەک کێشەی تۆیەک یان منێک وەک ژن، ئەشێ من یان چەندین ژنی دیکە دووچاری گرفتی پیاوسالاریی نەهاتبن لە خێزاندا بەڵام ئەمە نابێتە پێوانەیەک بۆ کۆمەڵگەیەک کە ژنکوشتنی کردۆتە فەرهەنگ!

من وەک ژنێک کێشەی هەر ژنێک بە کێشەی خۆم دەبینم، هەر تاوانێک بەرامبەر ژنێک بکرێ بە تاوان بەرامبەر خۆم دەیبینم.. لەوەش پتر ئێمەی نێر و مێ رەگەزی مرۆڤین و هەر تاوانێک بەرامبەر مرۆڤێک بکرێ تاوانە بەرامبەر من!

## ٢١- چنوور نامیق:



**پیاویش کۆیلەی دەستی سیستەمە و دەچەوسێتەوە،**
**جا دەبێ (دیلی دەستی دیلێکی دەستی سیستەم) چۆن بێ؟!**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**چنوور نامیق: راستە پێکهاتەی بایۆلۆژیی پیاوان لە رووی جەستەییەوە هەندێک جیاوازە لە ئافرەت، ئەوەش بووەتە هۆی جیاوازیی هەندێک لە ئەرکەکانیان وەکو کرداری زاوزێکردن و دایکایەتی کە ئەوە تایبەتە بە ئافرەت، بەڵام هەندێک خەسڵەتی دیکە هەیە کە کۆمەڵگە دەیسەپێنی بە سەر مرۆڤەکاندا، وەک چۆن هەڵسوکەوتی مرۆڤدا دەرخستووە لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی هەروەها کاریگەرییەکی گەورەشی هەیە سۆسیۆلۆژیستەکان کاریگەریی ژینگەیان بەسەر بە سەر دیاریکردنی ئەرک و کارەکانیدا ئەوەش لە دابونەریت و ئەو هەڵسوکەوتانەی کە کۆمەڵگە دەیسەپێنێ بە سەریاندا.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟**

**چنوور نامیق**: بە رای من زیادەڕۆیی لە هەر شتێکدا هەبێ نابەجێیە، بەتایبەتیی لە مەسەلەی یەکسانیی نێوان رەگەزی نێر و مێ. بە داخەوە تەنانەت زۆربەی ئەو ئافرەتە فێمێنیستانەشی کە داکۆکیی لە مافەکانی ئافرەت دەکەن نەیانتوانیوە کاریگەرییەکی باشیان بە سەر کولتوور و رەوشی کۆمەڵایەتییدا هەبێ، یاخود بتوانن کار بکەنە سەر دەسەڵاتی یاسا و بە یاسا ئافرەتان بپارێزن، لە لایەکی تریشەوە ئەو مافی یەکسانییەی سەردەمێکە باسی لێوە دەکرێ لە ناو هەندێک لە خێزانەکاندا جۆرێک لە دایکسالاریی دروست کردووە، بەو رادەیەی پیاوەکان هەندێک مافی خۆیان لە دەست داوە، من بەوەش دڵخۆش نیم چونکە گۆڕینی باوکسالاریی بە دایکسالاریی هەمان شت دەگەیەنێ و منداڵی باش دروست نابێ لە ناو ئەو خێزانانە، کەواتە ئێمە دەبێ بە یاسا و هۆشیارکردنەوەی مرۆڤەکان مافی تاکی چەوساوە بپارێزین ئیتر چ پیاو و ژن یان منداڵ بێ. ئەو بارەی ئێستا ژنی تێدایە ئەوەندەی دەسکردی کولتوور و دابونەریتە ئەوەندە کاریگەریی ئاینیی بە سەرەوە نییە، لە ئایندا زۆر ئاسانکاریی کراوە بۆ خەتای مرۆڤەکان، بۆ نموونە کە باس لە (زینا) دەکرێ دەبێ پتر لە دوو شایەد هەبێ لە سەر ئەو رووداوە، ئەمەش هەرگیز نابێ، کەچی هەر بە قسەیەک و کورتە نامەیەکی ئەلیکترۆنیی فتوای مەرگی ئافرەت دەدرێ زۆر جاریش کوشتنی ئافرەت بە بڕیاردانی ئافرەتانی ناو خێزانێک و پیاوەکانی ناو خێزان دەدرێ، ئەوە ئەوپەڕی نادادوەریی و زاڵبوونی کولتووری سەقەتی کۆمەڵایەتییە.

بۆ دەڵێن ئافرەتی ناهۆشیار، ئێمە چەندین ئافرەتی خاوەن پلە و پایە و بڕوانامەی بەرزمان هەیە سەر بە هەوێ مێرد دەکەن و رازیین بەوەی پیاوەکانیان چەند ژنێکی تر بهێنن و پێیان قەبووڵە و چاوپۆشیی لە پەیوەندییەکانی لە دەرەوەی ماڵ دەکەن لەگەڵ ئافرەتانی تر. بۆیە پرسی ئافرەت بە رێکخراو و دەزگەکانی تری ئافرەت چارەسەر ناکرێ، کەواتە هۆکاری سەرەکیی لەو نەگبەتییەی ژنان هەر ژنانن، خۆ یاساکانی لەمەڕ مافی ئافرەتان پیاوانی فێمێنیست دەستی باڵایان تێدا هەبووە، بەڵام کە ژنان باوەڕیان بە فرەژنیی هەبێ پیاوان چی بکەن، دەڵێن "ئەوە نیعمەتە و خوا داویەتی"!

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**چنوور نامیق**: ئەوە مافی رەوای تاکە کە پەنجە بۆ ئەو سیستەمە باوکسالارییە و دەسەڵاتی سیاسیی و حکومەت درێژ بکا و بەشێکی زۆری تاوانی ژنکوژیی بخاتە ئەستۆی ئەو بیرە پیاوانەیەی کە تەنانەت لە مێشکی زۆربەی ژنان و ئافرەتانیشدا چەسپیوە و بە پاساوی سەندنەوەی تۆڵە و پاراستنی شەرەف رەوایەتی دەدەن بە کرداری ژنکوشتن، ئەو بارەس زۆر ئاشکرایە لە لای خۆمان. ناڵێم خانمە پەرلەمانتارەکان هەنگاویان نەناوە بۆ چارەسەرکردنی هەندێک دیاردەی دزێو کە ئافرەتان بە دەستیەوە دەناڵێن، بەڵام دەبێ لە مەسەلەی کوشتنی ئافرەت زۆر بوێر بن و بەیاسا و سزادان بەر لەو دیاردەیە بگیرێ، باشە ئەگەر یاسا هەبێ، چۆن دەتوانن ئافرەت لە شەڵتەرەکان ببەنەوە و بیانکوژن، ئەوانەی لە شەڵتەرەکان کار دەکەن لە کوێ دەتوانن رۆحی ئەو ژنانە بپارێزن، کەواتە هەتا یاسایەکی توند بۆ سزادانی بکوژان نەیەتە ئارا ئەو شەڵتەر و رێکخراوانە

تەنیا مەرگی ژنانی وڵاتەکەم بۆ ماوەیەک دوا دەخەن و هیچی تر.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەرێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانیییخواز پێکبێ؟

**چنوور نامیق**: لەبەر هەندێک هۆکار کە لە وەڵامی پرسیاری پێشوو ئاماژەم پێی کرد، دەمەوێ بڵێم هەندێک لەو ژنانەی لە پۆستە بەرزەکان و رێکخراوەکاندا کار دەکەن هێشتا خاوەنی ئەو هۆشیارییە هزرییە نین کە ببن بە نموونەی بەرزی ژنان، کەواتە هێشتا کۆیلەی دەستی بیروباوەڕی کۆن و بە پێی پرۆگرامی پیاوانە دەڕۆنە رێوە، لە لایەکی تریشەوە کاتێک لایەنێک پاڵپشتی مادیی رێکخراوێکی ئافرەتانە دەکا دەبێ ئەو رێکخراوە پابەند بێ بە رێنوێنییەکانی ئەو پاڵپشتیکەرە، تا تاکێکی ئازاد لە رووی ئابووریی و هۆشیاریی باڵاوە دروست نەبێ ئەوە ئەو رێکخراوانە تووشی گۆجیی دەبن و کارەکانیان ناگاتە ئەنجامی باش. دروستکردنی قەوارەی سەربەخۆ بە خۆڕۆشەنبیرکردن و ئازادبوونی ناخی تاکەکانی کۆمەڵ دێتە ئەنجام بە ژن و پیاوەوە.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**چنوور نامیق**: رەنگە من زۆر بەختەوەر بم بەوەی هەم لە خێزانێکی رۆشەنبیر و هەم کراوەدا پەروەردە بووم و لەگەڵ برا و خوشکەکانمدا لەسەر بنەمای باوەڕ بەخۆبوون پەروەردە کراین، کەواتە پەروەردەی دروست نەوەیەکی دروست دێنێتە بەرهەم.
دیسانەوەش لە پرۆسەی هاوسەرگیرییم لەگەڵ (یوسف لەتیف)ی شاعیردا ماڵێکی ئارامماان پێکەوە نا، بەڵام دیسانەوە کێشەکانی ناتەبایی لایەنەکان و شەڕی ناوخۆ زۆر ماندووی کردین ئەویشم لە کۆمەڵە شیعری (مەرکانە شکاوەکانی جەنگ) بەرجەستە کرد، بە ئەزموونێکی تفتوتاڵی ژیاندا تێپەڕین، لەو روانگەیەوە هەستم کرد پیاوانیش کۆیلەی دەستی سیستەم و شەڕ و پەیاکردنی نانن و وەکو من دەچەوسێنەوە و رووبەڕووی مەرگ دەبنەوە بۆیە ناکرێ هەمیشە سەنگەر لە پیاوان بگرین و تاوانباریان بکەین، بە گشتیی (دیلی دەستی دیلێکی دەستی سیستەم) دەبێ چۆن بێ؟! تەنیا هۆشیاریی و دروستکردنی رۆڵەی ئازاد لە دایک و باوکێکی ئازاد ئەو کێشانە کەم دەکەنەوە، ئەوەش کەی دروست دەبێ نازانم؟



سەرچاوە
Serchawe

## ٢٢- کەژاڵ ئیبراهیم خدر:



**حکومەتێکی پیاوسالارییمان هەیە، بۆیە رێکخراوێکی یەکسانییخواز و سەردەمییانەمان پێویستە تا کۆتایی بە دووبەرەکیی و چەوسانەوە بهێنێ.**

**لەورۆدا زۆربەی پیاوان - هەر یەکەو بە گوێرەی بیروباوەڕی خۆی - بە گفتار دان بە یەکسانیی نێوان ژنان و پیاواندا دەنێن.. بەڵام بێجگە لە کەمایەتییەکی زۆر کەمیان زۆربەی هەرە زۆریان لە رەفتاردا پیاوسالار و چەوسێنەرن! بە بەدوواداچوونی ئەوەی کە ئایە کێشەکان و هۆکارەکان چین؟ بەو چەند پرسیارە پەیوەستدارە ژنان دەدوێنین:**

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**: ژن بوونەوەرێکی مەزنی نێو ئەو کۆمەڵگە فراوانەیە، بوونەوەرێکی نەخشێنراوە بە جوانیی و ناسکیی و هێمنیی، ژن بوونەوەرێکی لەرادەبەدەر مەزن و بە نرخە، ئەو جوانیی بە ژیان دەبەخشێ، هەر ئەوە نەوەیەک لەنێو منداڵدانی خۆیدا بونیات دەنێ و دەیخاتەوە، ئەوەی ژن لەنێو کۆمەڵگەدا بۆ بەختەوەریی پێکیدەهێنێ هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ کە سۆز و خۆشەویستیی ببەخشێتەوە، لە دنیادا نەبووە ژن چەوسێنەر و هەڵگیرسێنەری و کوشتن و بڕین بووبێ و دنیا خاپوور بکا، لە پێناوی دەسەڵاتی ژنسالاریی خۆیدا تاکو پێگەی خۆی پتەو بکا؟ ئەوە هەر پیاوە دروست ئەو رێگە ترسناکە دەگرێتەبەر بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، ژن و پیاو لە پێکەوەژیاندا دوو بوونەوەری خۆشەویستی یەکترین و بە هەردووکیان دەتوانن پێگەی کۆمەڵگە نمایش بکەن، بەڵام بە داخەوە ئەوەی روودەدا پێچەوانەیە هەر پیاوە لە پێناوی مانەوە و دەسەڵاتی خۆیدا.. لە پێناوی حەز و ئارەزووەکانی خۆیدا باڵی ژیان بە قەدی خۆیدا دەبڕێ، بۆیە دەبینن گوفتار و رەفتارەکان جیاوازن، ئەو چەوسانەوەی کە لە رەگەزی پیاوانەوە دەبینرێ زۆر جیاوازە لەو کردارەی لە هەستی ژنەوە هەیە، بۆیە وەک دەیبینین

چەوسانەوە و کوشتن و ماڵوێرانیی جیهانبینیی بەشێکی زۆری پیاوانە، بە داخەوە بۆ ئەو رێرەوە ناشیرینەی کە هەندێکیان گرتوویانەتەبەر.

**پایزە ئەحمەد:** ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر:** سروشتی پیاو سروشتێکی دەسەڵاتداریی و رەگەزێکی تۆڵەکردنەوەیە لە رەگەزی بەرامبەر کە ژنە، پیاو بە هۆی خۆشەویستیی بۆ دەسەڵات گرتنەدەست هەر لە دروستبوونیەوە بە دوای دەسەڵاتدا گەڕاوە بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی، تاکو بەشێکی لەو حەز و ئارەزووە نێرگسییانەی کە هەیەتی بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکاریان بهێنێ، رەگەزی توندی ئەو وایە کاتێک تووڕە دەبێ ئەوەی لە ئاوەزیدایە بەکاریدەهێنێ بێ ئەوەی بیر بکاتەوە کە پاشەرۆژ چی روودەدا، زۆرجار ئەو پێکهاتەیە بۆماوەیە هەر لە سەرەتای قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵەوە دروست بووە.. ئەوەتا پیاوە دەسەڵاتدارەکان هەموو قۆناغەکانی خێڵایەتیی و دەربەگایەتی و سەرمایەدارییان بۆ مەرامەکانی خۆیان بەکارهێناوە.. هەر لە سەردەمی زووشەوە هەزاران ژن وەک کەنیزە بۆ مەرامە تایبەتییەکان بەکارهێنراون و کۆیلە کراون تاکو ئارەزووەکانی خۆیانیان پێ تێر بکەن.

**پایزە ئەحمەد:** ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر:** ئەو دوو بونەوەرە مەزنە جیهانبینییەک کۆیان دەکاتەوە ئەویش خۆشەویستییە بۆ ژیان و جوانترکردنی دنیایەک کە مرۆڤەکان تێیدا یەکسان بن لە رووی بیرکردنەوە و گۆشکردنیان بە ئاراستەی لێک نزیکبوونەوە، مەخابن کاتێک رۆشنبیریی و زانست و زانیاریی و تێڕامان لە بەخشینەوەی خۆشەویستیی بۆ ژیان عەقڵ میوانی نابێ و کۆتایی دێ، ئا لێرەوە سەرەتای گیروگرفتەکان و کێشەکان دروست دەبن، هەر ئەو دەسەڵاتەشە وایکردووە دوو جیهانی جیاواز لە بیرکردنەوە بۆ هۆگریی بۆ جوانیی ژیان دروست ببێ، وەنەبێ ژنیش بێ بەش بووبێ لەو کێشانە ئەوانیش بەشی خۆیان بەردەکەوێ بەڵام زۆر بە کەمیی، چونکە ژن هیچ دەسەڵاتێکی بەدەستەوە نییە تا پێگەی خۆی پتەو بکا، بۆیە پێویستە ژنیش بە گوێرەی توانای خۆی لە رووی رۆشنبیریی و زانست و زانیارییەوە کۆشش بکا و پتر رۆبچێتە ناو ململانێکانەوە تاکو کامەرانیی و بەختەوەریی باوەش بۆ هەمووان دەکاتەوە، ژن بە هۆی خستنەوەی نەوە و ئەرکی گرانی رۆژانەی ماڵ و ژیان و گوزەران و هەژاریی و بەخێوکردنی منداڵ و راپەڕاندنی ئیش و کارەکانی رۆژانە نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست بیربکاتەوەو هۆشیارانە رەفتار بکا.

**پایزە ئەحمەد:** هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و



سەرچاوە
Serchawe

تەواوی دەسەڵاتداران رادەكێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**كەژاڵ ئیبراهیم خدر**: دەسەلات باوكی هەموومانە وەكو خۆیان لە قسە و گفتوگۆ و دەنگدان لە كاتی هەڵبژاردنەكان و بلاوكردنەوەی بۆچوونەكانیان بانگەوازی بۆ دەكەن، ئەوان خۆیان بە یاسا دارێژەر و خزمەتكاری ئەم كۆمەڵگەیە دەزانن بەلام بە داخەوە كاتێك دێتە سەر خزمەتكردن بە جۆرێكی تر دەكەوێتەوە، ژن دەسەلاتی چی بە دەستەوەیە لە ناو كۆمەڵگە و لە ناو حكومەت و حیزبەكاندا، ئەوەتا وەك دەیبینین چەند پۆستێكی نمایشكاری بە دەستەوەیە كە ئەویش حیزبەكان بۆیان دیار دەكەن كە تەنها چەند پۆستێكی كەمە، ئەوەی لە تواناشیدا بێ بۆ خزمەتی كۆمەڵگەكەمان بەرجەستەی دەكا بۆ خۆشگوزەرانیی، بەلام بە داخەوە دابونەریتی كۆنی بۆماوە وایكردووە كە ژن نەتوانێ بەو شێوەیەی كە خۆی دەیەوێ خزمەت بكا.. هەر ئەوەشە وایكردووە ناكۆكییەكان زۆر بن و دابونەریتەكان رۆبچنە ناو خێزان و كۆمەڵگەوە و یاساش بەو جۆرە نەبێ كە هەموومان لەژێر سایەیدا كۆبكاتەوە، رۆژانە دەیان هەواڵی كوشتن و سوتان و دەربەدەریی و ماڵوێرانیی و بەندكردن دەبینین كە بە داخەوە دەسەلات لە ئاستیاندا گوێی خۆی خەواندووە و حكومەتیش حكومەتێكی پیاوسالارییە و بە دەنگ كێشەكانەوە ناچێ، بۆیە رۆژانە دەیان هەواڵی جەرگبڕ دەبیستن كە مرۆڤی پێشكەوتووخواز و یەكسانییخوازی تووشی نامۆبوون و سەرسوڕمان كردووە.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە كەمیی بەشداریی لە رێكخراوەكانی ژنان دەكەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێكخراوەكانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داكۆكیكەر لە ماف و ئازادییەكانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێكخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەكسانییخواز پێكبێ؟

**كەژاڵ ئیبراهیم خدر**: ئەوە پەیوەندیی بە بوونی ئەو رێكخراو و سەنتەرانەوە هەیە كە حیزب و حكومەت لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان دروستیان كردوون: زۆربەیان دەسەلات بۆ خزمەتی مەرامە تایبەتییەكانی خۆیان بەكاریان دەهێنێ، هەر كاتێك ویستی دەیانهێنێتە سەر شەقام و كۆر و كۆبوونەوە و مانگرتنیان پێ ئەنجام دەدەا، وەنەبێ لەو رێكخراو و سەنتەرانە ژنی چالاكوان و پێشكەوتنخواز و رۆشنبیر و كۆمەڵگەی مەدەنی نەبێ بەلام دەنگی ئەوانە ناگاتە هیچ شوێنێك.. ئەوەش وا دەكا زۆربەی ئەو ژنانە بێ هوودە بن و پاشەكشە بكەن، بۆیە وەك دەیبینین بەشی زۆری ژنان لەو كۆمەڵگەیەدا ئەو رێكخراو و سەنتەر و گرووپانە بە پشتیوانی خۆیان نازانن و لێیان دووردەكەونەوە، من بۆ خۆم هیچ پەیوەندییەكم لەگەڵیاندا نییە، بەلام من بوونی رێكخراوێكی یەكسانییخواز كە خزمەت بە دۆزی ژنان بكا بە پێویستییەكی سەردەمییانە دەزانم تا هەموومان لەژێر چەتری خۆیدا كۆبكاتەوە.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەك ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوك و برا یان هەر نێرێك كە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ كێشەكان چین كە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی

**پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاری ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟**

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**: ئەو هیوایەی کە هەمووماان ئاواتی بۆ دەخوازین ئەوەیە کە پێویستە دەسەڵاتێکی یەکسانییخواز و پێشکەتوو بە یاسا بێتە کایەوە تاکو هەمووماان بە بێ جیاوازیی کۆبکاتەوە، من بۆ خۆم کە ژنم حەز دەکەم هیچ کەسێک یەک پەنجەشی ئازاری پێ نەگا، ئاواتمە یەکسانیی باڵ بەسەر کۆمەڵگەی جیهان بە گشتیی و کوردستان بە تایبەتیی بکێشێ و دووبەرەکیی و چەوسانەوە کۆتایی بێ چونکە زۆربەی زۆرمان تاڵاوی چەوسانەوەمان لە ناو خێزان و کۆمەڵگە و بگرە قوتابخانەش چەشتووە.. لە رابردووی هەمووماندا ئەو بیرەوەرییانە هەن، کاتێک دەستم بە شیعرنووسن کرد نەمتوانی بە ناوی خۆمەوە بڵاوی بکەمەوە، کە بۆ کۆڕێک یان سیمینارێک دەچووم چەندین لێپێچینەوەم لەگەڵ دەکرا، کە لە قەڵادزێ بووم بە هۆی ئەو دابونەریت و دەسەڵاتە خێڵەکییانەوە نەمدەتوانی بە ویستی خۆم حەز و ئارەزووەکانم بێنمە دی، زۆر جار کە شیعرم خوێندۆتەوە لە کۆڕەکان دوای ئەوەش کە ژیانی هاوسەرییشم پێکەوەناوە دەیان جار لەگەڵ براکانم تووشی دەمەقاڵە بوومە و شەوانە فرمێسک بە چاوانمدا هاتۆتە خوارەوە و گریان بۆتە میوانم، لێت ناشارمەوە ئێستا ئەو هەوای ئازادییەی کە هەڵیدەمژم و ئەو رزگاربوونەی کە هەمە سەرچاوەکەی بۆ هاوسەرەکەم دەگەڕێتەوە چونکە ئەو زۆر پشتیوانییم لێ دەکا، بۆیە پێویستە ژنان بە هەموو توانای خۆیانەوە کۆشش بکەن جیهانێکی جیاواز و دوور لە دەسەڵاتی پیاوسالاریی و بیروباوەڕی کۆنەپەرستیی بهێنە کایەوە و رزگاریان ببێ، ژیانێکی شایستە بۆ خۆیان فەراهەم بکەن تاکو نەوەیەکی پڕشنگدار بۆ کۆمەڵگەکەمان دروست ببێ و دوور بێ لە چەوسانەوە؟



سەرچاوە
Serchawe

## ٢٣- لاوژە جەواد:



**ژنان و پیاوان قوربانییەکی گەورەی پەروەردە و کولتووری دینیین، دەسەڵات نەک هەر بەرپرسە لە ژنکوژیی بەڵکە پەرەشی پێداوە.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**لاوژە جەواد**: من پێم وانییە خودی پێکهاتەی پیاو توندوتیژ بێ، ئەوە کولتووره مرۆڤەکان فێر دەکا کە بەشێکیان لە بەشەکەی تریان کە ژنانن بەهێزترن. فێریان دەکا کە پیاوان بەسەر ژنانیانەوە هەیە و دەبێ لەژێر فەرمانیان بن، بە داخەوە لە ژێر ناوی (ئایەت و حەدیس) ئەو کولتووره ڤێزەونە دەستی پێوە گیراوە و هەزاران ساڵە مرۆڤەکان بەو شێوەیە پەروەردە دەکەن. کولتوور شتێکە کە دروستکەرکەی عەقڵ و تێگەیشتنی مرۆڤە و هەر لەوێشەوە گەشە دەکا و تۆکمەتر دەبێ، واتە دابونەریت شیاوی ئاڵوگۆڕە، ئەو گۆڕانکارییەش پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز هەیە، پێویستی بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام بە داخەوە لە وڵاتە دواکەوتووە ئیسلامییەکاندا دەسەڵاتدارانیان نایەنەوێ شۆڕشێکی لەو جۆرە ئەنجام بدرێ، بۆ نموونە دەسەڵاتی کوردی هەرگیز لە بەرژەوەندییدا نییە هەنگاو بۆ هۆشیاریی کۆمەڵگە هەڵگرێ، ئەوان دەیانەوێ نیوەی کۆمەڵگە کە ژنانن لە ژێردەستەیی و نەهامەتییدا بهێڵنەوە.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان



سەرچاوە Serchawe

**هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟**

**لاوژە جەواد**: بە رای من ژنان و پیاوان قوربانییەکی گەورەی ئەو پەروەردە و کولتوورە دینییەن کە لەسەرەوە باسم کرد، ئەوە سووچی پیاو نییە کە پیاوسالارە.. هاوکات سووچی ژنیش نییە کەوا فێر کراوە پیاو شکۆ و دەسەڵاتی بەسەر ئەوەوە هەیە و دەبێ هەموو نابەرابەرییەکان وەک بنەمایەکی سروشتیی قەبووڵ بکا.

من هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، دەبێ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە بەرێ بخرێ و دین لە دەوڵەت جودا بکرێتەوە و دەستتێوەردانی دین لە ژیانی رۆژانەماندا کۆتایی پێبێ. دەبێ یاسای یەکسانیی ژن و پیا و دابرێژرێ و کاری پێ بکرێ. هەر لە منداڵییەوە لە رێگەی پرۆسەی خوێندنەوە مرۆڤەکان فێر بکرێن کە کچ و کوڕ و ژن و پیاو کەسیان (زەعیفە و ناقس عەقڵ) نین و نێر و مێ یەکسانن لە ماف و خواستەکانیاندا.

**پایزە ئەحمەد**: **هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟**

**لاوژە جەواد**: ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە هەر تاوانێک لە کۆمەڵگە روودەدا لە ژێر هەر ناو و ناونیشانێک بێ، دەسەڵات لێی بەرپرسە. دەسەڵات بەرپرسە لە ژیان و ئاسایشی مرۆڤەکان. دەسەڵاتە دەبێ لە سەر بنەمایەکی زانستییانە بە پێی پلانی رۆشن کۆمەڵگە بەڕێوەببا و هۆشیاریی گشتیی بباتە سەرەوە، چارەسەری شیاو بۆ گرفتەکان بدۆزێتەوە.

ئەوەی بۆ مەسەلەی تیرۆر و رەشەکوژیی ژنان دەگەڕێتەوە، دەسەڵاتی کوردی هەر لە سەرەتای ساڵی نەوەتەکانەوە پەرەی بە کولتووری ژنکوشتندا لە کۆمەڵگە، دیاری ئەوان بۆ ژنان تیرۆر و رەشەکوژیی بوو بۆ ژنان لە ژێر ناوی (ناموس و شەرەف). ئەوان ژنکوشتنیان کردە دیاردەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵگە. لە لایەکی دیکەوە تا ئێستا ژنکوژەکان ئازادانە دەسوڕێنەوەو سزای یاسایی نادرێن، یاسای لێبووردنی گشتییان لە پەرلەمان دەرکردوە و لەژێر ئەو ناوە بکوژانی ژنان ئازادانە دەسوڕێنەوە، کار بە یاسای دژە توندوتیژیی بەرانبەر بە ژنان ناکەن کە لە لایەن پەرلەمانەوە دەنگی پێدراوە. لە کاتێکدا ژنکوژەکان هیچ سزایەکی یاسایی نادرێن یاخود بەر یاسای لێبووردنی گشتیی دەکەون، ئەوە گومانی تێدا نییە کە پتر پەرە بە ژنکوشتن دەدا و بە بێ ترس ژنکوژەکان تاوانەکەیان دووبارە و سێ بارە دەکەنەوە.

**پایزە ئەحمەد**: **لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟**



سەرچاوە
Serchawe

**لاوژە جەواد**: من پێم وایە ئەوە رێکخراوەکانی ژنانن کە نەیانتوانیوە ببنە جێی متمانەی ژنان لە کوردستان، بەشی زۆری ئەو رێکخراوانە حیزبیین و سیاسەتی حیزبەکانیان دەبەنە پێشەوە، هەر حیزبەکانی ئەوانن لە هۆڵی پەرلەمان دەنگیان بە یاسای فرەژنیی داوە، هەر لە سایەی دەسەڵاتی حیزبەکانی ئەوانە کە ژنکوشتن پەرە دەسەنێ. زۆر جار بینیومانە و بیستومانە کە ژنانێک بۆ چارەسەری کێشەکانیان پەنایان بۆ ئەم رێکخراوانە بردوە، بەڵام ئەوان زۆر نابەرپرسانە رادەستی کەسوکاریان کردونەتەوە، بوونەتە مایەی ئازاردانی زۆرتریان، بە رای من ئەوە بۆتە هۆی لەدەستدانی متمانەی ژنان بەو رێکخراوانە. بەشێکی دیکە لەو رێکخراوانە فەلسەفەی بوونیان بۆ دژایەتییکردنی رۆشەنبیریی و مەدەنیەتە، ئەوانە خەبات و تێکۆشانیان بۆ هێشتنەوەی جێگە و رێگەی ژنانە لە پلەدوویی، لەوانە رێکخراوە ئیسلامییەکان.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**لاوژە جەواد**: خێزان لە چوارچێوەی خۆیدا کۆمەڵگەیەکی بچووکە چەمکی بەرەنگاریی و خەبات، ململانێی دەسەڵات، هۆشیاریی و کەشوهەوای سیاسیی و تا دەگاتە تێگەیشتن و دیموکراسییەت، تێیدا رۆڵ دەبینن، من پێم وایە هەر یەکێک لە ئێمە قوربانیی دەستی پیاوسالاریی و نایەکسانیی کۆمەڵگەین. ئەوەی بۆ خۆم دەگەڕێتەوە، من پێم وایە لە چوارچێوەی خێزاندا مرۆڤێکی تەواو ئازادم و لەگەڵ هاوسەرەکەم لە پەیوەندییەکی یەکساندا دەژیم. ئەمەش وا بە ئاسانیی بە دەستم نەهێناوە، خەبات بۆ یەکسانیی ژن و پیاو و گۆڕانکاریی بە قازانجی ژن لە خێزانەکەی خۆمەوە دەستم پێکردوە، سەرەتا بۆ ئازادیی خۆم خەباتم کردوە و لەو رێگەیەشدا قوربانیی زۆرم داوە و شانازییشی پێوە دەکەم. ئەگەر ژن لە چوارچێوەی خێزانەکەی خۆیدا دەستی ئاوەڵە نەبێ، دژوارە بتوانێ شەڕ بۆ رزگاریی ژنان و یەکسانیی ژن و پیاو بکا.



سەرچاوە
Serchawe

## ٢٤- لەنجە عەلی:



**پیاو خۆی پەروەردەی ژنی دیل و چەوساوەیە، کەواتە خۆی تاکێکی دیل و ناتەندروستە، گرنگترین خاڵ بۆ ئازادیی ژنان نان پەیداکردنە.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**لەنجە عەلی**: من پێم وایە هەر یەک لەوانەی سەرەوە هەمیشە کاریگەریی زۆریان هەبووە لەسەر پیاوان. سروشتی پیاو خۆی لە مێژوویەکی کۆنەوە (کاتی راوشکار) سەرچاوەی گرتووە.. کاتەک کە خۆی نان پەیداکەر بووە، ئەوەش بۆ خۆی دەسەڵاتەکی زۆری داوەتە نێرینە، چونکە پیاو منداڵی نەبووە و پێکهاتەی جەستەشی گونجاوتر بووە بۆ کاروباری نان پەیداکردن. سەرەنجام ئێمە هەموومان پەروەردەی کۆمەڵگەین، کۆمەڵگەش بەرهەمی دین و دابونەریت و سیستەمە، کەواتە ئەو هۆکارانەی سەرەوە کە باسمان کردن بە شێوەیەکی سەرەکیی کاریگەرییان لەسەر پیاو هەبووە.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**لەنجە عەلی**: نەخێر، بە تەنیا پیاو بەرپرس نییە.. چونکە پیاو خۆی پەروەردەی ژنی دیل و چەوساوەیە، کەواتە خۆی تاکێکی دیل و ناتەندروستە ئەگەر ژنێکی دیل و چەوساوە پەروەردەی کردبێ.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەرێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**لەنجە عەلی**: هەڵبەتە بۆ نەهێشتنی هەر تاوانێک لە هەر کۆمەلگەیەکدا پێوستە یاسا هەبێ. چون مرۆڤ پێوستی بە رێکخستن و لێپرسەنەوە هەبووە و بۆ هەمیشەش پێویستیەتی.. ئەگەر نا دونیا دەبێتە جەنگلستان. کەواتە بە دڵنیاییەوە ئەرکی هەر سیستەمێکە کە یاسای تۆکمە و توندوتۆڵ دابرێژێ بۆ رێگەنەدان بە مرۆڤکوشتن یان ژنکوشتن یان هەر توندوتیژییەکی دژ بە مرۆڤەکان.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەرێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**لەنجە عەلی**: ئێمە هەموو دەزانین کە نێرەنەکان دەسەڵاتیکی زۆریان هەیە لە حکومەت و سیستەمەکانی جیهاندا، هەر بۆیە پیاوسالاریی لە هەموو دامودەزگە و رێکخراواکاندا رەنگدانەوەی هەیە. هەروا زۆرینەی ئەو ژنانەی کە لە رێکخراوەکاندا کار دەکەن خۆیان ئازاد نین و نازانن واتای تەواوی ئازادیی چییە، کە دەڵێن ئازادیی تەنیا ئەوە نییە کە لە پیاوسالاریی ئازاد بیت بەڵکو دەبێ لە سەرجەمی بوارەکان و لە هەموو شتەکان ئازاد بیت.. هەر بۆیەشە تا ئێستا زۆر بە داخەوە جێدەستی ئەو رێکخراوانە وەک پێوست دیار نەبووە.

من پێم باشە کە ژن و پیاوی ئازاد ئەو رێکخراوانە بەرێوەببەن نەک ژن و پیاوی ئازادییخواز چون جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان ئازاد و ئازادییخواز.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**لەنجە عەلی**: من دڵنیام کە هەموو ژنێک لەم جیهانەدا پریشکی چەوسانەوە و کۆیلایەتی و پیاوسالاریی بەرکەوتوە ئیتر بە

هەر جۆرەک بێ. خۆشبەختانە من خاوەن دایکێکی تا رادەیەک ئازاد بووم و زۆریش کۆششی کردوە کە ئازادانە پەروەردەمان بکا. من ژن پەروەردەی کردووم و دایکیشم هەر ژن پەروەردەی کردوە، نەنکیشم و دایکیشم خاوەن کاری خۆیان بوون واتە هەر ئەوانیش خێزانەکەیان بەرێوە بردوە. بەڵام ئازاری هەموو ژنێک بە هی خۆم دەزانم چونکە هەستمان هەمان هەستە رۆحمان هەر یەکێکە و پێکهاتەی جەستەمان هەر یەکە و بایۆلۆژییمان هەر یەک جۆرە. هەر بۆیەشە زۆر بە ئاسانیی هەستم بە چەوسانەوەی خۆم کردوە ئەگەر خۆم هەندێک ئازادیش بووبێتم.

من پێم وایە کە گرنگترین خاڵ بۆ ئازادیی ژنان نان پەیداکردنە واتە فێرکردنی بۆ دابینکردنی نان.. ئەوە بۆ خۆی زۆر سەربەخۆی دەکا چونکە ئەو کات دەبێتە خاوەن نانی خۆی و لەوێشەوە دەتوانێ هەنگاوەکانی تر بنێ وەک فێربوونی خوێندەواریی و لەویشەوە هۆشیاربوونەوە، کاتێکیش کە مرۆڤ هۆشیار بوو ناتوانێ دیل و کۆیلەی هیچ مرۆڤێک و بیروباوەرێک و هیچ کۆمەڵگەیەک بێ.



سەرچاوە
Serchawe

## ٢٥- شیلان عەبدوڵا:



**پیاوسالاریی نەخۆشیی کۆمەڵگەیە، بەڵام تا پێکهاتەی حکومەت دین و ئاغا و خێڵگەریی بێ هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**شیلان عەبدوڵا**: یەکەم شت کە پێویستە باسی بکەین ئەوەیە کە پیاوسالاریی یان سیستەمی پیاوسالاریی واتە نەخۆشیی کۆمەڵگە، بەو پێیەی کە تەنیا پیاوە مافی هەموو شتێکی هەیە لە بڕیاردان و جێبەجێکردنی هەموو کایەکانی نێو کۆمەڵ. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆمەڵگە لە چ نەخۆشییەکی کوشندەدایە کە هەموو بوارەکانی ژیان تەنیا بە شێوەی بیرکردنەوەی پیاو دارێژراون و هەر پیاویشە تەنیا سوارەی مەیدان.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**شیلان عەبدوڵا**: پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئایا هۆکاری پیاوسالاریی چییە.. یان تا چ رادەیەک مەترسیی هەیە بۆ سەر ئێستا و ئایندەی کۆمەڵگە. بە کورتییەکەی پیاوسالاریی ئەگەر بە تەواویی لێی وردبینەوە رێک بە واتای ناهۆشیاریی پیاو دێ.. ئیدی کە بەشێکی زۆری کۆمەڵ ناهۆشیار بن سەرەنجام هەر ئەو کۆمەڵگەیە چەوساوە و دواکەوتووەی لێ بەرهەم دێ کە هەمانە!

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**شیلان عەبدوڵا**: ئەوە زۆر راستە و منیش لەگەڵ بیر و تێڕوانینی ئەو خەڵکە دام، چونکە دەسەڵات لە دەستی حکومەتە و دەتوانێ چاکسازیی بکا بۆ نەهێشتنی ئەو جۆرە دیاردانە، بەڵام تا پێکهاتەی حکومەت دین و ئاغا و خێڵگەریی بێ هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ...

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانیی‌خواز پێکبێ؟

**شیلان عەبدوڵا**: من ئەوە دەگێرمەوە بۆ کۆمەڵە و سەنتەرەکانی داکۆکیی لە مافەکانی ژنان کە تا ئێستا کارێکی وایان نەکردوە بڕوا و متمانە پەیدا بکەن لە نێوان خۆیان و ژنانی کۆمەڵگەی کوردیدا، دەنا پێکهاتەی ژن وەک مرۆڤ هیچی کەمتر نییە لە پیاو.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**شیلان عەبدوڵا**: منیش وەک هەر تاکیکی مێینەی ئەو کۆمەڵگەیە بێبەش نیم لەو کۆیلایەتییە، بەڵام تا ئێستا خۆم گونجاندوە و سەری خۆم داخستوە!



سەرچاوە
Serchawe

## ٣٦- بەیان ناسیح*:



**دینەکان رۆڵێکی گەورەیان بینوە لە چەسپاندنی ئەو جیاوزییانە، دەبێ دەسەڵات بە کردەوە کار بۆ کێشەی کوشتنی ژنان بکا نەک تەنیا بە قسە.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**بەیان ناسیح**: مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و هیچ منداڵێک بە سروشتی درەندەیی و حەزی چەوسانەوەی رەگەزی بەرامبەرەکەی لە دایک نابێ. کاتێکیش منداڵێک بە کەموکورییەکی تایبەتیی لە دایک دەبێ، ئەوەی کە لە زگماکەوە جۆرە هەڵەیەکی بیۆلۆژیی لە مێشکیدا روودەدا ئەوە شتێکی ترە و ناکرێ بیدەیتە پاڵ رەگەزێکی تایبەت بەڵکو تایبەتە بەو کەسە جا دەکرێ ئەو کەسە لە هەر شوێنێکی دنیا بێتە دنیاوە.

سروشتی نێرینە یان مێینە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و لێکۆلینەوە و زانیارییەکان کۆکن لەسەر ئەو تایبەتمەندییانە، بەڵام ئەگەر بێینە سەر گەوهەری رەفتارکردن، رەفتاری بەد، رەفتاری چەوسێنەر، رەفتاری توانای کوشتن، رەفتاری رق، رەفتاری تەنیا خۆ بە راست زانین، هەر رەفتارێک کە دوور بێ لە بیرکردنەوە، رەفتاری جۆراوجۆر کە فێرکراون، رەفتاری تەمەن هەزاران ساڵە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، ئەو رەفتارانە دەکرێ وا پێناسە بکرێن کە هەموو ئەو رێسا و

دابونەریتانەیە بە دینیشەوە کە مرۆڤەکان پارێزگاریی لێ دەکەن بۆ مانەوەیان. یاسا و پاسەوانی بۆ دانراوە، ئەوە دوای ئەوە بەوە گۆش دەکرێن کە ئەو نۆرمانە پیرۆزن، دەبێ پارێزگاریی لێ بکرێ. لێرەدا ئەو جیاوازییانەی لە نێوان ژن و پیاودا هەیە بە درێژایی مێژوو، کە پیاو سەردەستە و ژن ژێردەست، هەر لەگەڵ بێشکەی مرۆڤایەتیدا هاتۆتە کایەوە. کاتێک ژن منداڵی بووە و هێز و بازووی لە پیاو لاوازتر بووە و نەیتوانیوە شانبەشانی پیاو بچێتە راو و خواردن دابین بکا وەکو پیاو. دینەکانی دنیا هەر هەموویان رۆڵێکی زۆر گەورەیان بینیوە لە چەسپاندنی ئەو جیاوازییانە بە زیانی ژنان چونکە هەموو دینەکان دروستکراو و زادەی مێشکی پیاوانن.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**بەیان ناسیح**: ئەگەر بێینە سەر باسی رەوشی ژنان لە کوردستان، بێگومان راست نییە ئەگەر بڵێین هۆکاری چەوسانەوە تەنیا پیاوە. هۆکاری چەوسانەوەی ژنان نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانە کە بە ژن و پیاوەوە پارێزگاریی لێ دەکرێ، بە بەرزگرتنی واتای (شەرەف و نامووس)ە، نەخوێندەواریی و هەژارییە، نۆرمی پارێزگاریی کردنە لە هۆز و خێڵ، زاڵبوونی هەست بە شوورەیی کردنە، دەسەڵاتی دواکەوتوو و نادیموکراتییانەیە، نەبوونی مافە، نەبوونی بیری هاوڵاتیبوونە، نەبوونی بیری سەربەخۆی تاکەکانە... هتد.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**بەیان ناسیح**: بێگومان یەکێ لە کارەکانیی دەسەڵات و حکومەت پاراستنی گیانی هاوڵاتیانە بە ژن و پیاوەوە بەڵام کاتێ کوشتنی ژنان و ناچارکردنیان بە خۆکوشتن بە قەد شەرێکی ناوخۆ ژنان گیان لەدەست دەدەن، دەبێ دەسەڵات کێشەی کوشتنی ژنان بە کێشەیەکی زۆر سەرەکیی و زیندوو دابنێ و بە کردەوە کاری بۆ بکا نەک تەنیا بە قسە.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**بەیان ناسیح**: رێکخراوەکانی ژنان بەرهەمی ئەو کەشوهەوایەن کە دەسەڵات و حکومەتی تێدا دروست بووە. نەبوونی ئەزموونی دیموکراتی راستەقینە و هەستی حیزبپەرستیی هۆیەکی گرنگە کە ژنان روو لە رێکخراوەکان ناکەن، هۆیەکی تریش پێم وایە

ئەزموونی چەند ساڵەی ژنان ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕێکخراوەکان نەیانتوانیوە جیاوازیی دروست بکەن لە ڕەوشی ژیانی ڕۆژانەی ژنان لە کوردستان، دیارە ڕێکخراوەکان هەرگیز ناتوانن شوێنی حکومەت بگرنەوە، بەڵکو دەتوانن یارمەتی دەربن.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی ڕزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ ڕێگەچارەکانت چین؟

**بەیان ناسیح**: من یەکێکم لەو ژنانەی کە هەرگیز لە لایەن پیاوێکی نزیکمەوە نەچەوساومەتەوە، هەرگیزش ڕێگە نادەم ئەوە ڕووبدا. بەڵام وەکو مێینەیەک هەمیشە ترسی کۆمەڵگە و یاساکانی کابوسێک بووە بەسەر سەرمەوە. من ئازادییم هەبوو بخوێنم، بڕۆمە دانیشگا بەڵام هەمیشە لەگەڵ ئازاری ئەو کچانەدا بووم کە ڕێیان پێ نەدەدرا. بڕوام وایە پەروەردەیەکی باشی منداڵ لە ناو خێزاندا بەردی بناغەی کەسایەتییە. کاتێک لە ماڵەوە جیاوازیی نێوان کچ و کوڕ نەکرێ، پەروەردەیەکی دروست و دوور لە شکاندنەوە و توندوتیژیی هەبێ، فەراهەمکردنی خوێندن و بڕوابوونی دایک و باوکان کە منداڵەکانیان موڵکی ئەوان نین بەڵکو کەسانی سەربەخۆن، چەند هەنگاوێکی پتەون بۆ گۆڕینی ئەو ڕێچکەیەی کە باوک برا و خێزان دەکا بە پاسەوانی (شەرەف و ناموس)، چاندنی تۆیەکیشە بۆ درستبوونی کەسی خاوەن خۆ لە دووارۆژ، چ پیاو چ ژن.

* بەیان ناسیح، توێژەری کۆمەڵایەتی.



سەرچاوە Serchawe

## ٢٧- ڤینۆس فایەق:



**دەبێ ژن خۆی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکە هەڵگیرسێنێ و کودەتا بەسەر خێزان و کۆمەڵگا و تەواوی سیستەمی پیاو/ باوکسالارییدا بکا.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**ڤینۆس فایەق:** زۆر فاکتەر هەن رۆڵ دەبینن لە زەقکردنەوەی چەمکی نێرایەتی لە هزری کۆمەڵگادا، بە پیاو و ژنیەوە، هەر لە پەروەردەوە و دابونەریت و دینەوە بیگرە هەتا دەگاتە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری. مەسەلەکە ئەوەنیە کوڕ کە لەدایک ئەبێت ئیتر ئەبێت لە جینەکانیا شتێک هەیە وای لێئەکات سەردار و سالار بێت، بیردۆزی بەپیاوکردن و بەنێرکردن موکتەسەبە واتا وەریدەگرێت، لە پەروەردەی خێزانی، دینی و سیستەمی سیاسی....هتد، بیرمان نەچێت بەشێکی ئەو پەروەردەیە ژن وەکوو دایک تیا بەشدارە و بەرهەمی ئەهێنێتەوە، کێمان دایکی بەناوی عەیبە و عارەوە رێگری زۆر شتی لە کچەکەی نەکردوە؟ تەنانەت هەندێ کچ کە بەدەستی باوک و برا کوژراون بەبەرچاوی دایکەکانەوە کوژراون، کەواتە فاکتەرەکان موشتەرەکن، ئێمە کۆمەڵگاکەمان کۆمەڵگایەکی پیاوانەیە لە هەموو بوارەکاندا، لەبازاڕی کاردا، سیاسەت و لە ئابووریدا کە سەرچاوەی چەوسانەوەی ژنە.

مرۆڤ کە لەدایک ئەبێت، نە دین، ئایدیۆلۆجیا نە هیچ ئاڕاستەیەکی حزبی و تەنانەت ئەخلاقیش نازانێت، ئەمانە هەمووی وەردەگرێت، بەپێی ئەو ژینگەیەی تیا گەورە دەبێت، ئەگەر کوڕێک یان کچێک لە دایک و باوکێکی ئەوروپیش لە دایک بووبێت و بە کۆرپەیی بیبەیت لە خۆرهەلآت و، بەتەحدید لە کوردستان پەروەردەی بکەیت هەمان نۆرم و بەها و ئێلێمنتە ئەخلاقی و فکری و کەلتووریەکان وەردەگرێت و لە ژیانیدا پەیڕەوی ئەکات، کەواتە دەوروبەر و کەلتوور دابونەریت و دین و سیستەمی سیاسی و ئابووری و.... هتد ئەو فاکتەرانەن کە کارەکتەری مرۆڤ دروست دەکەن، هەرچەندە ئەوانەش بەرهەمی مرۆڤن، بەلآم قابیلی دەستکاریکردن و پێشخستنن، چونکە مرۆڤ بە سروشت وەگرە و قابیلی گۆڕانە، بەلآم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەک و لە کەسێکەوە بۆ کەسێک و لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر بە رێژە ئەگۆڕدرێت.

**پایزە ئەحمەد:** ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**ڤینۆس فایەق:** خێزانێک لە کەشوهەوایەکی تەندروست و کراوەدا منداڵەکانی پەروەردە بکات، لەسەر پرنسیپەکانی یەکسانی مرۆڤەکان لەهەموو بوارەکاندا، مومکین نیە ببینیت برایەک لەخۆی بە کەمتر سەیری خوشکەکەی بکات یان پیاوێکی دەستێکی سووک لە ژنەکەی بنێت، ئەمە پەیوەستە بەو ژینگەیەوە کە مرۆڤەکانی تیا پەروەردە ئەبن، ژن و پیاویش وەکوو یەک بەشی خۆیان لە پەروەردە وەرئەگرن. لە خێزانێکدا کە لەسەر بنەمای نێرایەتی گەورەیی پیاو دەسەلآت لەدەستی پیاودا چڕبکاتەوە، حەتمەن ژنەکان بێئیرادە و پاسیڤ دەردەچن، بەلآم ئەمەش بەپێی قۆناغە تەمەنیەکانیش و بەپێی ئەو گۆڕانکاری و زانیاریانەی کە مرۆڤ وەریدەگرێت قابیلی گۆڕانە، بۆ نموونە ژن پێش ئەوەی شووبکات بەجۆرێک بیر ئەکاتەوە و هەڵوێست ئەنوێنێ، بەلآم کە شوو دەکات ئەچێتە قۆناغێکی تری تەمەنەوە کە هوشیاری و تێفکرین و دنیابینی ئەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەگەر ژنێ لەخۆی نەپرسی: بۆچی من سووکایەتیم پێدەکرێ لەبەر ئەوەی ژنم؟ و هەڵوێستی لەبەردەم ئەمەدا وەرنەگرت ئەوە هێشتان ناهوشیارە یان لەبەر دەسەپاچەیی ناوێرێت ئەو پرسیارە لەخۆشی بکات. ئەمە پەیوەندی بە خوێندن و ئاستی زانستیەوە نیە، بە هێندی ئەوەندەی پەیوەندی بەوەوەیە ئێمە وەکوو ئینسان تا چەند رێز لە کەرامەتی خۆمان ئەگرین و خۆمان بە یەکسان بە رەگەزی بەرانبەر ئەبینین، یەکسانبوون لەوێوە دەستپێئەکات کە ژن خۆی لە پیاو بە کەمتر نەبینێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرانبەر بە پیاو بوەستێت و بەرەنگاری بێتەوە لەهەموو بوارەکاندا بەتایبەت لە بواری ئابووری و سیاسیدا..

**پایزە ئەحمەد:** هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەلآتداران رادەکێشێ، بەرێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**ڤینۆس فایەق:** بەوپێیەی توندوتیژی دیاردەیەکی کەونیە و پەیوەست نیە بە جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە، لەهەموو شوێنێک

سەریهەڵداوە و کەمتازۆر درێژەی هەیە، بەڵام ئەوەی وای کردوە کۆمەڵگایەکی بۆ نموونە ئەوروپی جیاواز بێت لەگەڵ کۆمەڵگایەکی وەکوو کوردستان و حاڵەتەکانی ژن کوشتنی تیا کەمتر بێت یان تاڕرادەیەک دەگمەن روودەن، یاسا و سیستەمی بەڕێوەبردن و رێزگرتن لە بوونی ژن و زەروورەتی ئامادەگی ژن لە هەموو بوارەکاندا، کە سیستەمێکی سیاسی و ئابووری و خزمەتگوزاری کەشوهەوایەکی تەندروستی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا خوڵقاند و ئیشی جیددی لە بەردەام هوشیارکردنەوەی تاک و بەردەوام ئەپدەیتکردنەوەی و تازەکردنەوەی زانیاریەکانی لەبواری رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەت ژن و، ژنی خستە جێگە و پێگەی شایستە بەخۆی و وەکوو پیاو رێگەی پێدا لە کۆمەڵگادا خزمەت بکات و بڕیاردەر بێت وەکوو پیاو، ئەو کاتە پیاو ناتوانێت دەستی بچێتە خوێنی ژنێکەوە، ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگاکان لە وڵاتێکدا تۆکمە بوون و بەبێ جیاوازی بەسەر هەمواندا سەپێنرا و هەموان وەکوو یەک پەیرەوی بکەن، ئەو حەتمەن ژنکوشتن لە دیاردەوە دەبێتە حاڵەت و بگرە وردە وردە نامێنێت..

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**ڤینۆس فایەق**: رێکخراوەکانی ژنان بە بڕیار و پرەنسیپی حزبی دروستبوون، لەژێر چەتری حزبەکاندا چالاکی ئەکەن، ئەگەرچی ئیشیان کردوە، بەڵام هەمیشە مۆرکی حزبی بە رێکخراوەکانەوە دیارە و ئەمەش دوو حاڵەتی زەقی لێکەوتۆتەوە، یەکەم پەرتبوون لەنێوان دەیان و سەدان رێکخراو کە هەمان ئەرک و ئامانجیان هەیە، دوەم تەسکی سنووری چالاکیەکانیان، بۆ نموونە رێکخراوەکانی بنباڵی پارتی هەر ناوچەی پارتی چالاکن و، بۆ ئەندامەکانی خۆیان کە لەبنەمادا پارتین و هەروەها ئەو ژنانەش روویان تێدەکەن کە لایەنگر و شوێنکەوتووی پارتین، هەمان شتیش بەنیسبەت رێکخراوەکانی بنباڵی یەکێتی و سۆسیالیست و گۆڕان و تەنانەت رێکخراوەکانی حزبە دینیەکان، لە کاتێکدا کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بەو هەموو رێکخراوە نیە، بەڵاکوو پێویستی بە چەند رێکخراوێکی جەماوەری و نیشتیمانیە کە کە شار و ناوچەکانی تر لق و بارەگایان هەبێت و سیستەمێکی حکوومی تۆکمە سەرپەرشتیان بکات و بودجەیان بۆ دابین بکات.

زرۆجار من وتوومە ئێمەی دۆز وکێشەی ژنمان نیە، ئێمەی دۆز و کێشەی پیاومان هەیە لە کۆمەڵگادا، هەڵبەتە گرنگە پیاویش لەناو ئەو رێکخراوانەدا چالاک بێت، مەرجی ئەوەی لە ئیمانی تەواویانەوە بێت بە دۆزی ژن، نەک بڕیاری حزبی لە پشتەوە بێت..

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی

**پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ ڕێگەچارەکانت چین؟**

**ڤینۆس فایەق**: بەبێ چوونە ناو وردەکاری ژیانی تایبەتەوە، باوەڕی قووڵم هەیە هەموو ژنێک ئەتوانێت یەکەم و گرنگترین هەنگاو بنێت بەرەو یەکسان بوونی بە پیاو، ئەویش درککردن بەو واقیعەی کە تیا ئەژی و رەتی بکاتەوە، بەڵام چۆن رەتی ئەکاتەوە ئەمە پرسیارەکەیە. ئەوەی من لێی نیگەرانم ئەوەیە کە هەتا ئیستاش ژنەکانمان کە قوربانی توندوتیژی پیاون، ئامادەنین هەنگاوکی بوێرانە بنێن و بچنە سەر تەلەفزیۆن و کۆمەڵگا راچڵەکێنن، کەی ئەمە کرا ئەوسا گۆڕانکاری دەستپێئەکات، هەتا کەی قوربانی چاوەڕێ بێت یەکێکی تر باسی دۆزەکەی بکات، ئەمە وەکوو میللەتە چەوساوەکان وایە، ئەگەر میللەتی چەوساوە خۆی رانەپەڕێت، میللەتێکی تر نایەت لەجیاتی ئەو شۆڕشی بۆ بکات، دەبێ ژن خۆی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکە هەڵگیرسێنێ و کودەتا بەسەر خێزان و کۆمەڵگا و تەواوی سیستەمی پیاو/ باوکسالارییدا بکا.، دەبێ لەسەر ئەم بنەمایە ژن و پیاو هۆشیار بنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## ٢٨- بەهرە حەمەڕەش:



**باڵادەستیی پیاو و دین پێکەوە بەستراونەتەوە، من تا سەر ئێسقان هەر دەسەڵاتێک رەتدەکەمەوە کە بیەوێ مافی ئەوانی دیکە زەوت بکا.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**بەهرە حەمەڕەش**: هەردوو هۆکار هەر یەک بە ئاست و رێژەیەک کاریگەرن، هەندێ هۆرمۆنی پیاوانە هەن کە کاریگەرن لەوەی پیاو بە رادەیەک وەک ژن نەرمونیان نەبێ، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکاری ئەوەی بڵێین پێکهاتەی لەشی پیاوان هۆکارە بۆ توندوتیژیی، هەر مرۆڤێک بەرهەمی ئەو ژینگەیەیە کە تێیدا دەژیێ، دابونەریت، راڤە و لێکدانەوەی سادە بۆ دین، وای کردووە کە هەمیشە پیاوان باڵادەست بن و بگەنە هەرەمی دەسەڵات، دین کاریگەرییەکی یەکجار بەربڵاو و قووڵی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و فەرهەنگیی ئێمەدا هەیە، بە ئاستێک کە وەک مۆرکانە تەواوی ژیانی کۆمەڵی کوردی تەنیوە، لە هەر کۆمەڵگەیەکیش دەسەڵاتی دین باڵادەست بێ، پیاو باڵادەست و خاوەن بڕیار و دەسەڵات دەبێ، بە تایبەتییش لە دینی ئیسلامدا، کە هەر یەک لە شێخ و مەلا و موفتی و فەتوادەرانی پیاوان، کەواتە هەمیشە فەتوا و لێکدانەوەی دین لە بەرژەوەندیی پیاودا دەکرێ، لە ئایینی ئیسلامدا ژن بۆی نییە ببێتە مەلا و پێشنوێژ بکا، نەکا سەرنجی ئەو پیاوانە راکێشێ کە لە دواوەی ئەو نوێژ دەکەن، کەواتە لێرەدا تێڕوانینی ئیسلام بۆ ژن تەنیا وەک ئامرازی وورووژاندنە، هەر لە ئیسلامدا

دەڵێ، کە ژن پێویستە بە رادەیەک گوێڕایەڵی مێردەکەی بێ کە ئەگەر پیاوەکەی مۆڵەتی نەدا سەردانی ماڵی باوکیشی نەکا. هاوکات پیاوێک بۆی هەیە لە یەک کاتدا چوار ژنی هەبێ، یاخود حەوا لە پەراسوی چەپی ئادەم دروستکراوە، لە ئیسلامدا ژن بۆی نییە کاری بازرگانیی بکا، هەروەها باوانی دەتوانن کچەکەیان بە کچێکی تر بگۆڕنەوە، ئەو مرۆڤ گۆڕینەوەیە لە ئیسلامدا حەرام و رێ لێگیراو نییە، یاخود لە جەنگەکانی ئیسلامدا ژن وەک کاڵاکانی تر غەزوو کراوە و بەتاڵان گیراوە، ئەم حیکایەتانە و دەیان حیکایەتی تر هەن، کە باڵادەستیی پیاو بە باڵادەستیی دین دەبەستێتەوە، لێرەدا ژن تەنیا وەک ئامرازێک بۆ خۆشگوزەرانیی پیاو دەخرێتە ژیان و بەخشینی پلە دوویی بە ژن لەم حیکایەتانەوە دەستپێدەکا. دابونەریت یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی تری چەوساندنەوەی ژنە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەو ئاستەی کە هەمیشە ژن وەک کەرەستەی بەرهەمهێنانی منداڵ و خزمەتکردنی ماڵ و تێرکردنی ورگ و سێکسی پیاو، ئەژمار کراوە، لە کام ماڵ دیوەخان گەرمتر بووبێ ژن چەوساوەتر بووە، بەو پێیەی تا ئێستا دیوەخان و دەسەڵاتی دیوەخان لە کۆمەڵی کوردیدا لەبرەودایە، بە ئاستێک کە حیزبە بە ناو دیموکرات و مەدەنی و سۆشیاڵ دیموکراتەکانیش، پارەی دیوەخانانە دەبەخشنە خاوەن دیوەخانەکان، کەواتە هێشتا ژن کۆیلە و ژێردەستە، چونکە لە دەسەڵاتی دیوەخاندا تەنیا پیاو خاوەن قسە و بڕیارە، پیاو دەتوانێ بڕیاری ژیان و مردن لە دیوەخانەوە دەربکا. هەمیشە پیاوانی دیوەخان زیاتر لە ژنێک دەکەنە کۆیلە و بەناوی هاوسەرگیرییەوە حەزەکانی خۆیانی پێ تێردەکەن. حیزبەکان و دەسەڵاتی سیاسیش لە هەر کەسێک زیاتر بەرپرسیان بەرامبەر بە درێژەدان بە دەسەڵاتی دیوەخان، بەرامبەر بە چەوساندنەوەی ژن و رەواییدان بە ژنکوشتن، نموونەی بەرچاوی ئەوەش هەبوونی مەکتەبی کۆمەڵایەتی حیزبە باڵادەستەکانە کە نموونەی دیوەخانی حیزبیین، خۆنواندنی سەرکردە چەپەکانی دوێنێ و نوێژخوێنەکانی ئەمڕۆیە، کە بۆ بەرژەوەندیی و بەدەستهێنانی کورسی و دەسەڵات بەر لە هەر شتێک ژن دەکەنە قوربانیی، دەسەڵاتی سیاسی کوردی تا ئێستا ئەو ئازایەتییە لەخۆی رانابینێ، کە بەئاشکرا عەلمانیەتی خۆی رابگەیەنێ، پەیڕەوکردنی دووفاقیەت لە دەسەڵات هۆکارێکی ترە، لە کوردستان هەموو دەسەڵاتەکان دژی ژنن، ئەو دەنگانەش کە هەن کپ و بچووکن، ئەگەر ئەو ئیرادەیەش هەبێ لە ترسی دەنگ لەدەستدان بە ئاشکرا نایەنە گۆڕەپانەکە، ئەو هەنگاوانەی دەسەڵاتی کوردی تا ئێستا بۆ رزگارکردنی ژن لە دیلێتی و چەوسانەوە ناویەتی هەنگاوی زۆر شەرمنانە و ترسنۆکانەن، بە رادەیەک نەیانتوانیوە لێپرسینەوە لەگەڵ مەلا یان فەتوادەرێکی توندوتیژ بکەن.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**بەهرە حەمەڕەش**: چەوساندنەوەو بە نیوەمرۆڤ زانینی ژن، لە کۆمەڵگەی کوردیدا رەهەندێکی قووڵ و فرەلایەنی هەیە، چەوساندنەوەی ژن بە ئاستێک ئاوێتەی دەزگا گەورە و بچووکەکانی کۆمەڵگە کراوە، کە تەنانەت ژنیش پێیوابێ ئەو جیاکارییە رەگەزییە نامرۆڤانەی بەرامبەری دەکرێ رەوایە، تا ئێستا رێژەیەکی بەرچاوی ژنان بە مافەکانیان ئاشنا نین، زۆر جار ئەگەر باسی ماف بۆ ژنێک بکەی و داوای لێبکەی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کۆشش بکا، یاخود دژ بە لێدان بوەستێتەوە دەڵێ



سەرچاوە
Serchawe

"چیبکەین خوا وای دروست کردووین!!!!!". ئەو باوەڕپێهێنان و خۆ بەکەم زانینە بەرهەمی سەدەیەک چەوساندنەوە و بەکۆیلەکردنی ژنە، تا ئێستا دایک جیاوازیی لە بەخێوکردنی منداڵەکانیدا دەکا، منداڵی کچ دەکەنە خزمەتکار و بەردەستی منداڵی کوڕ، داوا لە کچەکە دەکەن شەرمن بێ و کوڕەکە بێ شەرم!! تا ئێستا دایک کچەکەی خەتەنە دەکا تا کە گەورەبوو ئابڕوویان بپارێزێ، لکاندنی (شەرەف و ناموس) بە جەستەی ژنەوە بنچینەی چەوساندنەوەی ژنانە کە لەنەریتی کوردەوارییدا نەگۆڕە، لەم نەریتە بۆگەنەدا ئەگەر کوڕ دزیی و دەستبڕیی بکاتی، بە واتا باوەکەی کۆمەڵگە بێ رەوشت نییە، بەڵام ئەگەر کچەکەیان کەسێکی خۆش بوێ پێویستە باجەکەی بە ژیانی بدا، دایک بۆی نییە بە بێ پرسی کوڕەکەی بڕواتە دەرەوە بەڵام کوڕەکە بۆی هەیە دایکی بکوژێ!! ژن و پیاو خاوەنی هەمان پەروەردەی سەقەتن، ئەو خێزانەی کوڕیان نەبێ بەر لە هەر کەسێک ژنەکە پێیوایە وەجاخ کوێرە!! ئەمە جگە لەوەی ئافرەت پەروەردەیەکی وەها کراوە کە لە تەمەنی دە ساڵییەوە کۆشش بکا، بە جۆرێک بژی پیاوێک پێی رازیی بێ و لە دوارۆژدا بیکا بە ژنی خۆی، ژنی گوێڕایەڵ، شەرمن، خزمەتکاری باش، نەزان، باشترین ژنن بە پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگە، لە کۆمەڵگەی کوردیدا ژن بۆ خۆی ناژێ، هەمیشە بۆ رازیکردنی کەسانی دەروبەر کۆششکردن دایە. رێگاچارە بۆ رزگاکردنی ژنی کورد لە دیلیی و چەوساندنەوە، بەر لە هەر شتێک پێویستە هاومافیی نێر و مێ لە پرۆسەی پەروەردەوە دەستپێبکا، پێویستە ناساندنی مافەکان بخرێتە پرۆگرامی خوێندنەوە، لە قۆناغی بنەڕەتییەوە منداڵی کوڕ و کچ فێری یەکسانیی لە ماف و گیانی لێبوردەیی و خۆشەویستیی بکرێن، نەک چاندنی تۆوی پلە یەک و پلە دوو، خولی هۆشیاریی بۆ مامۆستاکان بکرێتەوە و رێگە نەدرێ مامۆستا بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی بکاتە رێبازی خوێندنی قوتابییان. پێویستە حکومەت پلان و بەرنامەیەکی ستراتیژیی و تۆکمە و هەمەلایەنی هەبێ، دەزگای تایبەت بە کێشەکانی ژنان لە بەشی پۆلیس و دادوەریی بکاتەوە و ئەو کارمەندانەی لەو دوو بەشە کاردەکەن بخرێنە خولی هۆشیاریی و بە مافەکانی مرۆڤ ئاشنا بکرێن، پێویستە چارەسەری کێشە بنەڕەتیی و مەبدەئییەکان بکرێ، ئەرک و ماف بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێ، چاکسازیی لە بواری راگەیاندندا بکرێ و رێگە نەدرێ لە راگەیاندنەوە سووکایەتی بە ژن بکرێ، تا حکومەت خاوەن دەزگای لێکۆڵینەوەی زانستیی نەبێ ناتوانێ رێگاچارەی بنەڕەتیی بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژیی دابنێ، تا ئامارەکان بشاردرێنەوە و دەزگاکانی بە ناوی داکۆکییکردنی بە مافی ژن، تاوانەکانی چەکدارانی حیزب و حکومەت بۆیە بکەن، توندوتیژیی کەم نابێتەوە.

**پایزە نەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**بەهرە حەمەڕەش**: هەر کەس بەرێژە و شێوازی کوشتنی ژنان لە کورستان رادەچڵکێ جگە لە پیاوانی دەسەڵات، تاوانباری یەکەم و کەمتەرخەمی یەکەم و هۆکاری یەکەم لە تیرۆکردن و رەشەکوژی ژناندا حکومەتە، لەبەرئەوەی ئامارەکانی ژنکوشتن لە هەڵکشاندایە و شێوازی کوشتنیش ساڵ لە دوای ساڵ دڕندانەترە، مەگەر تەنیا لە ئەفغانستان ئەو شێوازە لە تیرۆری ژنان هەبێ، بەڵام حکومەت هەموو کۆششەکانی لە کردنەوەی چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی بێ بەرنامە و پلانێکی ستراتیژیی و

تەرخـانکردنی سـەرمایەی مـادیی و مرۆیـی پێویسـت بەو بـوارە کـورتکردۆتەوە، لە مـاوەی بیسـت و پێـنج رۆژدا هەشت ژن کـوژرا، بەڵام تـا ئێستا دەزگایەکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی کۆمەڵایەتی بۆ چارەسـەری ئەم پرسە نییە!! تـا ئێستا حکومەت کەسانێکی خەمخۆری کردەیی کە باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤ هەیە، تەرخان نەکردووە بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشانە، تا ئێستا حکومەت دەزگایەکی چاودێریی بەسەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەوە نییە کە بزانتێ چۆن کارەکانیـان بەڕێوەدەبەن، ١٦٠٠ رێکخراو هەیە بەڵام دەزگایەک نییە بۆ چاودێریی کردنیـان لە چۆنێتیی بەڕێوەبردنی کارەکانیـان و زانینـی رێژەی کاریگەرییـان بەسـەر کۆمەڵگەوە کە ئایا کارەکانیان و کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگەوە نەرێنییە یـان ئەرێنییە. ئەوەی کـراوە تەنیـا رووکەش بـووە، هاوکات کار پەیداکردن و پۆست پەیداکردن بووە بۆ کۆمەڵێک کەس، لەسەر حیسابی پرسی ژنـان. لە هەموو دنیـا توندوتیژیی بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرێ، بەڵام لە هیچ کوێیەکی دنیـا بە قەد کوردسـتان نییە، تـا حکومەت بێ دەزگـا و سیستەم بێ چارەسەری کێشەکانی ژنان و هەموو کێشەکانی تریش کاری نەکردەن.

**پـایزە ئەحـمەد**: لەبەرچی ژنـان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکـانی ژنـان دەکەن؟ یـان لەبەرچـی زۆربەی زۆری ژنـان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیـان نـازانن؟ ئـایە ئەوەش بە هـۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**بەهرە حەمەڕەش**: من پێموایە بەشێک لە کێشەکانی ژنـان، خـودی رێکخراوەکـانی ژنـان دروستییان کـردوون، چونکە ژمـارەیەکی یەکجـار زۆر رێکخراومـان هەیە، هەنـدێک لەو رێکخـراوانە خۆشیان بەرنـامە و سـتراتیژیەتی خۆیـان نـازانن، رێکخراوەکەیـان کردۆتە ئـامراز بـۆ گەیشتن بە هەنـدێک مەبەسـت و ئامـانجی کەسیی یـان حیزبیـی، لە کـۆمەڵگەیەکی وەک کـۆمەڵگەی ئێمەدا کـارکردن لەسـەر پرسـی ژن مەسـەلەیەکی یەکجـار مەترسیدار و هەسـتیارە و پێویسـتی بە کەسـانی شـارەزا و لەخـۆبردوو و باوەڕبوون بە مافەکـانی مرۆڤ هەیە، کەسانێک کە پلانـی ئەوتۆیـان هەبێ کە ژنـان لە شێوازی کارکردنیـان زیانمەنـد نەکەن، رێکخراوەکـان و زۆرێـک لە بە نـاو چالاکوانـانی بـواری ژن، هەڵایەکـی میـدیایی گەورە بـۆ زۆر شت دروسـتدەکەن، هەمیشـە لە کەناڵەکانەوە بە شێوەیەکی بێ بەرنامە و لێکۆڵینەوەی زانستیی ژنان هاندەدەن کە چیتر بە چەوسانەوە رازیی نەبن، بەڵام کە لە باری واقعیدا ژنێک تووشی کێشەیەک دەبێ هەمان رێکخراو ئامادە نییە تا کۆتایی کێشەکە یارمەتیی ژنەکە بـدا، کەواتە لێـرەدا لەو جـۆرە کـارکردنەی رێکخراوەکانـدا ژنـان زیانمەنـدی یەکەمن، بـۆیە بە تێپەڕبـوونی کـات زۆربەی ژنـان باوەڕیـان بە رێکخراوەکان نامێنێ و بە پشتیوانیی خۆیانیان نازانن، هۆکارێکی تر بە دەزگایی نەبوونی حکومەتە کە بەرنامەیەکی پتەوی بـۆ پێگەیاندنی مرۆڤەکان و دانانی سیستەمێکی گونجـاو و سەردەمیی نییە، کەس هاوکـار نییە لە بەرەوپێشبیردنی رەوشی ژنـان، هۆکاری بنەڕەتییش شێوازی کاری حکومەت و بە دەزگایی نەبوونە، ئەگەر سیستەم دانرا هەموو کێشەکان ئۆتۆماتیکیی چارەسەر دەبن. ئەگەر هۆکاری شکستی کاری زۆر لە رێکخراوەکان پیاوانیش نەبن، ئەوا ژنانێکن تەنیا سمێڵیان نییە، من بینیومە ژنێک خەڵاتی یەکسانیی وەرگرتوە کە خۆی ژنی چەوساندۆتەوە، پیاو هەیە لەو بوارانە کاردەکا کە خۆی یاریی بە هەستی ژن دەکـا، با رێکخراوەکانی ژنان لەو کەسانە پێکبێن کە باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤە و خاوەن هێز و توانستی کارکردنن لەو بوارەدا،



سەرچاوە
Serchawe

ئیتر رەگەز مەرج نەبێ.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**بەهرە حەمەڕەش**: ئەو ژنانەی کە نەیانتوانیوە خۆیان لە نەریتەکانی بازنەی خێزان رزگار بکەن، زەحمەتە بتوانن باسی مافی ژنانی تر بکەن، ئەگەر نەریتە باوەکانی سنووری خێزانت نەشکاندبێ ناتوانی رووبەڕووی نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگە ببیەوە، واتا ژنێک لە رووی هزریی و ئابووریی و کاروباری رۆژانەوە خۆی ئازاد نەکردبێ ناتوانێ کۆشش بۆ ئازاکردنی ژنانی تر بکا، تا سەر ئێسقان هەر دەسەڵاتێک رەتدەکەمەوە کە بیەوێ مافی ئەوانی دیکە زەوت بکا، ئەو دەسەڵات و نەریتەی کە دەیەوێ مرۆڤ یان رەگەزێکی دیارکراو بچەوسێنێتەوە پێویستە لە لایەن کەسانی باوەڕدار بە مافەکانی مرۆڤ رەت بکرێتەوە و کۆشش بکرێ بە هەموان نەریتە باوەکانی بازنەی کۆمەڵگە بشکێنرێ، ژنانی ئازاد و لێهاتوو چاوەڕێ نەبن کۆمەڵ و کەسانی کۆنەپەرست لێیان رازیی بن، چونکە لە هیچ قۆناغ و سەردەمێکدا کەسانی رۆشنبیر و پێشەنگ ئەرێیان بۆ نەکراوە و گشت لێیان رازیی نەبوونە، بۆیە باشترین رێگاچارە خەباتی دەستەویەخەی ژنان و کەسانی یەکسانییخواز و مرۆڤدۆستە.

## ٢٩- نالە عەبدولرِحمان:



**دەسەڵاتداران و رێکخراوەکانیش پشکیان لەو تاوانکارییە هەیە.**
**بەقەد ئەوەی کێشەم لەگەڵ ستراکتۆرەکان هەیە لەگەڵ خێزانەکەم نیمە.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەلاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**نالە عەبدولرەحمان:** • هەموو ئەو ئامرازە مرۆڤکردانە کە هەر یەکەو بە پرەنسیپی جیا جیا و تایبەت و بەرژەوەندیی دیارکراوی ئاراستە و هزرێکی (مەوسوب) خزمەت بە رەوشی پیاوسالاریی دەکەن و پرۆسێسی گوێرایەڵیی ژن درێژە دەدەن... لەو فاکتەرە زەقانەش: ئایدیۆلۆژیا، نەریت، پەیمانگا کۆمەلایەتی و سیاسییەکان بە گشتیی.. لە سەرووی هەموو (گریدیەنت)ەکانەوەش کە پێم وایە سەرەکییترین کارێکتەری بژێنی دەسەلاتی پیاوسالاریی: ئاستی هۆشیاریی و ئامادەنەبوونی بۆ قوربانییدان (خودی ژن خۆی)ەتی... • لە ئەفسانەکاندا باسی پێکهاتەی جەستەی پیاو بە بەراوردی جەستەی ژن دەکرێ بەوەی جەستەی یەکەمیان لەوەی دووەمیان گەورەتر و ئێسک و ماسولکەکانیان پتەو و بەهێزترە، ئێ خۆ ژن دەتوانێ بە هۆی ئازارەکانیەوە یان تایپی هەمەجۆری توندوتیژیی و کۆسپ خستنەبەر رێگەی هەنگاونانییەوە ئەرکی ئەوە بێ بیری بەهێزتر بێ لە جەستەی بەهێزی پیاو. گەرچی ئەو گوزارەیە بۆ (کۆنتێمپۆرەر) واتایەکی ئەوتۆ نادا بەدەستەوە.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**ناڵە عەبدولرەحمان**: نەخێر، تەنێ پیاوان هۆکار نین بەڵکو بەشی زۆری ئەو سووچبارییە خودی ژن خۆیەتی.. خودی ژن و دەستی ژن بە رادەیەکی زۆر پشکدارە لە فۆرمی بکەری راستەوخۆ، ئەگەر بکەری راستەوخۆش نەبێ، ئەوە (هاریکار و هاندەر و... هتد)یە.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەرێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**ناڵە عەبدولرەحمان**: دەسەڵات و حکومەت و رێکخراوەکانیش بە گشتیی پشکیان لەو تاوانکارییە هەیە بەوەی دەبێ دەسەڵاتی یاسایی یان دادیی دەزگەیەکی تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوە لە کەیسی ژنانی هەرەشلێکراو بە مەترسیی جۆراوجۆر بکۆڵێتەوە (بە رێوشوێنی خێرا و گونجاو و سزای توند و خێرا بۆ بکەرانی تاوانی تایبەت بە رەگەزی مێینە و بە گەرەنتی و (بەیڵ)ی مرۆیی و ماڵیی). بە داخەوە چونکە ژن پەناگایەکی ئەوتۆی نییە و لە هەمان کاتدا خاوەن دەستمایە و سەرمایەی دیارکراوی خۆی نییە (تێزی مارکسیست و ئاراستە کۆمۆنیستیەکان جەختی زۆریان لە فاکتەری ئابووریی کردۆتەوە، تێزی بۆنگەر ( bonger theory ) کە تێزێکی دیکەی نوێیە لەسەر هەمان بنەمای مارکس و ئەنگلس لە هۆکاری تاوان دەکۆڵیتەوە من لێرە بە هۆکاری لاوازی ژنیشی دەزانم وەک ئەوەی فێمێنیزمی مارکسیست وای بۆ دەچی) ناتوانێ بەرگریی لە خودی خۆی یان تەنانەت گوزارشت لە ئازار یان لە کەیسەکەی خۆشی بکا، یان لە کاتی خۆیدا بەڵگەی دیارکراو و دروست وەدەست بهێنێ، ئەوەتە زۆر جار ئامادە نییە کێشەی ناو خیزانێکی داخراو بباتە دەرەوە نەوەک دەوروبەر بە لادەر و بەدرەوشت و نەشیاو لە قەڵەمی بدەن، چونکە ئەوەندەی رەگەزەکەی دیکە دەروازەی بوارەکانی لەبەردەم والایە و دەتوانی بیانوو یان پاساو بهێنێتەوە تەنانەت بگرە بۆ کوشتنی ژنیش بە پاساوی (نامووس) پارێزیی چ جای ئەوەی بە ئاسانیی لەکەدارکردنی لە لایەن تاکی دەرەوەی خێزانیش بگرە، ژن بۆی نالوێ یان باوەری پێ ناکرێ چونکە وەک ئاماژەم پێکرد نە خاوەن ئەو سەرمایەیە پارێزەری تایبەتیی هەبێ نە خاوەن پەناگە و شێلتەرە بۆ پارێزگارییکردن لە گیان و شکۆمەندیی خۆی، کەچی پیاوان هەرنا ئەگەر بێ پووڵیش بوون بە حیکایەتی بەناو بەدرەوشتیی ژنان و (نامووس)کرینەوە خەلکی لە خۆیان کۆدەکەنەوە و بڕوایان پێ دەهێنن، ئیدی کە ژنیش بە تەنیا دەمێنێتەوە ژیان وێرانەیەکە و ناچارە بە ئاسانیی خۆی بەدەستەوە بدا یان خودی خۆی بە هەر شێوازێک بێ لەناو ببا.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی

**پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی ڕێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟**

**ناڵە عەبدولڕەحمان**: زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراوەکانی ژنان دەستێکی باڵای خەرجبییداریی جۆرێک لە جۆرەکانی هەڵگری دروشمی ستراکتوری کۆمەڵگەی نێرسالارییان لە پشتە، باشترە روونتر بڵێم هەر حیزبێک چۆن لە پەیرەو و پرۆگرامکارییەکەی ئەندام بۆ بەردەوامبوونی بەرژەوەندییە جەماوەرییەکانی ڕێکبخا هەر ئاوەهاش دەیەوێ ژنان بە جیا لە خانەخانەی دیواری ڕێکخراوێک یان بە ناو یەکەیەکی حیزبیی ئامانجدار کۆ بکاتەوە کە بەوەش ئەوەندەی ئامانجی ناڕوونی سیاسیی حیزبەکەی دەپێکێ مەسەلەی ژن نا.

**پایزە ئەحمەد: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ ڕێگەچارەکانت چین؟**

**ناڵە عەبدولڕەحمان**: دەتوانم ئەوە بڵێم تا ئەو رادەی ئەوەی کە خۆم بڕوام پێیتی، ئەگەرچی جیا لەوەی بینین لە خێزان بۆ خێزانیکی دیکە گۆڕاوە و بگرە ئەوەشیان مەحاڵە تەنانەت ئەندامانی چوارچێوەی یەک خێزانیش وەکو یەکدی بیربکەنەوە و هەڵسوکەوت بکەن، لێ ئەورۆ ئەوەندەی خەڵکی دەرەوەی خێزانەکەت کێشە و قسەی بێ بنەما بۆ ژنانی چالاک (دیارە مەسەلەکە بۆ ژنانی دیکە جیاوازترە) ڕێکدەخا خێزانەکەی خۆی نا. من وەکی ژنێکی رۆژهەڵاتیی کێشەم لەگەڵ خێزانەکەی خۆم نییە بەقەد ئەوەی کێشەم لەگەڵ ستراکتۆرەکان هەیە، زۆر جار کێشەی قووڵی ئامانجی بنچینەدار مرۆڤ بەهێزتر و رق ئەستوورتر دەکا لەوەی بە پێچەوانەوە بیرووخێنێ، پێموایە کە دەبێ ئیرادەی ژن وەک پۆلا بێ ئەگەرچی دوای هەر کێشەیەک مرۆڤەکان بە گشتیی پێویستیان بە بێدەنگییەکی کاتیی و قووڵ دەبێ... لێ ئەوە واتای رووخان نییە بەڵکو رەنگە واتایەکی دیکە هەڵبگرێ لە شێوەی بیرکردنەوە بە پیلان و نەخشەڕێژییەکی دوور و ناوازەتر بۆ بڕینی مەودای ئامانج.



سەرچاوە
Serchawe

## ٣٠- کەژاڵ عەلا:



**ژنان کۆیلە و ژێردەستەی دابونەریت و جیهانبینیی پیاوسالاریی و ئاین و کلتوورن، تەنیا پیاوان هۆکار نین بەڵکە زۆربەی ژنانیش.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**کەژاڵ عەلا**: گومان لەوەدا نییە کە پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی (نێر) بە تەنیایی زۆرێک لە دەسەڵات و هێز و ئازادیی تایبەتی بەخشیوەتە پیاوان، بە جۆرێک کە شانازیی بە پیاوبوونی خۆیانەوە دەکەن بەم هۆیەوە ئەوان خۆیان وەکو شتێکی رەسەن دەبیننەوە لە بەرامبەر رەگەزی مێدا. هەر بۆیە لە بەرامبەر ژندا خۆیان بە جیاواز دەبیننەوە، زۆر شت بە مافی رەوای خۆیان دەزانن. وەک ئەوەی بە خۆیان دەڵێن سەرۆک خێزان و گەورەی ماڵ و ژنەکانیشیان هەمیشە لە خزمەتی خواستەکانی خۆیاندا دەبینەوە!! تەنانەت ئەم جیاوازییە لەکارەکانیشیاندا رەنگی داوەتەوە، بە بیانووی جۆراوجۆر یاخود عەیبە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا کاریان دابەشکردووە، وەک ئەوەی دەڵێن: (ئەوە کاری ئێمە نییە و "ژنانەیە" و ئەمەش کاری "پیاوانەیە"!). نموونەش زۆرن.. پەروەردەکردنی منداڵ، جل شتن و ئوتوکردن و میوانداریی و چێشت لێنان و پاککردنەوەی ماڵ... هتد! ئەم ئەرکە قورسانەیان خستۆتە ئەستۆی رەگەزی مێینەوە بە کاری ژنانەی دەزانن! لە لایەکی تریشەوە ئەم

جیاوازییە بە زەقیی لە هەڵسوکەوت و رواڵەت و پەیوەندیی سێکسیی و ئیشوکار و جلوبەرگ پۆشین و ئازادیی تاکەکەسیی و بەشدارییکردن لە سیاسەت و دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵات و داڕشتنی یاسا و رێساکانیش رەنگی داوەتەوە و لە گشت روویەکەوە پێگەی ژنیان سنووردار کردووە، بەڵێ جەستەی ژن لەبەر ئەوەی هەندێک سیفەتی تێدا نییە یاخود بە هۆی هەندێک کەمیی و عەیبی سروشتییەوە ژنانی گرفتار و پابەست کردووە و بەم هۆیەوە زۆرێک لە بەهاکانیان لێ زەوتکراوە و کراونەتە پلە دوو. بەڵێ پیاو لەبەر جیاوازیی جەستەیی رەهایە و ژنیش شتێکی دیکەیە.

ئاشکرایە لە هەر کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییدا کە ئاین و دابونەریت و کلتووری کۆن خاوەن دەسەڵات بێ، سیاسەت و یاسا و رێساکانیش لە ژێر دەستی ئەواندایە و ئەوانیش لە بەرژەوەندیی خۆیان دەیانووسنەوە. ئیتر چۆن رێگەدەدرێ ژنان سەرکەوتنی گەورە بەدەستبێنن؟! بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوان هەمیشە لە کۆششی ئەوەدان کە ئێمە هەر ژن بین و هەر بە ژنێتیی بمێنینەوە!! هەرچەندە زۆرێک لە رۆشنبیران و نووسەرانی پیاو هەنە کە باس لە یەکسانیی و نەهێشتنی جیاکاریی جێندەریی دەکەن، لەم بارەیەوە چەندین پەرتووکیان نووسیوەتەوە، بەڵام لە جیهانی واقعیدا ئەمانە هێشا هەر نووسراوێکن و کاریان پێنەکراوە و دوورن لە راستییەوە.. تەنانەت رەنگە نووسەری ئەم بابەتانەش کە بە کەسێکی دادپەروەر و فێمێنیزم لە قەڵەم دەدرێ، خۆشی باوەڕی بە نووسراوەکانی خۆی نەبێ! واتا ئەو لە چوارچێوەی خێزانەکەی خۆیدا بەو جۆرە هەڵسوکەت و رەفتار ناکا کە دەینووسێ و هەرگیز باوەڕی تەواوی بەو یەکسانییەش نییە کە لە بەرژەوەندیی خۆیدا نەبێ!

**پایزە ئەحمەد:** ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**کەژاڵ عەلا:** من پێم وایە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێداوە، ژنان بە شێوەیەکی گشتیی کۆیلە و ژێردەستەی دابونەریت و جیهانبینیی پیاوسالاریی و ئاین و کلتوورن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من دەڵێم نەخێر تەنها پیاوان هۆکار نین بۆ ئەم رەوشەی کە هاتۆتە ئاراوە. بەڵکو زۆربەی ژنان خۆشیان باوەڕیان بەو جیاوازییانە هەیە کە لەلایەن پیاوانەوە بۆمان دانراوە. زۆرینەی ژنان ڕازین بەو مافە زۆرەی کە پیاوان بۆ خۆیانیان دەستنیشانکردووە و بەدەستیان هێناوە. هێشتا ئاستی هۆشیاریی ژنان زۆر نزمە مافەکانی خۆیان بە باشیی ناناسن. هەروەها ژنان خۆشیان لە ناو خۆیاندا نەیانتوانیووە وەکو پیاوان کۆک و یەگرتوو هاوڕابن، کە ئەمەش بارگرانییەکی زۆری دروستکردووە لەسەرشانمان. پیاوان لە زۆر رووەوە پشتگیریی لە یەکتری دەکەن و نایەڵن ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستیان هێناوە لە دەستی بدەن. بەڵام ژنان بە پێچەوانەوە. بۆ نموونە، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پیاوان هەمیشە پاڵپشتی یەکتر دەکەن لەوەی برادەرەکانیان نابێ کاری ژنانە ئەنجام بدەن. یا ئەم قەیرانەی ئێستاکە هاتۆتە ئاراوە دیاردەی فرەژنیی کە پیاوان بەرگریی لە هاوڕەگەزەکانی خۆیان دەکەن و بە کارێکی گونجا و دروستی دەزانن.. بەڵام ئەگەر بێ و ژنێک، لە ناو خێزانەکەیدا بە جۆرێک لە جۆرەکان رووبەڕووی توندوتیژیی و ئازار و ئەشکەنجە بێتەوە، یاخود ئەگەر ژنێک ژنێکی تری بەسەردا بێتەوە، یا کچێک خۆشەویستیی بکا،

تەنانەت ژنێک بە تەنهایی سەفەر بکا.. زۆر شتی تریش کە ناکرێ لێرەدا باس لە هەر هەمووی بکرێ.. بە داخەوە هێشتا ژنان فێری ئەوە نەبوونە بە شێوەیەکی مرۆڤدۆستانە پاڵ پشتی یەکتری بکەن یاخود لایەنی کەم دانی خێر بە هاورەگەزەکانی خۆیاندا بنێن! دەبینین ئەوانیش لەبەرژەوەندی پیاواندا قسەدەکەن و وەک پیاو حوکم بەسەر هاورەگەزەکانی خۆیاندا دەدەن. ئەوەیە نەهامەتیی و نەگبەتیی کە هۆکارە بۆ بەرەو دوا گەڕانەوەی دۆخی ژنان.

بۆ چارەسەری ئەم کێشانە من وای دەبینمەوە کە تەنها رێگە چارە ئەوەیە، پێویستە سەرەتا ئێمە ئاستی هۆشیار و زانستیمان بەرز بکەینەوە.. لە پێش هەموو شتێکدا لەوە بگەین کە ئێمە چ ژن و چ پیاو هەمووان مرۆڤین. بۆ بەردەوامیی ژیان و بەرەوپێشبردنی وڵات و کۆمەڵگە و نەوەکانی دوارۆژ... پێویستیمان بە هاوکاریی یەکتر هەیە. دەبێ خۆمان رێکبخەین و فێری ئەوە بین یەکتریمان خۆشبووێ و لەسەر بەرژەوەندییەکانی یەکتری پێدابگرین. داکۆکیی لە مافەکانی یەکتری بکەین و یەکتری بپارێزین. نەک هەندێک جار وەک کەسانی توندڕەو مامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا بکەین. هەروەها ئێمەی ژنان پێویستە دەست هەڵبگرین لە قسەو قسەڵۆک و یەکتری نەشکێنینەوە و لە پێش چاوی پیاواندا یەکتری بچووک نەکەینەوە بە ئەندێشەی دەرخستنی گەورەیی خۆمان! چونکە ئەم شتانە بوونەتە هۆی ئەوەی مەسەلەی ژنایەتی قووڵتربێتەوە و هەرگیز کۆتایی پێ نەیەت و ئەم بارە ناهەموارە ش بە بەردەوامیی دووبارە بێتەوە.

**پایزە ئەحمەد:** هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**کەژاڵ عەلا:** کەس ناتوانێ لە بەرامبەر دیاردەیەکی گەورەی وادا خۆ بەسەر حوکم بەسەر دەسەڵات و حکومەت و هیچ لایەنێکی تریش بدات و ئەوان تاوانبار بکات.. چونکە ئەو دیاردە ترسناکەی ئێستا باوە لە ناو کۆمەڵگەدا بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە و سووچی کەسی تری تێدا نییە. لە نموونەی کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و ناکۆکیی خێڵەکیی و نەخۆشیی رەوانیی و... هتد. بەڵام ئەرکی سەرشانی دەسەڵات و حکومەتە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی زانستیی لێکۆڵینەوە و بەداواداچوونی راشکاوانە ئەنجام بدا و سزای قورس بەسەر بکوژان و تاوانباراندا بسەپێنێ و بیانکاتە پەندی زەمانە.

**پایزە ئەحمەد:** لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**کەژاڵ عەلا:** لە وڵاتی ئێمەدا رێکخراوەکانی ژنان وەک هەر دامودەزگایەکی تر وایە کە کۆمەڵێک کەس بە شێوەیەکی دیارکراو کار و چالاکییەکانی خۆیانی تێدا بە ئەنجام دەگەیەنن. ئەوانیش وەک کارمەندێکی مووچەخۆر ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە

پێیـان سپێردراوە. پێویستە ئـەوەش بگـوترێ کـە ئـەو رێکخراوانـە توانیویانـە لـە زۆر رووەوە کـاری بـاش و گرنـگ بـە ئـەنجام بگەیەنن و تـا رادەیەک ئازارەکانی ژنبوون لە ناو کۆمەڵگەی داخراوی ئێمەدا بخەنەڕوو، بەڵام ئەمە بـەس نییـە و بـە ئەنـدازەی پێویست نەبووە. لە لایەکی تریش بە داخەوە رێکخراوەکانی ژنان تـاکو ئێسـتا نـەیانتوانیوە بـە شێوەیەکی گشـتگیر و یـەکگرتوو بێلایەن کاریگەربن. بزووتنەوەی ژنانە تێکرا بۆ یەک مەبەست و یەک ئامانج دژی تونـدوتیژیی کـار بـۆ ئـازادیی و یەکسـانیی و نەهێشتنی جیاوازیی جێندەریی بکەن. ئاشکرایە زۆربەی رێکخراوەکانی ژنان هەر یەکەو سەر بە پارت و لایەنێکن و بەبێ ئـەوان ناتوانن خۆیان بن، هـەر بۆیـە پێیـان دەگـوترێ پاشکۆی پارتەکـان. ئەمەش وای کـردووە ئـەوان نـەتوانن متمانەیـەکی پتـەو و بەهێز لە ناو ژناندا دروستبکەن، تـا ژنان بە پەرۆشەوە پەیوەندییان پێوەبکەن.

**پایزە ئەحمەد**: **خۆت وەک ژن تـا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵـی دەژی لە چەوسـانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تـا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنـان بە گشـتیی بە تـەواویی لە بنـدەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟**

**گەزاڵ عەلا**: لە زۆریک لە وڵاتـانی دنیادا ژنان لە زۆربەی کێشـەکانیاندا هاوبەشن، هـەر بۆیـە دەتـوانم بڵـێم زۆربـەی ژنـان بـە جۆرێک لە جۆرەکان چەوسێنراوەتەوە چ لە ماڵە بـاوان و چ پاش هاوسەرگیریی. بە پێیی ئامارەکان دەرکـەوتووە لـە سەراسـەری جیهاندا لە هەر سێ ژن یەک ژن رووبەڕووی توندوتیژیی دەبێتەوە. جێـی داخـە لـە گشت سەردەمانێکیشـدا بـەردەوام ئـەم ستەمە دووبارە دەبێتەوە بۆ هەر ژنێک. بەڵێ لـە کۆمەڵگەی ئێمەدا پیـاوان نایەنـەوێ ژنـان هەسـت بـە ئـازادیی و سـەربەخۆیی تـەواو بکەن.. چونکە ئەوان ئێستا سەرکەوتووی مەیدانن و نایەنەوێ ئەوەیان لە دەست بچێ کە بەدەستیان هێنـاوە. هـەر بۆیـە هـیچ ژنێک ناتوانێ بڵێ من بەو ئەندازەیە لە دەست کۆت و زنجیری پیاوسـالاریی رزگـارم بـووە چیـدی ناچەوسـێنرێمەوە! بـەڵێ ئـەوە مەحاڵە. بە درێژایی مێژوو ژنان کۆیلە و ملکەچی پیاوانن. تـا هەنووکەش ژنان لە زۆربەی کارەکانیاندا پشت بە پیاوان (بـاوک و براو مێرد)ەکانیان دەبەستن تـا پشت بە خۆیان یان ژنێکی تر ببەستن.

ئەمرۆ هێشتا سەرەتایە بۆ دەستپێکی سەردەمێکی نوێ و پێگەی ژن لـە کۆمەڵگەی ئێمەدا. لەبـەر ئـەوە دەکرێ بـوتگرێ ئێسـتا ژنـان پێویسـتیان بـە هەڵگیرسـانی شۆڕشێکە بـۆ بـەدیهێنانی ئامانجـەکانیان. کـاتی ئـەوە هـاتووە گشت بزووتنـەوەکانی ژنـان بەرنامەیـەکی پتـەو و گشـتگیر دابڕێـژن تـا یەکەیـەک پێکبهێـنن. دەبـێ سـەرجەم بزووتنـەوەی ژنـان تێکـڕا کـۆکبن و یـەکبگرن لە پێناو ئامانجێکی هاوبەشدا. تـا بتوانن کەرەسەی پێویست بـە دەست بێنن بـۆ بەرەنگاربوونـەوە لـە دژی رەگـەزی بەرامبـەر و دژی هەموو جۆرە توندوتیژییەک کە لە دژی مرۆڤایەتی یان ژنان دووبارە و سەد بارە دەبنەوە.

لەگەڵ رێزمدا، زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتەی کە بۆ منتان رەخساند. هەر سەرکەوتوو بن.



سەرچاوە
Serchawe

## ٣١- گۆنا سەعید:



**دەسەڵاتداران لە رێگەی کەلتوور و دابونەریتی کۆنەخواز و ژیانەوەی دەسەڵاتی دین برەو بە هەڵاواردنی ژن و پیاو دەدا.**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**گۆنا سەعید**: ئەوەی کە زۆرێک لە پیاوان لە رەفتاردا پیاوسالار و چەوسێنەرن بە رای من پەیوەندییەکی نییە بە سروشت و هەڵکەوتەی بایەلۆژییانەوە، بەڵکو پێش هەموو شتێک پەیوەندیی هەیە بەوەی لە ژێر سایەی چ جۆرە سیستەمێکی دەسەڵات و خوێندن و فێربووندا گەشە دەکەن و گەورە دەبن. ئەوەی کە کەلتووری دەسەڵات و خوێندن و ژیانی ناو خێزان و ئەزموونەکانی نێو کۆمەڵگە چۆن باریان دەهێنێ و لەسەر چی رایاندەهێنێ. بۆ نموونە هەمومان دەزانین کە لە کۆمەڵگەدا منداڵی کوڕ لە تەمەنێکی زۆر زووەوە فێری سیفاتەکانی پیاوەتی دەکرێ، بەردەوام پێی دەگوترێ کە شەرمکردن و گریان و نیشاندانی لاوازیی و نەرمیی و ناسکیی سیفاتی مێینەن و ئەو وەک نێرینەیەک "عەیبە" کە ئەمانە لە خۆی نیشان بدا، هەروەها لە منداڵییەوە فێر دەبن کە دەستیان بۆ بۆکسە و قاچیان بۆ شەقە و بەکارهێنانی چەک و نواندنی هێزی فیزیکیی بەشێکە لە کەسایەتی و نیشانەی بەهێزیی و بە توانایی. کوڕ هەر لە منداڵییەوە ناچار دەبێ خۆی لەگەڵ ئەم پەیامانەدا بێنیتەوە بۆ ئەوەی قبوڵ بکرێ بە تایبەت لە لایەن باوک و برای گەورە و هاوەڵەکانی.

لە کۆمەڵگەیەکیش کە بنەماکانی یەکسانیی و ئازادیی و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ سەرچاوەی یاسا و کەلتوور و گەشەی عەقلیی



سەرچاوە Serchawe

و هزریی مرۆڤەکان نەبێ و لە سیستەمی خوێندا ئەم بەهایانە جێگیر نەبێ، ئەوا منداڵانی کوڕ هەمان ئەو پەیامانە لە فێرگا و خوێندنگاکاندا وەردەگرن و دەکەونە ژێر گوشاریانەوە. کەم نین ئەو کوڕ و پیاوانەی کە لە رووی بایەلۆژییەوە خۆیان سیفاتی نەرمیی و ناسکییان تێدایە بەڵام ناچار دەبن بە شاردنەوەی لە کەسانی دەوروبەریان، یان ئەگەر لێیان دەرکەوێ ئەوە بە ژنانی و لووسکە و وشەی تەشهیرئامێزی تر وەسف دەکرێن. لە هەرزەکارییدا ئەم فێربوون و پەیامانە پتر بەرجەستە دەبیتەوە لای کوڕان چونکە لە پاڵ بەردەوامبوونی ئەم پەروەردەیەدا لەشولاریان گەشە دەکا و دەنگیان گڕ دەبێ و تووکن دەبن و ماسوولکەکانیان وردە وردە بە هێز دەبن، لە هەمان ئەم پرۆسەیەدا پێچەوانەی ئەم پەیامانەیان سەبارەت بە مێینە پێ دەگوترێ و فێردەکرێن، کاتێک لە باری بایەلۆژییەوە دەبینن کچانی هاوتەمەنیان بە قەبارە بچووکترن و ناسک و نەرمن و هەستیارن، ئیتر هەموو ئەم پەیامانە لایان جێگیر دەبێ و دەبێتە کۆڵەگەی بیروڕایان. کاتێک کوڕان چاویان دەکرێتەوە بۆ ئەو دەسەڵات و باڵادەستییەی کە بە تەنها لەبەر ئەوەی کە نێرینەن پێیان دەدرێ لە نێو خێزان و لە نێو کۆمەڵگەدا فێر دەبن کە دەبێ دەسەڵاتیان هەبێ بەسەر خوشک و دایک و هاوسەری داهاتوویان و بە گشتیی بەسەر مێینەدا، تامی ئەو دەسەڵاتە دەکەن و پێی خۆشحاڵ دەبن و وەک بەهرەیەکی بەخشراو پێیان لە چاو ژناندا دەیبینن.

ئیتر ئەوە دەبێتە بازنەی داخراوی پەروەردەکردن و فێربوونی نەوە یەک لە دوا یەکەکان و ئەم باکگراوندەی پەروەردەکردن وەک هۆکاری مانەوە و بیروڕای کۆمەڵایەتی بنەمای پیاوسالاریی و هەڵاواردن جێ دەکەوێ. ئەوەی کە ئەمە وەک خۆی و بە بێ گۆڕان دەهێڵێتەوە ئەو دەسەڵاتەیە کە بەردەوام باس لە کەلتووری باو دەکا و یاساکانی کۆمەڵگە بە پێی ئەو کەلتوورە دینی و خێڵەکییە کۆنەخوازانە دەنووسێتەوە کە کۆن و دواکەوتوون و لەگەڵ دنیای سەردەمدا نایەتەوە و جاریکی تر پەیامی جیاوازییخوازیی و نایەکسانیی نێوان ژن وپیاو نەک هەر زیندوو رادەگرێ بەڵکو کار دەکا بۆ هێشتنەوەی و بەردەوامی پێدانی. گۆڕانکاریی لەو پیاوسالارییەی زۆرینەی پیاوان پەیوەستە بە گۆڕانکاریی لە سیستەمی دەسەڵات و وەڵانانی بنەماکانی جیاوازیی و نایەکسانیی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و یاسایی لەسەر هەردوو ڕەگەز بە ژن و پیاوەوە و جێگرتنەوەی بە بنەماکانی یەکسانیی و ئازادیی و مافی مرۆڤ. هەر کۆمەڵگەیەک ئەم گۆڕانکارییانەی تێدا دروست بێ ئەو بازنەی چەقبەستووەی کەلتووری پیاوسالاریی تێکدەشکێنێ و خەڵکی لە ڕێگەی رووکردنە زانست و رۆشنگەریی و فێربوونی مافی هاوڵاتیبوونی یەکسان و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی کۆمەڵگەکانی تر گۆڕانکاریی بەسەر بیروڕای پیاوسالارانەیاندا دێ.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**گۆنا سەعید**: سەرەتا من پێم وایە هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر پیاوان و یان پیاوان و " ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچە" بە هۆکاری چەوسانەوەی ژنان دانێین، ئەمە تەنها رووکەشی مەسەلەکەیە، ئەم ژن و پیاوانە خۆیان کۆیلە و جیبەجێکەر و

پاسەوانی سەرچاوە ئەسڵییەکانی ستەم و چەوسانەوەی ژنانن. ئەگەر بە شێوەیەکی هەرەمیی بڕوانینە سەرچاوەکانی چەوسانەوەی ژنان دەبینین کە لە سەری ئەم هەرەمە سیستەمی ئەمڕۆی دەسەڵاتی سەرمایەداریی راوەستاوە کە لەسەر هەمان بنەماکانی سیستەمی کۆن، پیاوسالاریی و باوکسالاریی لە پێناو قازانجی پتری خۆیدا و لە پێناو دروستکردنی جیاوازیی و پەرت پەرت کردنی نێوان چینی ژێردەستی کۆمەڵگەدا دەهێڵێتەوە و پاریزگاریی لێ دەکات و لە کۆمەڵگەی سەردەمدا لە ریگەی برەودان بە کەلتوور و دابونەریتی کۆنەخواز و ژیانەوەی دەسەڵاتی دین و زەفکردنەوەی جیاوازییە بایەلۆژییەکانی ژن و پیاو ئەم هەڵاواردنە برەو پیدەدا. چونکە پیاوسالاریی و کۆیلەکردنی ژنان بە هۆی دابونەریت و کەلتوور و دینەوە وەک کۆڵەگەیەکی راگرتنی ئەم سیستەمە پێویستە هەبێ. چونکە بە هۆی ئەم پلەدووییەی ژنانەوە لەم سیستەمەدا ژنان زۆر ئاسانتر لە پیاوان بێ کار دەکرێن، رێگەی کاریان لێ دەگیرێ، لە کاتی (تەقەشوف)دا دەردەکرێن، کرێی کەمتر وەردەگرن و لە کاری کەم نرخ و بێ بەرهەمدا زیاتر جێیان دەبیتەوە، هەروەها بە هۆی کۆت و بەندی نێو خێزان ژمارەیەکی بێ ئەژمار لە ژنان دوورن لە رۆڵگێڕان لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا، ئەمانە و چەندین دەرهاویشتەی تری چەوسانەوەی ژنان قازانج بە سیستەمی ئەمڕۆی چینی باڵادەست دەگەیەنێ. لە بەشی خوارەوەی ئەم هەرەمەدا شێوە جیاجیاکانی سیستەمی حوکمڕانی سەرمایەداریی هەر لە دیکتاتۆری و نیمچە دیموکراسییەکان و دەسەڵاتە دینییەکان و دەسەڵاتە ناسیۆنالیستەکان وەستاون کە هەر هەموویان بە بیانووی جودا جودا هۆکاری مانەوە و برەودانن بە پیاوسالاریی و بەو پێیەش بە چەوسانەوەی ژنان.

زۆر جار دەڵێین کە چەوسانەوەی ژنان هۆکارەکەی پەیوەندیی بە کەلتوور و دابونەریت و دینی زاڵی نێو کۆمەڵگەوە هەیە، بەڵام کەلتوور و دابونەریت و بیروڕای دینیی و پیاوسالاریی قابیلی گۆڕان و بێ دەسەڵاتکردنە و بەو پێیەش لاواز بوونە، ئەمانە بە تێپەڕبوونی کات کاریگەرییان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا کەم دەبێتەوە بە مەرجێک ئاراستەی کۆمەڵگە روو لە پێش بێ. بەڵام ئاراستەی کۆمەڵگە چۆن دەتوانێ روو لە پێش بێ؟ بەوەی کە سیستەم و دەسەڵاتێکی مەدەنی هەبێ و تێیدا لە جیاتی رێزگرتن لە دین و کەلتوور رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگیرێ، لە جیاتی یاسای شەریعەت و کاسۆلیکی، یاسای پێشڕەو و مرۆیی و یەکسانیی هەبێ، لە جیاتی نایەکسانیی ئابووریی و قازانجی سەرمایەداران، باری ئابووریی هەموو مرۆڤەکان روو لە گەشە بێ و دابینبوونی ژیان بە ستانداردێکی باش بۆ هەمووان فەراهەم ببێ، مافی هاوڵاتیبوون و یەکسانیی و کەڵکوەرگرتن لە زانستی سەردەم و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی کار یان بیمەی کۆمەڵایەتی تێر و تەسەل بۆ هەموو کەسانێکی ئامادە بە کار دابین بکرێ. دابینکردنی ژیانی منداڵان و پیران و کەمئەندامان و... هتد. ژیانی کۆمەڵگە لە نێو بارودۆخێکی لەم جۆرە دەتوانێ مسۆگەری بەرزبونەوەی ئاستی هوشیاریی تاک و کۆمەڵگە بکا. ئەو ژن و پیاوانەی کە لە پرسیارەکەدا هاتوون وان لە بەشی خوارەوەی ئەو هەرەمە کە باسم کرد، ئەگەر ئەو هەموو نایەکسانیی ئابووریی و جیاوازییە چینایەتییە کە سیستەمی سەرمایەداری سەپاندویەتی لابەرین لەسەریان، کاریگەریی دین و کەلتوور و دابونەریت نامێنێ لەسەر ئەم ژن و پیاوانە و بەو پێیەش ئەوانیش چیتر جێبەجێکەری ئەم هەموو یاسای هەڵاواردن و چەوسانەوەیەی ژنان نابن. ئەگەر ئێمە چەوسانەوەی ژنان لە ئەستۆی تاکی پیاو دانێین، ئەوە دەبێ بوەستین تا تاک بە تاکی پیاوان چاک دەبن. بەڵام ئەم پرۆسەی هۆشیارییە لە خوارە بۆ سەرەوە دەست پێ ناکا، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەتوانێ کاریگەر بێ.

بەڵگەم بۆ ئەم قسانەی سەرەوە نموونەی کوردستانە، با کەمێک سەیری ئەوە بکەین کە ئایا لە کوردستان یاسای فرەژنیی بۆ کێ کەڵکی هەیە جگە لە پیاوانی دەوڵەمەند و بەرپرسانی حیزبەکان؟ نیوەبەشیی ژنان لە موڵکدا خزمەت بە کێ دەکا جگە لەوانەی کە خاوەن مولک و ماڵ و سەرمایەی زۆرن؟ کێ کار دەدا بە خەڵک و بێ کاریان دەکا هەر کات پێویستی پێیان نەما جگە لە هەردوو حیزبی یەکێتی و پارتی و سەرمایەدارەکانیش لە کەرتی تایبەت؟ کێ بەرپرسە لە دابینکردنی ژیانی خەڵک جگە لە دەسەڵات؟ ئەی کێ بانگەواز بۆ دەسەڵاتی پیاو و هێمایەکانی پیاوەتی و شەرەف دەکا لە نێو خێزان و لە نێو کۆمەڵگەدا جگە لە پارتی و یەکێتی و بە گشتیی هەموو حیزبە ناسیۆنالیست و دینییەکان. کێ رێگەی گرتووە لەوەی کە ژنان بچنە دادگا بۆ سکاڵاکردن لە دەست چەوسانەوە و توندتیژیی جگە لە سەرۆک خێڵەکان و دەزگاکانی (سوڵحی عەشایەریی) و هەردوو مەکتەبی کۆمەڵایەتی پارتی و یەکێتی؟ کێ رێگە دەدا کە ترس و دوودڵی لە ئازادیی و یەکسانیی ژنان هەموو رۆژانیکی هەینی بکرێ بە مێشکی باوک برا و مێردی ژنانـدا لە مزگەوتەکانەوە؟ کێیە کە بەردەوام لە میدیاکاندا بە رێگەی جۆراوجۆر هەرمێن بە پلەدوویی ژنان و کەم سەیرکردنیان و گاڵتەکردن بە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان دەدا؟

وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە چینێکی دەسەڵاتدار لە کوردستان بەرژەوەندیی لە هەموو ئەم دیاردانەدا هەیە، جگە لەوەی قازانجی سەرمایەکانیان بۆ مسۆگەر دەکا، بە ئاسانیی نیوەی کۆمەڵگەشیان کە ژنان دەرگیری شەرێکی نەبڕاوەی رۆژانە کردووە کە تیایدا باوک و برا و مێرد و کەسە خۆشەویستەکانی نێو خێزانیان لێ کردون بە پاسەوان و دوژمنی گەشەکردن و ئارەزووەکانیان، ئەگەر ژنان لە ماڵەوە گیریان خواردبێ بە دەست نێرینەی نێو خیزانیان، ئەوا ناتوانن بێنە دەرێ و داوای کار بکەن. ئەگەر ژنان لە ماڵەوە شەو و رۆژیش ئیش بکەن لە ژێر ناوی ئەوەی کە ئەمە ئەرکێکی سروشتییانە ئەوا نایەن داوای بیمەی کۆمەلایەتی بکەن، ئەگەر ژنان لە ژێر ناوی پاراستنی پیرۆزیی دین و نەتەوە و کەلتوور و (حەیا و حورمەت)دا هەموو جۆرە پاساوێک بۆ نایەکسانیی و هەڵاواردن و بێبەشیی و تەنانەت توندتیژیی و کوشتنیش قبوڵ کەن، ئیتر نایەن یەخەی دەسەڵات بگرن بۆ پاراستنی ژیانیان و دابینکردنی مووچە و ماڵ بۆیان.

دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووریی و یاسایی و دینیی کە هەمووی لە دەستی پارتی و یەکێتیدایە و حیزبە ئیسلامییەکانیش لە بەشی دینەکەی شەریکیانن و هێزە سیاسییەکانی تریش بە بێ دەنگ بوونەکەیان رەزامەندن لەسەر ئەم بارودۆخەی ژنان لەبەر ئەوەی کە بەشیان هەیە لە سەرمایە و بودجەی هەرێم و کۆمپانیاکانیان هەموو سەرچاوەی ئەم نەهامەتییەی ژنانن، خۆ لە نێو ئەم دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەدا سەدان ژن هەن، لە نێو هێزە ئیسلامییەکاندا سەدان ژن هەن، بەڵام ئەمانە نەک خزمەتێکیان نەکردووە بە رزگاریی ژنان لە چەوسانەوە بەڵکو بوونەتە رووکەشی رەوشی ژنان کە گوایە ژنان بەشدارن لە سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بۆیە ئەمە پەیوەندیی بە ژنبوون و پیاوبوونەوە نییە، پەیوەندیی بەوە هەیە کە بۆ دەسەڵات وا باشترە کە نیوەی کۆمەڵگە دەرگیری کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانیی بێ بە دەستی باوک و برا و و مێردەوە لە جیاتی ئەوەی ئەویش وەک نیوەکەی تر کە پیاوانن داوای کار بکەن، داوای بیمە و دابینکردنی ژیان و ئازادیی و پێگەیان لە نێو کایەی سیاسییدا بکا.



سەرچاوە
Serchawe

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**گۆنا سەعید**: تا رادەیەک وەڵامی ئەم پرسیارەم دایەوە لە سەرەوە، هەر دەبێ وا بکەین کە پەنجە راکێشین بۆ سەرچاوە ئەسڵییەکەی چەوسانەوەی ژنان لە کوردستان کە دەسەڵاتە، دەسەڵات سیاسەتێکی دوو فاقە و دووڕوو بەکار دێنێ بۆ مەسەلەی ژنان، لە لایەک خۆی دەیان یاسا و دام و دەزگای دینیی و خێڵەکیی دامەزراندووە کە بە ئاشکرا و بە نهێنیی هانی چەوسانەوەی ژنان دەدەن. میدیاکانی پڕیەتی لە سووکایەتیکردن بە ژنان و بە سروشتی مێینە و هەڵسوکەوتی ژنانە و لە بەرامبەریدا بە هاندانی "پیاوەتی" و وەسفکردنی هێزی شەڕ و شەڕخوازیی و توندڕویی پیاو. هەروا لە لایەک دەیان دامودەزگای رووکەش و بێ ناوەڕۆکی دروست کردووە بە ناوی نەهێشتنی توندتیژیی و لە لایەکی ترەوە دەزگای پۆلیس و دادگا و ئاسایشەکەی ناتوانن بە هەموویان دە کەس لە بکوژانی ژنان کە هەزارانن لە کوردستان بخەنە زیندانەوە ئەمەش بە هۆی گەندەڵی و واسیتەکردن و رۆڵ و کارکردی بەرپرسانی حیزب و زاڵیی دەسەڵاتیان بەسەر دەسەڵاتی دەزگا فەرمییەکاندا، هەروەها لەبەر بوونی دژایەتی لە نێو یاساکانی هەرێمدا. ئەم دەسەڵاتە زۆر لە قازانجیەتی کاتێک رووی رەخنەکانمان بکەینە توندڕەویی پیاوان و کەلتووری کۆمەڵگە یان لاوازیی رێکخراوەکانی ژنان، ئەمانە هەمووی خزمەت بەوە دەکەن کە ئێمە نەچینە سەر هۆکارە ئەسڵییەکانی چەوسانەوەی ژنان لە کوردستان کە شێوەی دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی بنەماکەیەتی.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**گۆنا سەعید**: بە رای من چەند هۆکارێک هەیە بۆ ئەمە، یەکەمیان ئەوەیە کە لە کوردستان تا ئێستا هیچ رێکخراوێکی ژنان نییە کە نوێنەری سیاسیی و کۆمەڵایەتی کێشەکانی ژنان بکا، رێکخراوێک کە ببێتە ئامرازی خەباتی ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز لە بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی کۆنەپارێز و خێڵەکیی و دینیی، ئەمە بۆشاییەکی گەورەیە لە کوردستان. ئەو رێکخراوانەی کە هەن بەشێکیان رێکخراوی ژنانی حیزبیین و سەر بە حیزبەکانی نێو دەسەڵات یان ئۆپۆزسیۆنن کە ئیشیان راکێشانی ژنانە بۆ ناو ریزی حیزبەکانیان و خۆشەویستکردنی ئەو حیزبانەیە لە لای ژنانی دەنگدەر لە هەڵبژاردنەکاندا. بەشێکی تر لەو رێکخراوانە پرۆژەی دوای رووخاندنی دەسەڵاتی بەعس و ئەوەی کە پێی دەڵێن کۆمەڵگەی مەدەنین کە ئەمانەش بۆ ئامانجی خێرخوازیی دیارکراو دروست بوون و زۆریان لە لایەن هەمان دەسەڵاتەوە کۆنترۆڵ کراون بە هۆی پێدانی فەند و خەرجییانەوە، ئەم رێکخراوانە دەتوانن کاری وەک رۆشنگەریی و هۆشیارکردنەوە و هەندێک خزمەتگوزاریی بکەن بە و ژنانەی تووشی کێشە دەبنەوە بەڵام ناتوانن ئامرازی خەبات و ئاڵوگۆڕی ریشەیی بن لە ژیانی ژناندا. واتە بۆشاییەکی گەورە هەیە کە بە گشتیی لە کوردستان رێکخراوەکان ناتوانن ببنە ئامرازی خەبات و هەڵسووڕانی ژنان بۆ باشترکردنی ژیانیان و



سەرچاوە Serchawe

نەبوونەتە ئەو دەنگەی کە ژنان پێویستیانە لە کوردستان. ژنان وەک تاکێکی کارا لە نێو تویژەکانی کۆمەڵگەدا دابەش بوون، لەم نێوەشدا بەرەو رووی کێشە و گرفتی رۆژانەی جودا جودا دەبنەوە، هەڵاواردن و نایەکسانیی و توندتیژیی بەشێکن لە ژیانی رۆژانەی ژنان، بۆ نموونە ژنانی کرێکار و فەرمانبەر و ئەوانەی کە ئامادە بە کارن کێشەی کەمیی کرێ و دەستڕانەگەیشتن بە دەرفەتی کار و خوێندنی یەکسان و پێویست بە شوێنەکانی سەرپەرشتیی منداڵ و کێشەی بێ کاریی و دانەمەزران و هەژارییان هەیە.

ژنانی نێو ماڵ پێویستیان بە سەردان و هۆشیارکردنەوە بە مافەکانیان و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و دەستڕاگەیەشتن بە خوێندن و پشتیوانییکردنیان بۆ رزگاربوون لە دەست کۆت و بەندەکانی هێشتنەوەیان لە ماڵەوە هەیە تا بەشداریی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بکەن، لە سەروو هەموو ئەمانەوە بە گشتیی ژنان کێشەی توندتیژیی خێزانییان هەیە و پێویستیان بە راوێژکاریی و رێگەکانی دەستگەشتن بە مافە یاساییەکانیان و بوونی پارێزەری خۆڕایی و نوێنەرایەتیکردنیان لە دادگا هەیە. من پێم وایە هۆکاری سەرەکیی نەبوونی پەیوەندییەکی زیندوو و هەمەلایەنە لە نێوان ژنان و رێکخراوەکان ئەم بۆشاییە گەورەیەیە لە نێوان شێوەی کاری رێکخراوەکان و پێویستییە رۆژانەکانی ژیان و گوزەرانی ژنان بۆ یارمەتی و پشتیوانییکردنیان. هۆکارێکی تر پەیوەندیی بە کار دابەشبوونی نێوان ژن و پیاو هەیە لە روانگەی خێزان و کۆمەڵگەوە، ژنان بە هۆی ئەوەی کە وان لە ژێر گوشاری دابونەریت و چاوەڕوانییەکانی خێزان و کۆمەڵگە کە بۆیان داتاشراوە لەگەڵ ئەوەش کە بە فراوانیی بەشێکن لە هێزی کار و لە خوێندندان کەچی هێشتا کاری بێ بەرهەمی نێو ماڵ و مێردکردن و منداڵبوون و خزمەتی خێزان بە کاری سەرەکیی و یەکەم بۆ ژنان دادەنرێ، کارکردن و خوێندن و بەشداریی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووریدا بە کاری لاوەکی بۆ ژنان حساب دەکرێن. بۆیە رووکردنە رێکخراوەکانی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان نەبووەتە پراکتیسێکی خۆکردە.

بۆ وەڵامی بەشی کۆتایی پرسیارەکەت بە دڵنیاییەوە من لەگەڵ ئەوەدام کە رێکخراوێکی یەکسانییخوازی سیاسیی و کۆمەڵایەتی پێویستە کە دەبێ لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز دروست بێ و ببێتە جێگەیەک کە نوینەرایەتی ئەم خەباتی یەکسانییخوازیە بکا لە بەرامبەر دەسەڵاتێک کە دەیەوێ درێژە بدا بە باری ئیستای ژنان.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**گۆنا سەعید**: بە رای من کلیلی رزگاریی هەر مرۆڤێک لە دەست چەوسانەوەی پیاوسالاریی و هزر و بۆچوونی جیاوازییخوازی و رزگاربوون لەو چەوسانەوەیەی دەوروبەر لەوێوە دەست پێدەکا کە مرۆڤ لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیانیدا بکەوێتە

پرسیارکردن لەو بەها و دابونەریتانەی کە لە منداڵییەوە وەک هەر تاکێکی تر لە رێگەی خێزان و کۆمەڵگە و قوتابخانە و سیستەمی دەسەڵاتەوە خراوەتە مێشکیەوە و وەک واقعی ژیان و کەسایەتی ئەو و چارەنووسێکی نەگۆڕ بۆی نەخشێنراوە.

پرسیارکردن لەسەر هەموو دیاردەکانی دەوروبەر کە جیاوازیی ژن و پیاو بەرجەستە دەکاتەوە، پرسیارکردن لەسەر دابونەریت، کەلتوور، دین و بەهاکانی پیاوسالاریی ئەو سەرەتایەیە کە هەموو ژن و پیاوێک دەتوانن لێوەی دەست پێ بکەن، هەڵبەت ئەم پرسیارکردنە و یاخیبوونە پێویستی بە دەرفەتە لە ژیاندا، من وەک منداڵێکی ١٢ ساڵیی خوێندەوار لە ساڵەکانی سەرەتای هەشتاکاندا کە لە شار دەژیام ئەو دەرفەتەم بۆ هەڵکەوت کە ئەم پرۆسەیەم دەست پێ بکا و ببێتە سەرەتای یاخیبوونم لەو بەهایانە. لە بیرمە چەند شتێکی جیاواز منیان خستەسەر ئەم کەڵکەڵەیە، یەکەم وانەی "ماڵداری" لە قوتابخانە کە زۆرم رق لێی بوو چونکە مامۆستاکەمان کە ژن بوو فێری دەکردین چۆن ئەگەر لەسەر شەقام برایەکمان دی قسەی لەگەڵ نەکەین تا خەڵک وا نەزانن دەنکمانە، هەروەها فێری دەکردین چۆن لە پێش ئەوەی مەنجەڵ بشۆین دەبێ کەوچک و چەتاڵەکان بشۆین، یەکەم جار کە تووشی سووڕی مانگانە بووم بە بێ ئەوەی بزانم چیە و لە کاتێکدا کە خۆم تۆقیبووم لێی، لە لایەن پوورمەوە پێم گوترا کە باوکم دەمکوژێ ئەگەر کوڕێک دەستی بۆ بردم کە تێنەگەشتم بۆچی!!؟ هەروەها بێزارییم لە کاری نێوماڵ و شتنی گۆرەوەی براکانم کە بە زۆر دەبووا بمکردایە جگە لەو جیاوازیی و هەڵاواردنانەی کە وەک کچێکی منداڵ لە هەموو بوارێکی ژیاندا دەمبینیەوە لەگەڵ براکانم وەک بنەمای پەروەردەی هەموو خێزانێکی تradیشناڵی کوردستانی ئەو کاتە، ئەمانە و چەند نموونەیەکی تری ژیانی دووبارەی رۆژانە لە نێو خێزان و لە قوتابخانە، لە رێگەی ئەو ئەزموونە زۆر کەمەوە لە ژیانم هەروا بوونی ژنێکی هۆشیار و خەباتگێڕ لە دەورم کە "نەسرین خان"ی شۆڕشگێڕی براژنم بوو "یادی بەرز و بەڕێز بێ" و پێش من بەو رێگەیەدا رۆشتبوو و بەردەوام منی هۆشیار دەکردەوە، هەروەها ئەو کات باوی خوێندنەوەی پەرتووکەکانی (نەوال سەعداویی) بوو کە هۆشیارییەکی زۆری لای کچانی هاوتەمەنی من دروست کرد، بە هۆی هەموو ئەم دەرفەتانە لە ژیانمدا توانیم کاریگەریی پیاوسالاریی و دین و ناسیۆنالیزم لەسەر ژیانم وەک کچێک لای خۆم بخەمە ژێر پرسیارەوە، هەروا ئەم پرسیارکردنە منی بۆ هەمیشە لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار کرد.

هەر کات مرۆڤ هۆشیاریی ئەوەی لا دروست بوو کە ستەمێکی لێ دەکرێ، هەروا خۆی بڕوای بەوە هەبوو کە ئەو نایەکسانیی و چەوسانەوەیە دروست کراوە و سەپێنراوە ئیتر دەست دەکا بە خەبات لە دژی، ئیتر ئەو خەباتە بە تاک بێ یان لەگەڵ گرووپێکدا بێ یان لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێ، ئەوە بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و دەرفەتەکانی بەردەم ژیانی ئەو کەسە دیار دەکا و دواتریش پەیوەندیی هەیە بەو رێگایانەی لە ژیاندا بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێ. ئەوە منی "رزگاربوو" بووم لە دەست بەهاکانی پیاوسالاریی لە لای خۆم کە بە دوای هاوسەرێکی هاوبیری خۆمدا دەگەڕام و شووکردنم بە هەر کەسێکی تر رەت دەکردەوە تا گەیشتن بە کەسێک کە وەک خۆم بیر بکاتەوە و پیاوێکی ئازادییخواز و یەکسانییخواز بێ، ئەوە منی "رزگاربوو" بووم کە بە بێ هیچ پێشینەیەک لە ساڵی ١٩٩١دا یەکسەر خۆم خزاندە نێو بزووتنەوەی شوورایی و لە کۆبوونەوەیەکی گشتییدا بە بێ ئەوەی هیچی لێ بزانم بووم بە نوێنەری ژنانی گەڕەکی خەبات،



سەرچاوە
Serchawe

تەنها لەبەر ئەوەی لە ماوەی چەند رۆژێکی پێش دروستبوونی ئەم بزووتنەوەیە لە رێگەی برادەرێکەوە بیستم کە ئەم بزووتنەوەیە باس لە ئازادیی و یەکسانیی ژنان دەکەن. هەر لە نێو ئەو بزووتنەوەیەشدا پێگەییم و فێر بووم کە من تەنها نییم و سەدان ژن و پیاوی وەک من لەم کۆمەڵگەیەدا خەبات دەکەن، فێر بووم کە بە کەمتر لە یەکسانیی و مرۆڤبوون رازی نەبم و وەک ژنێک لە نێو ریزی خەباتی کۆمۆنیستەکاندا رێگای خۆم ببینمەوە سەرباری کێشە و گرفتە خێزانییەکان. بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا شتێکی تازەش فێر بووم ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤبوونی ژن و ئازادبوونی ژن ئەوەندە بە قووڵیی زەوت کراوە، ئەوەندە ریشەی کۆمەڵایەتی قووڵە کە دوای ئەم هەموو ساڵە هێشتا منیش هەست دەکەم هەر خەبات بۆ ئازادیی و مرۆڤبوونی خۆم دەکەم. بۆیە ئەمەم باس کرد تا بڵێم ژنانێکی زۆر هەن بە بڕوای من دەچەوسێنەوە بە دەستی پیاوسالاریی بەڵام خۆیان جارێ بڕوایان بەمە نییە کە ئەوان مرۆڤن و دەبێ بڕوایان بە رزگاریی خۆیان هەبێ، هەروا تا ئەو کاتەی کە نەهاتوونەتە سەر ئەم بڕوایە ناتوانن بڕیاری ئەوە بدەن کە لە نێو کام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا و لە نێو کام هێزی سیاسییدا جێگە بۆ خەباتی یەکسانییخوازی خۆیان بدۆزنەوە، ئەوان جارێ لای خۆیان رزگاریان نەبووە و بۆیەش جارێ لە مەیداندا نیین بۆ خەباتکردن لە دژی ئەو نایەکسانییە.

## ٣٢- هۆزان مەحمود:



**بەرپرسیاری یەکەم دەسەڵاتدارانن، چونکە هەر لە سایەی ئەواندا**
**بەهای خێڵ و کەلتووری دژەژن ژیانەوە و خورافە و نەزانیی بڵاوبوونەوە.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**هۆزان مەحمود**: سەرەتا پێم وابێ هەژمارکردنی فاکتەری وەکو جیاوازیی بایەلۆژیی بۆ ئەوەی کە پیاوان بۆ وان؟ پێم وابێ فاکتەرێکی لاواز بێ و بە تێپەڕبوونی کاتیش ئەم فاکتەرە کەمڕەنگتر بۆتەوە بە هۆی لێکۆڵینەوەی زانستیی و رۆڵی ژنانی رادیکاڵ و فێمێنیست لە بەرانگژببونەوەی رەهابوونی جیاوازیی بایەلۆژیی و هۆکاری سروشتیی... بەڵام ئەوە هەژمووونی ستراکتۆری پیاوسالاریی و سیستەمی سیاسیی پیاوانەیە کە ئەم شەرعیەتە دەداتە پیاوی کورد کە ئەوەندە خۆ بە مەزن بزانێ و ئەمەش بووەتە بەشێک لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگە. چونکە زۆربەی دامودەزگە و مزگەوت و پەروەردە و فێرکردن و خێزان و پارتە سیاسییەکان بەرهەمهێنەرەوەی ئەم جۆرە لە رۆڵی جێندەری سەپێنراون بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا. بە گرنگی دەزانم کە ئاماژە بەوەش بدەم کە دین و پیاوسالاریی و سیستەمە یەک لە دوا یەکەکانی حوکمڕانیی و دابونەریت و زۆر شتی تر بەرهەمی مرۆڤن، واتە دروست کراون. لەم سیستەمانەدا پیاو باڵادەست بووە و بە پێی یاسا دینیی و هەتا مەدەنییەکانیش کە دروستکراوی مرۆڤن ژن هەموو کات لە توندوتیژیی و مامەڵەی خراپ پتر شتێکیتری دەست نەکەوتوە. ژن و پیاو زادەی

کۆمەڵگەیەکن و تیایدا پەروەردە دەکرین بە نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان کە لە لای ئێمە پیاو دەسەڵاتی رەهای هەیە و ژنیش جیاواز لەوەی چ پێگەیەکی هەیە دیسان لە ژێر ئەم هەژموونەی دەسەڵاتی پیاو رزگاری نەبووە.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**هۆزان مەحمود**: کارێکی ئاسان نییە ئێمە پیاو وەکو تاک بخەینە دەرەوەی کۆی سیستەمێک کە لە بنەماوە کار لەسەر جیاکاریی چینایەتی و جێندەریی دەکا. بۆیەش بە پلەی یەکەم من وەکو تاک کێشەکان نابینم، بەڵکو گرنگە لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە باوکسالاریی و سەرمایەدارییەدا ئەو کێشەیە ببینین کە پیاویش خۆی تیایدا قوربانییە بە شێوەیەک لە شێوەکان. ئاخر ئەمە چ پیاوەتییەکە کە تۆ شەو و رۆژ وەک پاسەوانی شەرەفی مێینەی ناو خانەوادەکەت ئامادەباشی کوشتن و توندوتیژیی بی؟ من ئەم رۆڵە داسەپێنراوە وەک رۆڵی زیندانەوانێک دەبینم کە لە زینداندا دەکوژێ و ئەشکەنجەی زیندانییەک دەدا بە بێ ئەوەی بیر بکاتەوە کە ئەمە چەندە کارێکی نامرۆڤانە و ئازاربەخشە.. بەڵکو پێی وایە ئەرکێکی نیشتمانیی بەجێهێناوە بێ ئاگا لەوەی پارێزەری دەسەڵاتی رەوشتێکە کە ئەمیان کردوە بە جەلاد بۆ مانەوەی خۆیان... دەسەڵات لە بوارە جیاجیاکاندا لە رێگەی مزگەوت، پەروەردە و فێرکردن، پارتی سیاسیی، میلیتاریی، زیندان، رێکخراو و میدیاکان ئەم جۆرە توندوتیژیی و پیاوەتییە بەرهەم دێنێتەوە. هەڵسوکەوت و رەوشتی ناو دەسەڵات بە پێی بەرژەوەندیی خۆی و بۆ راگرتنی سیستەمەکەی پەیوەست دەبێ بە راگرتنی هەرەمێک لە دامودەزگەی پایەداریی و بارهێنانی پیاو وەکو بوونەوەرێکی مێرانە و جیا لە مێینە.

بۆیەش پیاوانی کورد ئەم رۆڵانە سەپاوە بەسەریاندا کە ئەگەر ئەمە نەکەن وەکو پیاوی جوامێر لە کۆی ئەو سیستەمەدا جێیان نابێتەوە. دیارە گرنگە هاوکات چ پیاو و چ ژن هۆشیار بن بەو جیاکاریی و رۆڵە جێندەرییە دروستکراو و سەپێنراوانە و بیخەنە ژێر پرسیار و بەرانگژی ببنەوە. هەروەها هاوکات گرنگە خودی پیاوانیش پرسیار دروست کەن لەسەر ئەو رۆڵە جیندەریی و مێرانییە زەقەی کە سەپێنراوە بەسەریاندا... نازانم تاکەی پیاوی کورد بە تایبەت رۆشنبیر و خوێندەوار و سیاسییە رادیکالەکان بە ئاشکرا خۆیان لە پیاوەتی و رەفتار و هەڵسوکەوتی پیاوسالارانەی ناو کۆمەڵگە دانامالن؟

ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سەدان ساڵ چەوسانەوە و کۆت و بەندی دینیی و کەلتووریی و سیاسیی لەسەر بووە و پێی پەروەردە کراوە. بۆیەش پێمان سەیر نەبێ زۆرجار ژنان خۆیان ئەستەمە بۆیان لە دەرەوەی ئەو کۆیلایەتییە جیهانێکی دیکە بێننە بەرچاویان و دانی پیدا بنێن. بەڵام دیسان ئەوەمان لە بیر نەچێ لە کوردستاندا ئێمە بۆ ماوەی دەیان ساڵ خاوەنی مێژوویێکی پڕ لە داگیرکاریی و کوشتار و شەڕ و ناکۆکیی بووین ئەمەش رۆڵی خۆی دەبینێ لەسەر ئەوەی پرسی ئازادیی و مافی ژن گرنگیی پێ نەدرێ و تەنانە پشتگوێ بخرێ. نەبوونی رێکخراو و بزووتنەوەی ژنان کە بە هزر و رامانی رادیکالانەوە کار بکا

لە سەر هۆشیاریی ژنان لایەنێکیتری نەبوونی هۆشیارییە لای ژنی کورد.

دیارە من پێم باشە ژن و پیاوی ئازادییخواز هاوکار بن لە رووبەڕووبونەوە بە وەها دۆخێک.. بەڵام من خوازیاری ئەوەم کە ژنان خۆیان رێکخەن و بە هزر و هۆشیاریی ژنانە و رێگە نەدەن هیچ لایەنێک دەست بخاتە ناو کاریانەوە...

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**هۆزان مەحمود**: زۆر راستە گرنگە مرۆڤ ئەم هۆشیارییەی هەبێ بۆ مافەکانی خۆی و روو بکاتە دەسەڵات و بە کەمتەرخەمی بزانێ لە ئاست پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و ژنان بە تایبەت. گرنگە بزانین کە هەر سیستەمێکی حوکمڕانیی کەلتوور و بەها و نۆرمی تایبەت بە خۆی بەرهەم دێنێ لە رێگەی دامەزراوە و دامودەزگەکانیەوە.. ئەمە لە کوردستاندا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکەین لە ژیانەوەی بەها و نۆرمە خێڵەکییەکان و کەلتووری دژە ژن و بڵاوبوونەوەی نەزانیی و خوارافە بەو ئاستە بڵاوەی ئێستا لە ماوەی بیست ساڵی دەسەڵاتی خۆماڵییدا هاتوونەتە دی. دیارە کاریگەریی ناوچەیی بەسەرمانەوە هەیە، بەڵام بە پلەی یەکەم دەسەڵاتی کوردی بەرپرسە لە ئاست داڕووخانی کۆمەڵگەی کوردی و گەڕانەوەی بەرەو دواوە لە زۆربەی بوارەکاندا بە تایبەت لە ئاست پرسی ژناندا.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانیییخواز پێکبێ؟

**هۆزان مەحمود**: هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی کە بۆچی ژنان لە کوردستان رێکخراوەکان بە پشت و پەنای خۆیان نازانن. یەکێک لەوانە ئێمە لە کوردستان بە راستیی شتێکمان نەبووە و نییە بە ناوی رێکخراوی ژنان کە جەماوەریی بێ و هاوکات ئاستی هۆشیاریی و هزریی ژنان بەرێتە سەر لە بەرامبەر چەوسانەوە و توندوتیژیی کە دژی ژنان هەیە. هۆیەکیتریش ئەوەیە کە زۆرێک لە رێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان پیاو پەیرە و پرۆگرامەکانی بۆ نووسیون و چەند پیاوێکی حیزبیی دەسەڵاتیان هەبووە بەسەر ئەم رێکخراوانەداو تەنانە ت دەستێوەردان لە زۆر کاری رێکخراوەکە و هەتا لاوازکردنی ئەم رێکخراوانە و گۆڕین و هەڵبژاردنی ژنەکان بۆ پۆستە جیاکان لەم رێکخراوانەدا بە پێی خواستی پیاوانی حیزبیی بووە.. ئیتر ژنێکی کورد کە بە دەیان هۆکار دەچەوسێتەوە چۆن بێتە ناو وەها رێکخراوگەلێکەوە؟ ئەمە لە کاتێکدا ژنانێک کە لە رێکخراوەکاندان بە شێوەیەکی تر ملکەچی ئەجێندای پیاوانی ناو حیزبەکانن چۆن بتوانن فریادرەسی ژنانی چەوساوە بن؟

هەست دەکەم زۆر جار ئەوەندەی بۆ خۆهەڵنانی سیاسیی پرسی ژنان بەکار هاتوە نیوە ئەوەندە بە راشکاویی لەسەر پرسەکە کارنەکراوە.. دیارە ژنانێک کە خۆیان لەم رێکخراوانەدا بوون یان هەن بەشێکن لەم دۆخە، چونکە بە پلەی یەکەم هەژموونی دەسەڵاتی پیاوانی سیاسییان قبوڵ کردوە بەسەر خۆیان و رێکخراوەکانیاندا...

هەروا ئەوەندەی کاری خۆنواندن کراوە و دواتر بێ دەنگیی لێکراوە نیو ئەوەندە لە ناو ژناندا کار نەکراوە بۆ بردنەسەرەوەی هۆشیارییان... دیارە ئەم رێکخراوانە یان لە لایەن دەسەڵاتی هەرێم و حیزبەکانەوە پشتیوانیی دەکرێن یان دەوڵەتانی ئەمەریکی و بەریتانی و ئەوروپی کە ئەوانیش ئەجێندای خۆیان هەیە و زۆرجار لە رێگەی کەسانی نێوخۆییەوە واتە کورد زمان ئەم پرۆژە و ئەجێندایانەی خۆیان دەبەنە پێش و هەژموونی کەلتووری خۆیان دەسەپێنن بەسەر کوردستاندا.. ئەم جۆرە کارکردن و دەستێوەردانە لە لایەن رێکخراوەکانی سەر بە دەوڵەتانی ئەوروپی و ئەمەریکی لە زۆربەی وڵاتانی دوای شەڕدا هەن و لە ژێر ناوی بنیاتنانەوە و کۆمەڵێک پرۆژەی لەم بابەتە بە دوای ئەجێندای ترەوەن... ئاخر لەم کەشوهەوایەدا ژنی کورد چۆن بتوانێت ئەمانە بە پشت و پەنا بزانێ؟ لە کاتێکدا لە هەردوو کەیسەکەدا ئەوەی مەبەستی ئەم رێکخراوانە نییە کارکردن و هۆشیارکردنەوەی ژنانە لە دژی ستەم و چەوسانەوە.

بۆیەش کۆمەڵگەی کوردستان وەکو تاقیگەیەکی لێهاتوە بۆ کاکردن لە بواری ژناندا، هەموو شتێکی تێدا تاقی کراوەتەوە و هەموو شێوازێکی کارکردن و پرۆژە و رێکخراوی حکومیی و ناحکومیی و بیانیی و زۆر شتی تر، بەڵام بە براوی من بە بنبەست گەیشتوە... هەروا ژنانی رێکخراوەکان و هەمووما‌ن بەرپرسیارین لە ئاست ئەو دۆخەدا... دەبێ لەبیرکردنەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتییتر بین، پێم وانییە ئەگەر رێکخراوێک دروست بێ پیاو و ژنی یەکسانییخوازی تێدا بێ ئیتر کێشەی ژنان چارەسەر دەبێ یان کەم دەبێ... بەڵکو یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە کە زۆربەی ژنانێک کە لەو بوارەدا کاردەکەن ژنانی چینی مامناوەندن و کارمەندن، هەروا ئەزموونی ژنێکی چەوساوە و زەحمەتکێشیان نییە و هەست دەکەم میکانیزمی کارکردنیان پەیدا نەکردوە و یان گرنگی نییە بۆیان بۆ چۆنێتیی کارکردن و رێکخستنی هەموو ژنان لە هەر چین و باکگراوندێک بن.. ئێمە گرنگە لە روانگەی جیاوازیی چینایەتی و بەرژەوەندیی چینەکانەوە سەیری کێشەی ژن بکەین... ژنێکی چینی مام ناوەند یان چینی باڵادەست ناتوانێ وتەبێژ و فریادرەسی ژنێکی هەژار و کرێکار و نەخوێندەوار بێ ئەمە راستییەکی تاڵە بەڵام گرنگە بیڵێین. بۆیە گرنگە ئەمە لە ناو ژنانێک کە لەو بوارەدا چالاکن و لەوێن گفتوگۆ و راگۆڕینەوە بکرێ و رەخنە لە خۆیان بگرن و بزانن چ رێگەچارەیەک باشە بۆ کارکردن و هێنانەمەیدانی ژنان.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**هۆزان مەحمود**: دیارە لەوانەیە زۆر ئازادیی هەیە کە زۆربەی ژنان نیانە و من ئەوەم بەدەستهێنابێ، بەڵام دیسان ئەم ئازادییانە هەمووی دانپیادانراون و ڕێگەپێدراون.. لە روانگەی زۆرێک لە ژن و پیاوی کوردەوە لەوانەیە کەسێکی وەکو من زۆر سنووری بەزاندبێ هەر لەوەی کە راشکاوانە باس لە زۆر کێشە دەکەم کە تا ئێستاش تابۆیە، بڕیاردان لەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی خۆم و... هتد بەڵام ئەمە شتێکی سەرەتاییە لە روانگەی منەوە بۆ کەسێک کە لە ئەورووپادا دەژی، بەڵام بۆ ژنێکی کورد خەونە تەنانەت هەندێک لەوانەش کە لە ئەورووپا دەژین... چونکە ئێمە لە باکگراوندێکەوە هاتووین هەموو لایەنەکانی ژیانی ژنێک تا لە ماڵەباوک دایە بۆی دیار دەکرێ و دواتریش کە ناچارە هاوسەرگیریی بکا هاوسەری ژیان و مەرگی بۆ دیار دەکرێ... کێشەکە لەوەدا نییە کە من تا چەند لە ژێر چەوسانەوەی پیاوسالاریی و پیاو و برا و باوک دەرچووەمە، کێشەکە لە راستییدا ئەوەیە لە بنەڕەتدا ئێمە چاوەڕوانیمان چییە لە ژیانێکی ئازاد؟ چۆن دەڕوانینە ئازادیی و چی بە ئازادیی دەزانین؟

من وەکو خۆم تا ئەم ساتەش سەرەڕای بوونی کۆمەڵێکی زۆر لە "ئازادیی" هێشتا ناتوانم خۆم بە ئازاد بزانم چونکە لە کۆمەڵگەیەکەوە هاتووم ژن تا ئێستاش پلە دووە و لە زۆربەی بوارەکاندا وەکو مرۆڤی کەم توانا و کەم عەقڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.. لە ئەورووپاش پیاوسالاریی هەیە و هەستی پێ دەکەم.. لە شوێنی کار و زانکۆ و زۆر شوێنیتر، بەڵام بەو زەقییەی کوردستان نییە.. لێرە پیاوەتی و پیاوسالاریی بە جۆرێک دیموکراتیزە کراون.. هەر بۆیەش وەکو ژنێک تا ژنان بە شێوەیەکی گشتیی ئازاد نەبن من ناتوانم چێژ ببەم لەم رادەیە لە ئازادیی کە هەمە.. لەبەرئەوە بەشێکی زۆر لە ژیانم تەرخان کردووە بۆ کارکردن لە سەر پرسی ژنان و بەرهەڵستکردنی توندوتیژیی و چەوسانەوەی سەر ژنان و کۆمەڵگە بە گشتیی.

ڕێگەچارە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئێمە بە ژن و پیاوەوە لە سەر پرسی ئازادیی ژنان و دیارکردنی ژیانی تاکەکەسیی لە دەرەوەی دەسەڵاتی خانەوادە و پیاو و خێڵەوە فەراهەم بکرێ بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە.. دواتریش بەرانگژبوونەوەی سیستەمی سیاسیی کە لەسەر بنەمای جیاوازیی چینایەتی و خێڵەکیی و دینیی دەڕواتە پێش، هەروا کۆمەڵێک ماف و ئازادیی تاکەکەسیی هەیە بە فەرمیی و لە ڕێگەی یاساکانەوە دابین بکرێن. ئەمانە لانی کەمن بۆ مسۆگەرکردنی هەندێک ئازادیی و مافی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا.



سەرچاوە
Serchawe

## ٣٢- خونچەخاس:



**تا دین و داب و دەسەڵات کوڕان لەگەڵ شیرپێدان فێر بکەن پارێزەری (شەرەف و ناموس) بن، هەرگیز ژنان رزگار نابن.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**خونچەخاس**: بێگومان هۆکاری تێڕوانین و بیرکردنەوەی پیاوان لە ئاست ژناندا بەرهەمی دابونەریت و دین و دەسەڵاتە لە کۆمەڵگە، کە لە پەروەردەی منداڵان لە نێو خێزان، باخچەی ساوایان، قوتابخانە و بە گشتیی لە کۆمەڵگەدا رەنگ دەداتەوە. دەسەڵات لە رێی دەرکردنی یاسا و پەیڕەوەکانی، کاریگەریی زۆری هەیە لە رێنمایی و دانانی ریبازی پەروەردە لە وڵاتدا. بۆ نموونە ئەو پیاوەی لە ئێرانە لە بواری سروشتییەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ پیاوی وڵاتێکی ئەوروپی، بەڵام جیاوازیی ژینگەی پەروەردە کاریگەریی هەبووە لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتن و هەڵسوکەوتی لەگەڵ رەگەزی مێینە. لە پەروەردەکردنی کوڕان لە جیاتی رەوشتی مرۆڤدۆستیی و هەڵسوکەوت لە رووی ویژدانەوە، فێر دەکرێن چۆن پارێزگاریی لە (شەرەف و ناموس)یان بکەن کە بریتییە لە چاودێرییکردنی دایک و خوشک!! واتە فێر دەکرێن ئەوە ئەرکی سەرەکییە، جا ئەگەر مێشکی منداڵێک لە سەرەتاوە بەوە وێران بکرێ، بەرهەمی چییە وەک نەوەی دواڕۆژی وڵات؟ بۆ بەدبەختیی شێوەی پەروەردەی زۆرینەی کورد، راست بە ئاراستەی ئامانج و بەرژەوەندیی دوژمن و داگیرکەری نیشتیمانە.



سەرچاوە
Serchawe

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**خونچەخاس**: هیچ پاساوێک نییە بۆ راستەوخۆ شکاندنەوەی تاوان بە رووی ژناندا، دوای قوربانیبوونیان کە هۆکارەکە بە ئاشکرا سەرچاوەی سیستەمی باڵادەستی کۆمەڵگەیە، پرسیارکردن لە ئاست شکستی یەکسانخوازیی و بەرخوردی پیاوان لەگەڵ ژنان، بێ ئەنجامە کە نەتوانین ئاوڕ لە کاریگەریی دین و کاردانەوەکانی بدەینەوە لەسەر پێگەیشتنی تاک لە کۆمەڵگەیەکدا کە هێزی پیاوانی دینیی تێیدا باڵادەستە، راستییەکی بەڵگەنەویستە کە پێناسەی مامۆستایەکی دینیی لەمەڕ مافی ژنان یا تێڕوانین و تێگەیشتنیان لە ئاست توندوتیژیی و تاوان دژی ژنان، زۆر جیاوازە لەوەی یاساکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ پەیڕەوی دەکا. رۆڵ و پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەدا پەیوەستە بە جۆری سیستەمی حوکمڕانیی لەو وڵاتە. لە کۆنفرانسێک بووم کە تێیدا بالوێزی ئەفغانستان لە نۆرویژ خانمی (مەنیژە باختەری) لە وتارێکدا گوتی: لە وڵاتەکەم لە ژێر دەسەڵاتی تالیبان ژنان لە رووی جیاوازیی رەنگ و کۆن و نوێی نقابەکانیان لێک جودا دەکرانەوە.

دەمێکە گوتوومە پیاوان زۆر جار وەک ئێمە قوربانی کۆی کاریگەریی هێزی دین و دابونەریتن کە لە بەردی بناغەی سیستەمی پەروەردە رەگی داکوتاوە، کوا رێگە دراوە پیاوی کورد چێژ لە ئازادیی ژن و ژیان ببینێ؟ ها پێڕابگا کار بکا بۆ بژێوی خێزان و لەگەڵ ئەوەشدا خەریکی چاودێریی (شەرەف و ناموس)ی ژن دەبێ، پیاو بۆتە قوربانی قەیرانێکی پڕ ئازاری دوور لە ئارامیی دەروونیی. هۆکارەکان زۆرن، مێژووی کورد بە گشتیی، ئێستاش نەبوونی کەش و هەوایەکی سەقامگیر لە رووی ئابووریی و ئازادیی و رەخسانی هەلومەرجی یەکسان لە بواری خۆپێگەیاندن و بەرەوپێشچوون، بەشێکن لە کۆسپەکان. لێرە کە من باسی پیاو دەکەم کەسانی وەک (دڵشاد کەلاری) حیساب ناکەم کە ٤ ژنی سواری مۆنیکا دەکا، بەڵام پێیوایە ئێستاش دەبێ خەڵک بە سواری حوشتر بخوڵێنەوە. هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە رێی کەناڵەکانی راگەیاندن و فێرگەکان کاریگەریی هەیە لەسەر گۆڕینی روانگەی خەڵک بۆ کێشەکان. دەستنیشانکردن و نیشاندانی دیاردەکان وەک کێشەی تاک و کۆمەڵگە، هەنگاوی یەکەمە بۆ گۆڕانکاریی. بەڵام بە بێ پشتگیریی و سەروەریی یاسا لە ئاست چەوسانەوە و توندوتیژیی، پاراستنی مافی تاک سەقامگیر نابێ لە کۆمەڵگە.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**خونچەخاس**: بێگومان پارستنی گیان و مافەکانی تاکی کۆمەڵگە لە ئەستۆی دەسەڵاتە. بەڵام قسەکردن و کردار دوو شتی جیاوازن، با نموونەیەک بێنمەوە؛ ماوەیەک لەمەوبەر لێرە لە نۆرویژ پیاوێکی کوردی باشوور دوای ئەوەی ژنەکەی لێی جودابیبۆوە، لە بازاڕ لەبەرچاوی منداڵەکانی ١٧ چەقوی لە ژنەکەی دا و کوشتی، لە دادگا بە بەشداریی نوێنەرانی کۆمەڵگە،

چاودێر و توێژەری بواری کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پیاوەکە لە وەرگێڕەکەی تەنیشت خۆی دەپرسێ: "لە نێو کوردەکان چۆن باسم دەکەن، دەڵێن دەستی خۆش بێ.. پیاو بوو ژنەکەی خۆی کوشت؟" ئەو نموونە دەگمەن نییە، زۆرن لەو کارەساتانە. لێرەدا دەردەکەوێ کە لە وڵاتی یاسا و مافی مرۆڤ، ناتوانرێ ئەو هەڵانە راست بکرێنەوە کە پیاوەکە لەگەڵ شیرپێدرانی فێری کراوە. ئەنجامەکەی کارەساتێکە کە بەرۆکی هەموو ئەندامانی خێزان و دەوروبەری دەگرێتەوە. ئەوەی کە من بە کەمتەرخەمیی زەقی دەسەڵاتی ئێستای کوردی دەزانم، ئەوەیە کە هیچ سنوورێکی یاسایی نییە بۆ کەسانی دینیی لە ئاست وتار و وتەکانیان کە زۆر جار بە ئاشکرا دژ بە سەرەتاییترین مافی ژنن، خەڵک هان دەدەن بۆ کردەوەی توندوتیژیی و چەوسانەوەی ژن لە کۆمەڵگە و لە نێو خێزان، ناتوانرێ بە هۆی دابونەریتی باب و باپیران، یا باشتر وایە بڵێین نەریتی سەپێنراوی داگیرکەران، چاو لە چەوسانەوە و بەرەوپێشنەبردنی ئاستی ژنان بپۆشین.

ئێستاش گەنجی کورد فێردەکەن کە لە ئاست کوشتنی ژنێک بڵێ: "بە بێ گومان بێ تاوان نەکوژراوە"! کەواتە کۆمەڵگەی کوردەواری لە زۆر لاوە گیرۆدەیە و رێکخستنی پلانی هەمەلایەنە و بەربڵاوی لەو بارەوە دەوێ. بە داخەوە لە بەشی ئازادی کوردستان خزمەتگوزاریی پسپۆڕیی لە بواری کێشە جۆراوجۆراکانی دەروونیی کەمە، کە لەوانەیە بەشێک بێ لە هۆکاری کوشتن و توندوتیژیی لە کۆمەڵگەدا.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەرێزت بە باشتری نازانی رێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**خونچەخاس**: من پێموایە هۆی سەرەکیی متمانەنەبوونی رێکخراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی ژێردەستەیی کورد وەک نەتەوە. لە کۆمەڵگە و لە نێو خێزان چەوساوە شوێنی چەوسێنەر دەگرێتەوە لە پێگەی خۆی، پاشان لە شێوازی پەروەردەی کوردەواری گرنگیی نادرێ بە دروستکردنی تاکی سەربەخۆ و خاوەن (ئیرادە). لێرەشدا قوربانی یەکەم ژنە. بە هۆی نەبوونی پەروەردەی تەندروست و قوربانیکردنی ئامانج و بەرژەوەندیی تاک لە بەرابەر بەرژەوەندیی خێڵ، خێزان و کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی رووخانی بروا و (ئیرادە)ی تاک لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ دژوارییەکانی ژیان. کاتێک مرۆڤ بڕوای بە بوونی توانای خۆی نەبوو، ئاستەمە متمانە بە کارمەندی رێکخراوی خێرخواز و خزمەتگوزار بکا. کاریگەریی پیاو بێ وێنە نییە لەو بوارە، باوک و برای کورد حەز ناکەن کچ چالاکی رێکخراو بێ و بە هەڕەشە بۆ سەر کەسایەتی خێزانەکەیان تەماشای دەکەن، زۆر جار مەلاکان دەڵێن لەوەتەی رێکخراواکانی ژنان زۆر بوونە، کێشە و ئاژاوەی خێزان و کۆمەڵگە پتر بوونە، ئەوەش کاریگەریی نەرێنیی هەیە بۆ متمانەی باوک و برای کچانی کورد کە دەبێ گوێڕایەڵی پیاوانی ماڵەوەیان بن. بە رای من کارکردن لە رێکخراوی دژ بە توندوتیژیی ژنان پێوستی بە ئاستی پسپۆڕیی لە بواری کێشەکاندا هەیە. بۆیە جیاوازیی رەگەز نابێ پێوەر بێ بۆ پۆست وەرگرتن. ئەو کەسەی لەو شوێنە ئەرک بەرێوەدەبا دەبێ بێلایەن لە رووی مرۆڤدۆستیی و موراڵیی بەرز متمانەی

خەڵک وەدەست بێنێ.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ رێگەچارەکانت چین؟

**خونچەخاس**: دەتوانم بڵێم ئازادییەکی زۆرم وەدەست هێناوە، ئەوەش دەستکەوتی کۆششی خۆم و گۆڕانی روانگەی باوک و هاوسەرم بووە لە ئاست توانای ژن لە کۆمەڵگەدا. براکانم هەمیشە وەک هاورێیەکی نزیکم بوون، کە جێی متمانەم بوونە و پشتگیرییان کردووم. ئێستا کێشەیەکی وام نییە رێگرم بێ لە ئاست ویست و ئامانجاکانم. رێگەچارە بۆ من ئەوە بوو کە کۆڵ نەدەم، لە ئاستەمترین دەمی ژیانم هێندە بێ هیوا نەبووم کە گۆڕانکاریی لە داهاتوومدا نەبینم. کۆششم کردووە دەست لە (ئیرادە)ی خۆم بەرنەدەم بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆم.

ئەمرۆ دەبێ ژنان ئامانجی بەرزیان هەبێ بۆ داهاتووی خۆیان. ناکرێ چیتر ژن خۆی کەم نرخ و کۆت و زنجیر بکا بۆ برێک زێڕ و دەستکەوتی مادیی. پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە دەستی ژن دایە، بێ هاتنەمەیدانی ژن بۆ نێو پۆست و سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات، یەکسانیی و بنبڕکردنی چەوسانەوە ناهێتەدی. بۆیە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی کچان گرنگە.

## ٣٤- سەمیرە ئەحمەد:



**نابەرابەریی ئەنجامی سەپاندنی دین و فەرهەنگی پیاوسالارییە،**
**ژنکوژییش کە دەسەڵات لێی بەرپرسە بەرهەمی ئەو سەپاندنەیە.**

**پایزە ئەحمەد: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟**

**سەمیرە ئەحمەد: بە رای من ژن و پیاو هەردوکیان قوربانی سیستەمێکن کە لەسەر جوداکاریی چینایەتی و رەگەزیی و هەلاواردنی مرۆڤەکان دامەزراوە. راستە کە لە باری پێکهاتنی بایۆلۆژییەوە ژن و پیاو جیاوازییەکیان هەیە. بەڵام ژنبوون و پیاوبوون وەک هەر چەمکێکی سیاسیی و کۆمەلایەتی تر دروست دەکرێ کاتێک تێکەڵ بە یاسا و سیاسەت و دەسەڵات و دین و فەرهەنگ دەکرێ و بە قازانجی چینی دەسەڵاتدار جوداکاریی رەگەزیی لێ بەرهەم دێ و بە ژێردەستەبوونی ژنان تەواود دەبێ. دیارە لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دین باڵادەستیی هەیە و فەرهەنگی پیاوسالاریی و نەتەوەیی و دینیی لە لایەن گرووپی دەسەڵاتدارەوە بەرهەم دێ و دەسەپێندرێ.. چەوسانەوەی پتری ژنان بە دەستی پیاوانی لێدەکەوێتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە هەموو دینەکانە و هەموو فەرهەنگی پیاوسالاریی لەسەر ئاستی جیهاندا ژنان لە خێزان و کۆمەڵگەدا و لە بەرامبەریدا ژێردەستە و کۆیلە دەکا.. بۆ نموونە لە بەریتانیادا سەردەمێک بە پێی بریاری کەنیسە، ئەو ژنانەی سۆزانیی بوون یان ئەفسوونگەر بوون، یان پەیوەندییان لەگەڵ پیاوی دیکە هەبووە، ئەوان بە فەرمانی کەنیسە بە زیندوویی لە سەربانی کەنیسەکە فرێدراون.. ئێستا پاشماوەی ئەو ئێسکە پرووسکانە هەیە. هەروا دینی ئیسلامیش کە هەموومان بە ئاشکرا دەزانین**

سادەترین خاڵی لەو بارەوە ئەوەیە کە ژن بە نیوەی پیاو دادەنێ.. وەک میرات و شایەدیی.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**سەمیرە ئەحمەد**: وەک لە پێشەوە گوتم ئەوە خودی پیاوان خۆیان نین چەوسێنەر بن و ژنانیش خۆیان خوازیاری ئەو چەوسانەوەیە نین لە جیهاندا کە بە دەیان شێوە نابەرابەریی و چەوسانەوە داسەپاوە و کۆمەڵگەی دابەشکردوە: لەسەر بنچینەی جوداکارییەکانی وەک (نەتەوەی جیاواز، رەنگی جیاواز، دینی جیاواز، رەگەزی جیاواز،... هتد) ئەمانەو داتاشینی پاساو و یاسای دژەمرۆیی جیاواز بۆ ئەمانە. هەر کەسێک ژن بێ یان پیاو بەو عەقڵییەتەوە لەدایک نابێ، بەڵکو ئەو هۆکارانە لە منداڵییەوە پەروەدەیان دەکەن.. کاتێکیش گەورە دەبن وەک خوویەک دووبارەی دەکەنەوە و بە بڕوایەکی چەسپاو مامەڵەی پێدەکەن، هەموو ئەمانە بە دژی ژنان دەکەوێتەوە. یەکەم شت ئەوە سیستەمی کۆمەڵگەیە کە وای باردەهێنێ، کە پیاو خۆی بە باشتر و پتر بزانێ و ژن بە پلە دوو سەیر بکا، بەدبەختیی ژنانیش لەوەدایە کە هەموو شتێک دژیانە، یاسا، دارِمانی ئابووریی، دین، پیاوبوون، خێزان، فەرهەنگ... هتد، لە بارێکی ئاوەهاشدا ژنان مرۆڤی بێ پشت و پەنان و کۆیلەی ئەو هەلومەرجە دژوارە تووشی نامۆیی دەبن.. جا گەر بۆ باڵادەستیی پیاوانیش ملکەچ بن کارێکی ئارەزوومەندانە نییە بەڵکو ملکەچی و بەزۆرە. تۆ زیندانییەک بهێنە پێش چاوی خۆت کە هەموو شتێک دژی بێ تەنانەت دیوارەکانیش و جەلادیش بەسەریەوە بێ، چ ریگەیەک هەیە بۆ مانەوەی ژیان لەوە پتر قەبووڵی بکا.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەرێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**سەمیرە ئەحمەد**: بەڵێ بە بێ گومان فاکتەری هەرە بەهێز و سەرەکیی کە درێژەی بە ژنکوشتن داوە تا ئێستا لە کوردستان، دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمن، من وەک شایەتحاڵی سەردەمی راپەڕین ئەوەم لە یادە کە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئێستای کوردستان خۆیان یەکەم لیستی کوشتنی ژنانیان گرت و لە ژێر ناوی بەدڕەوشتیی و "ژنانی بەعس"یەوە کەوتەنە کوشتنی ژنان لە کاتێکدا سەدان بەکرێگیراو و (مستەشار) و سەرانی بەعس لە رێزەکانی هەر ئەم حیزبانەدا بوون. دواتریش ئەم دەسەڵاتە یاساکانی (ئەحوالی شەخسی)ی بەعسییان بە میرات برد و تا ئێستاش کاری پێدەکەن.. کەوایە ئەوە راستییەکی بەڵگەنەویستە کە دەسەڵات سەرچاوە و هۆکاری ئەو شەپۆڵەیە لە کوشتنی ژنان.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان رێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی

**پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی ڕێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟**

**سەمیرە ئەحمەد**: سەرەتا بڵێم، ژنانێک لە کۆمەڵگە بە هەزار و یەک تەونی جاڵجاڵۆکە بەسترابێتەوە، نوقمی دەیان فەرهەنگ و دابونەریتی کۆنەپەرستانە کرابێ و کرابێتە کراس و لەبەری کرابێ، ژنانێک لە چوارچێوەی ماڵ و منداڵ بەخێوکردن و چوارچێوەی چێشتخانەدا راگیرابن دەبێ داوای چییان لێ بکەی! لە کاتێکدا بانگەوازی رۆژانەی هەموو میدیای بۆرژوازیی لە رادیۆ، تەلەفزیۆن، گۆڤار و رۆژنامە، ریکلام، بازاڕی کار، هەمووی فریودان و بانگەوازی فەرهەنگی دینیی و ناسیونالیستیی و جیاوازیی نێوان ژن و پیاو و جیاوازیی رەگەزییە، لە کاتێکدا بەرەی رادیکال، مرۆڤدۆست، کرێکاریی و چەپ و کۆمۆنیستیی زۆر لاوازە و لە گۆڕەپانەکەدا نییە کە ژنان خۆشحاڵیی و بەرچاوڕۆشنییەکیان هەبێ تا ئەو ڕێکخراوانە شوێنی دڵخوازی خۆیان بن، واتە ئەوە ببیننەوە کە دەتوانن خەباتی خۆیان بۆ مافەکانیان تێدا بەدی بکەن و بچن و کاری تێدا بکەن، سەردەمێک لە کوردستان لە دوای راپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ کە بەرەی چەپ و کۆمۆنیست هاتەمەیدان و لەگەڵ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستاندا هێزەکانی رژێمی بەعسیان لە کوردستان دەرکرد و شووراکانیان دامەزراند، ژنان هێزی بەرچاو بوون لە راپەرین و شووراکان و بەدوایدا لە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و دواتر لە ڕێکخراوی سەربەخۆی ژناندا، بە تێروانینی من هیچ کەسێک ناتوانێ ئەو مێژووە و رەنگدانەوەکانی ئەو مێژووە کە رەوتێکی رادیکالی لە کوردستان بەرهەمهێنابوو لەسەر ژنان و هەتا رۆشنبیران و لاوان بە کەم بگرێ، بەڵام نوێنەرانی سەرمایەداران کە دەسەڵاتدارانی یەکێتی و پارتی بوون تا ئەو دەمانە لەژێر دەیان بیانوودا خۆیان ژنیان دەکوشت ئەو هەلومەرجەیان بۆ قەبووڵ نەدەکرا، بۆیە هێرشیان کردە سەر ئەو بەرە رادیکال و پێشکەوتووە، کە بە دژی فەرهەنگ و دابونەریت و دینێک بوو کە دەسەڵاتداران دەهۆڵیان بۆ دەکوتا، قسە و کردارەکانی ئەو کاتی ڕێکخراوی ژنان کە ئێمە دروستمانکرد لە دوو دەیەی لەمەوبەر ئێستا حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەکانی ژنان دەیانەوێ تەنیا لە بەرهەمەکەی بخۆن نەک راشکاوانە لە پێناو ماف و ئازادییەکانی ژنان و یەکسانکردنیان بە پیاوان تێبکۆشن.. هەر بۆیە ژنان بە پشت و پەنای خۆیان نازانن و لێیان کۆنابنەوە.

**پایزە ئەحمەد**: **خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی رزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ ڕێگەچارەکانت چین؟**

**سەمیرە ئەحمەد**: ژیانی خێزانیی من بەو دەرفەتەوە خۆشبەختیی پێداوم کە لەگەڵ کەسانێکی سیاسیی و چەپ و مرۆڤدۆستدا گوزەراندوومە، هەڵبەتە منیش وەک هەر ژنێک لەو کۆمەڵگەیەدا کە باسمان کرد، کێشەی خۆم هەیە، بەڵام کێشەکانی من لە خێزاندا ژێردەستەبوون بە هۆی ژنبوونەمەوە نییە وەک ژنانی ئاسایی کۆمەڵگە کە گیرۆدەی بوونە. ئاستی سەربەخۆیی لە بڕیار و لە چوونیەکییم لەگەڵ هاوسەر و برا و باوکدا تەنانەت ئازادییەک کە لە خێزاندا خۆم و کچەکانم هەمانە بەرهەمی باوەڕی چەپگەریی و مرۆڤدۆستییە.. برا و باوک و هاوسەریش بە ئاشکرا و بە کردەیی دانیان بەوەدا ناوە بۆ من و کچەکانم، دیارە

ئەووەش لەخۆڕا بەدەست نەهاتووە بەڵکو بەرهەمی کۆششێکی زۆرە و هیچ کاتێکیش ئامادە نیم لە دەستی بدەم. پێویستە ئەووەش بڵێم بە شێوەیەکی گشتیی لە خێزانێک چاوم هەڵهێناوە کراوەتر بووە و بە رادەیەکی باش مافی ژنان و کچانی تێدا پارێزراو بووە.

---

**ئەو وتوویژانە لە ڕێکەوتی ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ هەتا ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٢ کراون.**

**سەرچاوە: ماڵپەرەی ئەمرۆ**

---



سەرچاوە
Serchawe

# تەوری ساغکردنەوەی چەمکی یەکسانیی لە گفتارەوە بۆ رەفتار



**سازادانی: نەجیبە مەحمود**

**بەشداربووانی تەوەری "ساغکردنەوەی چەمکی یەکسانیی لە گفتارەوە بۆ رەفتار:**

**- پیاوان لە دۆزی ژنان دەدوێن -**

**بارودۆخی جڤاکیی و پرسی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان، قسە و باسی زۆر هەڵدەگرن، هەڵبەتە سەرەکیترین و پڕ بایەخترین خاڵی چەمکی یەکسانیی بریتییە لە ساغکردنەوەی ئەو چەمکە لە گفتارەوە بۆ رەفتار، پێمان باش بوو تەوەرێکی تایبەت لەو رووەوە ساز بدەین، هەر بۆ ئەو مەبەستە هێندێک نووسەر و رۆژنامەنووس یاخود هێندێک لەو کەسانەی کە لە بواری چالاکیی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاکن یان هەر خۆیان وەک تاک چالاکیی لەو بارەوە دەنوێنن.. دەدوێنین و بە هاوکاریی ئەم ماڵپەڕە وەڵامەکانیان بڵاودەکەینەوە.**

## ١- نەبەز کەمال*:



**من بە راشکاویی دەیڵێم بڕوام بەو یەکسانییەی نێوان ژن و پیاو نییە کە مانای سڕینەوەی جیاوازییەکانی نێوان دوو رەگەزەکە بێ..**

**نەجیبە مەحمود: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟**

**نەبەز کەمال**: لەوانەیە من کەمترین قسەم لەسەر ئازادیی ژنان کردبێت و کەمترین بەشداریشم لەو چالاکییانەدا کردبێت کە تایبەت بوون بە ژنان و مافەکانیان، هەمیشە وتوومە ژن خۆی ئەبێت لە من باشتر بزانێت چی ئەوێت و هەوڵ بۆچی ئەدات و بەرژەوەندیی لە چیدایە و.. ئەوەی هەمە لەو بارەیەوە هەندێک وتارە لە رۆژنامەکاندا کە تیایاندا بۆچوونی خۆمم لە بارەی مەسەلەیەک یان رووداوێکی ژنانە دەرخستوە، یان وەڵامی نووسینی کەسێکم داوەتەوە، یان یادی قوربانییەکی ژنم بەسەرکردوەتەوە.. لەوانەشە بەڕێزت پێشتر لە میانەی قسەکردن و کۆمێنتەکانمەوە تا رادەیەک بۆچوونم لەو پرسەدا بزانیت.

من بە راشکاویی دەیڵێم بڕوام بەو یەکسانییەی نێوان ژن و پیاو نییە کە مانای سڕینەوەی جیاوازییەکانی نێوان دوو رەگەزەکە بێ.. بە پێچەوانەوە، ئەو دوو رەگەزە لە رووی بونیادەوە جیاوازن، هەر ئەو جیاوازییە بونیادییە وا دەکات لە رووی ئەرک و رەفتار و کۆمەڵێک شتی ترەوە جیاواز بن.. ئەمە ئەڵقەیەکی تری دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتییە و هیچ نەنگییەکی تێدا نییە.. بە راستی ئەو کاتەی ژنێک وا دەزانێت یەکسانبوونی لەگەڵ پیاو ئەوەی لێدەخوازێت وەک پیاو رەفتار بکات و جیاوازییەکان بسڕێتەوە، ئەوە بێ رێزیی بەرامبەر ژنبوونی خۆی دەکات.. ئەوە وەک ئەو رەشپێستە وایە کە لە بری ئەوەی داوا

بکات وەک رەشپێستێک رێزی لێ بگیرێت، بچێت بە بۆدرە رەنگی خۆی سپی بکات و بەوە بیەوێت بگات بە یەکسانی و رێز بە دەست بهێنێت..

ئەمە بە کورتیی بۆچوونی منە، ئومێدەوارم فیکرەکەم گەشتبێت...

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**نەبەز کەمال**: من ئامادەم هاوکاریی هاوسەرەکەم بکەم لە ناو ماڵدا ئەوەندەی بتوانم، کردووشمە. بەڵام وەک وتم هاوکاریی ئەکەم، واتە ئەگەر بۆ نموونە ئەو سەرقاڵی موتابەعەکردنی درامایەک یان بەرنامەیەک بێت و من هەستم چایەک لێ بنێم، ئەوە مانای وا نییە چا لێنان کاری هەردووکمانە بە بێ جیاوازیی، بەڵکو کاری (ئەو)ە و من وەک هاوکارییەکی (ئەو) ئەنجامم داوە.. هەموو کارەکانی تریش بە هەمان شێوە.. من یەکسانییەکە لەوەدا دەبینم کە وەک ژنێک رێز لە ژن بگرم، جل شۆردن و چێشت لێنان و منداڵ بەخێوکردن و هەموو ئەو کارانەی دیکە کە کۆمەڵگا بەسەر ئەویدا سەپاندوون بە کاری نزمتر نەزانم لەو کارانەی کە خۆم دەیانکەم. ناسکیی و لاوازیی بونیادیی ئەو نەکەم بە بە هانەیەک بۆ سووکایەتیکردن پێی.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**نەبەز کەمال**: سەبارەت بە سێکس لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیریی، لێت ناشارمەوە کە من لەو رووەوە تا ئێستا پیرۆزییەکی زۆر دەدەم بەو چوارچێوەیە و لە توانامدا نییە بیشکێنم، هەڵبەتە لە بەرامبەرەکەشم قبووڵ ناکەم بیشکێنێت.. بەڵام قبووڵ ناکەم بەو مانایە نا کە سەری لە ملی ئەکەمەوە.. بڕوام بەو توندوتیژیە نییە، پەیوەندیی هاوسەرگیریی، یان دڵداریی، یان هاوڕێیەتی سێکسیی، ئەوانە لەسەر بنەمای رەزامەندیی دوولایەنە دائەمەزرێن، کاتێک کەسی بەرامبەرم منی نەویست زۆر بە سادەیی منیش ئەم ناوێت و هیچی تر. واتە جیابوونەوە و دوورکەوتنەوە لەو حاڵەتەدا شیاوترین چارەسەرە بە بۆچوونی من.

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**نەبەز کەمال**: وا بزانم تا رادەیەک وەڵامی ئەم پرسیارە هەمان ئەو قسانەیە کە کردوومن، من ناڵێم شەرەف، ئەڵێم پیرۆزیی خێزان، یان پیرۆزیی پەیوەندیی.. شکاندنی ئەو پیرۆزییە لە هەر لایەکی پەیوەندییەکەوە بێت هەمان شتە و ئەگەر سزایەک هەبێت لایەکیان شایستەی ئەو سزایە بێت، ئەوە لایەکەی تریش شایستەی هەمان سزایە.. ئەگەرچی ئەگەڕێمەوە و ئەڵێم دژی سزادانم بە هەموو جۆرێک.. ئەمە ئازادیی هەڵبژاردنە.. واتە کاتێک لایەکی پەیوەندییەکە پیرۆزیی ئەو پەیوەندییە دەشکێنێت، ئەوە مانای وایە پەیوەندییەکە هیچ پیرۆزییەکی لای ئەو نەماوە لەبەر هەر هۆکارێک بێت.. ئەو کاتە هێشتنەوەی بە زۆرلە ناو قاڵبی ئەو پەیوەندییەدا تاوانە نەک دەرچوونی ئەو لە قاڵبەکە.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم.

* نەبەز کەمال: نووسەر و رۆژنامەنووس و وەرگێڕ و...

## ٢- شوان سدیق*:



**من هاوڕام چی بۆ من حەڵاڵ بێ،**
**دەبێ ئەوەش بۆ ئەندامانی خێزانەکەم حەڵاڵ بێ.**

**نەجیبە مەحمود:** بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟

**شوان سدیق:** بانگەشەکردن بۆ ژیانی یەکسانیی لە نێوان ژن و پیاو یاخود کچ و کوڕ بێگومان دوو رووی هەیە تیۆریی و پراکتیکیی؛ لە تیۆریدا دەق بە دەق و بڕگە بە بڕگەی جوانن و سەرنجڕاکێشن، هەندێ جار وێنەی بەهەشتێک و دۆخێکی ئەندێشەیی نیشان دەدا، مرۆڤی دەرەوەی ئەو سیستمە تیۆرییە ئێرەیی پێ دەبا. بەڵام کاتێک یەکسانیی نێوان ژن و پیاو یان رەگەزەکان، دێتە سەر (ئەمری واقیع) بۆ ئەوەی پراکتیزە بکرێ، واتە بە شێوەیەکی کردەیی بێ چیتر وەک یۆتۆپیا نەمێنیتەوە، ئا لێرەدا مرۆڤ بە گشتیی واتە پیاو بەرامبەر ژن و ژنیش بەرامبەر بە پیاو بە هۆی دابونەریت و دیسپلینە ئاینیی و خێڵ و بنەماڵەییەکان تووشی راوەستان و هەڵوەستەکردن دەبنەوە.

بەش بە حاڵی خۆم لە ماوەی شەش ساڵی رابردوو وەک کاری رۆژنامەنووسی هەوڵمداوە کەمێک رۆڵم هەبێ لە خستنەڕووی کێشە خێزانییەکان، بە تایبەتیی کێشەکانی ژنان و بە هۆی ئەو دۆخە ناهەموارەوە بەسەریاندا هاتووە. هەروەها هەوڵمداوە لە رێگەی دەرگەی رۆژنامە و سەکۆی راگەیاندنەکانەوە، بایەخ بەو کەس و لایەنانە بدەم کە بیرۆکەی باش و پرۆژەی



سەرچاوە Serchawe

هەمەلایەنە و چارەسەریان، وەک میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان و رەوشی خێزان پێیە. کەسانی بەهرەمەند و و چالاکوان و رۆشنبیرانی کۆمەڵگەش کەسگەلێک بوونە لەوانەی بەردەوام هەوڵمداوە قسەکانیان بگوازمەوە، بۆ دەسەلات و هەم بۆ ناوەوەی کۆمەڵگەش بە ئومێد و ئاواتی ژیانێکی باشتر.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**شوان سدیق**: هێشتا هەر کورم، دەکرێ بڵێین پیاو وەک کارەکتەر خاوەن دەسەلات و سەربەخۆترە لە رووی خێزانییەوە، ئەو کاتانەی لە ماڵم واتە لەگەڵ خوشک و دایک و خێزانەکەمان پێکەوە دەژین، بەش بە حاڵی خۆم ئەوەی توانیبێتم وەک ئەرکی ماڵەوە، ئەنجامم داوە، کارەکانیش هەموویان دابەشکراون، هیچ کات کچ و دایک رێگەی ئەوەیان پێ نەداوە، برۆن (بایع)ی وەربگرن، یان بتڵە غاز و بەرمیلە نەوت بێننەوە. بە گاڵتەوە ئەم قسەیە ناکەم سەبارەت بە ژیانی ماڵداریی ئەگەر کورەکان لە ماڵەوە ئۆتۆنۆمییان وەرگرتبێ، دڵنیا بن کچەکان سەربەخۆییان وەرگرتووە. ئێستاش ئامێرەکانی شوشتن و وشکردنەوەش زۆر بوون. کاری ئەوان زیاتر تەنیا خواردن دروستکردنە.. ئەوەش دایکم ئەو کارە دەکا، بە بڕوای خۆم هەرچی قاپ و قاچاخ و پیاڵە و قۆریی ماڵ هەیە دوو جار بیانشۆین، دایکم هەر دەیانشواتەوە، چونکە دڵی بڕوا نادا.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**شوان سدیق**: ئەگەر هاتو ئەو کردەیە هەر کەسێکیان لەوانەی باست کرد ئەنجامی بدەن، دەبێ وەک خودی خۆت مامەڵەیەکی ژیرانەی لەگەڵ بکەی بەلام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ ژیانی ئێمە ژیانێکی سەربەخۆییمان نییە.. کاریگەریی کۆی هەموو بیر و بۆچوونەکانی کۆمەڵگە و دەوروبەرمان زاڵە بەسەرمانەوە، من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەو قسەیەش نیم کە دەڵێ: "لە شاری کوێران، دەبێ دەست بە چاوەتەوە بگری" لەگەڵ ئەوەش هاوڕام چی بۆ من حەلاڵ بێ، دەبێ ئەوەش بۆ ئەندامانی خێزانەکەم حەلاڵ بێ.

هیچ کات لەگەڵ ئەوە نەبووم یان دڵم بەوە خۆش نییە برایەکم سێکس یان عیشق و خۆشییەکانی خۆی لە ژیانیدا جێبەجێ بکا و ئەنجامیان بدا، بەلام ئەوانی دی ئەنجامی نەدەن. ئەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا پیاوسالاریی یان نێرسالاریی پێ دەڵێن. پێویستە وەک چۆن دڵخۆشیی بەوەی برایەکت کچێکی بێگانە وەک هاوسەری خۆی دەستنیشان دەکا، وەهاش دەبێ دڵخۆش بی،



سەرچاوە Serchawe

کە خوشکێکت هاوسەرێکی بێگانە دەکاتە هاوبەش و هاوسەری ژیانی.

ئەگەر "نا" بێ. بێگومان هەر کەسێک باسی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بکا، ئەوا هەر لە دەقە تیۆرییەکەدا دەخولێتەوە، ئەویش بەش بە حاڵی خۆی لە دەرەوەی ئەو بازنەی ژیانەوە دەبێ، کە پێی دەگوترێ ژیانێکی یەکسان.

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**شوان سدیق**: یەکێک لە هۆکارەکانی کوشتنی ژنان ئەوەی کە لەسەر دابونەریت و یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بێ، راستەوخۆ گرێ دەدرێ بە شەرەفەوە، واتە کەسی ئەنجامدەر لە خەیاڵی خۆی و لە واقیعی ژیانیدا، بڕوای وایە کە ئەو کردەوەیەی ئەنجام داوە، داکۆکیی لە شەرەفی خۆی کردووە. وەک ئەوەی لە ناو کۆمەڵگە ئەگەر کچێک ماچێک ببەخشێ، یان کوڕێک ماچ بکا، دەڵێن: "شەرەفی بردووین" بەڵام ئەگەر کوڕێک ماچێک وەربگرێ، یاخود کچێک ماچ بکا. هیچ کاردانەوەیەکی لێ ناکەوێتەوە. لە لایەن خێزانەوە. کە شایەنی باس بێ.

* شوان سدیق: وەک کەسێکی ئازاد. خاوەن بیر و بۆچوونی تایبەت بەخۆیەتی، لە رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان، وتار و بیر و بۆچوونەکانی دەخاتەڕوو، لە ئێستادا لە بوارەکانی نووسینی بابەتی جوراوجۆر و ئامادەکردنی هەواڵ و ریپۆرتاژ و تەوەر و هەڤپەیڤین.. کاری رۆژنامەنووسیی ئەنجام دەدا.



سەرچاوە
Serchawe

## ٣- رێبین ئەحمەد خدر:



**من وەک خۆم هیچ کەسێک، خوشک و دایک و کێیتر بە موڵکی خۆم نازانم،**
**لە بەرانبەر وەها کارێکیش ئەوان ئازادن و خۆیان رێنوێنی ژیانی خۆیانن.**

**رێبین ئەحمەد خدر، پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.. بۆچوونی خۆی بەو شێوەیە لەسەر تەوەرەکە و پرسیارەکان دەربڕێ:**

سڵاوی زۆر بۆ ئێوە، پرسیارەکان لە رووێکەوە بە گرنگ دەبینم، گەر وەک هەڵگرتنی داتا و ئامار کاری بۆ بکرێ، بەڵام لە رووی هزرییەوە بە رای من هیچ ناخاتە سەر چالاکیی لەم بوارەدا، دەکرێ ئەم راپرسیی و پرسیارانە لە ناو خانەکانی کۆمەڵگە ئەنجام بدرێن، دواتریش ریشەکان بگریت نەک دەرهاویشتەکان.. راستە بە ناسینی کۆمەڵگە و تاکەکان دەگەرێینەوە بۆ بنەما و بنەڕەتیش بەڵام هێشتا بەم شێوەیەش نا، ئێمە بە وەها کارێک تەنیا وەڵامی چەند کەسانێکمان دەستدەکەوێ.. چی لە وەڵامەکان دروستدەکەین؟ بە هەر حاڵ من زۆر بە کورتیی وەڵام دەدەمەوە.

**نەجیبە مەحمود:** بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟

**ڕێبین ئەحمەد خدر**: کارو چالاکیی من لەم بوارەدا ، بەنووسین بە وتار لەبارەی پرسی ژنانەوە - بەڵێ چەند وتارێک و بڵاویش کراونەتەوە، پراکتیک ئەویش هەوڵمداوە بە پێی توانای خۆم، لە زانکۆ، لە ناو کۆمەڵگەیشدا.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**ڕێبین ئەحمەد خدر**: کاری خزمەتگوزاریی ناوماڵ تا ئێستا بە پێی پێویست نا، بەڵام هیچکاتیش وەک نێرسالارێک بە داخوازیی و فرمانکردن بە وەی ئەوەم بۆ بکەن و ئەوم بۆ بێنن - رەفتارم نەکردووە.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**ڕێبین ئەحمەد خدر**: من وەک خۆم هیچ کەسێک، خوشک و دایک و کێیتر بە موڵکی خۆم نازانم، لە بەرانبەر وەها کارێکیش ئەوان ئازادن و خۆیان ڕێنوێنی ژیانی خۆیانن.

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**ڕێبین ئەحمەد خدر**: وەڵامەکە لە پرسیارەکەدا هەیە، روونکردنەوەی زۆری ناوێت، پیاو سزا بۆ کارێک دادەنێت کە خۆی ئەنجامی داوە، بەڵام ئەوەی بەر سزاکە دەکەوێت ژنە.

## ٤- تاهیر سالّح:



**ئەگەر کەسە نزیکەکانی من لە دەرەوەی ژیانی هاوسەرگیریی کارێکی سێکسیی ئەنجام بدەن، ئەوە تایبەت بە ژیانی خۆیان و پەیوەندییەکی بە منەوە نییە.**

**نەجیبە مەحمود**: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟

**تاهیر سالّح**: بێگومان من لە کۆمەڵگەیەکدا هاتوومەتە دنیاوە کە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و پیاوسالارانەیە. کلتوور و عەقڵی پیاوسالارانە تا سەر مۆخی ئێسقانی تاک بە تاکی ئەو کۆمەڵگەیە ڕۆچووە. کلتوور و عەقڵی پیاوسالارانە بەشیرەوە دەرخواردی ئێمە دراوە. ئێمە هەرچەند لەبارەی ئازادی و یەکسانی ژن و پیاوەوە قسەمانکردبێت، نووسی بێتمان و بنووسین و بڵێین، بەڵام هێشتا لەچەند بوارێکی کێشەی ژناندا لەژێر کاریگەریی ئەو کلتوورە پیاوسالار و داڕزیوەداین. ئەگەر کەسانێک کە خۆیان بە داکۆکی کار لە کێشەی یەکسانی ژن و پیاو دەزانن، نکوڵی لەو ڕاستییە بابەتییە بکەن، پێش لەوەی درۆ لەگەڵ ژناندا بکەن، درۆ لەگەڵ ویژدانی خۆیاندا دەکەن.

ئەوەندەی کە بە خۆم دەگەڕێتەوە، لەو سەردەمەوە کە بە تیۆری مارکسیزم ئاشنا بووم، هەمیشە لە شەڕدا بووم لەگەڵ ئەقڵ و کلتوورێکدا کە بە شێوەیەکی نادڵخوازانە و دوور لە ئیرادەو ویستی خۆم، کۆمەڵگە لە مێشکی مندا جێگیرکردووە. ئەم شەڕە لەگەڵ مێشکی خۆمدا، واتە لەگەڵ هەمان کلتووری پیاوسالارییدا، شەڕێکی بەردەوام و بێپسانەوەیە و لەگەڵ هەر

سەرکەوتنێکمدا بەسەر ئەم کلتوورە جێگیرکراوە لەمێشکمدا، هەست دەکەم هەنگاوێک لەو حەقیقەتە نزیک دەبمەوە کە ئەوەی دەربارەی یەکسانی ژن و پیاو نووسیومە و وتومە و دەیڵێم، ئاوێنەیەکە بیر و کلتووری نوێی منی لەخۆیدا عەکس دەکاتەوە.... بەم بۆنەیەشەوە، حەز دەکەم ئەوەتان بە بیربهێنمەوە، کە لەساڵی ١٩٩٢ وە، ئەوەی بۆ ناساندنی کێشەو مافەکانی ژنان پێم کرابێت، لە نووسینەوە بگرە تا دەگاتە بەشداریکردن لە یادەکانی هەشتی مارسدا، کەمتەرخەمیم نەکردووە.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**تاهیر سالح**: لەو سەردەمەوە کە لەگەڵ دنیای سیاسەت و خوێندنەوەدا تێکەڵ بووم، بەداخەوە نەمتوانیوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناو خێزانەکەی خۆماندا بمێنمەوە. ئەوەندەی کە لە ناویاندا ژیا بم، دریخییم لە کۆمەکردنیان لەو بوارانەدا نەکردووە.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانیییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**تاهیر سالح**: بەرلەوەی وەڵامێکی کۆنکرێت بە پرسیارەکەتان بدەمەوە، پێم باشە ڕوونکردنەوەیەک لەسەر کێشەی سێکسیی (بە واتای ئێوە لەدەرەوەی هاوسەرگیریی) بدەم. کێشەی پەیوەندیی سێکسیی، یەکێک لە کێشە بنچینەییەکانی ژنانی کۆمەڵگە پیاوسالار و دواکەوتووەکانە. هەڵبەت لە کۆمەڵگە بە ناو پێشکەوتووەکانیشدا ئەم کێشەیە بەجۆرێکی دیکەو لە بەرگی یاسایی و بەناو بەرگریکردن لە مافەکانی ژناندا بوونی هەیە، کە قسە لەسەرکردنی هەندێک ئاڵۆزەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وورد و دەقیقتر هەیە...، بەهەرحاڵ، کێشەی سێکس لەدەرەوەی پەیوەندیی تایبەت، کیشەیەکە ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی و هەیە و لە سەردەمانێکی کۆنی مێژووەوە کە جڵەوی ئیدارەکردنی سیاسیی، ئابوریی و فیکری کۆمەڵگە کەوتۆتە دەستی پیاوانەوە، ئەم کێشەیە لەگەڵ جۆرێک لە چاوچنۆکی و خۆپەرستی سێکسیی پیاوانەدا تێکەڵ بووە. ئەم دیاریدە مێژووییە پێمان دەڵێت هەر بەو شێوەیەی کە پیاو بووەتە خاوەنی هۆیەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بە هەمانشێوەش خۆی کردۆتە خاوەنی هەست و نەست و جەستەی ژنانیش. هەر بەو شێوەیەی [پیاو] دەستی بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا گرتووە، بەهەمان شێوەش دەستی بەسەر هەست و جەستەی ژناندا گرتووە. پەیوەندیی سێکسیی ژنان، پیاوان دیاریانکردووە، چونکە پیاو خۆی بە خاوەنی ژن زانیوە. ئەم خاوەنداریتیە پیاوانەیە بەسەر ژناندا، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە،لەقۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، لەچوارچێوەی دین، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی جیاوازدا، لە شێوەی چەمکی" شەرەف و ناموس"دا شەرعیەتی پێدراوەو لە قاڵبی یاساکانیش دراوە. ئەنجامی

ئەوەش بە کۆیلایەتی موتڵەقی ژنان شکاوەتەوە.

بە بڕوا و بۆچوونی من، کێشەی سێکسیی ژنان لە دەرەوەی هاوسەرگیریی، کێشەیەکە کۆمەڵگەی پیاوانە بەرهەمیهێناوە و کێشەیەکی دەستکردی پیاوە. کێشەکە ئەگەر دوور لە حەسادەتی پیاوانە و دوور لەو ئەقڵەی کە ژن بە موڵکی تایبەتی خۆی دەزانێ و موڵکی خۆیشی بە "شەرەفی پیاوانە" دەزانێت، تەماشا بکەین، پێم وایە بە ئەنجامێکی زۆر سادەو ئاسان دەگەین کە بریتییە لەمە پەیوەندیی سێکسیی، پەیوەندییەکی تایبەتی، سەربەخۆ و زەروری نێوان دوو مرۆڤە و ئەوە مافێکی بێ ئەملاو ئەولای هەر ژنێکە کە پەیوەندیی سێکسیی خۆی بەوشێوەیە دیاربکات کە دڵخوازی خۆیەتی، بەڵام نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە پەیوەندیی سێکسیی، پەیوەندییەکی "گشتی" نییە وەک ئەوەی کە ڕژێمی سەرمایەداریی ئەمڕۆ سێکس وجەستەی ژنانی کردۆتە "موڵکی گشت" پیاوان.

بە شێوەیەکی کۆنکرێتریش لەسەر پرسیارەکەی بەڕێزتان، دەبێت دووبارە جەختی لەسەر بکەمەوە کە لە ڕوانگەی منەوە، پەیوەندیی ژن و پیاو، پەیوەندییەکی تایبەتییە. ئەگەر خوشکەکەی من،

ئەگەر هاوسەرەکەی من، ئەگەر براکەی من، ئەگەر باوکی من لە دەرەوەی ژیانی هاوسەرگیریی کارێکی سێکسیی ئەنجام بدات، ئەوە تایبەت بە ژیانی خۆیەتی و پەیوەندییەکی بە منەوە نییە، بەڵام ئەگەر خوشکەکەی من، ئەگەر هاوسەرەکەی من، ئەگەر برای من و باوکی من لە دەرەوەی ژیانی هاوسەرگیریی خۆیانەوە کاری سێکسیی ئەنجام دەدەن، من دەپرسم کە بۆچی چوونەتە ناو ژیانی هاوسەرگیرییەوە؟ سێکسکردن بە قاچاخ و لە دەرەوەی ژیانی هاوسەرگیریی، بە بڕوای من بەرلەوەی درۆکردنێکە لەگەڵ هەستی خۆتدا، لە هەمانکاتدا ڕەتکردنەوەی ئەو پرەنسیپەیە کە پەیوەندیی ژن و پیاو، یان ڕوونتر بڵێم پەیوەندیی سێکسیی ژن و پیاو دەکاتە پەیوەندییەکی گشتی و ئەمەش بەشێک لەو ئەقڵە پیاوسالارییەیە کە ڕژێمی سەرمایەداریی لە بەرگی یاسا، ئاین، کلتوور و دابو نەریتی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆردا بۆ بە کۆیلە هێشتنەوەی ژنان بەرهەم و سەرلەنوێ بەرهەمی دەهێنێتەوە.

**نەجیبە مەحمود:** لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**تاهیر سالح**: پێشتر بە کورتی ئاماژەم پێدا کە چەمکی "شەرەف"، لەڕووی مێژوویی و بابەتییەوە، یەکسانە بە چەمکی "داگیرکردنی جەستە و سێکسیی ژنان" لەلایەن کۆمەڵگە پیاوسالارەکانەوە. لەو ڕۆژگارە مێژووییەوە کە "ژن" کراوەتە " شەرەف"ی خێزان و بنەماڵە، هەرلەو ڕۆژگارە مێژووییەوە، جەستە و هەست و نەستی ژنان لەلایەن سوپای پیاوانەوە داگیرکراوە و دەستیبەسەردا گیراوە. بە بڕوای من چەمکی " شەرەف " لە بوعدە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەیدا، بریتییە لە " بێشەرەفی



سەرچاوە
Serchawe

پیاوان" بەرامبەر بە ژنان. ئەو پیاوانەی کە ژن بە " شەرەف "ی خێزان دەزانن، بە خۆیان بزانن یان نەزانن، دەستدرێژیان کردبێتە سەر ژنان یان نەیانکردبێت، لەواقعدا پراکتیزەی جۆرێک لە " بێشەرەف "ی بەرامبەر بەژنان دەکەن. ئەمەی کە دەیڵێم تایبەت بە پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە نییە، بەڵکو تایبەت بە هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە "ژن" یەکسان بە "شەرەف" دەکەن!. دەبڵ ستانداردی و دوو ڕوویی پیاوانە، لە ئەقڵ و چەمکی " شەرەفپەرستی"دا خۆی ئاشکرا دەکات. هەتا کلتوور و ئەقڵی "شەرەفپەرستی" و "ژن بەشەرەف" چواندن لە کۆمەڵگەدا برەوی هەبێت، بە دڵنیاییەوە دوو ڕوویی و دەبڵ ستانداردی پیاوانەش درێژەی دەبێت. بۆیە دەبێت شەڕێکی ئاقڵانی لەدژی بە " بەشەرەفکردنی ژنان " بەرپابکرێت. سەرکەوتن لەم شەڕەشدا مسۆگەر و ئاسان نییە، بەڵام دەبێت بەرپا بکرێت.

## ٥- نەهرۆ:



**رێز و بەهای ئافرەت وەک مرۆڤ بەرز و باڵاترە لە پڕۆسەی سێکس کە کایەکی سەر جەستەیە و هیچ لە قورسایی ئافرەت کەم ناکاتەوە وەک مرۆڤ!**

**نەجیبە مەحمود: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟**

**نەهرۆ**: زۆر سوپاستان دەکەم کە منتان هەلبژاردووە بەشداریی لەم تەوەرە هەستیارەدا بکەم، سەرەتا من وەک پرنسیپی نەگۆڕ بڕوای تەواوم بە یەکسانیی ئافرەت و پیاوە لە هەموو بوارەکاندا، کۆمەڵایەتی. سیاسی، ئابووری، دەبێ زۆر وردبینانە لە روانگەی مافی مرۆڤەوە بۆ مەسەلەی ئافرەت بروانین، من جاروبار کورتە چیرۆک دەنووسم لە هەندێکیاندا هەوڵ ئەدەم بەدبەختیەکان ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردەواری بخەمەڕوو، مەکسیم گورگی دەڵی مرۆڤ جێگای بەزەیی نییە بەڵکو مایەی رێزە، منیش دەڵێم ئافرەت جێگای بەزەیی نییە بەڵکو مایەی رێزە، بۆیە من لە ناخەوە رێز لە ئافرەت دەنێم، وەک مرۆڤێکی شایستە مامەڵەی لەگەڵ دەکەم، من پێش هەموو شتێک دایکێک و پێنج خۆشکم هەیە لە زەمەنی وشیاربوونەوەم و ئاگاهیم دا بڕوا ناکەم رۆژێک لە رۆژان دەستم خستبێتە کاریانەوە، جگە لە خۆشکە گەورەکەم کە لەبەر دڵپیسی دایک و باوکم نەخرایە بەر خویندن بەڵام دوایی کەوتە بەر هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری چوار خۆشکەکەی ترم لە بەغدا خوێندنیان تەواو کردووە،

یەکێکیان ئەندازیاری تەلارە ئەوی دیکەیان پزیشکی ئاژەڵە دووانەکەی دیکەش مامۆستان، بۆیە ئەمرۆ شانازیی دەکەم کە خۆشکەکانم ئەندامی زیندووی کۆمەڵگان، ئەم ئاواتەش بۆ هەموو ئافرەتانی کۆمەڵگای کورد دەخوازم، هەروەها لە ئاستی کاری بەکۆمەڵیش بەشداریی هەر چالاکییەک ئەکەم تەرخان کرا بێ بۆ داکۆکییکردن لە مافەکانی ئافرەت.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**نەهرۆ**: من لە ماڵێکدا پەروەردە کراوم تیایدا دایک و خۆشک کاری ناوماڵیان دەکرد، بەڵام کە پەیوەندییم بە حیزبی شیوعییەوە کرد لەبارەگاکان تیایدا کاری هاوبەشمان دەکرد، ئیدی ئەو بۆچوونە لە زەینم جێگیربوو کە لەگەڵ هەر کەس دەژیّ ئەوجا چ دایک بێ یا خۆشک یا هاوسەر دەبێ دەسپێشخەر بێت و بەشداریی بکەیت تەنانەت لە کاری ناو ماڵدا! کاتێ لە ئەوروپا گەڕامەوە بۆ کوردستان کەوتمە کێشمەکێش لەگەڵ خۆشکەکەمدا لەبەر ئەوەی من دەمویست خۆم جلەکانی خۆم بشۆم!

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**نەهرۆ**: پەیوەندیی سێکسیی لە دەرەوەی خێزان، وا باشە لە هەردوو لاوە خیانەتی زوجی نەبێ بەڵام ئەگەر کراش، مەسەلەی سێکس سەرەتا و کۆتایی دنیا نییە! دەبێ رێز لە حەز و ئارەزووی کەسەکان بگرین، کەسەکان چ ژن بن یا پیاو تەنیا خۆیان بەرپرسیارن لە چارەنووسی خۆیان، لەڕوانگەی مافی مرۆڤەوە کەسەکان ئازادن، هەر دەستێوەردانێک لە ژیان و چارەنووسی کەسەکان دەستدرێژیی کردنە بۆ سەر ئازادییەکانی تاک و مافی مرۆڤ ئەوجا چ لە لایەنی ئەندامانی خیزانەوە بێ یان دەسەڵاتێکی دیکەی کۆمەڵایەتییەوە بێ! بە رای من رێز و بەهای ئافرەت وەک مرۆڤ بەرز و باڵاترە لە پڕۆسەی سێکس کە کایەکی سەر جەستەیە و هیچ لە قورسایی ئافرەت
کەم ناکاتەوە وەک مرۆڤ!

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**نەهرۆ**: ئەو پیاوانەی دەستدرێژیی ئەکەنە سەر ئافرەت و لە هەمان کاتدا ژن بە شەرەفی خیزان ناوزەد دەکەن، ئەو جورە

پیاوانە کەسایەتییەکی شیزوفرینیان هەیە، لە ئیزدواجیەت و نیفاق دەژین، بیرکردنەوەی باوکسالاریی بە سەریاندا زاڵە، دەبێ بەپێ یاسا ڕادەیەک دابنرێ بۆ ئەو پیاوانەی دەستدرێژیی ئەکەن، لە هەمان کاتدا شەرەفی ئافرەت بەند نییە بە پرۆسەی سێکسەوە بەڵکو بە راستگویی و هەڵویستی لە مەسەلە جوربەجورەکانی ژیان!

ئینگلس لە پەرتووکی (بنەچەی خانەوادە و مولکییەتی تایبەتی و دەوڵەت) باسی میژووی ئافرەت دەکا کە لە سەرەتادا دەسەڵات بە دەستی ئافرەتەوە بووە، لە دەرەوەی ماڵ ئافرەت کاری کشتوکاڵی کردووە تەنانەت ئافرەت بۆ یەکەم جار کشتوکاڵی دوزیوەتەوە، منداڵەکان بە ناوی دایکیانەوە ناو دەنران لەبەر ئەوەی هەر ئافرەتێک چەند پیاوێکی هەبوو! بەڵام کە ئیش دابەش کرا یەکەم شکستی میژوویی ئافرەت دەستی پێکرد، هەر لەو پەرتووکەدا دەڵێ گەشەکردنی ئافرەت لە هەر کۆمەڵگایەک نیشانەی گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگایەیە، لینینیش دەڵی دەبێ ئافرەت لە کونجی ناندین بهێنینە دەرەوە، کەمال مەزهەری میژوونووس دەڵی نابێ لە دەرەوە ئاڵای یەکسانیی هەڵگرین لە ماڵەوەش تێڵای بێسانیی!

دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچی کە ئاین هەوینی سەرکوتکردنی ئافرەتە لە ژیاندا، هەموو ئاینەکان ئافرەتیان دەستەمۆ و ملکەچ کردووە بۆ پیاوان، تەنانەت خوداش وێنەیەکی نێرینەی هەیە بە پێی میسۆلوژیاکان سەرەتا ئادەم لە وێنەی خودا دروست کراوە ئەوجا حەوا لە دندەی ئافەریدە کراوە گەر چی ئێمە بروامان بە تیۆری داروینە بۆ بنەچە و گەشەی مرۆڤ!



سەرچاوە
Serchawe

## ٦- تاهیر حەسەن:



**من هێند بڕوام بە ئازادیی نێوان تاکەکان هەیە تا ئەو ساتەی ئاستی وشیاریی ئەو تاکە چووبێتە سەرەوەی جیهانبینیی بەکارهێنان.**

**نەجیبە مەحمود: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟**
**ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟**

**تاهیر حەسەن**: من وەک خۆم و ئەو کەسایەتییە تایبەتەی هەمە، ئەوەی دەڵێم یان دەنووسم دەربارەی مافی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، پێش وەخت لە ڕەفتاری ڕۆژانەمدا کارم پێکردوە. ئەرکی ماڵەوە بە شێوەیەکی باش کاری دابەشکردنمان بۆ کردوە لە نێوان خۆم و هاوسەرەکەمدا. لە ئەرکی ماڵدا بە پێی توانا هاوکارییەکی باشی هاوسەرەکەم دەکەم، وەک قاپ شتن و گسک دانی ماڵ و یارمەتیدانی منداڵەکانمان لە کاتی نوستن و هەندێک جاریش پاک کردنەوەیان، زۆر کەم خواردن دروست دەکەم. من لەگەڵ هاوسەرەکەم و منداڵەکانمدا پێکەوەگونجانێکی باش و هاوڕێیانەمان لە نێواندا هەیە. ئەو تێگەیشتنەی من هەمە یەکجار بڕوام پێی هەیە، ئەویش ئەوەیە لای من شتێک نییە ناوی ژن یان پیاو بێت، بەڵکو من وا دەبینم کە ئەم دوو مرۆڤەی لە مرۆڤبوونە ئەسڵیەکەی خۆیان دابڕێنراون و کراون بە ژن یان پیاو، دیارە ئەم داهێنانەش بەرهەمی دەستی سیستەمە چینایەتییەکانی تا ئێستای مێژووی مرۆڤایەتییە کە قازانجی مادیی لە پشت ئەم داهێنانەوەیە. بۆیە لای من ئەم دوو ڕەگەزە

یەک شێوە مرۆڤن. ئەوەی کە تەنیا جیاوازیە ئەوە کاری بەرهەمی سروشتە کە یەکیان مێیە ئەوی تریان نێرە. ئـازادیی پێش ئەوەی بە نووسین پێناسە بکەین دەکرێت لە بواری کردارییدا جێبەجێ بکرێت. ئەو شێوازە ئـازادییەی لەم سیستەمە چینایەتییەدا بوونی هەیە، ئەوە ئـازادیی نییە بەڵکو مانـای کۆیلەبوون و بەکاڵابوونی خودی چینێکی مەزنی کۆمەڵایەتیە لە لایەن چینی باڵادەستەوە دەستبەسەر کراوە، بۆیە ژن لەم نێوەدا پێش ئەوەی وەک مرۆڤێکی تەواو ببینرێت وەک ژن دەبینرێت و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکەی پێشوەخت بۆ دیاری کراوە لە لایەن چینی باڵادەستەوە. چینی باڵادەست ئەو چینەیە کە ڕەفتار و کەلتووری ئایدۆلۆژی خۆی دەسەپێنێت بەسەر کۆی کۆمەڵگادا، چونکە هێزی بەرهەمهێنان و ئـابووریی گشتیی لە ژێر دەستی ئەودایە. لێرەدا ئازادیی بە شێوە گشتییەکەی تەنیا ئەو ئـازادییەیە کە بـازاڕ دیـاری دەکـات، نەک ئەوەی ئـازادیی وەک ئەوەی هەبێت بوونی لە کرداریشدا هەبێت، لێرەدا کارەکە قورسایی زیاتر دادەنێت لەسەر هەر تاکێک کە گفتار دەدات لەسەر مەسەلەی ئـازادیی نێوەان ژن و پیاو. بۆیە گەر هەر تاکێک بڕوای بە یەکسانیی نێوان ژن و پیا هەبێت، دەبێت بە هەمان ئەندازە لە بواری کرداریشدا جێبەجێی بکات تا ئەوەی بتوانێت کاریگەریی لەسەر چواردەوریش دابنێت.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**تاهیر حەسەن**: ئەم پرسیارە بە لای منەوە قورسایی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ، من هێند بڕوام بە ئازادیی نێوان تاکەکان هەیە تـا ئەو سـاتەی ئاستی وشیاریی ئەو تـاکە چووبێتە سەرەوەی جیهانبینیی بەکارهێنـان، ئێمە هەموومان لە نێو سیستەمی باوکسالاریی و خودی سیستەمی قازانج پەرستی نیزامی سەرمایەداریدا ژیان بەسەر دەبەین، خودی ئەم دوو چەمکە تەواوکەری ئەو بونیاتە سیاسی و دینی و ئابوورییەن کە کۆمەڵگایان دابەش کردوە بۆ کۆمەڵگای چینایەتی. لەم نێوەدا ژنان هەردەم وەک کاڵایەک دەبینرێن و مامەڵەشیان لەگەڵدا دەکرێت، واتە ژن پێش ئەوەی مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی تایبەت بە خۆی بێت، ئەو کەسێکە یان ماتەریالێکە موڵکی خاوەنەکەیەتی کە پیاوە، (ئەو پیاوە کۆی سیستەمی پیاوسالاریی دەگرێتەوە کە باوک بێت یان برا تا دەگات بە خاڵ و مام....تاد) لێرەدا یەک ڕاستی حاشاهەڵنەگر لای من بوونی هەیە، ئەویش ئەوەیە، گەر هاتوو ئەو کەسە ژن بێت یان پیاو کاری سێکسییان ئەنجام دا لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییە خێزانی و هاوسەرگیرییەی کە هەیە، من بە یەک شێوە دەیان بینم بۆ هەردوو ڕەگەزەکە، بەڵام لێرەدا دەکەوینە نێو خودی ئەو ئاستە لە وشیاریی کە بوونی هەیە لە نێو ئەو دوو رەگەزەدا، بە تایبەتیی ڕەگەزی پیاو کە بۆ خۆی حاکمە، گەر هاتوو ئەو پیاوە وەک مرۆڤێکی وشیار بەدەر لە بەکارهێنان توانی ڕێز لە مانای خۆشەویستیی و خودی خۆشەویستیی سێکس کە جەستەی ژن دەکات ڕێزی تەواوی لێگرت، ئەو کات دەتوانم بڵێم ئەو کارە بە ئازادیی ئەنجام دراوە و لای من ڕێزێکی تایبەت بە ئازادیی نێوان تاکەکان دەردەبڕێت. بە پێچەوانەوە لەم شێوە فەرهەنگ و کەلتوورە دواکەوتویەی ئێستا باڵی کێشاوە بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا و ژنان بە شێوەیەکی


سەرچاوە
Serchawe

گشتیی تێیدا بوون بە قوربانیی، ناتوانم هیچ کات ڕێگا بە کەسی نزیکی خۆم بدەم کە بڵێم کارێکی باشت کردوە. چونکە تەواوی ئەو بەربەرییەتەی پیاوی ڕۆژهەڵاتی ئەنجامی دەدات دژی ژنان و کوشتنیان و ناچارکردنی ژنان بەوەی خۆیان خۆیان لەنێوبەرن، بەرهەمی ئەو فەرهەنگ و کەلتورە باوەیە کە هەم خودی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکان تێیدا بەشدارن وە هەم خودی ئەو فەرهەنگە دینییەی کە بوونی هەیە و ژن وەک کاراکتەرێکی لاواز دەبینێت، بەشدارن لەم بەربەرییەتەی بەیاساییان کردوە دژی کەسایەتی ژن.

دیارە ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە ئەندازەیەکی زۆر زیاتر لە پیاوان خاوەن هەستی پڕ لە مرۆڤدۆستی و خۆشەویستیی ڕاستەقینەن، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا پیاوی لای ئێمە ناڵێم هەمووی بەڵام بەشی زۆرینەی خۆشەویستیی تەنیا بە پڕکردنەوەی ئارەزووە سێکسییەکانی خۆی دەبینێت و لە هەمان کاتیشدا کە ئاستی وشیارییەکەی وایە ڕێگاش نادات بەو کەسەی کاری سێکسیی لەگەڵدا دەکات، تا ئەویش لەم تێر ببێت، بەڵکو ئەوی پیاو پیاوە بە مانا باوەکەی لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان و خودی ئەو کۆمەڵگایانەی ئاین تێیدا زاڵە هەیە، یانی ئازادیی تەنیا بۆ ئەمی پیاوە و ئەوی بەرانبەر تەنیا دەبێت جێبەجێکەری خواستەکانی پیاو بێت.

کۆمەڵگای ئێمە پێویستیی تەواوی بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی هەیە لە تەواوی بوارەکاندا، چ پەروەردەیی بێت چ هەنگاونان بێت بۆ ئەوەی تاکەکان بە پێی هەڵبژاردنی ئازادانەی خۆیان بتوانن پەیوەندیی هاوسەرگیریی و پێکەوەژیان دابمەزرێنن، گەر ئەو کارە بە دروستیی ئەنجام درا، ئەو کات بڕوا ناکەم بەوەی کە کاری سێکسیی دەرەوەی ئەو پەیوەندییە ئەنجام بدرێت، لە کاتێکیشدا گەر ئەو تاکە ژن بێت یان پیاو، گەر کارێکی وای کرد دەکرێت زۆر بە ئاسایی ببینرێت و بە یەکتریشی بڵێن بە بێ ترس. من بۆ خۆم بڕوام بەوە هەیە گەر ئەو دوو تاکە بیانەوێت کاری سیکسی لە دەرەوەی پەیوەندییە هاوسەرگیرییەکەی خۆیانەوە ئەنجام بدەن، دەتوانن بە دەیان شێواز بیکەن و ڕێگاش نەدەن ئەوی بەرانبەری پێی بزانێت. بۆیە من بۆ خۆم بڕوام بەو لۆژیکە هەیە کە دەکرێت کەسێک نەبێت بە چاودێر بەسەرتەوە تا بزانێت چی دەکەیت و چی ناکەیت. بۆ ئەوەی ئەو ژن و پیاوە تووشی ئەو گومان و بێ بڕوایە نەبن لە نێوان یەکتریدا، باشترین ڕێگا ئەوەیە ئاستی وشیارییان ببەنە سەرەوە و خۆیان دەرباز بکەن لە خودی ئەو فەرهەنگە باوەی هەیە لە کۆمەڵگادا، چونکە هەر کاتێک ئاستی وشیاریی چووە سەرەوە یانی دەبێت هەر کەسێکی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە وەک مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی و خاوەن ئیرادەی سەربەستییانەی خۆیان هەڵسوڕان بکەن، لەو کاتەشدا تۆ دەبێت بڕوات بە ئازادیی هەبێت، چونکە بڕواکردن بە ئازادیی، بڕوابوونە بە سڕینەوەی ئەو پەیوەندییە کاڵاییەی ئێستا لە فەرهەنگی باودا هەیە.

**نەجیبە مەحمود: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**تاهیر حەسەن**: من لە زۆر نووسینمدا ئاماژەم بەم پرسیارەی بەڕێزتان کردوە، ڕاستی ئەوە خودی چاوچنۆکیی و خودپەرستیی عەقلییەتی پیاوسالاریی ڕۆژهەلاتییانەیە کە ئەم چەمکی بیرکردنەوەیە زاڵە بەسەریدا. ئەوی پیاو، هەردەم، ژن وەک تەنیا موڵکیەتی ژێر دەستی خۆی دەبینێت و بۆ چرکەیەکیش ئامادە نییە ئەو مافەی بداتێ کە ئەو مرۆڤێکی تەواوە و دەبێت خاوەن ئیرادەی خۆی بێت. بۆ خودی ئەم مەسەلەی هاوسەرگیرییە کە ناوی شەرعیەتی یاسایی لێنراوە بۆ چییە و لە پێناو کام ئامانجدا وەبەرهەم هاتووە؟ ئاخۆ بۆ پاراستنی ڕەگەزی مرۆڤایەتییە یان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانە کە خودی سیستەمە چینایەتییە یەک لە دوای یەکەکان وەبەرهەمیان هێناوە؟ کاتێک پیاو خۆی دەکات بە سیستەم و ئەو خۆی بە تەنیا دەبێتە خاوەن بڕیار و داهێنەر، ئیتر ئەو کات دەبێت گومانێکیش لەوە نەمێنێتەوە کە بڵێین هەر خودی پیاو خۆیەتی ئاینەکانیشی وەبەرهەم هێناوە و تا دەگات بەوەی بڵێم کە خوداش هەر بەرهەمی دەستی چاوچنۆکیی پیاوە، چونکە لەم نێوەدا تەنیا ئەوی پیاوە کە بە باڵادەستیی دەمێنێتەوە و ئەوی ژنیش دەبێت تەنیا و تەنیا وەک پڕکەرەوەی پێداویستییە ڕۆحیی و مەعنەوییەکانی پیاو دەرکەوێت. لێرەدایە تەواوی ئیرادەی بەرهەمهێنانی ژنان لاواز دەکرێت و لە نێو چوارچێوەی ماڵ و دابینکردنی خستنەوەی منداڵدا دەردەکەوێت. ئەوە ئەو تایبەتمەندییە دواکەوتوانەیەی پیاوی ڕۆژهەلاتییە، کە هەمیشە ژن وەک پڕکەرەوەی ئارەزووەکانی خۆی دەبینێت و هەر کات لە فەرمانی ئەمی پیاو دەرچوو، خۆ ئەو کات ئەو مافەشی بە خۆ بە ڕەوا بینیوە کە دەست ببات بۆ قێزەونترین کار کە لەنێوبردنە.

کوردستان ئێستا بۆتە کۆمەڵگایەکی وا پیاوسالار و دواکەوتوو، کە ژنان زۆرترین ڕێژەیان هەیە لە خۆکوشتندا، خۆکوشتنێک کە بەرهەمی دەستی ئەو پیاوە دواکەوتوەیە کە بۆ چرکەیەکیش لە دەرووی پڕکردنەوەی ئارەزووی سێکسیی خۆی، هیچ مانایەک لە خۆشەویستیی نازانێت. ئەمە نیشانەی قوڕبەسەرییە بۆ پیاوی کۆمەڵگای کوردستان. ئازادیی لەم کۆمەڵگای ئێمەدا بەستراوە بە شەرەفی ژنەوە، شەرەف یانی پاراستنی ناولەشی ژن تا ئەو ساتەی دەستبەدەست دەدرێت بە پیاوێکی دی و لە دوای ئەو کارەشەوە ئەو ژنە دەبێت دیسانەوە هەم وەک کۆیلەیەک بێت هەم وەک پاراستنی ڕووسووریی بۆ ئەو خێزانە نوێیە دەربکەوێت، جارێکی تر دەیڵێمەوە ئەمە نیشانەی قوڕبەسەرییە بۆ کۆمەڵگای پیاوسالاریی لە لای ئێمە. ئەو پیاوانەی کە بە بەرد و بە بلۆکی دەستیانەوە بەر ببوونە جەستەی ناسکی دوعا، هەر خودی ئەو پیاوانە بۆ خۆیان بەڕەوا دەبینن کە بڕۆن لەگەڵ ژنێکی تردا کاری سێکسیی دەرەوەی هاوسەرگیریی خۆشیان ئەنجام بدەن، بەڵام لەو دیمەنانەشدا کە بینرا، ئەو پیاوە دەبێتە چ دڕندەیەک و بە چ شێوازێک بچووک دەبێتەوە لە خۆ گینگڵ کردنی جیهانبینیی خودپەرستییدا. ئەم سیستەمە چینایەتییە بۆ خۆی جەستەی ژنان وەک کالایەک دەبینێت و بە دەیان شێواز شەرعیەتی داوە بەم بەکالابوونەی جەستەی ژنان، تۆ سەیری ئەو شێوازی هاوسەرگیرییە ئاینییانە بکە کە لە هەر ئاینێکدا بە شێوازێک ژن دەکات بە کالا و واش نیشان دەدرێت کە ئەوە ڕێز و حورمەتە بۆ کەسایەتی ژن. باشە مارەبڕین بە چ مانایەک دێت؟ ئاخۆ ئەویش هەر کڕین و فرۆشتن نییە لە دەستی فرۆشیارەوە بۆ دەستی کڕیار؟ ئیتر ئەو نرخە هەر چەندێک بێت کە لەسەری دادەنرێت! ئاخۆ ئەوە زۆرترین جار نییە کە خودی سەرۆکی خێزان بڕیاردەری نێوان ئەو چارەنووسە دەبێت کە کچەکەی لەگەڵ کێدا دەبێت هاوسەرگیریی بکات تا دەگات بە کۆی خزمان و خێڵ و عەشیرەت. ئیتیر لە کوێدایە مانای بڕیاردانی ئازادانە؟! خودی ئەو کۆخیانەتەی ئەنجام دەدرێت لە نەبوونی

ئـازادییەوەیە لە نێـوان ئەو هاوسـەرگیرییە دواکەوتـوانەیەی کە لە کۆمەڵگـا ڕۆژهەڵاتییەکانـدا هەیە. لەم نێـوەدا ئەوەی زەرەرمەندە تەنیا کەسایەتی ژنە، چونکە ئەوی پیاو هەر کە تێر بوو دیسان بە شوێن کێشەنانەوە و تـا دەگـات بە جیـابوونەوە و شکاندنی کەسایەتی ژن، خودی تەڵاقدان هەر ئەو پەیوەندییە کڕین و فرۆشتنە دەگەیەنێت.

گەر ئازادیی نێوان ژن و پیاو بوونی هەبێت ئەو کات ئەو بەربەرییەتەی ئێستا هەیە بوونی نامێنێت و ئەمی پیـاو نەرم دەبێت و لەو دەمارگیرییە خودپەرستییە ڕزگـاری دەبێت. بـۆ چارەسەری ئەم کێشە کۆمەڵایەتیـانە دەبێت پێش هەر لێدوانێک یەخەی دەسەڵات بگیرێت، چونکە بەشی سـەرەکیی مـانەوەی کۆمەڵگـا لە نێـو دواکەوتوییـدا پەیوەستە بەو ڕێوڕەسمەوە کە دەسـەڵات هەڵگریەتـی، خـۆ گەر دەسـەڵاتی کـوردی بیویسـتایە ئاراستەی کۆمەڵگـا، بە تـایبەیی عەقڵیەتـی پیـاوسـالاریی بەرەو گـۆڕان ببـردایە، ئەوا دەبـووا لەم مـاوە مێـژوویەی لە دەسـەڵاتیاندان هەنگـاوێکی وایـان بهاویشـتایە، بە پـێچەوانەوە خـودی دەسـەڵات قـازانجێکی بـاش لە مـانەوەی ئەم پەیوەنـدییە دواکەوتـویە کـۆمەڵایەتییە دینییـە وەردەگرێـت، بەڵام بـۆ مێـژوو، ئەو کـارەی دەسەڵات دەچێتە نێو مێژوویەکی تەواو نامرۆڤانەیان و خودپەرستیەک کە دوای خۆیان تەنیـا بـاس کردنیـان بە زەلیلانە دەبێت نەک ببنە جێگـای شـانازیی بـۆ ئاینـدەی نەوەکـان. ئەوە جیهـانبینیی سەرخستنی تەنیـا دراوە، خـودی ئەم دەسـەڵاتە کەسـایەتی خۆی لەسەر بنیـات دەنێت و کۆمەڵگـاش تووشی بەرەڵایی و گەنـدەڵبوون دەکـات. دەسـەڵاتی بنەمـاڵەی خێڵسـالاریی، لەم کـارە باشـتر نـاتوانن کـاری مەزن ئەنجـام بـدەن بـۆ ئەوەی کۆمەڵگـا لەو نەخۆشـییە کوشـندەیەی تووشـی هـاتوە ڕزگـار بـکەن. بـۆ خۆڕزگـارکردن شۆڕشـی ئـازادانە و یەکسـانییخوازی بەرەی بەشخوراوان لە کۆمەڵگـادا تەنیـا چارەسـەرە بە دژی کـۆی فەرهەنگـی پیاوسالاریی باو کە بوونی هەیە، ژنان تەنیـا لە نێو بەرپـاکردنی شۆڕشێکی یەکسـانییخوازییدا دەتـوانن کەسـایەتی خۆیـان بە دەست بخەنەوە، خەبـاتکردنی ڕۆژانەی ئەو بەرەیە خەبـاتکردنێکە مەزنایەتی و شکۆمەندیی بە شوێن خۆیـدا دەهێنێت. بە هیـوام ژنـانی ئـازادییخواز و خەبـاتگێڕ، هەرچەند لە توانیـاندا هەیە خۆیـان خەریک بکەن بە خوێنـدنەوە و خۆوشیـارکردنەوە تـا ئەوەی لە مانـای کەسـایەتی ئـازادانەی خۆیـان تێـبگەن، چـونکە تێگەیشـتن لە مانـای ئـازادیی (نەک ئـازادیی بەکـاڵابوون) نیـوەی خۆڕگارکردنە لەم جیهانبینییە پیاوسالارییەی کە سیستەمی چینایەتی تێیدا سوودمەندە و ژنان تێیدا کراون بە کاڵا و کۆیلە.

هەر بژین.

## ٧- ئاسۆ کەمال:



**لابردنی پەیوەندییە مادییەکانی خێزان، ژنان لە دەسەلاتی باوک و برا و مێرد و سزا یاسایی و دینییە پیاوسالارییەکان رزگار دەکا.**

**نەجیبە مەحمود**: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟

**ئاسۆ کەمال**: رووداوی کوشتنی دوعا زۆر کاری تێکردم و گەڕامەوە بۆ کوردستان تا کارێ بکەم دژی کوشتاری ژنان و چالاکوانەکانی ریکخراوەکانی ژنان و ڕۆژنامەنووسان و پارێزەر و کەسانی یەکسانییخوازمان کۆکردەوە و کۆنفرانسمان گرت و دواتر کەمپینێکی راگەیاندنی سەراسەرییمان لە هەموو کەناڵی راگەیاندنی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی و رۆژنامە و پەیامی مۆبایلدا کرد دژی کوشتن و توندوتیژیی ژنان. لەم رێگەیەوە میدیای فرانس پرێس و بی بی سی و زۆر سایتی جیهانیی راپۆرتی ئەو چاوپیکەتنەیان بڵاوکردەوە کە ئاماری کوشتنی ژنانم بە ١٢ هەزار ژن باسکردبوو. دواتر سەردانی شێڵتەری ژنانمان کرد لە سلێمانی و ئەوەی گرنگ بوو بەلامەوە ئەو ژنانەی توندوتیژییان لەسەر بوو گوێ بیستێکیان پەیداکرد و لە بیستنی دەنگیان لە رادیۆ و بینینی ئەو ژنانە لە شێڵتەر و کارکردن لەگەڵ چالاکوانەکانی ژناندا هەستم کرد بە کردەوە کارم بە باوەڕی یەکسانییخوازییم کردوە و گرنگیی راوەستانی پیاوی یەکسانییخوازم لە بزووتنەوەی ژناندا لە نزیکەوە هەست پێکرد، کە لە وتار و چاوپێکەوتندا لەبارەوەیان دەدوێم.

جارێکی تریش لە ٨ی مارسی ٢٠١١ لە سەرای ئازادیی ئەو پیاوانەی بلّندگۆکەیان بەدەستەوە بوو دەیانویست بەرنامەکە کورت بکەنەوە کە ژنان بەڕێوەیان دەبرد. بۆ پشتیوانی لە دەنگی وتار و بڕیارەکانی ٨ی مارس بە حەماسەوە بۆ پشتیوانی لە ژنان و هاتنەمەیدانی ئازادییان قسەم کرد و لە کۆتاییدا "دروشمی ئازادیی و یەکسانیی داخوازی هەموومانی"م ووت زیاتر لە ١٠٠ ژن و کچ بە گەرمیی لەگەڵیان دەوتمەوە و جەماوەری هەزاران کەسیش دەیانوتەوە، لە بینینی روخساری گەشاوەی ژنەکان و دەنگی بەرزیان لە وتنەوەی دروشمی یەکسانییدا گەشامەوە و دەمزانی ئەمە دڵی کەسانی کۆنەپەرستی ئەو مەیدانەی تەنگ کردوە و ئەوانی بێدەنگ کردبوو. دوایی ئەندامێکی لایەنێکی ئیسلامیی لە ئەنجومەنی مەیدانی ئازادیی پێی وتم "ئەمڕۆ رۆژی دژی فرەژنیی بوو"، پێم وت ئەوە مانای ٨ی مارسە.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**ناسۆ کەمال**: من لە خێزانێکی کرێکارییەوە هاتوم و دایکم نان هێنەری ماڵ بوو. ئەم دوو هۆیە بونە مایەی ئەوەی کاتێک خۆم بە کۆمۆنیست زانی یەکسانیی و ڕێزی ژن جەوی هاوڕێیەتی لەگەڵ دایکم و خوشکەکانمدا دروست کرد و لە سەرەتاوە هاوکاری کاری ماڵم دەکرد و دواتر کە هاوسەرگیرییم کرد کاری ماڵ و بەخێوکردنی منداڵم بە هاوبەشیی ئەنجامدا و کاردابەشکردنی ئێستامان ئەنجامدانی کاری پێکەوەییە هەر کەس بەپێی کات و توانای و هاوڕێیەتی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی بنەمای ژیان و کاری ناوماڵ و دەرەوەی ماڵمانە.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**ناسۆ کەمال**: هاوسەرگیریی و ژیانی پێکەوەیی و تەنانەت خۆشەویستیی و پەیوەندیی بۆی فرێند و گێڵ فرێند (هاوڕێی کوڕ یا هاوڕێی کچ) هەرکامەیان کاریگەری لەسەر پەیوەندیی سێکسیی مرۆڤ هەیە. پیاو یا ژن لە هەر کام لەم پەیوەندییانەدا بێ وەکو یەک و یەکسانن لەوەی پەیوەندیی سێکسیی خۆیان چۆن دەبەن بەڕێوە. تەنیا ئەو دوو کەسە باڵغەی سەروو ١٦ساڵن و پەیوەندیی سێکسییان هەیە لەوە بەرپرسیارن کە ئەو پەیوەندییە سێکسییەیان چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی پێکەوەیی و خۆشەویستییان هەیە. لەوانەیە لەکاتی بونی هاوسەردا پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ کەسی تردا ژیانی هاوسەرییت هەڵوەشێنێتەوە و لەوانەیە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێ بە بێ جیابوونەوە. بەڵام نابێ هیچ دەسەڵاتێکی دەوڵەتی و خێزانی و دینیی دەستوەربداتە ئەم کێشە کەسییەوە و کێشەی ئەو دوو کەسەی لەسەر پەیوەندییەکی سێکسیی دروست بووە کاری ئەو دوو

کەسەیە و چارەسەری بەدەست ئەوانە کە لەسەر چ شتێک ڕیدەکەون. دانانی چوارچێوەی پیرۆزی خێزان لە کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا و دانانی سزا یاسایی و دینییەکان بۆ ژن یا پیاو کە لەو چوارچێوەیە دەردەچن بۆ پاراستنی موڵکایەتی و میراتیی ئەو یەکە ئابوورییە - کۆمەڵایەتیەیە کە بە خێزان ناودەبرێ. ژنان لەم چوارچێوەدا هەمیشە کۆیلە و بەستراوە و ژێردەستەبوون لەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییەدا. لابردنی ئەم پەیوەندییە مادییە لەسەر پەیوەندیی ژن و پیاو ،خێزان و ژیانی پێکەوەبوونی دوو مرۆڤ لە یاسا و سزاکان رزگاردەکا. ژنان لە دەسەڵاتی باوک و برا و مێرد ڕزگار دەکا کە لە کوردستان ئەم پیاوسالارییە لە سایەی دەسەڵاتێکی بنەماڵەیی و خێلەکیی و میلیشیایی سیاسییدا کردۆتە هەرێمێک بۆ ژن کوشتن.

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**ئاسۆ کەمال**: پیاو وەکو بوونەوەرێک بەرپرس نییە و ڕەخنە لە رەگەزی نێرینە نییە. سەرچاوەی ئەم تاوانانەی پیاوان ئەنجامی دەدەن، ئەو سیستەمە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەیە کە لەسەر جیاکارییژن و پیاو بنیات نراوە و پیاوی کردۆتە باڵادەست و ژنیش ژێردەستەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی. سیستەمێک لەسەر دەسەڵاتی پیاوسالاریی و موڵکایەتی تایبەت و پاراستنی میراتیی دامەزراوە. دین و یاساکان بۆ پیاوان دانراوە کە ئەو ئەرک و دەسەڵاتە بەجێ بگەیەنن. پیاوان کاتێ لەم دەمارگیرییەی دژ بە ژنان ڕزگاریان دەبێ کاتێ خۆیان بە مرۆڤی یەکسان بزانن و لە راستیدا مرۆڤایەتییەک کە دین و پیاوسالاریی لێی زەوت کردون و ئایدیۆلۆژیی و دنیابینیی باڵادەستیان بەسەر ژنان و مافی چەند ژنە و بە نیوە حساب کردنی ژنان لە میرات و شایەتی و نەبونی ئازادیی تەڵاق و سەرپەرشتیی منداڵ و دانانیان بە شەرەفی پیاو و خێزان. ئەم سیستەمی خێزانیی و دەستدرێژیی سێکسیی و لەشفرۆشتتە پاکێجێکن پێکەوە کە پیاو قوربانی ئەم سیستەمەیە کە ژن و پیاوی تێدا یەکسان نییە. لەم سیستەمەدا ژن لەناو خێزاندا بێ یا لە دەرەوەی خێزان پارێزراو نییە. لەناو خێزاندا بە شەرەفی کەسی تر دادەنرێ و ئەگەر لەم چوارچیوەیە دەرچێ ئەو کەسە مافی کوشتن و سزادانی هەیە. ئەگەر کەسێک دەستدرێژیی سێکسییش بکاتە سەری هەر ژنەکە تاوانبارە بەوەی شەرەفی خاوەنەکەی لەدەستداوە. ئەم خاوەنداریتییە کە لە سیستەمی خێزانی سەرمایەدارییدا هەیە، لە سایەی دەسەڵاتێکی سیاسیی خێلەکیی و شەریعەتیی دا کۆت و بەندەکانی توندکراوەتەوە و ٢٠ ساڵە ئەم دوو حیزبە میلیشیایە و ئیسلامییەکانی کوردستان وەکو یاسا و سوڵحی عەشایەریی و خوتبەی رۆژانی هەینی مێشکی پیاو و کۆمەڵگەی کوردستانیان پێ قانداوە. رزگاریی لە دەست ئەم جیاکارییەی ژن و پیاو ئەرکی بزووتنەوەی یەکسانییخوازانەی کرێکاران و ئازادییخوازانی کوردستانە بە ژنان و پیاوانە وە کە کۆمەڵگە لەدەست ئەم دەسەڵاتە پیاوسالاریی و کۆنەپەرستانەی حیزبە ناسیونالیست و ئیسلامییەکان و سیستەمە سەرمایەدارییەکەیان ڕزگار بکەن و ئیعتبار و مافی مرۆیی بۆ ژنان و پیاوانی ئەم کۆمەڵگەیە بگێڕنەوە.

## ٨- سەلام عارف:



**گەر کاری سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی رووبدا، بە تەواوی بڕوامەوە وەک ئاکتێکی مرۆیی وەریدەگرم و قەبەی ناکەم و شاخ و باڵ و کلکی لێناڕوێنم.**

**نەجیبە مەحمود**: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟

**سەلام عارف**: بەشداریکردنی خەبات لە پێناوی یەکسانی ژنان و پیاواندا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەوتەکان لە کوردستان، هێندەی کەشە فاشستیەکە و سنوری بڕیارەکانی حیزب(حشع) بواری دابێت کەمتەرخەمیم نەکردوە، زۆرجاریش سەرچڵیەکانم!! لەو بوارەدا دراونەتە بەر نەشتەری ناوەندیچێتی، ئەوە لەمەڕ خۆمان، لێرەش لە(فەرەنسا) هەر لەسەرەتای گەیشتنمەوە خۆم تێکەڵی بزوتنەوەی چەپی فەرەنسی کردوە،لەوێشە تێکەڵی خەباتی یەکسانی ژنان و پیاوان بوم زۆر جار بەشداریم کردوە لە - خۆپیشاندان - میتینەکان- مانگرتنەکانم کردوە، ئەوەی زیاتر شایەنی باسە بەشداریکردنی مانگرتنەکانە، لەو شوێنانەی، کە کارم تیادا کردون مانگرتنەکان بەردەوام هەبوون، هەنوکە هەوڵم داوە تایبەتمەندیەکانی داواکاریەکانی ژنان پشتگیۆ نەخرێن بە تایبەتی یەکسانی موچە بۆ هەمان کار، گرنگی دان بە هەلومەرجەکانی شۆینی کارکردنی ئافرەتان، هەموو جارێک داواکاریەکان هێندە تێکەڵو یەکگرتو بوون بە زەحمەت جیائەکرایەوە کام داواکاری تایبەتە بە مەسەلەی ژنانەوە، دێتەوە یادم، کە ناو بەناو بۆ شۆخیکردن لەناو خۆماندا بە داواکاریەکانمان دەگوت داواکاریە(نێرەموکەکان)، لەوە زیاتر هێندەی

بۆمکرابێت نوسیومەو بابەتم کوردانَدوە لەسەر مەسەلەی یەکسانی ژنان و پیاو.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**سەلام عارف**: لە هەر جێگەیەک ژیابم، یان ئەژیم بە بێ یەک و دوو لە هەموو بوارەکانی ئیشی ناوماڵدا بەشداربووم، دوای هاوسەرگیرییش، تا ڕۆژێک بەر لە نەخۆشیەکەم زۆری کارەکانی ناو خێزانم گرتۆتە ئەستۆی خۆم، بەڵام بەداخەوە دوای ئەو نەخۆشیە نەعلەتیە، نەخۆشیەکە زوڵمم لێئەکات و ناهێڵێت وەک جاری جاران بم.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**سەلام عارف**: فەرەنسیەکان دەڵێن "باشترین بەڵگە ئەو بیرەوەریانەن، کە لە مێشکی هەر یەکەماندان" جا من بەشبەحاڵی خۆم هێندەی بیرم بێت هیچ کاتێک دەست پیس و داوێن پیس نەبووم، بێگومان فەزڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوو شیوعیە، واتە دایکم و باوکم، دەربارەی بەشەکەی دی پرسیارەکە، تا ئیستە نە بیستومە و نە بینیومە ژنێک - دایک، خوشک، هاوسەر - یان کەسێکی دی کاری وەهای کردبێ، جا گەر ئەو کارە لە داهاتودا رووبدا، بە تەواوی بڕوامەوە دەڵێم وەک ئاکتێکی مرۆیی وەریدەگرم و قەبەی ناکەم و شاخ و باڵ و کلکی لێناڕوێنم، هیودارم کەس وا تێنەگات، کە من بانگەشە بۆ (ئیباحەی جنسی) ئەکەم، نەخێر من وەک کۆمونیستێکی ئازادییخواز، ئەو بڕوا و هەڵوێستەم لەو بڕوابوونەمەوە بە بەرابەریی ئابووریی و ئازادیی رەهاوە سەرچاوەی گرتوە.

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**سەلام عارف**: پێشەکی دێمە سەر شەرەف، ئەو شەرەفە نە لە موتڵەقدا نە لە تەجریدا هیچ مانایەک نابەخشێت، ئەو شەرەفە پیاوە سمێڵ بابڕە بازوو ئەستوورە شەق وەشێنە مرۆڤکوژەکان دایانهێناوە و خستویانەتە ئەقڵی مرۆڤەکانەوە بۆ پاساوی بێشەرەفی خۆیان، ئەو مرۆڤکوژانە بە موبارەک بایی دەسەلات و شەرع پراکتزەی مرۆڤکوشتن ئەکەن بە ناوی ئەو شەرەفەوە، گەر شەرەف خاوەنداریێتیی نەبێ، ئەوا زادەی ئەقڵی خاوەندارییە، بە واتەیەکی دیکە کەڵەگایی (هەبوون)ە بەسەر

(بوون)ەنەوە، کەلەگایی خاوەنداریتییە بەسەر مرۆڤەوە، لەوێشدا ئەو شەرەفە خۆی لە خۆیدا، بێشەرەفییە کراوەتە خاوەنی سەرتای قسە و کۆتایی قسە، ئەو شەرەفچیانە، هەر مرۆکوژ نین سروشت کوژیشن، ئاژەڵ نەما نەیکە قیمە و لە مەکندۆناڵەکاندا نەیفرۆشن.. دارودرەختیش نەما نەیبڕنەوەی نەیکەنە مێز و قەنەفەی پاڵدانەوە و مشەخۆریی،ئەو شەرەفچیانە، گەر ئەو شەرەفەیان دانەهێنایە، نەیانئەتوانی ژن بەو دەردەبەرن و دەسەڵاتیش چەپڵە ڕێزانیان بکات، ئەو شەرەفچیانە لە هەر خێزانێکدا (مەلا عومەر)ێک یان (مەلا کرێکار)ێکیان قوتکردۆتەوە خۆشیان لە حیزبەکان و پەرلەمان و پەرستگاکاندا خەریکی دەمقەلەبالغیی و هەڵبژاردنەکانن، کورد واتەنی زاڵم زەواڵی بۆ ئەبێت.. مەبەستم خەباتی کۆمەڵایەتی یەکگرتووی پیاوان و ژنانە دژی ئەو فاشیستکارانە.

## ٩- شوان حەسەن:



**من لە بەرانبەر سێکسی دەرەوەی هاوسەرگیریی پتر لایەنگری جودابوونەوەم، ئەگینا چارەیتریش هەیە.. ئەویش لێبووردن و شانسێکی دیکەی پێکەوەژیانە.**

**نەجیبە مەحمود**: **بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟**

**شوان حەسەن**: بێگومان سەختە مرۆڤ باسی لایەنە چاک و جوانەکانی خۆی بکا. بەس بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەمن بۆ خۆم ئەوەم یەکلاکردۆتەوە کە لەگەڵ ژنێکی هۆشیار و باوەڕبەخۆ بژی زۆر ئاسوودەتری (گەر واش نەبێ دەکرێ بە پشتیوانییکردن ئەو کەسە دروست بێ) لەوەی لەگەڵ ئافرەتێکی کۆیلە یا لە هەموو شتێک لاسایت بکاتەوە، لە ژیانتان پێکەوە و تا جودابوونەوەشتان جوانتر دەبێ. گەر منداڵیشتان هەبێ لە ژینگەیەکی ئەوهادا ئەوا بەدڵنیاییەوە منداڵ چوست و چالاکتر دەبێ. با ئەو هیوایەش بڵێم کەی ئافرەتی ئێمەش لە کاتی جودابوونەوە مافی پەروەدەکرن و گەورەکردنی منداڵی کەوتە ئەستۆ ئەوە کارەکە بۆ ژنی لەسەر پێی خۆ وەستاو ئاسانترە و تۆی باوکیش دڵنیاتر دەبێ گەر لە چەمکی بەختەوەریی گەیشتبی. لایەنی گفتار و رەفتار؛ هەوڵدەدەم بەو پێوەرە وەڵامت بدەمەوە کە وای دادەنێ ئەو مرۆڤانە جوانن کە قوربانیی لە پێناوی بڕوایەک دەدەن کە دەیانەوێ ئەو ژیانە جوانتر بکەن، جا منیش لە هەشتاکان لەگەڵ کۆمەڵێک لە خەڵکی جوان بە بێ بەرامبەر خۆمان کردە قوربانیی ئەو بیروڕایەی کە لە پێناو رزگارکردنی خاک و خەلک و نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتیی و لادانی چەوسانەوەی ئافرەت و دوارۆژەکی گەشتر تێدەکۆشا، ئێمە نیازمان پاک بوو، بەس بە داخەوە دوای ڕاپەڕین نەک

خەونەکانی ئێمەیان دزی بەڵکو ناشیرنیشیان کردین و کەوتینە پەراوێزی بێئومێدیی.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**شوان حەسەن**: ئەمن بەر لە ژیانی هاوسەرگیریی ژیانی پێشمەرگایەتی و ژیانی تەنیاییم لە ئەوروپا دیتبوو، بۆیە ئەو هاتە ناو ئەو جیهانە گچکۆکەی بۆ خۆم دروستم کردبوو، بەڵام ئەو زیاتر گرنگیی بە شێوەی ناو ماڵ و وردکارییەکانی دەدا، خاوێنیی و مۆم پێکردن و جێگۆرکێ پێکردنی شتەکان، دەکرێ بڵێم پێشڕەوییەکەی لێستاندم، ئەمن هەست دەکەم ماڵ هێندە کاتی ناوێ ئەویش بە پێچەوانەی من، چێشت لێنان بە گرنگ دەزانم و ئامادەشی دەکەم بە زەوقەوە (سوود، چێژ، کۆکردنەوەی خێزان لەسەر یەک خوان بە گرنگ دەزانم و زیاتر ئامانجم لێک نزیکبوونەوەی خێزانە)، زۆر کات دەدەمە منداڵەکانم لەبەر ئەوەی دەمەوێ وەک هاوڕێیەک خۆشمیان بوێ نەک باوکێکی بە زۆر بەسەردا پێندراو، ئاسوودەم لەو شێوە ژیانە. وەک گوتم من لە دەرەوە دەژیم دەکرێ بۆ من گونجاوتر بێ ئەوها بژیم.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانیییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**شوان حەسەن**: هیوادارم پرسیارەکەت هەڵە بێ، چونکە سێکس لە دەرەوەی هاوسەرگیریی هیچ پەیوەندییەکی بە پەیامی یەکسانییخوازییەوە نییە. ئێمە گەر یەکسانخوازبین دەبێ دژی هەموو پەیوەندییە پڕ لە درۆ و تێکشکاندنەکانی ئەویدی بین. تۆ لە دەرەوەی دین و رەوشتەوەش سەیری بکە، پێمان ناڵێی جگە لە هەست و دارمانی ئەویدی چیمان پێدەڵێ. بەرێزم ئێمە نموونەی (سارتەر و سیمۆن دیبوڤار)مان دیت چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە دوو بەش فلیمێکیان پێشکەشکرد بینیمان فێمێنیستەکان چەند بە قێزەونیی وێنای سارتەریان تێدا نیشاندا و چۆن وێنای تلانەوەی سیمۆنیشیان دەکرد، هەرچەندە قسە هەیە کە ئەویش پەیوەندیی هەبووە. ئەمن ناچمە ناو پەیوەندی خەلک و چی دەکەن و چۆن کێشەی خۆیان چارەسەر دەکەن، بێگومان دژی زەبروزەنگم، هەموو کەس دەزانێ ئەوە هۆیە دەبێتە ئەنجام و چەندان جار خۆی دووبارە دەکاتەوە و چارەسەرەکەشی دەگەڕێتەوە سەر هۆشیاریی ئەو دوو کەسە و زۆر جار دووربەرەکەشی. بۆیە بە بڕوای من کە پتر لایەنگری جودابوونەوەم، ئەگینا چارەیتریش هەیە.. ئەویش لێبووردن و شانسێکی دیکەی پێکەوەژیانە.

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی

**خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**شوان حەسەن**: زۆر قسە لەسەر ئەو پیاوە ناشیرنانە و دابونەریتە ناشیرنانە کرا، هیچ سوودێکی نەبوو، چونکە ئێمە تا ئێستا بە ئەقلیەتی دیندارەکان بیر دەکەینەوە، چۆن هەزار ساڵە ئیسلام دەڵێ درۆ مەکەن.. دزیی مەکەن.. فێڵ مەکەن و چی و چی مەکەن کەچی هەر بەردەوامە ئەویش پەیوەندیی بەوە هەیە کە دین ناتوانێ ئیش لەسەر گۆڕانی شتە جەوهەرییەکان بکا، ئێمەش بە ناو پێشکەوتنخوازەکان واین. بە بڕوای من تاکە هۆشیارەکانی کورد دەبێ هەندێک چەمک لە کۆمەڵگە یەکلا بکەنەوە، لە جیاتی هێندە شانازیی بوونیان بەوەی کە خێڵەکیین و سەرشۆڕیی و نامەردیی قەبووڵ ناکەن، دەکرێ بەهایە مرۆییەکان لە کۆمەڵگەیەکی شارستانییدا بە دەست بهێنن و ئەو ڕێچکەیە بشکێنن، ئەوەی مرۆڤ لە قۆناغە کۆمەڵایەتییەکان جودادەکاتەوە هۆشیارییە، هیوادارم قاچمان بجوولێنین.

---

## ١٠- فەرهاد کەریم:



**تا نێرینە خۆی بە خاوەنی مێینە بزانێ، ئەو بێرێزیی و شکاندن و وێرانکردنی جوانیی و خوێنڕشتنە کۆتایی نایێ، دەبێ ژنان شۆڕشێک هەڵگیرسێنن.**

**نەجیبە مەحمود: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟**

**فەرهاد کەریم:** رەنگە بۆ من ئالۆز نەبێ ئەو مافەی بۆ خۆمی بە رەوا دەبینم بۆ رەگەزەکەی تریش، لە نێوانی سێ خوشک و چوار برا، دوو خوشک و دوو برای لە خۆم گەورەتر.. تێڕامان و خوێندنەوەم جارانم چۆن بووبێ، من هەمیشە لە بەرەی داکۆکیی لە خوشکەکانم بووم. ئەو کاتیش هەستم بە خۆشەویستیی و نەرم و نیانیی و رێزی ئەوان دەکرد، ئێستاش زانست رێزی ئەوان دەکرد، ئێستاش زانست ئەوەی سەلماندووە نێرینە شەڕانگێز و خۆپەرست و توندڕەو و هێزپەرست و بەرژەوەندخوازە، لەگەڵ کرانەوە و پەروەردەی کۆمەلایەتی گۆرانکاریی روویدا وەک ئەوەی ئێستا دەبینین، بەڵام بۆ ئێمەی خەڵکی رۆژهەلاتی ناوین گۆرانکارییەکان لە خێرایی کیسەل تێپەڕی نەکردووە، خێڵ و هۆز و بنەماڵە و ئاین و هزری بۆگەنی ژینگە کۆمەڵایەتییەکە و باڵای کەم هزریی لە قوتابخانە و گەڕەک و پەرستگا و زانکۆش ئامادەییان هەیە... پیاو هێندە وتە و پەندی ناشیرین دەرهەق بە ئافرەتان دەڵێن وەک ئەوە وایە لە ئافرەت نەبووبن، تا نێرینە خۆی بە خاوەنی مێینە بزانێ، ئەو بێرێزیی و شکاندن و وێرانکردنی جوانیی و خوێنڕشتنە کۆتایی نایێ، دەبێ ژنان دەنگی خۆیان بەرزترکەنەوە.. شۆڕشێک

هەڵگیرسێنن و بڵێن ئێمە خۆمان خاوەنی خۆمانین، من هەر زوو لە ئازاری گەورەی ژن و ئەو نایەکسانییە گەیشتم. خوشکە گەورەکەم مێردەکەی لە پێشمەرگایەتی تێدا چوو، ماوەیەکی زۆر بە بێوەژنیی مایەوە، وەرە دڵی ئەو خوشکە راگرە لە ناو ئەو ژینگە بۆگەن و لە ناو ئەو نەخوێندەوارانە، بەشداریی خەم و ئازاری خوشکەکەمم دەکرد، بە هەموومان هەوڵمان دەدا ژیانی پارێزراو بێ لە قسە و قسەلۆکی دەوروبەر و شتی تریش، چونکە هەموو رەفتار و هەڵسوکەوتێکی بە خەوش تەماشا دەکرا و لە ژێر چاودێرییەکی توند دابوو، تا شووشی کرد هەر رەشپۆش بوو، هاوسەرەکەی بۆ کورد بووە قوربانیی و خوشکەکەشم گەنجێتیی و جوانییەکانی بوونە قوربانی قوربانیی. لە شیعری (توتنە دوعا) - بۆ (دوعا)کان نووسراوە - قسە لە سەر ئەوە دەکەین بەهەشت لە ژێر پێی دایکانە، ئەو بەهەشتەی کە پێی دەڵێن (دایک.. خوشک.. هاوسەر) بە دەستی خۆمان وێرانی دەکەین، تا هۆشیار نەبین ناکرێ قسەگەلێک لە سەر بابەتێکی وا پەیوەندیدار بکەین، هۆشیارییمان پێویستە، شەرمە بۆ من لە سەر تەوەرێکی وا قسە بکەم چونکە ژن و پیاو بۆ من مرۆڤن، پێویستە پتر کار لەسەر پیاو یا نێرینە بکەین چونکە پیاوە دڕندەیە، ژن جوانە.. ناسکە.. پیرۆزە.. خوشکە.. دایکە.. هاوسەرە.. هاورێیەکی میهرەبانیشە.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**فەرهاد کەریم**: بەڵێ هاوسەرگیرم و هاریکاریی یەکتر دەکەین، کامەمان کاتمان هەبێ بۆ کاری ناو ماڵ لەسەر یەکتر ناوەستین و دابەشمان نەکردووە، نەوسنیشین.. حەزمان لە خواردنە، هاوسەرکەم لە خواردنی مەکسیکیی کە زۆر حەزی لێدەکەم بە راستی کابانە، خۆشم لە ولات و لێرەش چەند ساڵێک چێشتلێنەر بوومە و هەر زۆر چاکی لێدەزانم، لە خواردنی خۆمان تەنیا کفتەی نازانم.. دەنا هەموو شتێک دەزانم، زۆر خاوێنیشم بۆ ماڵەکەمان چونکە خاوێنیی سروشتی چێشتلێنەرە، خواردنی کوردیش زۆر بە کەمیی دەخۆین.. نەک هاوسەرەکەم خۆشم تەنیا حەز لە بامیە و دۆڵمە دەکەم.. کاتیشم بۆ دۆڵمە نییە.. بامیەش جێژنە و جەژن.. هاهاهاهاها، بۆ دیکۆر و دانانی کەلوپەلەکانی ناو ماڵیش ناوێرم دەستی بۆ ببەم چونکە جەنگ روودەدا، خۆی بەرێوەبەرە و زەوقیشی تا بڵێی جوانە، بۆ باخچەش ئەوە من و جارجارەش باخەوانی گەڕەک.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**فەرهاد کەریم**: بە راستیی حەز لە خاوەنداریی ناکەم.. هەمووماندەزانین کامە رێگە راستە و کامە رێگە هەڵەیە، هاوکارەکانم لێرە ئەوانەی کە نازانن هاوسەرگیرم پێم دەڵێن خوشکێکی لە تەمەنی تۆم هەیە یان دایکم یا کچم گەر حەزت لە

پەیوەندییە وەرە پێتی بناسێنم.. زۆر جار وام پێ گوتراوە، کە گوتوومە هاوسەرگیرم داوای لێبووردنیان کردووە، مەبەستم زۆر ئاساییە دۆست پەیداکردن بۆ کەسە نزیکەکانت، ئەو پەیوەندییە بۆ سێکس نییە پەرەی پێدەدرێ.. خۆشەویستیی و لێکتێگەیشتنە پەیوەندییەکان جوانتر و فرەوانتر دەکا تا دەگاتە هاوسەرگیریی یان پێکەوەژیان، کرانەوەی کۆمەڵگایە رێی لە خوێنڕشتن خاونداریی گرتوە، جۆری پەیوەندییکردن فراوانتریش بووە.. نە رەگەز نە ئاین نە نەتەوە نە رەنگ... ئەو شێوە کلاسیکییەی پەیوەندییەی ئێمە کۆتایی هاتووە، تازە بە تازە لەسەر تەوەرێک قسە دەکەین لەمێژە گەلان ئەو گرفتانەیان چارەسەر کردووە و کۆتایی هاتوە، هەڵسوکەوتی سێکسییش لە دەرەوەی هاوسەرگیریی، لێرە تەوەرێک لە سەر ئەوە گیرا لە تەلەفزیۆنی (سوینگ).. گۆڕینەوەی ژن و مێرد لە سەر خواستی هەردوو لا.. تەوەرکە درێژەی کێشا.. زۆر ژن و مێرد بەرامبەر بە یەکتر سێکس دەکەن لەگەڵ کەسی نەناسیاو بۆ ئەوەی تەمەنی هاوسەگیریی تەندروست و درێژ بێ، پرسیار و وەڵامی تەندروستیشیان دەدا.. ئیتر ئەوە ئازادیی ئەوانە ئیشی ئێمە نییە دەست لە ئازادیی ئەوان وەردەین. بۆ من با پاکیی و جوانیی هاوسەرگیریی کێشی خۆی بپارێزێ گەر رووشی دا یا جیابوونەوە یا لێبوردەیی بێ، ئیتر ئەوەش لەسەر ئاستی هۆشیاریی مرۆڤەکە دەوەستێ، با باوەڕدارییەکە ون نەبێ و هاوسەگیرییەکە خاوێن رابگیردرێ.

**نەجیبە مەحموود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**فەرهاد کەریم**: ئەمە درۆیەکی گەورە و خۆهەڵخەڵەتاندنی پیاوی ئەو وڵاتە نوستوو و بۆگەنانەیە چونکە خۆیان هێندە پیس و پۆخڵن لە هیچ شتێکی قێزەون لانادەن و کاری خراپ و قێزەونیش نەماوە نەیان کردبێ.. باوەرم بەو وشەش نییە ئامادەیی هەبێ.. ئیتر گەر هەشیانبێ بەرمۆدە قووتی داوە و با لە بەرمۆدە بپارێنەوە بیانداتەوە، پیاوی کورد لێرە دەناسم هاوسەرەکەی لە وڵات سفوور بووە کەچی لێرە وەکو ژنانی ئەفغانیی سەردەمی رژێمی (تالەبان)ی لێ کردووە و کچەکانیشی لەو بازنە داخراو و کوشندەیەی باوکیان هەڵاتوون، وا دەزانێ لێرە خەلک هیچ کاری نییە تەنیا پراکتیزەی بەدرەوشتیی ئەو دەکەن، زووتر لە خوشکەکانم دەبیست و دەیانگوت خۆزیە ئێمەش بە کوڕ لە دایک بوونایە، ئەو پرسیارەم لە هاوسەرەکەم کرد حەزت دەکرد نێر بای؟ بە پێکەنینەوە گوتی: "نەخێر.. گەر جارێکی دیکەش لە دایک ببمەوە هەر حەز دەکەم بە مێینە لە دایک ببمەوە" هەندێک قسەی تریشی کرد بەڵام ئێرە جێی ئەو باسانە نییە. واتە ئەوە ژینگەی شمشێرەکانە دەڵێن ژن شەرەفی پیاوە، لێرە نە ژن نە پیاو شەرەف نین، گەر لێرە گۆتنێکیان بە دڵ نەبێ دەڵێن گەورە بە.. واتە خۆت رزگار کە، منیش دەڵێم (خۆت بە پیاو.. خۆت رزگارکە).

# ١١- موزەفەر عەبدولا:



**سێکس مەسەلەیەکی کەسییە و هیچ کەسێک بۆی نییە دەستی تێوەردا و هیچ شتێک بەسەر هیچ کەسێکدا چ ژن چ پیاو بسەپێنێ.**

**نەجیبە مەحمود: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟**

**موزەفەر عەبدولا**: وێڕای رێز و سوپاسم بۆتان سەرەتا بەر لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانتان چەند سەرنج و تێبینییەک بخەمەڕوو سەبارەت شێواز و دیدگا و تێڕوانینی تەوەرەکە. بە بڕوای من هەر کەسێک گەر لە گۆشەنیگای واقعی چینایەتی چەسانەوەی ژنانەوە بڕوانی و بەرگریکار و لایەنگر یاخود هەڵسووڕاوی جدیی مافی یەکسانیی ژن و پیاو بێ لە هەر رووبەکەوە ئەوە مافی خۆیەتی هەڵوەستەیەک بکا لەسەر ناو و ناوەرۆکی تەوەرەکە کە دەڵێن - تەوەرەی ساغکردنەوەی چەمکی یەکسانیی لە گفتارەوە بۆ رەفتار، یانی دەبوو شێوازی پرسیارەکان تەوەرەی لە دەوری ئەوە ببەستایە کە ئاخۆ چۆن چەمکی یەکسانیی لە ئاستی بزووتنەوەی یەکسانیپخوازی لە گوفتارەوە بگۆڕدرێ بۆ کردار بەڵام وەختێ دێینە سەر پرسیارەکان پرسیارەکان زیاتر ناوەرۆکی مەسەلەکەی دابەزاندوە بۆ هەڵسوکەوت و مامەڵەی تاکی مرۆڤەکان ئەویش دیارە بە تەنها پیاوان. دیارە ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە پێم وایە کە ئەو دیدگایەی لە پشتی پرسیارەکانەوەن مەسەلەی چەوسانەوەی ژنان زیاتر دەبەستنەوە بە بوونی رەگەزی پیاوەوە نەک بە مەسەلەی مولکداریی تایبەت لە کۆمەڵگای چینایەتی و ناکۆکیی چینایەتی و ئاکامەکانییەوە.

بەلام لەگەڵ هەموو تێبینییەکانم هەول دەدەم وێڕای راوبۆچوونم بۆ ناوەڕۆکی دیاردەی چەوسانەوە و بێ مافیی و هەول و خەبات چ بە تاک چ بە کۆمەل وەلامی پرسیارە تایبەتەکانیشتان بدەمەوە.

جاری بە لە هەر شتیک ئەوە بڵێم کە چەوسانەوەی ژنان و بی مافیی هەمە لایەنە و نایەکسانییان لەگەل پیاوان لە ئاستی جیهانداو لە جیهانی ئەمرۆدا راستەخۆ پەیوەستە بە کۆمەلگای چینایەتی و ناکۆکی چینایەتی و دەسەلات و سیستەمی چینایەتی کە لەسەر بنەمای مولکداری تایبەتی وەستاوە لەو سەردەمەوە کە سیستەمی سەرمایەدارییە. راستە بێ مافیی و چەوسانەوەی ژنان و نایەکسانییان لە هەموو ولاتەکان وەک یەک نییە بەلام یەکسانیی و مافی تەواو و هەمەلایەنە لە هیچ شوینیکی ئەم جیهانە دەستبەر نەبووە.

راستە ئەم نایەکسانیی و چەوسانەوەیە بە دریژایی میژووی سەرهەلدانی چینایەتی هەبووە بەلام دەبیت ئەوە بۆمان روون بیت کە سیستەمەی ئەم سەردەمەش سەرەرای مۆدرینی و دەستەبەر بوون و تەنانەت سەقامگیربوونی تا رادەیەک مافەکانی مرۆڤ و ژنان بەلام ئەم چەوسانەوەیەی لەناو نەبردوەو بەلکو دەمەزەردی کردۆتەوە شیوازەکەی گۆریوە.بۆیە بە بڕوای من ئەگەر هەر کەسیک چەن خۆی بە لایەنگری مافەکانی ژنان و یەکسانیی ژنان لەم گۆشە نیگایەوە نەروانی بۆ جەوسانەوەی ژنان و ریگای خەباتو تیکوشان بو لەنابردنی ئەوە ناتوانی ببیتە لایەنگر و بەرگریکار و هەلسوراوی ماندوونەناس و ئاسۆی سیاسی روونی ئەم مەسەلەیە. هەر بۆیەش مەسەلەی یەکسانیی ژن وپیاو و دەستەبەربوونی مەفەکانیان تەنها لە ریزگرتن لە دایک و خوشک و کچ و ژناندا دەبینیتەوە و بەس، دیارە من ریز بۆ ئەوە دادەنیم و بە بەلگە نەویستی دەزانم بو هەر مرۆڤیک کە بریک مرۆڤانە بیر بکاتەوە و رەفتار بکات بەلام ئەوە بە تەنها ناوەرۆکی مەسەلەکە نییە. من هەر لەم روانگەیەشەوە دەڕوانمە کار و چالاکی تاک و بە کۆمەلی کۆمەلگا و هەروا خۆشم هەر لێرەوە تیروانین و بۆچوون و هەڵوێست و هەلسوکەوت و مامەلە و کار و چالاکی ئەنجام دەدەم و داومە لەوەتەی ئەم تیروانینە سیاسی و هزرییەم هەیە. لەم بارەیەوە تا ئەو جێگەیەی کاتم بووبێ و توانیبێتم لانی کەم لە دوو سی دەیەیەی رابردوو هەولم داوە لە هەموو ئاستیکدا بەرگریکاری مافەکانی ژنان و یەکسانیی ژن و پیاو بوومە و بە تایبەتی هەولم داوە ویرای نووسین و وتار و قسەو باس و گفتوگو و ئاژیتاسیون و بە کردەوەش بەشداری لە هەشتی مارس ،کە لە رۆژی نارەزایەتی جیهانی ژنانە و لە هەر نارەزایەتییەک کە بۆ مەفاکانی ژنان بەرێ خرابێ لە ئاستی کوردستان و دەرەوەدا بە پێی توانا بەشدار بوومە و زیاتر لەمەش بەشداریی من بە شێوازیکی راستەوخۆ حیزبی و سیاسی و بە ئامانج و ئاسۆیەکی روونەوە بوە لە چوارچیوەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق و پاشان کوردستاندا. دیارە لە دوو دەیەی رابردووشدا لە ئاستی کوردستان و زۆر ولاتی دەرەوەدا تا ئەو جێگەیەی ئەم حیزبە بوونی هەبوو بێ ئەوە نووکی تیژی خەباتی ریکخراوی بزووتنەوەی یەکسانییخوازی ژنان و مافەکانی ژنان بووە.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**موزەفەر عەبدوڵا**: بی گومان من پیم وایە کە دەبێ هەر کەس کە خۆی بە مرۆڤیکی ئازادیخواز و مودێرن زانی و هەلگری کەلتووریکی تەنانەت مەدەنیش بوو ئەوە پێویستە کاری لەو جۆرە بە ئەرکی خۆیشی بزانی، بەلام من ئەمە ناکەمە تاکە پیوەری سەرەکی بۆ یەکسانییخواز بوون و بەرگریکاری لە مافەکانی ژنان و هەلسووڕاو بوون بۆ کۆتایی هینان بە چەوسانەوە و بی مافی و پلە دوویی ژنان، لە ئاستی تاکو کۆمەلدا بۆ نموونە لە کۆمەلگاکانی رۆژئاوا بە شیویەکی گشتی پیاوان بەشداری زۆر کاروبار دەبن لە مالەوە و هەروەها خاوەنی کەلتوور و مامەلەیەکی مرۆیی و هاوجەرخن ئەوەش بە حوکمی ئەو دەستکەوتانەی بە دریژایی چەند دەیەو بگرە سەدە بەدەست هاتوەو تەنانەت بوە بە یاساو یاخو یاسا و بریارە مەدەنی و یەکسانییخوازی یەکانی بووە بە کەلتوور. بەلام ناتوانم خەبات و تیکۆشانی کەسان و هەلسوراوانیک جدی یەکسانییخوازو کۆمۆنیستی ئەم بزوتنەوانە لەبەرچاونەگرم بۆ کۆتایی هینان بە چەوسانەوی چینایەتی بە گشتی و لەوانەش چەوسانەوەی ژنان و دەستەبەربوونی مافی یەکسانیی هەمەلایەنە لە ولاتانی ژیر سایەی هیزو دەسەلاتە سەرکوتگەر و کۆنەپەرستەکان و سیاست و دابونەریتە زالە کۆنەپەرستە ئیسلامی و ناسیونالیستیی و خێڵەکییەکانی وەک کوردستان و زۆر ولاتی تری لەم چەشنە کە هەمیشە ژیانیان تەنها بە خاتری بانگخوازیان لە مەترسی دایە بەلام رەنگە لە رووی هەندی مامەلە و دابونەریت و کەلتوورییەوە سنووربەندی یان دانەنابی.بەلام رەنگە و تەنانەت بە واقعیش پیاوانیک لە ناو حیزبە ئیسلامی ناسیونالیستیی و خێڵەکییەکان سەرەرای بیروباوەر هزری و سیاسی کۆنەپەرستانەیان بەلام لە مەمەلەیان لەگەل دایک و خوشک و هاوسەریان بەریزانە بیت و هاوکاریشیان بکەن لە چواچیوەی مالەوە و زۆر مەسەلەی تردا. بۆیە بە بروای من دەبیت فەسلەی نیوان ئەم مەسەلانە بومان روون بیت. یانی ئیمە نابیت یەکسانییخوازی و هەولو خەبات بو بەدی هینانی مافی یەکسانیی ژنو پیاو لە ئاستی بزوتنەوەیەکەوە تەجرید بکەین بۆ ئاستی هەلسوکەوتو مەمەلەی تەکەکان.هەروەک پیشتر ئاماژەم بو دا بۆ من ئەسل تیروانینی فکری و کردەوەی سیاسی خەباتکارانەیە بۆ بەدی هینانی مافەکانیتەواوی ژنان لە روانگەی کۆمۆنیزمی مارکسەوە.چونکە زۆر لایەنی و بزوتنەوەو حیزب و ریکخراو بانگشەی مافەکانی ژنان دەکەن بەلام مەرج نی یە هەمویان خەباتکاری تاسەری نەهیشتنی جەوسانەوەی ژنان بن. بو نمونە رەوتەکانی ناو بزوتنەوەی فمینیستی خۆیان بە بەرگریکار و خەباتکاری سەرسەختی مافەکانی ژنان دەزان بەلام لە روانگەی ژنسالاریی و خەتاباریی رەگەزی پیاوەوە.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**موزەفەر عەبدوڵا**: بۆ من ئەوە ئەسلە کە مەسەلەی سێکس مەسەلەیەکی کەسییە و هیچ کەس چ بە تاک و چ بە کۆمەل و چ دەولەت و یاسا بۆی نییە دەستی تیوەردا و هیچ شتیک بەسەر هیچ کەسێکدا چ ژن چ پیاو بسەپێنێ. هەر ئیستا لە ولاتانی رۆژئاوادا ئەوە بووە بە یاساو کەلتوور کە مەسەلەی سێکس مەسەلەیەکی تاکە یاسا هیچ کەسیک سزا نادات لەسەر مەسەلەی

پەیوەندیی سێکس لە دەرەوەی پەیوەندیی هاوسەریی، بەڵکو ئەوە بریاری تاکەکانە کە گەر دوو کەس سەرەڕای پەیوەندیی هاوسەرییان پەیوەندیی تریان بوو ئەوپەڕی دەتوانن ئازادانە جیا ببنەوە هەر چۆن ئازادانە هاوسەرگیرییان کردوە. بۆیە لە روانگەی بەرنامەی سیاسی منەوە ئەوە ئەسلە کە هەر کەس لە سەرو ١٦ ساڵ بەرەوژوور ئازادە کە چۆن پەیوەندیی سێکسیی دیاری دەکا ئەسل بۆ من ئازادی مرۆڤەکانە دوور لە هەر گوشارێک.

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**موزەفەر عەبدوڵا**: پێم وابێ لە وەڵامی پرسیارەکانی تر ئێستا ئەوە روون بێ تێڕوانین و مامەڵەی من بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش چۆنە. بەلام لیرەشدا ئەوەندە دەلیم گەر هەر مرۆڤیک بڕوای بە تاکی مرۆڤ وەک مرۆڤی تەواوی مافی یەکسانیی سەربەخۆ بروانی و بەرگریی لێ بکا ئەوە روونە ئیتر شەرەف و نامووس جگە لە کۆمەلێک شتی تڕوهات زیاتر هیچی تر نییە لای. مەسەلەکە ئەوەیە کە وەختی هەر کەسیک یان لایەن و یاسا و دەسەلاتێک ژن وەک مرۆڤی خاوەن مافی سەربەخۆ نابینی و بە بەشێک لە مولکی پیاوی دەزانی ئەوە ئەو ئاکامەی لێ دەکەوێتەوە کە لە سایەی دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی وەک کوردستانی لێ کەوتوتەوە و ژن کوشتن بە بیانووی شەرەف و نامووسەوە بووە بە کەلتوور و دەسەڵاتیش ئەوپەڕەکەی بۆ کەمکردنەوەی، نەک بۆ کۆتایی پێهینانی، چارەسەری خێلەکیی - سولحی عەشایەریی - دواکەوتووانەی بۆ دادەنێ.

## ١٢- جەمالی عەلیالی:



**تەنیا تاکی دواکەوتوو خۆی بە خاوەنی جەستەی کەسی تر دەزانێ! هەر کەس پێویستە خۆی بڕیار لەسەر جەستەی خۆی بدا.**

**جەمالی عەلیالی**: زۆر خۆم هێناو برد بۆ ئەوەی کە رێگەیەک بدۆزمەوە، تەنانەت بە کلاوی شەرعیش بوویێت خۆ لەو بابەتە نەدەم بەڵام نەگونجا. پێویستە ژنان خۆیان لەو بوارەدا چالاک بن. ئەگەر ژنان خۆیان نەخوازن، کەس (نە کۆمەڵگە و نە پیاوان) لە ڕووی خێرخوازییەوە ئازادیی و یەکسانیی بە ژنان "نابەخشێ". ورووژاندنی باسێک لەو بوارەدا "لە لایەن ژنان" یەک لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە لە بەر ئەوە کە کۆمەڵگەیەکی ئازاد ژن و پیاوی ئازاد لە خۆوە دەگرێ نەک ژن و پیاوی دیل. ڕەنگە بڵێین ژن دیلە بەلام پیاو ئازادە، ئەو کات نووسەر دەڵێ ئەگەر ژن ئازاد نەبێ ئەوە پیاوە کە لە ڕاستییدا دیلی بیروبۆچوونی زامدار و کرمێونی خۆیەتی کەواتە پیاوەکەیە کە لە بناخەوە دیلە. ئەو نووسراوە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی بیروڕای نووسەر لە مەر ئەو پرسیارانەی کە لە لایەن "ئەمڕۆ"وە ئاراستە کراوە.

**نەجیبە مەحمود**: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە ڕەفتار ئەنجامت داون؟

**جەمالی عەلیالی**: کاتێک کۆمەڵگە دەخوازێ "شتێک"ی نوێ لەخۆدا وەرێ بخات ئەو کات بنەمای بابەتیی بۆ وەگەڕخستنی شتە نوێیەکە هاتۆتە ئاراوە. هەر بۆیە هیچ تاک و سازەیەک ناتوانێ شتێک لە سەرەوەرا دابەزێنێ. ئەرکی تاک و سازەی

کۆمەڵایەتییە بۆ پێکهێنانی بنەما بۆ دەرک و قەبووڵی شتی نوێ تێبکۆشێ. یەک لەو چەمکانە بابەتی دیموکراتییە، یەکیتر یەکسانیی ژن و پیاوە... هتد. باسی یەکسانیی ژن و پیاو لە لای دوو کۆمەڵە تاک کاوێژی بێ جێیە، یەکەم لە لای ئەو ژنانە کە جگە لە کولتووری هەنووکەیی، بە تایبەت ئەو کولتوورەی کە لەو چەند دەیەی دواییدا هەرمێنی پەیدا کردووە، چ ڕێگەیەکیتر بە ڕاست نازانن. دووهەم لە لای ئەو پیاوانە کە ئەو "هەڵبژاردەی" ژنان بە پیرۆز مەزەندە دەکەن. سەرەڕای ئەوە ناکرێ و نابێ وەکو تاک و سازە دەست لە سەر دەست دانێین بەو هیوایە کە "چاک دەبێ ئیشاڵا"، پێویستە لە بناخەوە کاری زانستییانەی بۆ بکرێ. بەو گۆێرەیە هەوڵی من وەک تاک ئەوەیە کە ئەو یاسا چەوتانەی کە دۆخی هەنووکەیی بە ڕەوا دەزانێ لە قاو بدەم. ئەو هەڵوێستە لە باری کرداریی‌یەوە مەرجدارە، بەستراوەتە بە دوو خاڵ، یەکەم بە "شوێن" کە مرۆڤەکان لەوێندەرێ کۆبوونەتەوە، دووهەم بە "هۆکاری کۆبوونەوە" کە پێوەندیی مرۆڤەکان لە شوێنەکە دیاری دەکات. لە کاری ڕۆژانەدا پێوەندییم دەگەڵ قوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانە هەیە، کچ و کور، ژن و پیاو. هۆکاری کۆبوونەوە زۆرن، یەک لەوان بیرکاریی. کەواتە دەست و باڵم ئازادە بۆ ئەوەی کە لە چوارچێوەی هەوڵ بۆ ئازادیی و یەکسانیی ژن و پیاو تێبکۆشم. دیارە ئەو تێکۆشانە لە ڕێگەی هەڵسوکەوتی منە لە کاتی باس و دیالۆگ لەسەر بیرکاریی، لەسەر ڕێکخستنی چالاکییەکان، لەسەر پلان دارشتن بۆ قۆناخەکانی داهاتوو لە پرۆسەی ئەرکەکاندا.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**جەمالی عەلیالی**: لە چوارچێوەی ژیانی خیزانییدا، کاتێک دوو تاک بریاری پێکهێنانی ژیانی هاوبەش دەردەکەن ئیتر پێویستە گشت شتێ کە لە چوارچێوەی ژیانی ناوماڵ و دەرەوەی ماڵ جێ دەگرێ بە هاوبەشیی بێت. لە بریار دەرکردن هەتا قاوە چێ کردن. دەکرێ هێندێک بابەتیش جیاواز لەوە بێت. بەش بە حاڵی خۆم، جل و بەرگ شووردن، هەڵخستن و ئیشککردنەوە و ئوتووکردن، ماڵ خاوێنکردنەوە و قاپ و قاچاخ شووردن، دەکرێ بڵێم بە زۆری ئەرکی هەمیشەیی منە. خواردن چێ دەکەم بەڵام ئای کە هاوسەرەکەم خواردنی خۆش چێ دەکات، هەر بۆیە لەو بارەوە کۆڵم پڕ نییە.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**جەمالی عەلیالی**: هەر مرۆڤێک خۆی خاوەنی جەستەی خۆیەتی! تەنیا تاکی دواکەوتوو خۆی بە خاوەنی جەستەی کەسی تر دەزانێ! بەو پێیە، مافی هەر تاکێکە کە خۆی بریاری چۆنییەتی هەڵسوکەوت دەگەڵ جەستەی خۆی بدات. بەر لە باسی ئەو



سەرچاوە
Serchawe

بەشە بە تێر و تەسەلی، پێویستە "ئاستی زانستی تاک" لە کۆمەڵگەدا بخەینە بەر باس. پەرەگرتنی خوێندنەوە و هەڵسانگاندنی مرۆڤ لە سەر کۆمەڵگە بە گوێرەی ئاستی زانستی مرۆڤ ئاڵ و گۆڕی بەسەرا دێت. ئەگەر "شتێک" هەبێ کە مرۆڤ چ زانیارییەکی لەسەر نەبێ، ئەوکات ئەو شتە وەکو شتێکی مەترسییدار مەزەندە دەکرێ و مرۆڤ لە هەمبەر شتەکەدا دەستەوەستان دەمێنێتەوە. مرۆڤ بە کۆکردنەوەی زانیاریی لە سەر شتە نامۆیەکە هەوڵ دەدات ڕووبەرە مەترسییدارەکە لە سەر شتە نامۆیەکە دادرێت. ئەوەش تەنیا کاتێک مسۆگەر دەبێت کە مرۆڤ زانیاریی پێویست (نەک تەواو) لەسەر شتەکە کۆکردبێتەوە. بە هۆی کۆمەڵە فاکتەرێکی هەڵە، لە ئاستی ئەو چوارچێوەی کە پرۆسەی "زاووزێ" لە سەریان ساخ بۆتەوە، زانیاریی تاک لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بە داخەوە زۆر نزمە. چوارچێوەکە پێکهاتووە لە دەزگای زاووزێ، چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو دەزگایە و زانیاریی لە سەر پڕۆسەی منداڵ بوون لە گشت بوارەکاندا وەکو سایکۆلۆژی، فیزیۆلۆژی....هتد. لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کەم کەس هەیە کە دەزگای زاووزێ بناسێ و زانیاریی لەسەر پڕۆسەی منداڵ بوون هەبێ بەڵام هەموو کەس دەزانێ چۆن دەزگای زاووزێ بەکار بێنێ (کردار) هەرچەند هەرگیز کەسێک باسی لێوەناکات! ئەگەر ئەو چوارچێوەیە لە مێشک و دەروونی مرۆڤدا پێک بێ ئەوسا چ گیروگرفتێکی جیدی لە باری کرداری پێوەندیدار بە پڕۆسەی زاووزێ پێک نایە. کاتێک مرۆڤی شارەزا لە بوارێکدا باسێکی زانستی بۆ مرۆڤێکی کەم شارەزا دەکات، ئەوسا مرۆڤە شارەزایەکە ڕێزوحوورمەت بۆ خۆی دەکڕێت کەواتە ئەرکی کەسانی پسپۆڕ و شارەزایە کە لەو بارەوە زانیاریی بدەنە کەسانی کەم شارەزا. منیش بە بەشی خۆم و بە گوێرەی توانایيم لەو بوارەدا هەوڵ ئەدەم. ئەگەر مرۆڤەکان بە زانیارییەوە هەڵبژاردەی خۆیان دەسنیشان بکەن ئەوکات مەترسی هەڵە کەمترە، ئەگەر هاتوو پاش خوێندنەوەی دووایی کردەوەیەک بە هەڵە مەزەندەکرا ئەوکات پێویستە ئەگەری کات و شوێن و سایکۆلۆژی ئەو کات و ئەو شوێن لە ڕوانگەی بکەر (یەک تاک یاخود دوو کەس) بخرێتە بەرچاو. ئەگەر کەسێک لە چوارچێوەی هاوسەرییدا کرداری سێکسیی دەگەڵ کەسیتر هەبێت پێویستە بەر لەوە پەیمانی هاوسەریی خۆی هەڵوەشێنێتەوە، بەو شێوەیە ڕێزوحوورمەتی خۆی هەر ڕادەگرێ. ئەگینا لە کۆتاییدا دووپات دەکەمەوە کە هەر کەس خاوەنی جەستەی خۆیەتی و هەر کەس پێویستە خۆی بڕیار لەسەر جەستەی خۆی بدا.

**نەجیبە مەحمود**: **لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**جەمالی عەلیالی**: چەند کردەوە دەتوانێ زۆر بە خێرایی پلەی مرۆڤ لە مرۆڤایەتییەوە دابەزێنێتە پلەی ئاژەڵ. یەک لەوانە دەستدرێژیی سێکسییە بۆ سەر ژن و منداڵ. کاتێک پیاوێک داوای سێکس لە هاوسەرەکەی دەکات و هاوسەرەکەی (بە هەر هۆیەکەوە) ناخوازێت بەڵام پیاوەکە بەو کردەوەیە هەڵدەستێ، ئەوەش دەستدرێژیی سێکسییە. ئەو پیاوانەی دەستدرێژیی دەکەنە سەر ژنان لە ڕاستیدا گیرۆدەی نەخۆشیی دەروونین. نەخۆشێک کە تەنیا لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کردەوە قیزەونە دیاردەکات، ئەو پیاوانە پیویستییان بە چارەسەری پزیشکیی هەیە. دەستدرێژیی سەر منداڵان نیشانەدەری توندیی و قووڵبوونی نەخۆشییەکەیە کە جگە لە چارەسەری پزیشکیی رەنگە پێویستی بە بەندیخانە لە کاتی درێژخایەنی چارەسەری دا



سەرچاوە
Serchawe

هەبێ.

شەرەف لە ڕاستیدا بڕیارێکی کۆمەڵایەتییە کە لە لایەن یەک تاک، یاخود چەند تاک بە هەڵبژاردەی خۆیان دیاری دەکرێ. واتای شەرەف بۆ کەسانی جیاواز دەتوانێ تەنانەت زۆر لێک دووربن. بۆ تاکێک دەتوانێ شەرەف پووڵ و پارە بێت، بۆ یێکیتر دەتوانێ مەقام و پلەی کۆمەڵایەتی بێت، بۆ یەکیتر کاری ناوبازار. نە ژن شەرەفی خێزانە، نە پیاو، نە منداڵ. ئەو پیاوانەی ئاستی حوورمەتی شەرەف دەگەیێننە ناو لینگی ژن، ئەوانە خۆیان سەرەڕای ئەوە کە زانستییان لە سەر شەرەف نییە تەنانەت بایەخێک بۆ شەرەف دانانێن بەو واتایە کە خۆیان لێی تێدەگەن. بە ڕای من جارێ هێندێکی ماوە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا "گواستنەوەی شەرەف بۆ ناو لینگی ژن" وەک نەخۆشی دەروونی مەزەندە بکرێ بەڵام ئەو ڕۆژە دوور نییە.



سەرچاوە
Serchawe

## ١٣- کەریم سەرکەش:



**گرنگە هەر یەکێک لەو ئازیزانەی نزیکمان وەک مرۆڤ ببینین، ماف و ئازادیی تەنێ بە خۆ رەوا نەبینین، تەنێ بۆ خۆ قۆرخ نەکەین.**

**نەجیبە مەحمود**: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟

**کەریم سەرکەش**: من خۆم وەک کەسێکی چالاک، بەشداری ڕاستەوخۆ لەم بوارە نابینم، بەڵکە زۆرتر خۆم بە لایەنگری لابەلا و تەریکی ئەم بزووتنەوەیە دەزانم، لە ڕابردوو کار و چالاکییەکی بەرچاوی ئەوتۆم نەبووە تا ئەمڕۆ خۆمی پێەوە بادەم.

ڕەنگە ئەوەی پەلی گرتبم بۆ نزیککەوتنەوە و چاکتر ناسینی دونیای نایەکسان، دۆستایەتییم لەگەڵ پەرتووک و خوێندنەوە بوو بێ.

گوێ گرتنم لە لاوک، حەیران، ستران و سەربردەی ئەوینداران، خوێندنەوەی شیعر، چیرۆک، داستان، ئەفسانە، ڕۆمان، دیتنی فیلم، شانۆ زۆرتر چاویان بە تراژیدیای ئەو دونیا جەنجاڵە پڕ لە ستەمکارییە کردمەوە. هەر لەم ڕێگایەوەش خولیای نووسینم لا پەیدا بووە.

دەکرێ بڵێم خوێندنەوە و نووسین تاقە بوار و کەناڵێک بووە، کە جاروبار کەمۆکەیەک لە ئاقاری ئەو پێناسەیەی کە لە پرسیارەکەدایە (بە گفتار و ڕەفتار) لەم پرسە نزیکی کردبێتمەوە، دەنا چیتر لە خۆ نابینم کە ڕووی میوانی بێ.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**جەمالی عەلیالی**: بەڵێ هەر لە منداڵییەوە هاوکاری و یارمەتی دایکمم کردووە، بەشداریی کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵم بە ئەرکی خۆ زانیوە، تا بۆم کرابێ بە لایەنی کەم خزمەتکردنی خۆم لە کۆڵ ئەوانی تر کردۆتەوە، مینا ژنێک نەمتوانیوە تەواوی کارەکان لە ئەستۆگرم، لە بەخێوکردنی منداڵ و تەواوی کار و ئەرکەکانیش ڕەنگە پشکدارییەکەم نەگەیاندبێ بە پەنجا بە پەنجا.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**جەمالی عەلیالی**: مرۆ بوونەوەرێکی ئاڵۆزە، تەمەن ئەم ئاڵۆزییە تێکچڕژاوتر دەکا، لە ئەزموونی پەنجا ساڵ زیاتری تەمەنم، دەیان جار ڕووبەڕووی ئەم پرسیارانە بوومەتەوە، من پێموا بووە و ئێستاش لە سەر ئەو ڕایەم وەڵام دانەوە بە ئەرێ یا نەرێ وەڵامدانەوەیەکی زۆر ڕاستگۆیانە نابێ، جا چ من، تۆ، ئەو ئەوانی تر بیدەنەوە، ئەم پرسیارە هێندە تایبەت و کەسییە کە بواری ئەوە نادا هەروا سووک و ساکار، سەرپێیی و ڕێبواریی خۆ بکەی بە فیلەتەنێکی فیمینیست، یا بنلادنێک لە دیدی خوێنەران.

من لە کۆمەڵگای دوێنێی کوردستان کە لەوێ دەژیام خۆم لە نێو هەژموونی جوولانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە دەدیت، پێموابوو لایەنگری یەکسانیخوازییم، ئەمە هەر بە مەزەندەی خۆم ها، بەڵام تا چەند وابوو؟ وەڵامەکەی لای من نییە، کەچی لێرە و بۆ کۆمەڵگای سوێدی کە نزیکەی سیانزە ساڵێکە لە ناویدام کورت دێنێ بەشی ناکا، زۆرجار خۆم زۆر کۆنەپەرست، کۆنەپارێز دێتە بەرچاو.

لە تەمەنی هەرزەیی و لاویم توندڕەو بووم، وردە وردە لەگەڵ چوونە نێو ساڵ ئەم توندڕەوییەم خاو و خاوتر بۆتەوە، ئێستا زۆرتر بڕوام بە گفتوگۆ، ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن، گوێگرتن لە ئەوی تر هەیە. لە کاتی هاتنە پێشەوەی ئەگەرێکی وا

ڕەنگە نەتوانم وەک سویدییەک ڕەفتارکەم، بێگومان هەرگیز ناشکرێ وەک کوردێکیش هەڵسوکەوت کەم.

هەرگیز پێموانییە ڕووداوێکی وەها ڕووی نەدابێ یا ڕوونەدا لە من لە تۆ لە هەر کەسێکی تر، هەروا بە ڕوودانی وەها پێشهاتێک نە دونیا وێران دەبێ و نە هیچ، بۆیە هەرگیز پێویست ناکا پێشهاتێکی وەها بمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی شمشیر و مەمک بڕین.

گرنگە هەر یەکێک لەو ئازیزانەی نزیکمان وەک مرۆڤ ببینین، ماف و ئازادیی تەنێ بە خۆ ڕەوا نەبینین، تەنێ بۆ خۆ قۆرخ نەکەین. پێویستە ئەگەر وەک ئەوروپاییەکی باکووری گۆی زەوی فێمینیست نەبین، ئەوا بکارێین هەوڵدەین وەک گوندییەکی نەخوێندەواری کوێرە دێیەکی کوردستان هەمیشە خەنجەرمان نیوە کێش و خوێنی (زین)ێکی لێ نەچۆڕێ!

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**جەمالی عەلیالی**: من پێم وانییە ١٠٠٪ تەنیا هەر پیاوان دەستدرێژییکەری سەر ژنان بن، لەم دەستدرێژییەی پیاوان کەم تا زۆر ژنانیش بەشدارن، هاوکارن یارمەتی دەرن. چۆن ئەمە پەروەردە و ئاراستەی کۆمەڵگای پیاوانەیە، هەر وەهاش هەر تەنیا پیاوان نین ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن! بەڵکو ئەمە بیر و باوڕ، کلتوور و داب و نەرێتی پیاوسالارانەی ئاینیی سیاسیی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بووە، کە ژنی بە شەرەفی خێزان زانیوە، دیسان لێرەدا پیاوان و ژنانیش بەشدارن بە لەم تراژیدیایە هەر یەکەو بە گوێرەی ئاستی هۆشیاریی خۆی. ئەم دووانی بوونەی هەڵسوکەوت و کەسایەتییەی مرۆڤەکان بە پیاو و ژنانەوە، دیسان سەرچاوەکەی تێگەیشتنی سیستەمی پیاوسالاریی، باوک مەزنییە، هەرچەند زۆر ناتەبا و دژن هاوکات تێکەڵاو چوونەتە ناو یەکیش، ئەمە تابلۆی دیرۆکی مرۆڤایەتی بووە کە تا ئەمڕۆش، ڕەگ و ڕیشەی لە کۆمەڵگاکان بە ڕێژەی جودا جودا هەر ماوە.

سوپاس هیوادارم لە پرسیارەکان گەیشتبم!

لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆتان.

## ١٤- حسێن حسێنی:



**به دڵنیاییەوە هەرگیز لە کاروباری ناوماڵ و منداڵ بەخێوکردندا ئەو هەستەم نەبووە کە من پیاوم و نابێ ئەو کارانە بکەم.**

**نەجیبە مەحمود**: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟

**حسێن حسێنی**: من چونکە بچووکترین کوڕی ماڵەوە بووم لەگەڵ خوشکەکانمدا نەژیاوم. هەر لەگەڵ تۆزێک گەورەبوونیشمدا لەماڵ دوورکەوتوومەتەوە، واتە تاڕادەیەکی زۆر بەدوور لەدایکم ژیاوم بەڵام ئەو کاتانەی لەماڵەوە بووم لەکاری ناوماڵدا یارمەتی دایکم داوە بڕوام بەوە نەبووە کاریٚ ناوماڵ ئەرکی سەرشانی دایکمە، لەبیرم نایەت وتبێتم دایکە نانم بۆ بێنە! من بە شێوەی تیۆریی هەر لە سەرەتای لاوەتیمەوە بڕوای تەواوم بە مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو تاکێک هەبووە، بە کردەوە وەکو مامۆستایەک کە کۆمەڵێکی زۆر قوتابی کچو کوڕم هەبووە، بەردەوام هەوڵمداوە وەک یەک لەگەڵ هەردوو رەگەزەکەدا هەڵسوکەوت بکەم، هەروەها مەودای دووری نێوان کوڕ و کچ کەم بکەمەوە، بۆ نموونە لە تاقیگەدا کە قوتابییەکان بە شێوەی گروپی سێ کەسی پێکەوە کاردەکەن، کاتێک بینیوومە کوڕەکان و کچەکان لەگروپی جیادا بۆ کارکردن خۆیان رێکخستووە، بە هاوکارکردنی دوو کوڕ و کچێک، یان دوو کچ و کوڕێک، هەوڵمداوە بەربەستی دەروونیی نێوانیان بشکێنم، هەروەها لە ژیانی هاوبەشیشمدا فەلسەفەی ژیانی من بریتی بووە لەڕێگە خۆشکردن و یارمەتیدانی خێزانەکەم بۆ ئەوەی وەک مرۆڤێک پێشبکەوێت کە لەمەدا سەرکەوتوو بووم، لەوانەیە بە زۆر هۆکار بڕوام بە یەکسانیی تەواوەتی ژن و پیاو نەبێت، چونکە ژن و پیاو هەم لە فیزیکی لەشدا و هەم لە رژێنەکاندا جیاوازییان هەیە بەڵام بڕوام بەوە هەیە تەواوکەری یەکترین، لە هەمانکاتیشدا

هەردووکیان مرۆڤی تەواون.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**حسێن حسێنی**: بە دڵنیاییەوە هەرگیز لە کاروباری ناوماڵ و منداڵ بەخێوکردندا ئەو هەستەم نەبووە کە من پیاوم و نابێ ئەو کارانە بکەم.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**حسێن حسێنی**: ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی سێکس لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئایا چۆن لە سێکس دەڕوانیین و خاڵی هاوبەشی مرۆڤ لەگەڵ گیاندرانیتردا چییە؟ هەرچەند جیهانی سەرمایەداریی سێکس وەک کاڵایەک بۆ بازرگانی بەکاردەهێنێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەموو مرۆڤێکی ساخڵەم لەسەر ئەو بڕوایەیە (کە بڕوای منیشە) سێکس بۆ زاوزێ و دروستکردنی ئارامییە بۆ ئەوەی نەوەیەکی تەندروست هەم لە باری دەروونییەوەو هەم لە باری جەستەییەوە بەرهەم بێت، سێکس زامنکەری داهاتووی مرۆڤایەتییە، تەقریبەن تا ئەو جێگەی من ئاگاداری شیردەرە باڵاکانیش بم، لەوانیشدا هەر بەو جۆرەیە. کرداری سێکسیی لە دەرەوەی ژیانی هاوبەش ئارامیی تێکدەدات و لە ژیانی هاوبەشیشدا خۆشەویستی بە تیین دەکات، رق و خۆشەویستیش دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی منداڵیی و رژانی هۆرمۆن لە نێو لەشدا، واتە عەشق بەهرەیەکی خودایی نییە! رژانی هۆرمۆنە، کە دەکرێت بڕەکەی بە سرنجێک زیاد یان کەم بکرێت! یان تێکچوونی باری دەروونیی و خەمۆکیی کە رۆڵی هەیە لە لادانی سێکسییدا، لە لای دەروونناس و پزیشکی دەروونیی چارەسەر بکرێت، بە هەر حاڵ، کرداری سێکسیی لە دەرەوەی ژیانی هاوبەش بە لادان دەزانم. لەوانەیە یەکێک بڵێت کرداری سێکسی هاورەگەزبازەکانیش هەیە کە زاوزێی لێناکەوێتەوە، ئەمە راستە بەڵام ئەمەش تەنها تێکچوونی هاوسەنگی هۆڕمۆنەکانە کە هەندێک جار ریشەی جینیتیکی هەیە دەکرێت چارەسەر بکرێت، بە هەر حاڵ لە پرۆسەی پەرەسەندندا ئەو گیانلەبەرانە بۆ داهاتووی دوور دەگوازرێنەوە کە بڕی ئەو هۆرمۆنانەی کە لەشیان دروستی دەکات هاوسەنگ بێت.

ئەگەر منداڵ لە ئارادا بێت بڕوام بە جیابوونەوە نییە چونکە ئەمە دژ بە مانای ژیانە، منداڵ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەندروست گەورە بێت، پێویستی هەم بە دایکە هەم بە باوک منداڵێک ئەگەر بە بێ دایک یان باوک گەورە بێت، بێگومان لانی

کەم لە بـاری دەروونیـیەوە منـداڵێکی سـاخڵەم نابێـت، بە هەر حـاڵ، لە کۆمەڵگـای ئـاڵۆزی ئیمـڕۆدا لەوانەیە بەرژەوەنـدیی ئابووریی و کۆمەڵایەتی هەندێک جار رۆڵـی باڵایـان هەبێت، ئەو دەم تـاکە چارەسەر لەوانەیە جیـابوونەوە بێت، سەبارەت بە دایـک و خوشک ئەوە پێوەنـدیی بە منەوە نییە، پێوەنـدی بە مێردەکـانی خۆیـانەوە هەیە، هەرچەنـد لەوانەیە هەنـدێک جـار پێویست بکات یارمەتی خوشکەکەت یان دایکت یان کچەکەت بدەی بۆ ئەوەی زیـان نەبینێت، بەڵام هەر ئەوەندە!

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**جەمالی عەلیالی**: پێشبڕکێ و شەڕی دوو نێر لەسەر مێیەک کە هەندێک جار بۆ نێرەکان کوشەندەیە لە نێـو زۆربەی گیانداراندا (بە تـایبەتی گۆشتخۆرەکان) هەیە، بەڵام دەستدرێژیی بـۆ سەر مێ بە تـایبەتی بە هۆکـاری سێکسیی، زۆر دەگمەنە یـان هەر نییە، بێگومان لە نێو مرۆڤدا ئەمە لادانە، زۆر هۆکار هەن کە دەبێت بە هۆی ئەوەی پیاوێک دەستدرێژیی بکاتە سەر ژنێک جا چ دەستدرێژیی سێکسیی بێت یان لێدان کە گرنگترینیان لاوازیی پیـاوەکەیە، تـا ئاستی خوێنـدن و هۆشیاریی بەرزتـر ببێـتەوە ئەو دیاردەیە کەمتر و کەمتر دەبێت.

## ١٥- رەسول سەفەریانی:



**ئەگەر کەسێک پێوەندیی سێکسیی لە دەرەوەی بازنەی ژیانی هاوبەش بۆ خۆی بە رەوا بزانێ، ئەوە دەبێ ئەو رەواییە بە هاوبەشەکەی ژیانیشی بدا.**

**نەجیبە مەحمود**: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟

**رەسول سەفەریانی**: من پێم وایە لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردستاندا کە تێکەڵاوییەک لە مودێرنیێتە و پێشمودێرنییتە و تەنانەت پاشمودێرنیتتەی تێدا بەدی دەکرێت و ئاسەوارەکانی تازەترین تەکنۆلۆجییەکان کێشراونەتە بەرکار، تەنیا قسەکردن و تەنانەت نوسینیش ناتوانێت یارمەتیدەرێکی گەورە بێت بۆ گرفتی یەکسانیی. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ بە هۆی دەستگەیشتنی خەڵک بە میدیاکان، لەوانەیە هەموو کەسێک ئاگاداری یاساکان و مافەکانی مرۆڤ بن و کەم کەس هەیە نەزانێت ئەمڕۆ پلە و جێگەی ژنان لە جیهاندا لە کوێدایە و بەرەو کوێ دەچێت، جا لەبەر ئەمە لەوانەیە هەموو کەسێک بۆ پێشکەوتو نیشاندانی خۆی، لانی کەم بە قسە و تەنانەت بە نووسینیش باس لە بڕوا بە یەکسانیی بکات و ژێستیکی رۆشنبیرانەش بگرێت. بۆیە بە بڕوای من تەنیا پێوەر و رێگا بۆ دابەزاندنی ئەم یەکسانییە لە کۆمەڵگاکەماندا کردەوەیە و بەس، یانی ئەرکی هەموو پیاوێکی یەکسانییخوازە کە لە لایەن خۆیەوە دەست بداتە دابەزاندنی ئەو بڕوایە لە نێو ژیانی کەسییدا. من خۆم بە راستیی ناتوانم ئەوەی بڕوام پێی نەبێت، بینووسم یان باسی بکەم. بۆیە ئەوەی وتومە و بڕوام پێیەتی لە ژیانی هاوبەش و بەشە

پێوەندیدارەکانی ژیانم لەگەڵ ژنانی دەوروبەرم، (خوشک، خێزان، هاوڕێ...) بە کردەوە سەلماندومە. بەڵام بەڕاستی دوا داوەری راستەقینە ئەوانن کە دەبێت بانگەشەکەی من پشت راست بکەنەوە. چونکو کەس بە دۆی خۆی نالێت ترش. شایانی باسیشە کە من لە چەندین وتار و شیعر و پەخشاندا کە لە ماڵپەڕ و رۆژنامەکاندا بڵاوم کردونەتەوە لەم بوارەدا چالاکییم نواندوە.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**رەسول سەفەریانی**: لە رووانگەی منەوە ژیانی هاوبەش وەک ئیشێکی هاوبەشییە. لە هیچ کارێکی هاوبەشدا تەنیا لایەنێک هەموو ئەرکەکان بە ئەستۆ ناگرێت. لە لای خۆمان ئێستاش زۆر کەس، بە بۆچوونی نەریتییانەوە، لایان وایە کاری نێو ماڵ ئەرکی ژنانە. بۆیە کاتێک هەڵدەستن بە تێپەڕاندنی ئەرکێک لە ماڵدا، دەڵێن یارمەتی ژنەکەیان داوە. بەڵام لە راستییدا ئەو ئەرکانە هی هەردوو لایە و بە باڵای کەسیان نەبڕاوە. من بۆ خۆم لە دروستکردنی خواردن و خاوێن کردنەوەی نێوماڵ و جل و قاپ شۆردندا دەستێکی باڵام هەیە و بە یەکێک لە ئەرکەکانی ژیانی خۆمی دەزانم.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**رەسول سەفەریانی**: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت سەرەتا ئاماژە بە سێ خاڵ بکرێت. یەکەم: ئەوەی کە یەکسانییخوازی بەو واتایەیە کە مرۆڤ چی بۆ خۆی بە رەوا دەزانێت، دەقی ئەوەش بۆ هاوبەشەکەی یان بەرانبەرەکەی بە رەوا بزانێت. ئەمەش هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، نەک تەنیا بەشی پارە و ئیشی ماڵ و لەم بابەتانە. دووهەم: بۆ وەڵامی دروست دەبێت سەرەتا بڕوات بە ئازادیی تاک ببێت و بەوەی کە هەموو تاکێکی مرۆڤیش خاوەن جەستەیەکە کە تەنیا خۆی خاوەنییەتی و خۆیشی دەبێت بڕیاری لەسەر بدات کە چۆن مامەڵەی لەسەر بکات. سێهەم: ئەوەی کە ئەم پرسیارە دوو بەشە. یەکەم: سێکس لە دەرەوەی بازنەی ژیانی هاوبەش، دووهەم: سێکس وەک تاکە کەس. جا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سێ خاڵە ئەگەر کەسێک پێوەندیی سێکسیی لە دەرەوەی بازنەی ژیانی هاوبەش بۆ خۆی بە رەوا بزانێ، ئەوە دەبێ ئەو رەواییە بە هاوبەشەکەی ژیانیشی بدا. من خۆم قەت ئەو کارەم نەکردوە و لام جۆرێک لە ناپاکییە بە هاوبەشی ژیانەکەم. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مۆراڵ و رەوشت. من لەسەر ئەو بڕوام ژیانی هاوبەش جۆرە رێکەوتنێکی رەوشتەکییە کە لەم رێکەوتنەدا کەسەکان ساغن لەسەر ئەوەی کە تامی سێکسیش بە هاوبەشیی یەکتر بچێژن و جەستەیان تەنیا بۆ یەکتر بێت. بۆیە لەلای من وایە کە تا کاتێک ئەم

ڕێکەوتنە بەردەوامە و ئەو دوو کەسە شەریکی ژیانی یەکترن، ئەو جۆرە رەفتارانە شکاندنی ڕێکەوتنەکەیە، ئەگەر کەسێکیش ڕێکەوتنەکەی بەزاند ئەوە بەرانبەرەکەی ئازادە کە هەموو هاوبەشییەکەی هەڵوەشێنێتەوە. مەگەر ئەو دوو کەسە لەسەر ئەوەش ڕێکەوتنیان ببێت. بەڵام لەوەها بارێکیشدا دەبێت کەسەکان خاڵی دووهەم لەبەرچاو بگرن و تێبگەن کە ئەو کەسە خاوەن جەستەی خۆیەتی و ئەم بۆی نییە دەستێوەردانی لەو مافەدا ببێت. تەنیا مافێک بۆ بەرانبەرەکە هەیە ئەوەیە کە لە کاتی نارەزایی لە کردەوەی بەرانبەرەکەی (هەبوونی سێکس لە دەرەوەی ژیانی هاوبەش) واز لە ڕێکەوتنە دوو قۆڵییەکە بێنێت و بەس. بەڵام بەشی دووهەمی پرسیارەکە کە کەسانی دەرەوەی بازنەی هاوسەریی دەگرێتەوە. لەسەر ئەو بڕوای کە من بە مافی تاک هەمە، ئەوە بە شتێکی کەسیی کەسەکان دەزانم و مافی ئەوە بە خۆم نادەم دەست تێوەردانێک لەم بارەوە بکەم.

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**رەسول سەفەریانی**: بە رای من ئەوە دوو کەسایەتی بوون نییە، دوو کەسایەتی کاتێکە کە مرۆڤ دوو جۆر رەفتاری دژ بە یەک لە خۆی پیشان بدات. رەفتاری ئەو جۆرە پیاوانە لەسەر یەک هێڵە و بەرەو یەک ئامانج دەڕوات و رێک کەسایەتی راستەقینە و یەکڕەنگیی ئەو جۆرە پیاوانە دەگەیەنێت کە سەربە بە کولتووری پیاوەمەزنیین. لەم کولتوورەدا کە ئایین و دەسەڵاتیش وەک دوو کۆڵەکەی راگر و بەهێزکەری ئەون، ژن پلە و جێگەی ئەو کۆیلەی گرتوەتەوە کە لە سەردەمی کۆیلەدارییدا کۆیلەدارەکان وەک کەرەسە و شت و مەک دەیانکڕی و دەیانفرۆشتەوە. بۆ کۆیلەکان داوای ئازادیی و ژیانی سەربەخۆ، هێڵی سوور بوون و بەزاندنیان باسی سەر و گیان بوو. ژنیش لەم فەرهەنگەدا ملکی پیاوە و شەرەفیش ئەو هێڵە سوورە فەرزیی و نادیارەیە کە بۆ کوشتنی دانراوە. مرۆڤێک کە بە ئاسانیی دەستدرێژیی بکاتە سەر هاوسەر و هاوبەشی ژیانەکەی و مافەکانی لێ زەوت بکات، بە دڵنیاییەوە دەستدرێژییکردن بۆ سەر کەسانیتر لای ئاسان و ئاسایی و ئازایەتییە. ئەمە کلتوورێکی خێڵەکییە. بۆ سەلماندنی ئازایەتیشی دەبێت دیوارەکانی شانازیی خۆی، کە لە لای ئەو ژنەکانی نێو خێڵەکەیەتی، لە دەستدرێژیی خێڵی بەرانبەر بپارێزێت. مەبەستم لێرەدا ئەوەیە کە بە خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆییانە ئەو کەسانە خاوەن کەسایەتییەکی دەستدرێژکەرن و لە هەر دوو باردا، چ پەلاماردەری جەستەیان بن و چ زەوتکەری مافەکانیان، هەر دووکی هەر دەستدرێژییە و ئەمەش پیشاندەری ئەوەیە کە ئەمانە خاوەن دوو رووالەت و کەسایەتی نین، بەڵکو بە خوێندنەوەی کۆنی خێڵەکییانەوە شەرەف قەڵایەکە کە ژن پارێزەریەتی و نابێت رادەستی دوژمنانی بکات. لەو روانگەدایە کە شەرەف وەک شتێکی پۆزەتیڤ پیشاندەدرێت، بۆیە ئەو هەڵە لای خەڵک دروست دەبێت کە یانی ئەو کەسانە خاوەن دوو کەسایەتی یان دوو جۆرە رەفتاری دژەیەکن. دونیای ئەمڕۆ ئیتر هەڵگری ئەو جۆرە خوێندنەوانە نییە و راگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ هەموو سنوورەکانی روون کردوەتەوە جێگەی هیچ تێنەگەیشتنێکی جێگەی هیچ تێنەگەیشتنێکی نەهێشتوەتەوە. ئەمڕۆ ئیتر ئەرکی دەسەڵاتەکانە کە یاساکانیان لەسەر ئەم مافانە و بۆ پاراستنی ئەو مافانە دابەزێنن. تەنیا ریگای کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی شەرەف، سەروەریی یاسای مودێرنە، یاسایەک کە رەنگ و بۆنی ئایین و خێڵ و دوواکەوتویی پێوە نەبێت.

## ١٦- جیهاد محەمەد:



**ئەوە دینە پیاوی ناشیرن کردوە بەوەی گورگێکی چڵێس لە ناخیدا هەیە و هەرکە گۆشتە رووتەکەی کەوتەبەردەست خۆی بۆ ناگیرێ و پەلاماری دەدا!**

**جیهاد محەمەد**: لە پێشەکیدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە پرسی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان پرسێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ئاڵۆزە، بۆیە رەنگە نەکرێت لە دیمانەیەکی وادا بتوانرێت بە تێروتەسەلی قسەی لەسەر بکرێت. ژنان هێندە نایەکسان بوون بە پیاوان، هێندە زوڵمیان لێکراوە لە لایەن پیاوانەوە کە گەیشتوەتە بەرزترین ئاستی هەموو ئەو زوڵمانەی کە لە مێژووی مرۆڤایەتییەدا کراوە کە هەمیشە دەسەڵات دەسەڵاتی پیاو بووە. لەم رووەوە شاعیری گەورەی فەرەنسی (پۆل ئیلۆر) وتوویەتی: ئەگەر پیاوان پەنجا هەزارساڵ داوای لێبوردن لە ژنان بکەن دەرهەق بەو زوڵمەی کە کردویانە بەرامبەریان هێشتا بەس نییە. بە هەر حاڵ وێرای دەستخۆشیم بۆتان بە گوێرەی سەلیقەی خۆم وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەمەوە.

**نەجیبە مەحمود**: بەرێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟

**جیهاد محەمەد**: بڕوای تەواوم وایە هەر کەسێک دەستی برد بۆ هەر چ کێشەیەک و ویستی قسە لەسەر چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، ئەگەر تەنیا بە قسەکردن و نووسین و لێدوان و لێکدانەوە و شیکردنەوە بوو ئەوە کارەکەی دەبێت بە قسەی زل و قەبە و هیچیتر. لە کۆمەڵگای ئێمەشەدا وەک کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتی کولتووری قسەی زل و قەبە زۆر باوێتی، تا ئەو ئاستەی کە

ئەم کولتـووره ئەوەنـده کـاریگەری هەیە کە زۆر جـار و لای زۆربەی خەلکی گشـتی قسـەکردن و کـردار لە یەک جیانـاکرێتەوە، رەنگە هەر ئەوەش بێت کە حیـزبە سیاسیەکانی کوردستان، بە تـایبەتی حیـزبە ناسیۆنالیسـتەکان دەتـوانن تەنیـا بە قسـە و پەیام و دروشمی رەنگاورەنگ حەشاماتێکی زۆر لە دەوەری خۆیان کۆبکەنەوە. با لە بابەتەکە لانەدام، پرسی یەکسـانیی ژنـان و پیاوان وەک هەر پرسێکی تر بووە بە بابەتێکی پێشینەی هەر رێکخراوێکی شارستانی و حیزبێکی سیایسی، وەلێ نەک هەر لە جێگەی خۆیەتی بەڵکو کـار گەیشـتوەتە ئەوەی کە کۆمەڵی کـورد بە کـۆمەڵی ژنکوژ نـاوزەد بکرێت. زۆر گـرنگە ئەوانەی کە بە جدیی دەیانەوێت لەسـەر ئەم پرسە بوەسـتن ئەوەی کە دەیڵێن دەبێت لە کردەوەشیاندا رەنگبـداتەوە، من بـۆ خـۆم لەم رووەوە دەتوانم بڵێم ئەوەی پێمکراوە کردومە و لە ژیانمدا پراکتیزەم کردوە. بەڵام نابێت ئەوە بشـارمەوە ئەوەی بە گفتـار کـردومە زۆر زیـاتره لەوەی بە کـردار کـردومە، کە لام وایە هەمـوو ئەوانەی کە یەکسـانییخوازن و بەرگریـی دەکەن لە پراکتیزەکردنـی یەکسـانیی ژنـان و پیـاون هەر وەک مـن لە گفتـاردا زیاتریـان کـردوە وەک لە کـردار، ئەوەش بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە کە بە کردارکردنـی یەکسـانیی ژنـان و پیـاوان پێویستی بە بڕیـاری سیاسـی و دارشـتن و سـەپاندنی ئەو یاسـایانە هەیە کە ئەو یەکسانییە بە کردەیـی جێبەجـێ بکـات، هەڵـبەت ئەوە کاتێـک دەکرێت کە یەکسـانخوازان لەسـەر حـوکم بـن، یـان دەوڵەت و حوکمەتێکی لانی کەم سکۆلار هەبێت کە شارستانییانە بیر لەو مەسەلەیە بکـاتەوە و نەخشەرێژیی هەبێت بـۆ جێبەجێکردنی. هەڵبەت مەبەست لەم قسەیە شانخاڵیکردنەوە نییە لە ئەرکی پراکتیزەکردنی یەکسانیی ژنـان و پیـاوان لە لای هەر کەسێکی یەکسـانییخواز و شارسـتانییەوە. هەتـا ئێمەومانـان لە کردەوەمانـدا ئەو یەکسـانییە رەنگـنەداتەوە هەوڵەکانمـان مـایەپووچ دەردەچێت و کاریگەریی نابێت و نابێت بە ئاکارێکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یـان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**جیهاد محەمەد**: بە بـڕوای من هاوبەشیکردن لە کـاری ناوماڵـدا لەگەڵ ژنانـدا، یـان باشتره بڵێم دابەشکرنی کارەکـانی مـاڵی هاوبەشی ژنان و پیاوان لە ناو خۆیاندا، نەک هەر کار و کردەوەی یەکسانخوازانە بۆ پرسی یەکسـانیی ژنـان و پیـاوان، بەڵکو ئەوە کارێکە کە هەموو کەسێکی شارستانی دەبێت بیکـات، ئەوە خەسڵەتێکی شارستانییانەیە بـۆ هەر کەسێک کە عەقڵی ئـازاد بووبێت لە عەقڵیەتـی فیـودالی، بە مانـایەکی تـر بڵـێم، ئەوە خەسـەڵەتی کۆمەڵـگا بۆرژوازییەکـانە، چـونکە لە کۆمەڵگـای بۆرژوازیەتـدا زۆر جـار بە هۆکـاری ناچـاریی و نەبـوونی کـات و قورسـی ژیـان ئەو دابەشکرنی کـاره پراکتیـزه دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی کە ژنـان و پیـاوان بە تەواویی یەکسـان نیین و نەگەیشـتوون بە یەکسـانی تەواو لە هەمـوو بوارەکـانی ژیانیانـدا، واتـا هێشـتا بە حـوکمی جیـاوازیی چینـایەتی جیاوازیی ژنـان و پیـاوانیش هەیە. لە کۆمەڵگاکـانی ئەوروپیـدا کە دیموکراسیەت و کولتـووری دیموکراسـی و ئـازادیی تـاک و چـوونەدەرەوەی ژنـان و کـارکردنی ژنـان بە ناچـاریی ئەوەی سـەپاندەوە کە دەبێـت پیـاوانیش کـاری ناومـاڵ جێبەجـێ بـکەن، دەبێـت منـداڵ بەخێـو بکـات، دەبێت وەک ژنـان ڕازی بـن بە وەرگرتنـی مـۆڵەت بـۆ بەخێـوکردنی منـداڵەکانیان، هەرووک چـۆن هاوسـەرەکانیان ئەوە دەکەن. مـن بـۆ خـۆم نەک هەر هاوبەشییم کـردوە لە کـاری

ناوماڵدا و لە منداڵ بەخێوکردندا، بەڵکو لە میوانیی و سەردانیشمدا بۆ لای هاوڕێ و کەسە نزیکەکانم بە ئاساییم زانیوە منداڵی خانەخوێکەم بەخێوکەم و میز و پیسییەکەی پاک بکەمەوە لە کاتێکدا کە خانەخوێیەکەم لە ماڵ نەبووە، یان خۆم خواردن دروستکەم بۆ خۆشم بۆ خانەخوێکەشم. بە هەرحاڵ ئەم دابەشکردنەی کاری ناوماڵ لە نێوان ژنان و پیاواندا وەک ئاماژەم پێدا ئاکارێکی شارستانییسنەیە و یەکسانیی ژنان و پیاوان بە تەواویی ناگەیەنێت. حەزیش دەکەم ئەوە بڵێم هەرچەندە لە لادێکاندا کە ئاکارێکی گوندنشینی و فیوداڵیانە بەربڵاو و باوە بەڵام لەوێش من بۆ خۆم ئەو دابەشکردنی کارەم بینیوە لە لای زۆرێک لە ماڵە جوتیارەکاندا، جواتیارم بینییوە بە ئەرکی خۆی زانیوە پشتیر و گەوری ئاژاڵەکانیان پاک بکاتەوە، بەڵام ئەمانە لە ناچاریی و پێویستییەوە بووە نەک لە کولتوورێکی مرۆییانەو یەکسانییانەوە بوویێت بۆیە کاتێک قسە لەسەر دابەشکردنی کاری ناوماڵ دەکەین دەبێت بە ئاگا بین مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەو دابەشکردنە لە عەقڵیەتێکی یەکسانییەوە بێتە ئاراوە. هەر چۆنێک بێت ئەمە بەشێکی زۆر بچووکە لە یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**جیهاد محەمەد**: بێگومان لە هەموو کارو کردەوەیەکدا ئەوەی کە بۆ خۆت دەتەوێت و بە ڕەوای دەزانییت و پراکتیزەی دەکەیت ئەگەر بۆ بەرامبەرەکەشت کە هەر کەسێک بێت لە هاوسەر، دایک، خوشک، کچ هەمان بیرکردنەوەت نەبێت و بە هەمان عەقڵیەتەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکەیت نەک هەر یەکسانییخوازییەکەت دەبێت بە قسەی رووت، بەڵکو دەبیت بە ساختەچییش، ساختەیی و فێڵ لە خۆپیشاندندا بە کەسێکی ئازادییخواز و یەکسانخواز بەڵام لە واقیعدا کەسێکی جیاواز، ئەم جۆرە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە زۆرە لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتییدا.

بە بڕوای من ئەم مەسەلەیە پێوەندارە بە عەقڵیەتەوە، هەر کەس توانیبێتی خۆی لەو عەقڵیەتە دواکەوتوییە ئازاد بکات کە خۆی بە خاوەنی ژنان بزانێت ئەوەی بۆ خۆی بە سروشتی دەزانێت بۆ بەرامبەرەکەشی بە سروشتی دەزانێت، دیسان دەڵێم ئەم خەسڵەتەش، یان ئەم ئاکارەش ئاکار و خەسڵەتێکی شارستانیانەیە و بە مانای تەواوی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان نایەت. چونکە لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی دنیادا ئەم ئاکارە لای پیاوان هەیە و ژنانیش بە تەواویی یەکسان نیین لەگەڵ پیاواندا. دیسان لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتییشدا بە تایبەتی لە لای شارنشینەکان ئەم ئاکارە بوونی هەیە وەک دیاردەیەکی شارییانە، وەلێ نەبووە بە کولتوور. ئەم پرسە جگە لەوەی کە پێویستە ببێت بە کولتوور پێویستیشە لە حاڵەتی خۆ بەخاوەنزانینی ژنان لە لای پیاوانەوە سزای یاسایی هەبێت. دیسان دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم کە لە هەندێک لە ناوچەکانی کوردستاندا کە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوە و ژنان زۆر ستەمیان لێدەکرێت کەچی ڕەدووکەوتن کارێکی ئاساییە و کوشتن

و سەرزەنشتکردنیشی بە دوادا نایەت لە لایەن پیاوانەوە، لە کاتێکدا کە ئەو رەدووکەوتنە سێکسی بە دوادا دێت، بەڵام بە لێنە پرسینەوەی سێکس لە لای پیاوانی ئەو ناوچەیەوە بە مانای یەکسانیی ژنان و پیاوان نایەت، چونکە کاتێک ژنێک رەدووی خۆشەویستەکەی دەکەوێت کە بە هۆی کولتوورێکی خێلەکییەوە، یان بە هۆی بەرزیی و نزمیی چینایەتییەوە، یان بە هۆی دوژمنایەتی و نەحەزێتییەوە ئەو دوو خۆشەویستە ناتوانن بگەن بە یەک، واتا پیاوان خۆیان بە خاوەنی ژنان دەزانن و ژنان ناتوانن لە قسەی پیاوان و ئەو کولتوورە دەربچن بۆیە رەدووی خۆشەویستەکەیان دەکەون، کەچی بۆ رەدووکەوتنەکە کە سێکسکردنی بە دوادا دێت بە ئاسایی وەردەگیرێت. ئەم ئاماژانەم بۆیە دا کە پێویستە لە مەسەلەی سێکسی ئازاد تێبگەین، سێکسی ئازاد بەو مانایە نایەت کە لێپرسینەوەی نەبێت، وەک ئاماژەم پێدا زۆر جار سێکس لێپرسینەوەی بە دوادا نایەت وەلێ بەو مانایەش نایەت کە ئەو سێکسە ئازادە یان ژنان و پیاوان یەکسانن.

**نەجیبە مەحمود:** لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**جیهاد محەمەد:** ئەم رەفتارە دووفاقییەی پیاوان، یان کولتوور دروستیکردووە یان دین، یان هەدووکیان پێکەوە، هەمیشە دین و پێش دینیش کولتووری پیاوسالاریی ژنیان داناوە بە سەرچاوەی وروژاندن بۆ پیاوان، لە کاتێکدا کە هەر پیاوان خۆیانن کە دەستدرێژیی دەکەنە سەر ژنان. ئەوە دینەکان بووە کە ئەو بیرکردنەوەیان چەسپاندوە کە ژنان وروژێنەرن بۆ پیاوان بۆیە دەبێت خۆیان بشارنەوە و خۆیان داپۆشن و پۆشاکی هاودامان بپۆشن و سەروقژیان داپۆشن. ئەوە دینە پیاوی ناشیرن کردوە بەوەی گورگێکی چڵێس لە ناخیدا هەیە و هەرکە گۆشتە رووتەکەی کەوتەبەردەست خۆی بۆ ناگیرێ و پەلاماری دەدا!!، بۆیە گۆشتی رووتی ژنان دەبێت داپۆشراو بێت. بەڵام پیاوانی رۆشنبیر و تێژی لە ئاکاری کۆمەڵایەتی و مرۆییانە نەک هەر گورگ نیین بەڵکو ژنان وەک خۆیان تەماشادەکەن، زۆرن ئەو بیرمەند و فەیلەسوفە مرۆییانەی کە دەڵێن ژنان نەک هەر نیوەی کۆمەڵن بەڵکو دایکی نیوەکەی تریشن، بەم مانایەش کاتێک ژنان زوڵمیان لێدەکرێت و بێبەش دەکرێن لە مافە مرۆییەکانیان ئەوە هەموو کۆمەڵگا زوڵمی لێکراوە و بێبەشکراوە لە مافە مرۆییەکان، کەوتە رۆشنبیران و هۆشمەندان و کەسانی مۆدێرن و شارستانیی کە بەو جۆرەیە بیرکردنەوەیان گورگ لە ناخیاندا نییە، ئەوە کولتوورێکی کۆنی پیاوسالاریی و دینە کە ئەو گورگەی چاندوە لە ناخی خۆیاندا، ئەو گورگەش کاتێک بەربڵاو دەبێت و زۆرێک لە خەڵک دەگرێتەوە کە خەڵک گۆش کرابێت بە بیری دینیی و کولتووری پیاوسالاریی و کۆنەپەرستیی، بۆیە دین و کولتووری پیاوسالاریی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە رەگوڕیشەی جەهالەت و نەزانین قووڵتربکەنەوە لە ناو کۆمەڵگادا تا بتوانن ئەو گورگە لە ناخی زۆربەری پیاواندا بڕوێنن. وەڵامی من بۆ هەڵسانگاندنی ئەو جۆرە لە پیاوان هەتا بڵێی قێزەون و ناشیرین و بێزراون و بیرکردنەوەیەکی باو و بەسەرچووە و لەگەڵ دنیای مۆدێرنە و سەردەمدا ناگونجێت.



سەرچاوە
Serchawe

## ١٧- عەبدولواحیدی خەندەڕەش:



**کچانی بارزانی تا ئێستایش ناتوانن کوڕێکیان خۆشبوێت لە دەرەوەی خێڵی بارزانی بێت! لە کاتێکدا کە سەرۆکی هەرێم هەر هەمان سەرۆک خێڵی بارزانییە!**

**نەجیبە مەحمود**: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟

**عەبدولواحیدی خەندەڕەش**: بەر لە هەر شت پێویستە بڵێم کە من چالاکوانی بواری ژنان نیم و کەم و زۆر لەو بەستێنەدا هیچ هەڵسووڕانێکم نەبووە. سەبارەت بە چوونەپێشی پرسی ژنان و ئەنجامدانی ریفۆرم و چاکسازیی کۆمەڵایەتی بۆ باشترکردنی ڕەوشی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستان دا، من ئەوەندە بڕوام بە هەڵگرتنی دروشمی بریقەدار نییە؛ و بێزارم لەو هەموو دروشمە بێکردەوانەی ڕۆژانە لە زمانی ڕووناکبیرانی بەناو داکۆکیکاری مافەکانی ژنان و سیاسەتبازانی دووڕووەوە فڕێدەدرێت. بە بڕوای من ئەوانە لەباتی خۆڕانان و قسەی زل باشتر وایە لەماڵەوە و لەگەڵ دایک و کچ و خوشک و هاوسەرەکانی خۆیان دەست بکەن بە ڕیفۆرم و ئاڵوگۆڕ بەسەر ئاکار و خدەی خۆیاندا بێنن. ئەوان لە خۆیانەوە دەستپێبکەن و ببنە سەرمەشق بۆ کاریگەری خستنە سەر باوک و برا وکوڕەکانیشیان.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**عەبدولواحیدی خەندەڕەش**: ئەنجامدانی کاروباری نێوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ بۆ پیاوێک کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا بارهاتبێت ئەوەندە ئاسان نییە. هەرچەندە ئەو پیاوە کوردە کاتێک کە لەگەڵ ژنێکی بیانی دەبیتە هاوسەر بێ یەک و دوو هەرچی لە فەرهەنگی خانمەکەیدا ڕەوایە بێ ئەملاوئەولا ئەنجامی دەدات و هەست بە شەرمەزاریش ناکات. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خودی خۆم، لە زۆر کار و کاتدا کارەکانی خانمەکەمم ئەنجام داوە بەڵام من ئەوەندە بە گۆڕانکاری نازانم. گۆڕانکاری دەبێ بە مێشک قەبووڵ بکرێت نەک بە ڕوواڵەت و لەبەرچاوان. بۆ ئەو مەبەستەیش پێویستیمان بە کات و هاوکارییە. پێویستە هەرکام لە ژن و پیاو بە حەوسەلەیەکی زۆرەوە لەگەڵ یەکتری هاوکار بن. مەحاڵە لە ماوەی ساڵێکدا نەریتێکی چەندین هەزار ساڵە بسڕدرێتەوە و پێچەوانەکەی جێی بگرێتەوە. کەواتە دەبێ پیاو بەرەبەرە لە غرووری خۆی کەم بکاتەوە و خانمانیش پتر ددان بە خۆیاندا بگرن. گۆڕانکارییەکان هەنگاو بە هەنگاو و پلە بە پلە جێبەجێ بکرێن. خاڵێک کە زۆر گرنگە بریتییە لە قانوون و ڕێوشوێنە ئیدارەییەکان. پێویستە حکوومەت لەو بوارەدا پێشەنگ بێت و هەمیشە چەند هەنگاوێک لە پێشەوەی کۆمەڵگاوە بێت. قانوونەکانی پەیوەندیدار بە ژنان ساڵ بە ساڵ بەگوێرەی پێشکەوتنەکان پتر پێش بخرێن و لە ئاستێکدا قەتیس نەکرێن.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**عەبدولواحیدی خەندەڕەش**: پرسیارێکی زۆر بێ مانایە! لە هیچ کۆمەڵگایەکدا کردەوەی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیری پەسەند نییە. بە گشتی هەموو کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەوە ڕەت دەکەنەوە. ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندیی بە ئاکارە بەرزەکانی مرۆڤایەتییەوە هەیە نەک بەشێک بێت لە ئایین یان نەریت و فەرهەنگی میللەتێک یان تیرەیەکی دیاریکراو. ئەوەندەی پەیوەندیی بە خۆمەوە هەیە هەمیشە بە خانمەکەم دەڵێم هەرکاتێک زانیت من پەیمانی هاوسەرییم لەگەڵ تۆ شکاندووە، تۆش بێ دوودڵیی بیشکێنە!

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**عەبدولواحیدی خەندەڕەش**: بە بڕوای من ئەگەر ژن نامووسی پیاوەکەی، خوشکەکەی یان کوڕەکەی بێت، پیاویش نامووسی ژنەکەی و کچەکەی و خوشکەکەیەتی. پیاوێک کە ناپاکی لەگەڵ ژنەکەی دەکات و دەستدرێژی دەکاتە سەر ژنێک، جیاوازیی نییە لەگەڵ ژنێک کە خیانەت بە مێردەکەی دەکات و لەگەڵ پیاوێکی تر هاوسەرین دەبێت. بەبڕوای من دەبێ سزای قانوونی بۆ



سەرچاوە Serchawe

هەردووکیان وەک یەک بێت و کۆمەڵگایش بە یەک چاو سەیری هەردووکیان بکات. من لام وایە مرۆڤ چ ژن چ پیاو پێویستە وەک تاک سەربەخۆ بێت. تا ئەو کاتەی دەڵێین ژن شەرەفی پیاوە، ژن سەربەخۆ نییە بەڵکوو کۆیلەی پیاوە. تا ئەو کاتەی پیاو بە بەهانەی ناموس پارێزی ژیان و مەرگ و چارەنووسی ژن دیاری بکات، دادپەروەری و یەکسانیی ژن و پیاو بێمانایە. بەداخەوە ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەیبینین لەوەش خراپترە و هەر کارەساتە. چونکە لە دەستووری هەرێمدا ژن نە تەنیا هەر کۆیلە و دەست و پێ بەستراوی پیاوە، بەڵکوو ناموسی هۆز و تیرە و خێڵەکەشیەتی. بۆ نموونە کچانی بارزانی تا ئێستایش ناتوانن کورێکیان خۆشبوێت لە دەرەوەی خێڵی بارزانی بێت! لە کاتێکدا کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەر هەمان سەرۆک خێڵی بارزانییە!

## ١٨- ناڵە حەسەن:



**زەماوەند لە کوێ بێ من لەوێ نیم! ئەگەر سێکسی دەرەوەی هاوسەریی بۆ نێر شیاو و گونجاو بێ ئەوا بۆ مێش شیاو و گونجاوە.**

**نەجیبە مەحمود: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟**

**ناڵە حەسەن: من هەر لە منداڵییەوە پێش تەمەنی هەرزەکاریم هەستم بە چەوساندنەوەی خۆم دەکرد. چونکە دەسەلاتی براگەورەمان لە چوارچێوەی ماڵەوەماندا ، دەسەلاتێکی زۆر توندوتیژ و دەتوانم بڵێم دڕندانە بوو. لە پاڵ چەوساندنەوەی خۆم هەستم بە چەوساندنەوەی خوشکەکانیشم دەکرد. دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و تێکەڵاوبوونم لەگەڵ دنیای خوێندنەوە و کتێب، مەسەلەی بەرگریکردن لە ئازادی مرۆڤ و بە تایبەت ئازادی ژن بوو بە مەسەلەیەکی مەبدەئی زۆر گرینگ لەلای من. سەرەتای ئەم خەباتەشم لە ماڵەوە دەستپێکرد.. هەر زوو بووم بە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ خوشکەکانم.. خوشکێکی لە خۆم بچووکتر کە خوێندەواری هەبوو، لە ژێر کاریگەری من دەستی بە خوێندنەوەی کتێب کرد، بۆ زۆرێک شوێن، وەک چوون بۆ شانۆگەرییەکان و پێشانگاکان و بۆنە و مەراسیمەکان لەگەڵ خۆمدا دەمبرد.. کچە پوور و کچە خاڵ و هەندێک لە کچە دراوسێکانم بە هەمان شێوە.. بە حوکمی ئیشەکەمەوە کە لە نەخۆشخانە کارم دەکرد لە بەشی تاقیگە، دوای نیوەڕۆیانیش لە عیادەیەک، بە هۆی ئەمەوە لەگەڵ ژنان و کچانی گەڕەک پەیوەندیم زۆر بەهێز بوو، زۆرێک کێشە و نهێنی و شتە تایبەتییەکانی خۆیانیان بۆم باس دەکرد. منیش کەسێک بووم هەم نهێنییەکانم دەپاراست هەم تا ئاستێکی باش یارمەتیم دەدان.**

بە تایبەت لە مەسەلەی خۆشەویستی و هەڵبژاردنی هاوسەر.. ئەگەر بە دڵی خۆیان نەبا هانم دەدان ڕەتی بکەنەوە و ڕازی نەبن.. بیرم دێت جارێک بە هۆی کێشەیەکی عەشائیریانە کچێکی گەڕەکەکەمان ژیانی دەکەوێتە مەترسیەوە بە هەر شێوەیەک بێت خۆی گەیاندە لای من، منیش گەیاندمە شوێنێک کە خۆی داوای ئەو شوێنەی لێم کرد، دواتر دایکیم ئاگادار کردەوە کە کچەکەیان لە کام شوێنە. ئیتر دوای چارەسەرکردنی کێشەکەیان کچەکەیان هێنایەوە ماڵەوە و هەموو شتەکان ئاسایی بوویەوە.. دەمەوێ ئەم حەقیقەتەش بڵێم، لەگەڵ دەستکردنم بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی مارکس، ئەم هەست و مەیل و بیرکردنەوەیەم کە بەرگریکردن لە ئازادی و حورمەتی مرۆڤ لەلام تۆختر و قووڵتر بوویەوە. ئەمە زیاتر وێنەیەک بوو لە چوارچێوەی خێزان و گەڕەک و لە سنووری پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانم. لەلایەکی تر وەکو نووسەرێک و شاعیرێک، من لەو ڕۆژەوەی دەستم داوەتە قەڵەم، ئەوەم لەلا ڕۆشن بووە کە ناتوانین شیعر و ئەدەب لە مرۆڤ و بەها مرۆییەکان جیا بکەینەوە.. تەنانەت خودی داهێنان و ئیستاتیکای ئەدەب و هونەر، بە بێ ئاوێزانبوون لەگەڵ بەها مرۆییەکان مانایەکی نابێت.. بۆیە وەک نووسەرێکی ئازادیخواز و خاوەن قەڵەمێکی بوێر و سەرکەش درێژەم بە شیعر و نووسینەکانم دا. بەدیهاتنی دنیایەکی باشتر و ئازادی مرۆڤ و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان هەوێنی نووسینەکانی من بوون بەتایبەت، لە قۆناغی سەرەتا و دەستپێکردنم دا.. لەو ساڵانە سروودێکم نووسی بەناوی (بەرە و یەکسانی) ئەم سرووده کاتی خۆی دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، لە لایەن مۆسیقا ژەنی بە توانا (پایەدار بەرزنجی) ئاوازی بۆ دانرا و دووساڵ بە دوای یەک لە مەراسیمەکانی ٨ی مارس لە شاری هەولێر بە کۆرس دەگووترایەوە.. لە کێشەی (کەژاڵ خدر)یش من وەکو شاعیرێک نەمتوانی بێدەنگ بم و شیعری (بژی عەشق بژی مرۆڤ)م نووسی.. ئەم شیعرەش لە ئاستێکی بەرین دەنگدانەوەی خۆی هەبوو.. لەم نزیکانەش وابزانم ساڵی پار بوو.. کاتێک (بەناز جەواد)ی جوانەمەرگ، وەک مرۆڤێکی گەنج و دڵ پڕ لە هیوا.. بەو ئومێدەوە خوێندنی تەواو کرد کە ئیشێکی دەست بکەوێت، بۆ ئەوەی لایەنی کەمی خەون و ئومێدەکانی بهێنێتە دی بەڵام، کاتێک لە هەموو شتێک نائومێد دەبێت و بە ناچاری پەنا بۆ سووتاندنی جەستەی خۆی دەبات، ئەم ڕووداوەش زۆر کاری تێکردم و شیعرێکم نووسی و بەناوی (کۆشکە ڕازاوەکەی نێو خەونە سپیەکانی من) و پێشکەشم بە بەناز کرد و هەر ئێستا تراکی ئەم دەقە شیعریەم بە دەنگی کەسێکی تر لە پرۆفایلەکەی فەیسبووکم دا هەیە. لە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانیش زۆر نزیک بووم، هەمیشە لە کار و چالاکیەکان و بۆنە و یادەکان و ڕۆژنامەکەیان هاوکاری جدیم دەکردن.

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**نالە حەسەن**: زۆر بە سادەیی دەتوانم بڵێم بەڵێ. من لەمبارەیەوە هیچ کێشەیەکم نەبووە.. بە بڕوای من کاری ناو ماڵ و منداڵ بەخێوکردن کاری ئەو کەسانەیە کە لەو ماڵەدا دەژین بەبێ جیاوازی ڕەگەز. هەست دەکەم هەندێک شت خۆڕسکانە لەمندا هەبووە بەڵام، کاتێک بووم بە کەسێکی مارکسیست هەستم کرد من خاوەن و هەڵگری فەرهەنگێکی ڕاقی و مرۆڤانەم.. وە ئەو ڕۆژانەش کە لە ڕیزی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کارم دەکرد، شێلگیرانە هەوڵمان دەدا ئەم فەرهەنگە جوانە مەدەنیە چ



سەرچاوە
Serchawe

لەماڵەوە چ لە دەرەوەی ماڵ جێکەوتەی بکەین و کۆمەڵگە بەم فەرهەنگە ڕابێنین.. بۆیە لە هەر شوێنێک دریخیمان نەدەکرد لە کۆمەک کردنیان لە خواردن دروست کردن و ماڵ پاککردنەوە و قاپ شۆرین. بیرمە جارێکیان لە ماڵی برادەرێک بووین ، وابزانم کۆبوونەوەمان هەبوو، ماڵەکەش خۆیان خێزانێکی گەورە بوون، ئیتر دوای نان خواردن من و هاوڕێی خۆشەویستم (شاپوور عەبدولقادر) بڕیارماندا قاپەکان بشۆین.. ژنێک و کچێکی ئەوماڵە زۆر هەوڵیاندا ئەمکارە نەکەین، بەڵام ئێمەش قەبووڵمان نەکرد، ئیتر من و شاپوور دەستمان پێکرد.. ئەوان هەر دەیان هێنا و ئێمەش دەمان شۆرد.. ناوە ناوەش دەوەستان و سەیرێکی یەکتریان دەکرد و پێدەکەنین یان تەعلیقێکی ژنانەیان لێدەداین.. ئیتر هەر هێنایان وابزانم هەرچی لە ماڵەکە بۆ هەفتەیەک نەشۆرابوو هەموویان بۆمان هێنا.. جار جار شاپوور یادی بەخێر سەیرێکی منی دەکرد و بزەیەکی گەرمی دەکرد، وەک ئەوەی پێم بڵێ دەبخۆ ناڵە دەتەوێ قاپ بشۆیت! ئیتر کچەکە و ژنەکە کە دڵنیا بوون هەموو شتێکیان هێناوە، شانیان بە شانی یەکتر دا بەدیارمانەوە وەستان، جارجارە قسەیەکی خۆشیان دەکرد.. ئێمەش بەرلەوەی تەواو بین شاپوور بە ژنەکەی گووت، ئادەی دادە توخوا سەرێکی جیرانەکانی ئەوبەر و ئەمبەریشتان بدەن بزانن هیچ قاپ و قاچاخێکیان نیە هی ئەوونیشمان بۆ بهێنن.. ئەوانیش وەک مەردان لە شریخەی پێکەنینیاندا و گووتیان ، دەبخۆن چەندمان گووت واز بێنن وازتان نەهێنا.. جا دەتوانم بڵێم ئێمە خۆمان داهێنەری ئەم فەرهەنگە بووین یان تامەزرۆی جێکەوتەبوونی ئەم فەرهەنگە بووین، ئێستا دەبێ لەمبارەیەوە چ کێشەیەکم هەبێت..؟

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**ناڵە حەسەن**: بەر لەوەی ئەم پرسیارەتان وەڵام بدەمەوە حەزدەکەم رەئی سابتی خۆم بەرانبەر بە هاوسەرگیریی بڵێم.. هەر وەک ئەدۆنیسی شاعیر و بیرمەند لە گتووگۆیەک دەڵێ (هاوسەرگیریی دواکەوتووترین دەزگایە بۆ مرۆڤ) منیش هەر ئەو باوەڕەم هەیە و پێموایە هاوسەرگیری زیندانێکە بۆ عەشق، بۆ هەست و غەریزەکان و خەونەکانی مرۆڤ.. دیارە مارکس و ئەنجلس و زۆر بیرمەندی تر تەئکیدیان لەمە کردۆتەوە.. ئەو باوەڕەی منیش تەنها قسەیەکی ڕووت نیە.. ئەوەتا لە بەشی دووەمی قەسیدەی ماچ لە دێرێکدا دەڵێم (زەماوەند لە کوێ بێت من لەوێ نیم..!) بە مانای زۆر بە ئاشکرا مەسەلەی هاوسەرگیرییم ڕەتکردۆتەوە.. لەگەڵ ئەوەش نزیکەی بیست ساڵێکە زەواجم کردووە و زۆرجاران کێشەی جدیمان هاتۆتە پێش بەڵام بە خاتری ئەوەی منداڵەکانمان وێران نەبن کێشەکانمان چارەسەرکردووە، ئەوەش بەو مانایە نیە کە من خێزانەکەی خۆمم خۆش ناوێت بەڵام، ئەوە ڕەئی سابتی منە بۆ هاوسەرگیریی. بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان من ئەوە دەڵێم، کرداری سێکسی یان هەر کارێکی تر، لە چوارچێوەی هاوسەرگیریی یان لەدەرەوەی هاوسەرگیریی ، ئەگەر ئەو کارە گونجاو و شیاو بێت بۆ ڕەگەزی نێر باوەڕم وایە هەمان کار یان کردار شیاو و گونجاویشە بۆ ڕەگەزەکەی تریش بە بێ هیچ جیاوازیەک، بە مەرجێک

لە تەمەنێکی گونجاو و یاسایی دا بن.

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**ناڵە حەسەن**: ڕاست دەکەن ئێمەی پیاوان زۆرجاران قسەی زل و بریقەدار دەکەین و لە ژیانی ڕۆژانەشمان زۆرێک لەم قسانە جێبەجێ ناکەین ، وەک هەندێک لە مەلاکان کە دەڵێن (بە قسەم بکەن بەڵام بە عەمەلم مەکەن..!) دیارە منیش لەم ڕەخنەیە بەدەر نیم. بەڵام لەو ڕۆژەوەی هەستم بە ژیان کردووە بۆ یەک چرکە و بۆ یەکجاریش شەرەفی مرۆڤ و خێزانم نەبەستۆتەوە بە ژن.. ئەسلەن چەمکی شەرەف لە لای من چەمکێکی زۆر دواکەتووانەیە و هەر نازانم ماناشی چییە. لای من لەسەر هەموو تاکێک پێویستە تاکێکی سوودمەند بێت بۆ کۆمەڵگاکەی، جا ئەو تاکە هەرچییەکە، نێر بێت یان مێ، سپی بێت یان ڕەش، سەر بە هەر بیرکردنەوە و باوەڕێکە، یان هەر جێگە و پلەوپایەکی هەیە. ئەم هەڵسوکەوتە دوو جەمسەریەی کەسایەتی پیاوان و هاوکات گرێدانەوەی شەرەفی خێزان بە ژنان، بە بڕوای من ئەمە ڕیشەکەی لە بوونی کاریگەری زۆر تۆخی داب و نەریت و ئایین هاوکات دەسەڵاتێکی پیاوسالارانەدا هەیە. دیارە بۆ هەموو لایەکمان ڕۆشنە لە هەر کۆمەڵگایەک کاتێک بنەما کانی داب و نەریتێکی خێڵەکی دوواکەوتوانە بزوێنەری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێت، ئیتر ئازادیە فەردیەکان و بە سووک سەیر کردنی ژنان و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان لە چ ئاستێک دا دەبن؟! یان کاریگەری ئایین بەسەر کۆمەڵگە و بەسەر کەسایەتی ڕۆحی مرۆڤەکان، یان دەسەڵاتێکی پیاوسالارانەی چەماوە و ملکەچ بۆ داب و نەریتێکی خێڵەکی و بۆ ئایین، ئیتر لەم نێوەدا دەبێ مەسەلەی یەکسانی و ئازادی و چەمکە مەدەنیەکان و پێشکەوتنخوازی دەبێ لە چ ئاستێک دابن..! بۆیە زۆر گرینگە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە هەوڵی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دابن.. چونکە تا ئاستی وشیاری و مەعریفەی کۆمەڵگە بچێتە سەر کاریگەری داب و نەریت و ئایین بەسەر کۆمەڵگە کەمتر دەبێتەوە. دەسەڵاتیش ئەو کات زیاتر گوێ بە داخوازییەکان دەدات و بەرو ئاستێکی باشتر کار دەکات. بە بڕوای من شتێک زۆر گرینگە بە پێویستی دەزانم لێرەدا بیڵێم ئەویش ئەوەیە، ژنان دەبێ هەوڵدەن بگەنە دەسەڵات و ناوەندی بڕیاردان.. چونکە تا دەسەڵات بەم شێوە پیاوسالاریە بێت. بە دەستهێنانی مافەکانی ژنان و ئازادیە فەردیەکانی تاک وا ئاسان نابێت. بەڵام ئەوەش گرینگە کاتێک ژنان دەگەنە ناوەندی بڕیاردان، تەنها دیکۆرێکی ناشیرین نەبن. چونکە کاتێک ژنان لە ناوەندی هەستیار و بڕیار دان لەوێندەریش بە شێوەیەکی دروست مومارەسەی توانا و دەسەڵاتەکەی خۆیان نەکەن، تەنها وەکو دیکۆرێک بن، بێگومان دەبن بە ناشیرینترین دیکۆر..! وەک ژنە پەرلەمانتارەکانی لای خۆمان ، کە نازانن بۆچی دەستیان بەرز دەکەنەوە، لەوێندەریش هەر پاشکۆی پیاوان و پاشکۆی بڕیارە حیزبیەکانی حیزبی پیاوانن..! لە دواهەمین قسەشم دەمەوێ ئەوە بڵێم کە تاوانەکان هەمووی لە ئەستۆی پیاوان نین بە تەنها ، ژنانیش خۆیان بە ئەندازەی پیاوان تاوانبارن بەرانبەر ئەم ئەرکە مرۆییە و مێژووییە. بە ئومێدم لەمەودوا ژنان وەک مرۆڤ مامەڵەی خۆیان بکەن و هەروەک مرۆڤیش لە خۆیان بڕوانن و هیچی تر.

## ١٩- شوان عوسمان:



**هێشتا نەمانتوانیوە بەسەر تەلیسمەکانی سێکس زاڵ بین، ئازاد بین،**
**ئازادبوونیش لەو روانینە هەر بە چەمکی زەق و قسەی زل نییە..**

**نەجیبە مەحمود**: بەڕێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟

**شوان عوسمان**: لەوانەیە ئاسان نەبێت بلێم من خۆم بە خۆم بلێم چەند دادپەروەرم، ئێمە لە کۆمەڵگایەکی نادادپەروەر گەورە بووین هەر هەنگاوێکی دادپەروەرییمان لە ناو خێزان و لە گەڕەک و لە کۆمەڵگادا جێیەکی دیاری هەبووە و کاریگەریی خۆی بووە، دیارە ئەو جێگایەش بە گوێرەی پێگەی کۆمەڵایەتی هەست و هۆشمەندیی ئەو کەسەوە دەگۆڕێت..

من لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا بە گوێرەی قەوارەی خۆم جێیەکم بۆ خۆم داگیر کرد بوو، لەو رۆژەی هەستم بە وابەستەبوونم کرد بە خاک و نیشتمان و لەگەل ئەدەب ئاسیاوییمان پەیدا بوو، هەولمدا بتوانم لە بەرامبەر ئەو رەگەزەی هاوکار و هاوخەبات و هاوشانمە لە خەمی وڵات و خەمی خاک، بە ئینساف و دادپەروەر بم باوەڕم بە دادپەروەریی هەبووە چونکە خۆمان قوربانی ئەوە بووین، نازانم چەند یەکسانکار و دادپەروەر بووم، بەڵام ئەوە دەزانم من خۆم لە شارەکەمان و لە ناو دەوروبەرەکەم کەسێک بوویمە لەگەل ئەو رەگەزە چەند قالب و چەند رێسایەکمان بە هەولی خۆمان تێکشکاند...

من هەولمدا یەکەم جار لە ناو ئەو دەوربەرە بەرتەسکەی (هەولێر - شەقلاوە)دا لە ساڵی ١٩٨٩ دا خۆم لە ئاهەنگی (ژن مارەکردنی) خۆمدا لە بەرچاوی هەموو خەڵک بە بێ منەت و بە جورئەتەوە دەزگیرانی خۆم ماچ بکەم، هەروەها وەکو برادەرێک بە یەکەوە پیاسە بکەین و هەولبدەم سیمایەکی مۆدێرن تر بدەمە پەیوەندیی نێوان (نێر و مێ) سیما کۆنەکەش تێکبشکێنم، لە کاتی (کۆچورەو)یشدا من لەگەل هاوسەرەکەم هەردووکمان بە یەکەوە چەکمان هەڵگرتووە تا بەرگریی لە خاک بکەین..

لە راپەرینی سەرەتای هەشتاکانی(شەقلاوە)دا، من خۆم یەکێک بووم لەوانەی سەرپەرشتی و سەرکردایەتی راپەرینەکانمان دەکرد، بۆیە ناچار بووین هاوشانی خوێندکارانی کچان، ئەو کارە بکەین بە بێ ئەوان هیچمان پێ ئەنجام نەدەدرا، من یەکێک بووم لەوانەی کە بە رۆژ چووینە سەر (خوێندنگای ئامادەیی شەقلاوەی کچان)، دەرگای داخراوی ئەوێمان شکاند تا ئەوان ئازادانە بێنە دەرەوە و بەشداریی ئەو رەگەزەش لە راپەرینەکەدا هەبێت، راپەرینەکەش ئەنجام درا و ئەوانیش بەشدار بوون...

لەوانەیە یەکسانخواز بم، چونکە یەکسانیبوون بەرگێکی ئاڵووالا نییە هەر یەکە بۆ خۆی بە رادانی بدات، تا منیش بە رادانی بدەم، یەکسانییبوون خەسلەتێکی کۆمەلایەتی پێشکەوتووە و سیمایەکی شارستانییە، کاتێک من دادپەروەر ئەبم کە خەسلەت و عەقلیەتم شارستانیی و پێشکەوتوو بیت، بەلام ئایا من چەند شارستانیی و چەند پێشکەوتووخوازم، لە کاتێک من لە ناو کۆمەلگایەکی ناشارستانیی و ناپێشکەوتوو نەشونما دەکەم...

**نەجیبە مەحمود**: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟

**شوان عوسمان**: من لە خۆم رازیم لەوەی کە زۆر کۆت و پێوەندی بەرتەسک و بەرتەنگی کۆمەلگام تێکشکاندووە، هەولم داوە لەوە تێبگەم کە چەند ئازادیی بە خۆم رەوا بزانم، ئەوەندەش بەرامبەر رەگەزی بەرامبەرم یاخود هاوسەرەکەم یان کەسێکی دیکەی ناو خێزانەکەم بە رەوا بزانم، بەلام مەرجیش نییە من بتوانم ئازادیی راستەقینە بە ئەو ببەخشم با ئەو بتوانێت یەکەم جار خۆی لە زۆر کۆت و پێوەندی یاسا و رێسا و عەقلیەت ئازاد بکات، هەروەها ئازادییەکەی خۆی بە خۆی مسۆگەر بکات و دەستەبەر بکات، ئینجا من دەتوانم حیسابی بۆ بکەم و هاوکاریی بکەم و ئازادییەکەشی بپارێزم..

من باوەڕی تەواوم بەوەیە لە خێزانێکدا نابێت پرۆلیتار و بورژوا هەبن، دوو چینی هاودژ و دژ بە یەک هەبن ئەو کات هاوسەنگیی دروست نابێت، لە خێزانێکی ناهاوسەنگیشدا هەمیشە ناهاوسەنگیی بڕەو ئەکات، تەبابوونیش رۆلێکی نابێت، من بۆ خۆم حەزم نەکردووە ببمە تای هاوکێشەیەکی بەهێز، بەلکو هەولم داوە هاوتای هاوسەرەکەم وەکو هاوڕێ و برادەرێک وابم هەلسوکەوتیشم لەسەر ئەو شێوازە بووە، ئەگەر ئەویش بەمە رازی بێت، من هەمیشە پێم خۆش بووە هاوکێشەی خێزان نزیک بکەمەوە لە ئاستێکی هاوسەنگ و یەکسان...



سەرچاوە
Serchawe

بەلێ دەبێت وابێت ماڵ هەر مولکی ئەو نییە ماڵی هەردووکمانە، دەبێت هەردووکیشمان کار بۆ جوانکردن و خاوێنکردنەوەی بکەین چونکە ماڵی هەموومانە تەنانەت من هەوڵ لەگەڵ منداڵەکانیشمان دەدەم تا ئەوانیش بێنە ناو ئەو هەرەوەزییە بۆ ئەوەی ماڵەکەمان بە هەموومان جوانتر و خاوێنتر بێت، منداڵیش هەر بە هەمان شێوە، منداڵەکان منداڵی هەردووکمانن کەوابوو نابێت یەکێکمان خزمەتکار بێت ئەوی دیکەش کوێخا، هەردووکمان خزمەتکار و خودان ماڵ و منداڵین تا گەورەیان دەکەین..

هەدرووکمان بەرپرسیارین لە ناوماڵ و دەرەوەی ماڵیش، لە پەروەردە و هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە خۆمان و منداڵەکانمانە بە یەکەوە دەیکەین ئەگەر وانەبێت کەشتیی ماڵ بەرەو نقووم بوون دەچێت، هەر یەکە بە سەولی خۆی لێخوڕێت و هیچ وەختێک ناگاتە قەراغی سەلامەت، پێم وانییە لە پیاوەتییم کەم دەبێتەوە ئەگەر قاپ بشۆم بەلکو لە چاوی خێزانەکەم پیاوتر دەردەکەوم ئەوەش بۆ من گرنگترە لە قسەی ئەو کەس یان ئەم کەس...

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**شوان عوسمان**: مەسەلەی سێکس شتێکە ناتوانم بلێم ئەو هەقە ئەدەم بە هاوسەرەکەم، من ئەگەر خۆم درۆزن بم ناتوانم درۆ لەگەل خێزانەکەم بکەم، ناکرێت بلێم درۆ مەکە هەروا ئەگەر من بەرامبەر هاوسەرەکەم پاک بووم بۆ ئەو بەرامبەرم ناپاک بێت بە پێچەوانەش هەر راستە، من کە حەز نەکەم لە دەرەوەی خێزان ناپاک بم حەزیش ناکەم بیر لەوە بکەمەوە کە ناپاکیی لە کەسێکی نزیکی خۆم ببینم..

راستگۆیی گرنگە لە نێوان دوو کەسدا هەبێت، ئەگەر دوو کەس لەگەل یەکتردا نەگونجێن با لەگەل یەکتر راستگۆ بن پێویست ناکات لە پشت یەکتر خۆیان هەڵخەلەتێنن...

هەڵە هەرگیز بە هەلە چاک ناکرێتەوە، بەڵکو هەڵەی لەوە گەورەتر و خراپتر بە دوای خۆی جێ دێلێت، لە حالەتی رووداني هەڵەیەکی ئەوهادا باشتر وایە لە هۆ و هۆکاری رووداني ئەو هەڵەیە بکۆلینەوە تا بتوانین دەست لە سەر برینەکان دابنێین نەک برینێک و هەڵەیەکی دیکە ئەنجام بدەین..

کۆمەلگای ئێمە هێشتا لێرە یان لە وڵات نەیتوانیوە بە سەر تەلیسمەکانی سێکس زاڵ ببێت، نەمانتوانیوە ئازاد بین،

ئازادبوونیش لەو روانینە هەر بە چەمکی زەق و قسەی زل نییە و کردار شەرتە، من لەم رووەوە هێشتا کەم کەس دەبینم قسە و کرداری یەک بێت، بەڵام من ئازادییبوون و دادپەروەرییش هەمووی لە سێکس نابینمەوە، سێکس غەریزەیەکە و پێداویستییەکە بەڵام هەموو شتێک نییە...

ئێمە هەرچەنە بە گوێرەی پێناسە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاژەڵێکی بە زار و زمانین بەڵام ئەوەی جیامان ئەکاتەوە لە ئاژەڵێکی بێ زمان هەر ئەوە نییە بەڵکو هۆشمەندیی و بیرمەندییە لێکمان دەکاتەوە، ئەگەر ئێمەش بێین و وەکو ئەو ئاژەڵانەی نە زمانێک هەیە بە یەکتریان ببەستێتەوە نە هۆشمەندییەک، ناهۆشمەندانە رەفتار بکەین جیاوازییمان چی دەبێت لەگەڵ ئەواندا..

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**شوان عوسمان**: پیاوان لە کۆمەڵگای پیاوسالاریی خۆیاندا چۆن بۆیان خۆش بێت کار بۆ یاسا و رێسای مانەوەی سیستەم و سەردارێتییەکەیان دەکەن تا دەسەڵاتیان هەبێت، ئینجا لەو کۆمەلگایانە دیارە هەمیشە وەکو جەلاد و سەردارێکی زۆردار ناسراون، ئەو کۆمەڵگایانەی شەرەف و کەرامەت بە کونی زاوزێ و شوێنی سێکس دەزانن، ئەوا بێگومان دواکەوتوویی و رەگەزپەرستیی و هۆشتاریکیی لە لووتکە دەبێت، کۆمەڵگاکەی ئێمەش لەبەرئەوەی ئایین و کەلتوور لە هەرەمی عەقل و هۆش و هەست و دەسەڵات دایە، کەوابوو پیاو هەمیشە خۆی دەکاتە قوربانیی و جەللاد..

لە سەر شەرەفیان هەموو شتێک دەکەن کە سیمای خۆیان بە خوێنی ژنان سپی بکەنەوە، هەروەها هەر بە خۆیانیش پیاوانن شەرەفی ئەو ژنانە دەبەن.. خۆ ژنان نین ئەوە دەکەن، کەوابوو پیاوان شیرێکی تیژ و کۆڵی دوودەمن و ساتێک خۆیان بە کوژراو و ساتێکیش خۆیان بە پیاوکوژ نیشان دەدەن..

پیاو لەو هەڵوێستە ناجوامێرانەی زۆر ناپیاو و ناجوامێرە هەرگیز پیاوەتی بە کوشتنی ژنێک تەواو نابێت، هەروەها پیاوەتی پیاوێک لە دامێنی ژنێکی خاوێن بە بن یان بێ بن نابینم، ئەوانە هەر هەموویان ئەو لەکە و سیما رەشانەن کە ناهێڵن ئێمە لە شوێنی خۆمان بەرەو پێشەوە بچین و هەر لە شوێن خۆمان دەمێنینەوە...

## ٢٠- دارا ئەحمەد:



**ئەز سێکسم وەها دێتە بەرچاوان کە کوو کەسەک باویشک یان پژمینی دێ و پێویستە رێیان لێ نەگری.. ئەویش هەروا جا ئەو کەسە ژن بی یان پیاو.**

**نەجیبە مەحمود: بەرێزت وەک کەسێک کە بانگەشەی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکەی و خوازیاری ئەوەی ژنانیش وەک پیاوان لە گشت ماف و ئازادییەکان بەهرەمەند بن.. دەکرێ لە کار و چالاکییەکانت لەو بارەوە بدوێی کە بە گفتار یان بە رەفتار ئەنجامت داون؟**

**دارا ئەحمەد: هەر لە دەمی هەرزەرکاریمەوە کە کۆمۆنیزم وەک هزر و فەلسەفەیەکی یەکسانییخواز لە نێرسالاریی و دین و دابونەریتی پاشدامای دابڕاندم و خۆم پەیدۆز کرد تا ئێستا بەردەوام چالاکییم لە پێناو یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان نواندییە، جا ئەو چالاکییە هەر لە ئاخافتن و کۆڕ و کۆمبوون و ناڕەزایی دەربڕینەوە پێدا برۆ تا دەگاتە هۆنراوە و کاری نووسین و رۆژنامەگەریی و فەرهەنگیی و رامیاریی و تا دەگاتە هەڵسوکەوت و هەڵوێستی کردەیی و شەڕی دەستەویەخە چ بەرانبەر توندوتیژییەکانی پیاوسالارانی دەوروبەرم چ لە بەرانبەر فەرهەنگ و سیستەمی دژەژنان.. هەڵبەتە ئەوەش قوربانییدانی فرەی گەرەک بووە تا رادەی رووبەڕووبوونەوەی مەرگ.**



سەرچاوە
Serchawe

**نەجیبە مەحمود: ئایە ئێوە وەک پیاوێک بە هەمان شێوەی هەر ژنێک - جا ئەو ژنە هاوسەرتە یان کیژ یان خوشک یان دایکتە یان هەر ژنێکە کە لەگەڵی دەژی - کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ ئەنجام دەدەن؟**

**دارا ئەحمەد**: ئەمن خۆم یەکەکم لەو کەسە سەرەتاییانەی خەڵکی کوردستان کە بەردەوام بە گفتار و بە رەفتار کۆششی ئەوەمان کردییە کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵ و بەخێوکردنی زارۆکان بکەویتە سەرشانی پیاوانیش و بە هاوبەشیی لەگەڵ ژنان ئەنجامیان بدەین و لە نێو کۆمەڵ جێکەوتە ببی، وەلی ئەمن هەردەم کێشەی ئەو جۆر و شێوازە باوەی کاری بەخێوکردنی زارۆکان و خزمەتگوزاریی نێوماڵم لەگەڵ هەموو ئەو ژن و پیاوانە هەبووە و هەیە کە ئەو کارانە بەو شێوە باو و نەرێنییە تەواوی کاتەکانی ژیانیانی داگیر کردییە و خۆپەرستانە و نەزانانە و کاتکوژانە هەر خەریکی زارۆکەکانیان دەبن و ماڵەکانیان گەورە و پڕ لە شتومەک و پڕ ئیش دەکەن و هەر خەریکی دروستکردنی خواردنی زۆر و جۆراوجۆری ناتەندروستیین و کاتی خۆیان و هاوکاران و هاوڕێیانیان پێ دەکوژن، دیارە ئەو کارانەش بەو جۆرە لە ئەنجامی فەرهەنگی باو و نێرسالاریی و ئەو سیستەمە پاشدامایەی ژیان سەرچاوەی گرتییە کە زۆربەی ژنانی لە کونجی ناندن پەستایە و کارەکانی بە جۆرەک قورس و کاتکوژ و بێزاەکەر رێکخستتیە کە هیچ دەرفەتەکی خۆپەروەردەکردن و کۆششکردن نەمینێتەوە تا ژیانەکی جوانتر و ئاسوودەتر فەراهەم بکرێ.

دەکرێ زارۆک بە پێی تەواوی ماف و پیداویستییەکانی خۆی بەخێو بکرێ نەک وەک شازادەیەکی مشەخۆر پێیەوە خەریک بی و هەموو کات و وزە و ژیانی خۆتی لە پێناودا بەخت بکەی و رەچاوی ئەوەی لێ بکەی لە پاشەڕۆژ جێیەکەت بگریتەوە یان بەخێوت بکا، هەروا پێویستە کۆشش بکرێ ئەو کاری بەخێوکردنە بخرێتە سەر شانی دامودەزگەکانی حکومەت.. واتە هەر لە ساواییەوەڕا تا تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ لە دایەنگە و باخچەی ساوایان و پێ بە پێی تەمەنیان لە جێی تایبەت و شایەن بە خۆیان بەخێو بکرێن و پەروەردە بکرێن.. کە لە لایەک زارۆکان لەو پەروەردەکردن و بەخێوکردنە سەقەت و پاشدامایە جۆراوجۆرەی تاک بە تاکی نێو خێزانەکان رزگار دەبن و لە لایەکی دیکەش هاوسەرەکان لە کۆڵ ئەو ئەرکە قورس و وەڕسکەرەی بەخێوکردن دەبنەوە. دەربارەی ئاسانکردنی کاری نێوماڵیش پێویستە شێوازەکی ئەوتۆی ژیان بەسەر سیستەمی حوکمدا بسەپێندرێ کە خزمەتگوزارییە گشتییەکان هێندە پەرەیان پێ بدرێ و هێندە زۆر بکرێن بە جۆرەک کە ماڵ وەک مێوانخانەیەک تەنێ لۆ پشییدان و نوستن و کات رابواردنی خۆش و ئاسوودەی نێوان هاوسەرەکان یان ئەو ژن و پیاوانە بێ کە لە تەک یەک دەژین. لە راستییدا کۆششکردن لۆ ملکەچپێکردنی دەسەڵات و جێگیرکردنی ئەو جۆرە بەخێوکردنەی زارۆکان و ئەو کاری خزمەتگوزارییەی نێوماڵ کە ئاماژەم پێیدا فرە فرە ئاسانتر و کردەییترە لەوەی بتوانین بە ئاسانیی ئەو هەموو پیاوە پاشداما و کەلەپووچ و نێرسالارانە و ئەو هەموو ژنە کە بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزان فەرهەنگی دین و پیاوسالاریی داغانی کردینە و ملکەچ کراینە بگۆڕین و ژیانەکی بێ چەوسانەوە و ئاسوودە لەو ماڵانە وەدەستبهێنین کە لە زیندانی جودا جودا و تایبەت دەچن لۆ زارۆکان و خودی هاوسەرەکانیش.

**نەجیبە مەحمود**: ئایا ئەگەر هاوسەرکەت یان کیژ یان خوشک یان دایکت یان هەر ژنێک کە لێتەوە نزیکە هەڵسوکەوتێکی سێکسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا وەک ئەوەی کە ئەگەر تۆ ئەنجامت دابێ یان ئەنجامت داوە.. هەڵوێستت چی دەبێ؟ ئایە هەر هەمان هەڵوێستت دەبێ بەرانبەریان وەک ئەوەی لە بەرانبەر کوڕ یان برا یان باوکت یان خۆت دەتبێ کە هەمان هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەنجام دەدەن؟ ئەگەر نا.. ئایە یەکسانییخوازییەکەت نابێتە قسەیەکی رووت و بێ کردەوە؟

**دارا ئەحمەد**: ئەز سێکسم وەها دێتە بەرچاوان کە کوو کەسەک باویشک یان پژمینی دێ و پێویستە رێیان لێ نەگری.. ئەویش هەروا جا ئەو کەسە ژن بی یان پیاو، لەبەر هەندێ ئەمن خۆم بە بەرپرسی ئازادیی سێکسیی هاوسەر و دایک و خوشک و هیچ ژنەک و تەنانەت هیچ پیاوەکیش نازانم و زۆر زۆر لەمێژە ئەو پرسیارەم (تەرک) کردییە، هەرچەندە ئەمن بە پێی هەبوونی ژنی ئازاد توانیتم یەکەک لە چاوکراوەترین و ئازادترینی ژنەکەنەکان وەک هاوسەر پەیدۆز بکەم و لە ژیانی هاوسەرییشدا لەگەڵیدا ئاسوودە بم.. وەلی خۆزی بە خۆزی بمتوانیبا لەگەڵ ژنەکی لەو بابەتە بژیم کە لە پێگەیشتیی خۆی و لە روانگەی یەکسانییخوازییەوە بە گفتار و بە رەفتار باوەڕی تەواو و رەهای بە ئازادیی سێکسیی هەبا و ئازایانە و بە بێ گێدان بە پیاو و سیستەمی نێرسالاریی بیتوانیبا ئازادانە هەڵسوکەوتی سێکسیی خۆی بکا و لە هەموو حەزە سێکسییەکانی خۆی بەهرەمەند بی - دیارە مەبەستم لەو جۆرە ژنانە نییە کە نەزانانە یان بەوە لەخشتەبردرانە ئازادیی خۆیان لەوە ببیننەوە لە پێناو مادە و هەندەک بەرژەوەندیی پووچ و خۆپەرستانە لەشی خۆیان بفرۆشن کە ئەوەش دیسان لە لایەکی دیکەوە لە بەرژەوەندیی بازاڕی چلێسی مێبازانەی پیاوانی چەوسێنەرە - وەلی ئەفسووس ژنی لەو بابەتەی ئەمن ئاماژەم پێیدا تا ئێستا بوونی نییە و ئەگەر هەشبی ئەوە زۆر بە دزیی و زۆر لەرزۆکە، دیارە ئەو بارەی کوشتنی سێکسی ژنانیش هەر پەیوەستە بەو سیستەمی سێکسفرۆشییەی نێرسالاریی ئێستا کە ئەویش لە چەوساندنەوەی چینایەتییەوە بنچینەی گرتییە، بە بێ گومان ئەرکی سەر شانی هەموو ئەو یەکسانییخوازانەیە - چ ژن چ پیاو - کە بڕوایان بەوە هەیە ئایندەی سێکس هەر وەک ئەو باویشکدان و پژمینەی لێدی کە ئاماژەمان پێیکرد.. بە چڕوپڕیی و لێزانانە خەبات لە پێناو ئازادیی رەهای سێکسیی بکەن تا زووبەزوو لەو بارە نەخواستراییەی ئێستای تێپەڕێندرێ و چیدی مرۆڤەکان بە گشتیی و ژنان بە تایبەتیی لەو چەوساندنەوە و ئازار و ئەشکەنجەدانە سێکسییەدا نەژین کە تەواوی ئازادییەکانی دیکەشی وەخۆ خەریک کردییە و ژنانی لە پیاوان کاولتر و پیاوانی ئازادییخواز و یەکسانییخوازیشی لە ژنان کاولتر کردییە.

**نەجیبە مەحمود**: لەگەڵ ئەوەی پیاوانن ئەنجامدەری دەستدرێژیین بۆ سەر ژنان، هاوکات هەر ئەو پیاوانەن کە ژن بە شەرەفی خێزان دەزانن، تۆ ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوت و دوو کەسایەتییەی پیاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**دارا ئەحمەد**: بە پێی گفتار و رەفتاری دینەکان پیاوان کارساز و زاڵن وەسەر ژنان! چونکە ژنان لۆ جوانکاریی و ئاسوودەیی پیاوان و لە پەراسووی پیاوان ئافەریدە کرانە! بە پێی سیستەمی جوداکاریی دیموکراسیی سەرمایەداریی دەبی پیاوان فەیلەسوف و هزرمەند و سیاسەتمەدار و بڕیاردەر بن و ژنانیش کووچکووچە و پاشکۆیان! چونکە پیاوان هێزدار و پارەدار و کیردارن و

هەر پیاوانیشن دەتوانن سیستەمەکەیان بە تۆبزیی و بە زەبرەزەنگ بپارێزن! بە پێی فەرهەنگی نێرسالاریی و ملکەچیی ژنانیش هەر دەبی پیاوان (کەڵەباب) بن و لەسەر ژنان (حیساب) بن!! چونکە ژنان لاواز و بێ هێز و (زەعیفە) و گرینۆک و دەستوپێ سپین! وەلی پیاوان دەتوانن بکوژن گرینۆک و دەستوپێ سپین! وەلی پیاوان دەتوانن بکوژن و ببڕن بدزن و بسوتێنن و بتەقێنن و برووخێنن. جا کەنگێ ئەو سێیە - دین و سەرمایەداریی و نێرسالاریی - لەبەریەک هەڵوەشاندرانەوە ئەو کاتە شەرەفی رەپی بێ شەرەفیی پیاوان سست دەبیتەوە و نێولنگی ژنانیش لەکن پیاوانی ئاسایی لە کردەوەدا لە هەموو جێیەکی دیکەی لەشولاریان خاوێنتر و بەڕێزتر و خۆشەویستتر دەبی!!!

---------------

ئەم وتووێژانە لە ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٢ تا ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٢ کراون.

سەرچاوە: ماڵپەری ئەمرۆ

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٧٢٣ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٤ی زایینی

